منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

شورەی موسلمانان

بـــە

زیکرو دوعاکان

چارەسەری نەخۆشیەکان بەقورئان و سوننەت

شوان رابەر

هەولێر/ ٢٠٠٨



بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

ناسنامەی کتێب

ناوی پەرتوک : شوورەی موسڵمانان بەرزیکرکرو دوعاو چارەسەر لەقورئان و سوننەدا
بابەت : ئایینی
نوسینی : ئامادەکردن و کۆکردنەوەی : شوان رابەر
کۆمپیوتەر : هیوا
چاپخانەی : رۆژهەڵات
چاپ : یەکەم
شوێنی بڵاوکردنەوە :

لەکتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (١٩٢٣) ساڵی (٢٠٠٨) دراوەتێ

بڵاوکراوەی کتێبخانەی
حاجی قادری کۆیی
بۆ فرۆشتن و چاپکردن و بڵاوکردنەوە
هەولێر - کوردستان - عێراق
(٠٧٥٠ ٤٦٧ ١٣ ٩٤ / ٠٧٥٠ ١١٨ ١٩ ١٩ - ☎ ٠٦٦ ٢٢ ٢٣ ٨٦٨)

ماڤی چاپ پارێزراوە

شوان رابەر

شووڕەی موسڵمانان
بەزیکرو دوعاو چارەسەر
لەقورئان و سوننەدا

٢٠٠٨

پێشەکی

سوپاس و ستایشێکی بێ پایان بۆ خوای تاك و تەنیاو کردگار ، لەڕاستیدا هەر سوپاسی ئەو دەکەین ، داوای هاوکاری و کۆمەکی هەر لەو دەکەین، داوای لێخۆشبوون و لێبوردنیش هەر لەو دەکەین، هەر بەویش خۆمان لەهەموو کردەوە بەدو خوتخوتە خراپەکانی دڵ و دەروون و کردارو ئەندامەکانمان دەپارێزین ، بێگومان هەر کەسێك ئەو ڕاستە ڕێیە ڕێنمای بکات، بەهیچ کەسێکی تر گومڕاو سەرگەردان نابێت ، هەر کەسێکیش ئەو گومڕاو سەرگەردانی بکات، بەهیچ کەسێك ڕێنماو ڕاستە ڕێ نابێ و هیدایەت نادرێ ، وە گەواهی دەدەم کە خوای کردگار تاك و تەنیایەو ، جگە لە (اللە) هیچ خوایەکی بەهەق و پەرستراوێکی تر نیە ، ئەو خوایەی کە تاك و تەنیایەو هیچ شەریك و هاوبەشێکی نیە لە پەرستن و دروست کردن و بەڕێوەبردندا ، وە گەواهی ئەوەش دەدەم کە موحەمەدی کوڕی عبداللە (درودو سەلامی خوای گەورە لەسەر خۆی و خانەوادەی و شوێنکەوتوانی بێ تا ڕۆژی دوایی) بەندەو پێغەمبەری خوای گەورەیە .

لەپاش ئەوە بزانن ئەم پەرتووکە کورتکراوەیەکە لە کتێبی کە (الذكر والدعاء والعلاج بالرقي في الكتاب والسنة)م کورتکردۆتەوە ، سەرەتا بەشی زیکرەکانم بەجۆرێ تیادا کورتکردۆتەوەکە هەڵگرتنی لە نێو بارو کەل و پەڵو شتومەك هەڵگرتندا سوك و ئاسان بێ ، دەقی زیکرەکانم بەشێوەی مەتن کورتکردۆتەوە، لەدەرهێنانی دەقی زیکرەکاندا تەنیا یەك سەرچاوە یادوو

سەرچاوەم بەکار هێناوە کردەوە بەجۆرێ کە لەدەقەسەرەکی و بنچینەییکەیدا هەیە ، جا ئەوەی دەیەوێ سەبارەت بەسەرچاوەی فەرمودەکان هاوڵە گێڕەرەوەکە بناسێ و زیاتر لەبارەی دەقە زیاد و تێرو تەسەلەکەو دەرهێنانی شارەزا تر بێ با بگەڕێتەوە سەر دەقە سەرەکیەکەی خۆی ، ئیتر بەناوە جوانەکانی خوای تاك و تەنیا و بەسیفەتە بەرزو بەڕێزەکانی داوا لێی دەکەم کە ئەم پەرتووکە بەکارو کردەوەیەکی پاك و دڵسۆز دابنێ بۆ خۆی ، وە بەهۆی ئەوە لەژیان و لەدوای مردنم سوودم پێ بگێنێ، سوودیش بەو کەسە بگێنێ کەچاپی دەکا یا دەیخوێنێتەوەو کەلکی لێ وەردەگرێ ، یا دەبێتە مایەی بلاوکردنەوەی ، خوای تاك و تەنیا تاکە پاڵپشتی ئیماندارانەو لەسەر ئەوە تواناداره ، درودوسەلامی خوای گەورە لەسەر محمدﷺ و لەسەر خانەوادەو یاران و شوێن کەوتوانی بێ تا ڕۆژی دوایی

دانەر

مانگی سەفەری ١٤٠٩ ك


بەشی یەکەم
خێرو پلەو پایەی
زیکرو یاد کردنی خوای گەورە

خێرو پلەو پایەی
زیکرو یاد کردنی خوای گەورە

خوای بەرزو بالا فەرموویەتی: ﴿فَٱذْكُرُونِيٓ أَذْكُرْكُمْ وَٱشْكُرُواْ لِي وَلَا تَكْفُرُونِ ﴿١٥٢﴾﴾ (البقرە)

واتە: ئەگەر ئێوە زیکرو یادم بکەن ، منیش زیکرو یادو باستان دەکەم ، دەهەمیشە زیکرو یادو سوپاس و ستایشم بکەن ، قەت کوفرانەو سپلەییم بەرانبەر مەکەن .

وە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا ﴿٤١﴾﴾ (الاحزاب) واتە : ئەی ئیماندارینە دە ئێوە هەمیشە بەشێوەیەکی زۆر زیکرو یادی خوای گەورە بکەن .

وە دەفەرموێ: ﴿وَٱلذَّٰكِرِينَ ٱللَّهَ كَثِيرًا وَٱلذَّٰكِرَٰتِ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴿٣٥﴾﴾ (الاحزاب).

واتە : بێگومان ئەو پیاو و ئافرەتە ئیماندارانەی کە زۆر زیکرو یادی خوای گەورە دەکەن و ، هەمیشە زارو دەمیان بە زیکرو یادی خوای گەورە تەڕو پاراوە ، خوای گەورە لە دوا ڕۆژدا خێرو پاداشت و لێخۆشبوونێکی زۆر گەورەو فراوانی بۆ ئامادە کردوون .

وه دەفـــــــەرموویّ: ﴿ وَٱذْكُر رَّبَّكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعًا وَخِيفَةً وَدُونَ ٱلْجَهْرِ مِنَ ٱلْقَوْلِ بِٱلْغُدُوِّ وَٱلْآصَالِ وَلَا تَكُن مِّنَ ٱلْغَٰفِلِينَ ﴿٢٠٥﴾ ﴾ (الاعراف)

واتە: هەمیشە لەناو ناخ و دڵ و دەروونی خۆتدا بەڕەبـەیانیان و دەمـەو ئێواران، بە ئاشکراو بەنهێنی ، بەڵاڵانەوەو پارانـەوەو بەکرۆزانـەوەو بـەترس و بیمەوە زیکرو یادی خوای گەورە بکە بەبێ ئەوەی دەنگ بەرز بکەیتەوە ، قەت لەزیکرو یادی خوا بێ ئاگا مەبە وەکو ئەو کەسانەی کە لـەخوا بـێ ئاگـان، پێغەمبەری پێشەوامان ﷺ دەفەرموویّ: (مَثَلُ الَّذي يَذْكُرُ رَبَّهُ والَّذِي لاَ يَذْكُرُ رَبَّهُ مَثَلُ الْحَيِّ وَالْمَيِّتِ)[1]

واتە : نمونەی ئەو کەسەی کە زیکرو یادی خوای خۆی دەکاو نمونەی ئـەو کەسەی کە زیکرو یادی خوای خۆی ناکـا ، وەك نمونـەی کەسـێکی زینـدوو و مردوون ، بێگومـان ئەو کەسەی کـە زینـدووە زیـان و هۆشـی لەبـەرەو ئـەو کەسەش کە مردووە بێ گیانو، هۆشە ، واتە ئەو کەسـەی کـە زیکـرو یـادی خوای گەورە دەکا گیانو هۆشی لەبەرەو ئەو کەسەش کـە زیکـرو یـادی خـوا ناکا وەك مردوو بێ گیانو هۆشە ، هەروەها دەفـەرموویّ: (أَلاَ أُنَبِّكُمْ بِخَيْرِ أَعْمَالِكُمْ ، وَأَزْكَاهَا عِنْدَ مَلِيكِكُمْ ، وَأَرْفَعِهَا فِي دَرَجَاتِكُمْ ، وَخَيْرٍ لَكُمْ مِنْ إِنْفَاقِ

---

(١) البخاري مع الفتح ٢٠٨/١١ ومسلم بلفظ (مثل البيت الذي يذكر الله فيه والبيت الذي لا يذكر الله فيه مثل الحي والميت ٥٣٩/١

الذَّهَبِ وَالوَرِقِ ، وَخيْرٍ لَكُمْ مِنْ أَنْ تَلْقَوْا عَدُوَكُمْ فَتَضرِبُوا أَعْنَا قَهُمْ وَيَضْرِبُوا أَعْنَاقَكُمْ ؟ قَالوا بَلَى قَالَ : (ذِكْرُ الله تَعَالَى)[1] .

واتە : ئایا هەواڵتان پێ بدەم دەربارەی چاکترین و پاك ترینی کردەوەکان لاتان لەلایەن پاشای خۆتان کە خوای گەورەیە ، بەرزترین کارو کردەوەن کە لەپلەو پایەکانی ئێوە ، بۆ ئێوە زۆر باشترن لە بەخشینی پارەو پوول و زێرو زیو ، بۆ ئێوە زۆر لەوە باشترە کە بە دوژمنانتان بگەن ، ئەوسا ئێوە لەگەردەنی ئەوان بدەن و ئەوانیش لەگەردەنی ئێوە بدەن و یەکتر بکوژن ؟ ، گوتیان بەڵێ ، ئەویش فەرمووی : ئەو کارو کردەوانە زیکرو یادی خوایە.

دیسان پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی (يقول الله تعالى: انا عند ظن عبدي بي، وانا معه اذا ذكرني، فان ذكرني في نفسه ذكرته في نفسي، وان ذكرني في ملا ذكرته في ملا خير منهم، وان تقرب الي شبرا تقربت اليه ذراعا، وان تقرب الى ذراعا تقربت اليه باعا، وان اتاني يمشي اتيته هرولة)[2] واتە : خوای گەورە دەفەرمووێ: من بەپێی گومانی بەندەکەمم بەرانبەر خۆم واتە بەندەکەم بەرانبەر بەمن گومانی چۆن بێ منیش ئاوام ، من لەگەڵ بەندەکەمم کاتێك زیکرو یادو باسم دەکات ، ئەگەر بەندەکەم لەدڵ و دەروونی خۆیدا زیکرو باسم بکا ، ئەوا منیش لەدڵ و دەروون و لەلایەن

---

(١) الترمذى ٤٥٩/٥ وابن ماجه ١٢٤٥/٢ وانظر، صحيح ابن ماجة ٣١٦/٢ وصحيح الترمذى ١٣٩/٣

(٢) البخاري (٨/ ١٧١) ومسلم٢٠٦١/٤ واللفظ للبخاري.

خۆمەوە باسی دەکەم، ئەگەر لەلای خەڵك و لەشوێنێکی بەرزو پلەو پایەدار باسم بکا ، ئەوا منیش لەشوێنێکی بەرزو پلەو پایەدار تری چاکتر باسی دەکەم وە ئەگەر هەرکاتێ بەندەکەم تەنها یەك بست لەمن نزیك بکەوێتەوە ، من یەك گەز لێی نزیك دەکەومەوە، ئەگەر یەك گەز لێم نزیك بکەوێتەوە ئەوا منیش یەك قۆڵ و باڵ لێی نزیك دەبمەوە ئەگەر بەڕۆیشتن بەرەو من بێ ، منیش بەخۆشڕۆیی بەرەو ئەو دەچم ، وَعَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ بُسْرٍ ﷺ أَنَّ رَجُلاً قَالَ : يَا رَسُولَ اللهِ إِنَّ شَرَائِعَ الإِسْلاَمِ قَدْ كَثُرَتْ عَلَيَّ فَأَخْبِرْنِي بِشَيْءٍ أَتَشَبَّثُ بِهِ .

قالَ (لاَ يَزَالُ لِسَانُكَ رَطْباً مِنْ ذِكْرِ اللهِ) [1].

واتە: لە عبدالله ی کوڕی بوسر دەگێڕنەوە کە پیاوێك بە پێغەمبەری ﷺ گوت ، ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەڕاستی ئەرك و واجباتەکانی ئیسلام لە سەر من زۆر قورس و زۆربوونە ، جا شتێکم پێ نیشان بدە کە پەنای بۆ ببەم و دەستی تێ بگرم بۆ ئەوەی لە دوا ڕۆژدا بەسم بێ و ڕزگارم بکات ، ئەویش لە وەلاّمیدا فەرمووی : با هەمیشە دەم و زمانت بەزیکرو یادی خوا تەڕو پاراوو بەردەوام بێت ، وە فەرموویەتی : (مَنْ قَرَأَ حَرْفاً مِنْ كِتَابِ اللهِ فَلَهُ بِهِ حَسَنَةٌ ، وَالْحَسَنَةُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا ، لاَ أَقُولُ : ﴿الم (١)﴾ ، حَرْفٌ ، وَلَكِنْ : أَلِفٌ حَرْفٌ ، وَلاَمٌ حَرْفٌ ، وَمِيمٌ حَرْفٌ)[2]. واتە: هەر کەسێکی ئیماندار تەنها یەك پیت

---

(١) الترمذی ٤٥٨/٥ وابن ماجه ١٢٤٦/٢ وانظر، صحيح الترمذی ١٣٩/٣ وصحيح ابن ماجه ٣١٧/٢ .

(٢) الترمذی ١٧٥/٥ وانظر، صحيح الترمذی ٩/٣ وصحيح الجامع الصغير ٣٤٠/٥ .

لەپەرتووکی خوای گەورە بخوێنێ کە قورئانی پیرۆزە ، ئەوا بەهۆی ئەوەوە چاکەیەکی بۆ دەنوسرێ کە ئەو چاکەیەش بەقەد دە چاکەی وەکو خۆیەتی ، نالێم ووشەی (الم) لە قورئاندا تەنها یەك پیتە ، بەڵکو ئەلف بەتەنها پیتێکەو لامیش پیتێکەو میمیش پیتێکە ، واتە تەنها ئەم ووشەیە (٣٠) خێرو چاکە دەکات ، وَعَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ ﷺ قالَ : خَرَجَ رَسُولُ اللهِ ﷺ وَنَحْنُ فِي الصُّفَّةِ فَقَالَ : (أَيُّكُمْ يُحِبُّ أَنْ يَغْدُوَ كُلَّ يَوْمٍ إِلَى بُطْحَانَ أَوْ إِلَى الْعَقِيقِ فَيَأْتِيَ مِنْهُ بِنَاقَتَيْنِ كَوْمَاوَيْنِ فِي غَيْرِ إِثْمٍ وَلاَ قَطِيعَةِ رَحِمٍ ؟ فَقُلْنَا : يَا رَسولَ اللهِ نُحِبُّ ذلِكَ .

قَالَ : (أَفَلاَ يَغْدُو أَحَدُكُمْ إِلَى الْمَسْجِدِ فَيَعْلَمَ ، أَوْ يَقْرَأَ آيَتَيْنِ مِنْ كِتَابِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ خَيْرٌ لَهُ مِنْ نَاقَتَيْنِ ، وَثلاَثٌ خَيْرٌ لَهُ مِنْ ثَلاَثٍ ، وَأَرْبَعٌ خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَرْبَعٍ ، وَمِنْ أَعْدَادِهِنَّ مِنَ الإِبِلِ)[1]

واتە : لەعوقبەی کوڕی عامرەوە دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی : ئێمە لە (صوفە) بووین کاتێ کە پێغەمبەر ﷺ دەرچوو ، گوتی : ئایا کێ لەئێوە حەز دەکا کە هەموو ڕۆژێ بەیانیان بچێتە بوتحان یا بچێتە عەقیق و ، لەوێ بەبێ تاوان و دابڕان لە ناسیاوانی دوو وشتری کۆپارە بەرزی چاك بێنێتەوە ، گوتمان : ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە ئەوەمان پێ خۆشە ، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : ئەی هەر یەکێك لە ئێوە بەیانیان ناچێتە مزگەوت ، بۆ ئەوەی شتێك فێر ببێ یا دوو ئایەت لەپەرتووکی خوای گەورە بخوێنێ ، ئەوە لە دوو وشترەکە بۆ ئەو باشترە ، وە خوێندنی سێ ئایەتی بۆ لە سێ وشتر باشترە ، هی

---

(١) مسلم ١/٥٥٣ .

چوار ئایەتی بۆ لەچوار وشتر باشترە ، بەڵکو بۆی لەچەندان وشتر باشترە ، ئیتر بەم شێوە چەند ئایەت فێر بێ و بخوێنێ و کاری پێ بکا بۆی لە هەندە ووشترە باشترە .

وە فەرموویەتی (مَنْ قَعَدَ مَقْعَداً لَمْ يَذْكُرِ اللهَ فِيهِ كَانَتْ عَلَيْهِ مِنَ اللهِ تِرَةٌ ، وَمَنِ اضْطَجَعَ مَضْجَعاً لَمْ يَذْكُرِ اللهَ فِيهِ كَانَتْ عَلَيْهِ مِنَ اللهِ تِرَةٌ)[1] .

واتە : هەر کەسێك لەهەر جێگایەك دابنیشێ و تیایدا زیکرو یادی خوا لەوێ نەکا ، ئەوا لەلایەن خوای گەورە تاوان و بارگرانیەکی لەسەرە ، وە هەرکەسێك لەهەر جێگایەك پاڵبداتەوە زیکرو یادی خوای گەورەی تیادا نەکا ، ئەوا لەلایەن خوای گەورە لەسەری دەبێتە تاوان و بارگرانی .

وە دەفەرموێ:: (مَا جَلَسَ قَوْمٌ مَجْلِساً لَمْ يَذْكُرُوا اللهَ فِيهِ ، وَلَمْ يُصَلُّوا عَلَى نَبِيِّهِمْ إِلاَّ كَانَ عَلَيْهِمْ تِرَةٌ ، فَإِنْ شَاءَ عَذَّبَهُمْ وَإِنْ شَاءَ غَفَرَ لَهُمْ)[2] .

واتە: هەر گەل و کۆمەڵوکەسێك لەهەر کۆڕو دانیشتگەیەك دابنیشێ و ، زیکرو یادی خوای گەورەی تیادا نەکاو درودو صەلاوات لەسەر پێغەمبەرکەیان لێ نەدا ، ئەوا لەلایەن خوای گەورە تاوان و بارگرانیەکیان لەسەر دەبێت ، جا ئەگەر خوا حەز بکا ئەوا سزاو ئازاریان دەدا ، وە ئەگەر حەزیش بکا ئەوا لێیان خۆش دەبێ و عافویان دەکا .

---

(١) أبو داود ٤/٢٦٤ و غيره. وانظر، صحيح الجامع ٥/٣٤٢ .

(٢) الترمذى وانظر، صحيح الترمذى ٣/١٤٠ .

وه دەفەرموویێ:: (مَا مِنْ قَـوْمٍ يَقُومُـونَ مِـنْ مَجْلِـسٍ لاَ يَـذْكُرُونَ اللهَ فِيـهِ إِلاَّ قَامُوا عَنْ مِثْلِ جِيفَةِ حِمَارٍ وَكَانَ لَهُمْ حَسْرَةً)[1] .

واتە : هەر گەل و کۆمەلێك لە کۆڕو دانیشتنێك هەستن و ، تیادا باسی خوای گەورە نەکەن ، وەکو ئەوە وایە کەلەسەر کەلاکەکەر هەستن کـە بۆیـان دەبێتە داخو کەسەرو حەسرەت و پەژارەو پەشیمان دەبنەوە .

١-زیکرەکانی لەخەو هەستان

١/١- (الْحَمْدُ للهِ الَّذِي أَحْيَانَا بَعْـدَ مَـا أَمَاتَنَـا وَإِلَيْـهِ النُّـشُورُ)[2] ، **واتـە :** سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ئێمـەی زینـدوو کـردەوە ، دوای ئـەوەی کەئێمەی مراند ، گەڕانەوەو زیندوو بوونەوەشمان هەر بۆ لای ئەوە .

٢/٢- (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ ، وَهُوَ عَلَى كُـلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ، سُبْحَانَ اللهِ ، وَالْحَمْـدُ للهِ ، وَلاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللهُ ، وَاللهُ أَكبَـرُ ، وَلاَ حَـوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ العَلِيِّ العَظِيمِ ، رَبِّ اغْفِرْ لِي)[3] ،

واتە : هیچ خواو پەرستراوێکی بەحەق و شایستە نیە ، جگە لەو خوایەی کە ناوی (اللە)یەو خوایەکی تاك و تەنیایەو ، هیچ شەریك و هاوبەشـی نیـە

---

(١) أبو داود ٢٦٤/٤ و أحمد ٣٨٩/٢، وانظر، صحيح الجامع ١٧٦/٥ .

(٢) البخارى مع الفتح ١١٣/١١ ومسلم ٢٠٨٣/٤ .

(٣) من قال ذلك غُفِرَ له ، فإن دعا استجيب له ، فإن قام فتوضأثم صلى قبلت صلاته ، البخارى مع الفتح ٣٩/٣ وغيره واللفظ لا بن ماجه، انظر، صحيح ابن ماجه ٣٣٥/٢ .

لەخوایەتیو پەرستندا ، هەموو سوپاس و ستایش و مولّك و توانـاو دەسەلاّتێك هەر بۆ ئەوە، ئەم خوایە لەسەر هەموو شتێك توانادارو بەهێزە ، پاکی و بێ گەردی و بێ خەوشی بۆ ئەو خوایە ، هیچ خوایەکی بەهەق نیە تەنها (اللە) نەبێ، ئەو خوایە لەهەموو شتێك گەورەترە کەهەیەو بەبیر ئینسان دادێ، هیچ توانا هێزێکیش نیە تەنها بەخوای گەورەو بالاّ دەست نەبێ ، ئەی خوای پەروەردگار دەلیّم خۆش بەو لەگوناە و تاوانەکانم ببورە .

٣/٣-(الْحَمْدُ لِلهِ الَّذِي عَافَانِي ، فِي جَسَدِي ، وَرَدَّ عَلَيَّ رُوحِي ، وَأَذِنَ لِي بِذِكْرِهِ)[١] .

واتە : سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە منی لە ڕووی لاشەوە ساغ و سەلامەت و پارێزراو کردوە، ڕۆحی منی گێڕایەوە جەستەم منی دایەوە، مۆڵەتی منی دا بۆ ئەوەی زیکرو یادو سوپاس و ستایشی ئەو بکەم .

٤/٤- ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ لَأَيَٰتٍ لِّأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩٠﴾ ٱلَّذِينَ يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَٰطِلًا سُبْحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿١٩١﴾ رَبَّنَآ إِنَّكَ مَن تُدْخِلِ ٱلنَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُۥ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿١٩٢﴾ رَّبَّنَآ إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي

---

(١) الرتمذى ٤٧٣/٥ وانظر، صحيح الترمذى ١٤٤/٣ .

لِلْإِيمَٰنِ أَنْ ءَامِنُوا۟ بِرَبِّكُمْ فَـَٔامَنَّا ۚ رَبَّنَا فَٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا
سَيِّـَٔاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ ٱلْأَبْرَارِ ﴿١٩٣﴾ رَبَّنَا وَءَاتِنَا مَا وَعَدتَّنَا عَلَىٰ رُسُلِكَ وَلَا
تُخْزِنَا يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ ﴿١٩٤﴾ فَٱسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّى
لَآ أُضِيعُ عَمَلَ عَٰمِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ ۖ بَعْضُكُم مِّنۢ بَعْضٍ ۖ فَٱلَّذِينَ
هَاجَرُوا۟ وَأُخْرِجُوا۟ مِن دِيَٰرِهِمْ وَأُوذُوا۟ فِى سَبِيلِى وَقَٰتَلُوا۟ وَقُتِلُوا۟ لَأُكَفِّرَنَّ
عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ثَوَابًا مِّنْ عِندِ
ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسْنُ ٱلثَّوَابِ ﴿١٩٥﴾ لَا يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِى
ٱلْبِلَٰدِ ﴿١٩٦﴾ مَتَٰعٌ قَلِيلٌ ثُمَّ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۚ وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿١٩٧﴾ لَٰكِنِ
ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ لَهُمْ جَنَّٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا
نُزُلًا مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ ۗ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ لِّلْأَبْرَارِ ﴿١٩٨﴾ وَإِنَّ مِنْ أَهْلِ
ٱلْكِتَٰبِ لَمَن يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِمْ خَٰشِعِينَ لِلَّهِ
لَا يَشْتَرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ ۗ
إِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿١٩٩﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱصْبِرُوا۟ وَصَابِرُوا۟

وَرَابِطُواْ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٢٠٠﴾ ﴾ (سورة ال عمران ١٩٠-٢٠٠)[1] .

واتە : بەڕاستی لەدروستکردنی ئەرزو ئاسمانەکان و لە گۆڕان و جیاوازی شەو و ڕۆژدا کۆمەلێك بەڵگەو نیشانەی زۆر گەورەو بەپێزو سەرنج ڕاکێشەر هەن بۆ ئەو کەسانەی کە خاوەن ئەقڵن و تێ دەگەن ، ئەوانەی کە هەمیشە بەپێوەو بەدانیشتنەوەو بە ڕاکشان و بە پاڵدانەوەو لەسەر کەلەك و تەنیشتەکانیانەوە زیکرو یادی خوای گەورە دەکەن ، بیر لەچۆنیەتی و گەورەیی دروستکردنی ئەرزو ئاسمانەکان دەکەنەوەو ، دەرەنجام دەڵێن : ئەی پەروەردگار بەڕاستی تۆ ئەم ئەرزو ئاسمان و بونەوەرەت بەهەوەنتەو بەبێ هودە دروست نەکردووە ، کەواتە دە پاکی و بێ گەردی و بێ نەنگی بۆتۆی پەروەردگاری دروست کەر، لە ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە ، ئەی پەروەردگارا بەڕاستی هەر کەسێك کە تۆ بیخەیتە نێو ئاوری دۆزەخ ، ئەو کەسەت سەر شۆڕو سوك و ڕیسواو خەجاڵەتبار کردووە، ئەو ڕۆژەش ستەمکاران هیچ هاوکارو پشت و پەنایەکیان نیە هاوکاریان بکات و سەریان بخات ، ئەی پەروەردگارا بەڕاستی ئێمە گوێمان لە بانگکەرێ بوو کە بۆ بڕوا هێنان بانگی دەکرد تا بڕوا بە پەروەردگارەکەیان بێنن ، ئەوسا ئێمەش ئیمانمان پێ هێنا ، ئەی پەروەردگارا دە لە گوناە و تاوانەکانمان خۆش ببە، گوناە و تاوان و

---

(١) الايات من سورة آل عمران ، ١٩٠ — ٢٠٠ ، البخارى مع الفتح ٢٣٧/٨ ومسلم ٥٣٠/١

خراپەکانمان لێ بسڕەوەو لێ داپۆشە ، لەگەڵ چاکە کاراندا بمان مرێنە ، ئەی پەروەردگارا لەدوای مردن ئەوەمان پێ ببەخشە کە بەڵێنت پێ داوین لەسەر زاری پێغەمبەرانت ، وە لەڕۆژی دوایی دا سەر شۆڕو ڕیسوامان مەکە ، بێگومان تۆ سەرپێچی وەعدو بەڵێنەکانت ناکەی ، ئەوسا خوای گەورە نزاو پاڕانەوەکانی گیرا کردن و پێی فەرموون : بێگومان کارو کردەوەی هیچ کەسێك لە ئێوە لە نێرو لەمێ کە هەندێکتان لە هەندێکتان بوون بەزایە نادەم ، جا ئەو کەسانەی کە لە پێناو من کۆچیان کردووە ، لەماڵ و حاڵی خۆیان بەدەرنراون ، ئێش و ئازارو ئەشکەنجە دراون ، لەپێناو خوادا جەنگیان کردووەو کوژراون ، بەڕاستی لەبری ئەوە کارو کردەوە بەدوخراپەکانیان دادەپۆشم و لێیان دەسڕمەوە ، دەیانخەمە نێو بەهەشتێك کە چەندان جۆر ڕووبار بە ژێریاندا دەڕوا ، ئەوەش وەکو خێرو پاداشتێکە لەبری ئەوە لەلایەن خوای گەورەوە پێیان دەدرێتەوە ، وە خوای گەورە لەوەش زیاتر باشترین خێرو پاداشتی لەلایە بۆ چاکەکاران ، ئەی موحەمەد ﷺ ئاگادار بە هاتوچۆو خۆشی و گۆڕانکاری ئەو بێ باوەڕانەی کە لە ولاتدان لەخشتەت نەبا ، هەڵتنەخەڵەتێنێ، ئەمە تام و چێژو خۆشیەکی زۆر کورت و کەمە ، لەپاش ئەوە تاکە جێیان، ناو ئاوری دۆزەخە ، کە خراپترین جێ و لانکەی ژیانە ، بەڵام ئەو کەسانەی کە لەپەروەردگاریان دەترسن بەهەشتیان بۆ هەیە کەچەندان جۆگەو ڕوباری سازگارو زولالی بەژێر دادێ ، لەنێو ئەم بەهەشتانە بە هەمیشەیی دەمێننەوەو گوزەر دەکەن کە لەلایەن خوای کردگارەوە بۆیان

ئامادەو سازکراوە وەکو ڕێزو پاداشتێك ، ئەوەی لەلای خوایە بۆ چاکەکاران زۆر باشترە لەوەی کەتەنها پێیان دەدرێت ، بێگومان هەندێك کەس لەنێو خاوەن پەرتووك و نامەدارەکاندا هەیە کە بڕوای بەخواو بەپەیامەکە بۆ ئێوەو بۆ سەر خۆیان دابەزیوە ، بەرامبەر بە خوای کردگار ملکەچن، ئایەتەکانی خوای گەورە بەبڕە پارەیەکی کەم نافرۆشن ، کەواتە ئەم خاوەن پەیامانە لەڕۆژی دواییدا لەلایەن پەروەردگاریانەوە خێرو پاداشتێکی زۆرو زەوەندیان بۆ هەیە ، بەڕاستی خوای گەورە لێپرسینەوەی زۆر خێرایە ، ئەی بڕوادارینە هەمیشە خۆ ڕاگربن ، لەخۆڕاگری دوژمن خۆڕاگرتر بن، سەنگەرگرو ئێشککگر بن ، لەخوا بترسن و بەگوێی خوا بکەن ، بەڵکو لە ڕۆژی دواییدا سەرکەوتوو سەرفرازو ڕزگار بن .

٢- دوعاکردنی جل و بەرگ لەبەرکردن

٥- (الْحَمْدُ للهِ الَّذِي كَسَانِي هَذَا (الثَّوبَ) وَرَزَقَنِيهِ مِنْ غَيْرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلاَ قُوَّةٍ)[١].

واتە: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە بەم بەرگ و پۆشاکە داپۆشیم، وە بەبێ هەول و ماندو بوون و توانای هێزی خۆم ئەم بەرگ و پۆشاکەی پێدام .

---

(١) أخرجه أهل السنن إلا النسائي انظر، إرواء الغليل ٤٧/٧ .

٣- دوعای جل و بەرگی نوێ لەبەرکردن

٦-(اللهمَّ لَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ كَسَوْتَنيهِ ، أَسْأَلُكَ مِنْ خَيْرِهِ وَخَيْرِ مَا صُنِعَ لَهُ ، وَأَعُوذُبِكَ مِنْ شَرِّهِ وَشَرِّ مَا صُنِعَ لَه)[١] .

واتە : ئەی خوایە سوپاس و ستایشێکی بێ پایان بۆ تۆ کە ئەم جل و بەرگەت بەمن داوە ، بەم جل و بەرگە منت داپۆشی ، داوای خێرو چاکەی ئەم جل و بەرگەت لێ دەکەم ، وەداوای ئەو خێرو چاکەیت لێ دەکەم کە بۆی دروست کراوە ، وە خۆم دەپارێزم بە تۆ لەخراپەی ئەوەی کە ئەم جل و بەرگەی بۆ دروست کراوە .

٤- دوعا کردن بۆ ئەو کەسەی کە جل و بەرگی نوێ لەبەر دەکات

١/٧- (تُبْلِي وَيُخْلِفُ اللهُ تَعالَى)[٢] .

واتە : یا خوا ئەم جل و بەرگە بڕزێ و لەناو بچێ و خوای گەورەش هی تری لەدوا جێبێڵێ و ببەخشێ .

٢/٨- (اِلْبِسْ جَديداً ، وَعِشْ حَمِيداً ، وَمُتْ شَهِيداً)[٣] ، واتە : جل و بەرگی تازە بپۆشە ، بەخێرو خۆشی و سوپاس گوزاریەوە بژی، بە شەهیدی بمری.

---

(١) أبو داود والترمذي والبغوي وانظر، مختصر شمائل الترمذى للألباني ص ٤٧ .

(٢) أخرجه أبو داود ٤/٤١ ، وانظر، صحيح أبي داود ٢/٧٦٠ .

(٣) ابن ماجه ٢/١١٧٨ والبغوى ١٢/٤١ وانظر، صحيح ابن ماجه ٢/٢٧٥ .

٥- ئەوەی کە لەکاتی دانانی جلەکان دەوترێت

٩-﴿ بِسْمِ ٱللَّهِ ﴾[١] واتە : بەناوی خوا.

٦- دوعای چوونە ئاودەست

١٠- (بِسْمِ اللهِ) اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُبِكَ مِنَ الْخُبْثِ وَالْخَبَائِثِ)[٢] .

واتە : بەناوی خوای تاك و تەنیا ، ئەی خوایە خۆم بەتۆ لەشەیتانی نێرو مێ و لەهەموو جۆرە پیسیەکی دڵ و دەروون و کرداری دەپارێزم .

٧- دوعای دەرچوون لە ئاودەست

١١-(غُفْرَانَكَ)[٣].

واتە : ئەی پەروەردگارا داوای لێخۆشبوون هەر لەتۆ دەکەین .

٨- زیکر کردنی پێش دەست نوێژ هەڵگرتن

١٢- ﴿ بِسْمِ ٱللَّهِ ﴾[٤] .

واتە : بەناوی خوا.

---

(١)النرمذي ٥٠٥/٢ وغيره،وانظر، الارواء برقم ٤٩ وصحيح الجامع ٢٠٣/٣. ابو داود وابن ماجة واحمد وانظر، ارواء الخليل ١٢٢/١

(٢) أخرجه البخاري ٤٥/١ ومسلم ٢٨٣/١ وزيادة بسم الله في أوله أخرجها سعيد بن منصور انظر، فتح الباري ٢٤٤/١ .

(٣) أخرجه أصحاب السنن إلا النسائى، أخرجه في عمل اليوم والليلة انظر، تخريج زاد المعاد ٣٨٧/٢ .

(٤) ابو داود وابن ماجه واحمد وانظر، ارواء الخليل ١٢٢/١.

٩- زیکری دوای دەست نوێژ هەڵگرتن

١/١٣- (أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَه إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَـهُ وَأَشْـهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْـدُهُ وَرَسُولُهُ . . . . . .)[١] .

واتە : گەواهی دەدەم کە هیچ خوایەکی بەهەق نیە جگە لە (اللە) نەبێ، خوایەکی تاك و تەنیایە ، هیچ شەریك و هاوبەشێکی نیـە لـە پەرستنیدا، گەواهی دەدەم محمد ﷺ بەندەو پێغەمبەری خوای گەورەیە .

٢/١٤- (اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِنَ التَّوَّابِينَ وَاجْعَلْنِي مِنَ الْمُتَطَهِّـرِينَ)[٢]، واتە : ئەی خوای گەورە، بمکە بە یەکێك لە تۆبـەکاران و یـەکێك لـە پاکـژکراوان ، وەك ئەوانەی کە تۆبەکارو پاك و خاوێن و بێ گوناە و تاوانن .

٣/١٥ (سُبْحَانَكَ اللهمَّ وَبِحَمْـدِكَ أَشْـهَدُ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ أَنْـتَ ، أَسْـتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ)[٣].

واتە : پاکی و بێگەردی بۆ تۆ ئەی پەروەردگار ، داوای لێخۆشبوون هەر لەتۆ دەکەم، هەر بۆلای تۆش دەگەڕێمەوەو پەشیمان دەبمەوە .

١مسلم ٢٠٩/١

(٢) الترمذى ٧٨/١ وانظر، صحيح الترمذي ١٨/١.

(٣) النسائي في عمل اليوم والليلة ص١٧٣ وانظر، إرواء الغليل ١٣٥/١ و ٩٤/٢ .

١٠- زيكرى لەماڵەوە دەرچوون.

١٦/١- (بِسْمِ الله ، تَوَكَّلْتُ عَلَى اللهِ ، وَلاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِـاللهِ)[١] ، واتە : بەناوی خوای تاك و تەنیا، پشت و پەنام بەخوا هیچ تواناو هێزێك نیـە تـەنیا بەخوا نەبێ .

١٧/٢- (اللهمَّ إِنِّي أَعُوذُبِكَ أَنْ أَضِلَّ ، أَوْ أُضَـلَّ ، أَوْ أَزَلَّ ،او أُزَلَّ ، أَوْ أَظْلِـمَ ، أَوْ أُظْلَمَ ، أَوْ أَجْهَلَ أَوْ يُجْهَلَ عَلَيَّ)[٢] ،

واتە : خوایە خۆم بە تۆ لەوە دەپـارێزم کـە گـومڕاو سـەرگەردان بم، یـا کەس گومڕاو سـەرگەردان بکـەم ، یـا هەڵخلیـسکێم و لاڕێ بم، یـا کـەس، هەڵخلیسکێنم و لاڕێ بکەم، خۆم دەپارێزم کە ستەمم لێ بکـرێ ، یـا سـتەم لەکەس بکەم ، خۆم دەپارێزم بەتۆ نەفامی بکەم، یانەفامیم لەگەڵ بکرێت.

١١- زيكرى چوونە ژوورەوەی ماڵەوە

١٨- (بِسْمِ اللهِ وَلَجْنَا ، وَبِسْمِ اللهِ خَرَجْنَا ، وَعَلَى اللهِ رَبِّنَا تَوَكَّلْنَا ، ثُمَّ لِيُسَلِّمْ عَلَى أَهْلِهِ)[١].

---

(١) أبو داود ٣٢٥/٤ والترمذى ٤٩٠/٥ وانظر، صحيح الترمذى ١٥١/٣ .

(٢) أهل السنن وانظر، صحيح الترمذى ١٥٢/٣ وصحيح ابن ماجه ٣٣٦/٢ .

واتە : بەناوی ئەو خوایە چووینە ژوورەوەی ماڵەوە ، بەناوی ئـەو خوایـە لەماڵەوە دەرچووین، پشت و پەنامان بـەخوای پـەروەردگارمان ، پاشـان بـا سەلام لەماڵ و خێزانی بکات .

١٢- دوعای چوونە مزگەوت

١٩- اللهمَّ اجْعَلْ فِي قَلبِي نُـوراً ، وَفِي لِـسَانِي نـوراً ، وَفِي سَـمْعِي نُـوراً ، وَفِي بَصَرِي نُوراً ، وَمِنْ فَوْقِي نُوراً ، وَمِنْ تَحْتِي نوراً ، وَعَنْ يَمِينِى نُوراً ، وَعَنْ شِمالِي نُوراً ، وَمِنْ أمَامِي نُوراً ، وَمِنْ خلْفِي نُوراً ، وَاجْعَلْ فِي نَفْسِي نُـوراً ، وأَعْظِـمْ لِـي نُوراً ، وَعَظِّمْ لِي نُوراً ، واجْعَلْ لِي نُوراً ، واجْعَلْـنِي نُـوراً ، اللـهُمَّ أعْطِنِـى نُـوراً ، وَاجْعَلنِي نُوراً ، اللهمَّ أعْطِنِي نُوراً ، واجْعَلْ فِي عَـصَبِي نُـوراً ، وفِي لَحْمِي نُـوراً ، وَفِي دَمِي نُوراً ، وفِي شَعرِي نُوراً ، وَفِي بَشَرِي نُوراً) [٢] . (اللهمَّ اجْعَـلْ لِـي نُـوراً ، فِي قَبْرِي . . . وَنُوراً فِي عظامِي، وَزِدْنِي نُوراً)ثلاث مرات[٣]، (وَهَبْ لِي نُوراً عَلَـى نُورٍ)[٤] ،

---

(١) أخرجه أبـو داود ٣٢٥/٤ ، وحـسن إسـناده العلامـة ابـن بـاز في تحفـة الأخيـار ص ٢٨ ، وفي الصحيح (إذا دخل الرجل بيته فذكر الله عند دخوله وعنـد طعامـه) قـال الـشيطان لامبيـت لكم ولاعشاء) مسلم برقم ٢٠١٨ .

(٢) جميع هذه الخصال في البخاري ١١٦/١١ برقم ٦٣١٦ ومـسلم ٥٢٦/١ ، ٥٢٩ ، ٥٣٠ ، بـرقم ٧٦٣ .

(٣) الترمذى برقم ٣٤١٩ ، ٤٨٣/٥ .

(٤) أخرجه البخـارى في الأدب المفـرد بـرقم ٦٩٥ ، ص٢٥٨ وصـحح إسـناده الألبـاني في صـحيح الأدب المفرد برقم ٥٣٦.

واتە : ئەی خوای گەورە نوڕو ڕوناکیەکم لە ناو دڵ و دەروون و زمان و گوێ و چاوو لەسەرەوەم و لە ژێرەوەم و لە ڕاست و لەچەپم و لە پێشەوەو لەدواوەم دابنێ ، وە نورێکم بۆ گەورەو گوشادودرەخشان بکە ، نورێکم بۆ سازو ئامادەبکە ، بمکە بە نورو ڕوناکی ، خوایە نورێکم پێ ببەخشە ، بمکە بەنور ، نورێکم پێببەخشە ، خوایە نورێک لەنێو ڕەگ و دەمارو خوێن و گۆشت و لەنێو پێست و مۆخ و مووەکانم دابنێ ، خوایە نورێکم بۆ لەنێو گۆڕو ئێسقانەکانم دابنێی و گۆڕم ڕووناك بکەوە ، خوایە نورێکم بۆ زێدەو زەوەند بکە ، خوایە نورێکم بۆ زێدەو زەوەند بکە ، خوایە نورێکم بۆ زێدەو زەوەند بکە ، خوایە نور لەدوای نورم پێ ببەخشە.

١٣- دوعای چوونە نێو مزگەوت

٢٠- (أعُوذُ بِاللهِ الْعَظِيمِ ، وَبِوَجْهِهِ الْكَرِيمِ ، وَسُلْطَانِهِ الْقَدِيمَ ، مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ)[١] ، (بِسْمِ اللهِ ، وَالصلاَةُ)[٢] ، (والسَّلاَمُ عَلَى رَسُولِ اللهِ)[٣] ، (اللهمَّ افْتَحْ لِي أَبوابَ رَحْمَتِكَ)[١] .

ذكره ابن حجر في فتح الباري وعزاه إلى ابن أبي عاصم في كتاب الدعاء ، انظر، الفتح ١١٨/١١ وقال : فاجتمع من اختلاف الروايات خمس وعشرون خصلة .

(١) أبو داود وانظر، صحيح الجامع برقم ٤٥٩١ .

(٢) رواه ابن السنى برقم ٨٨ وحسنة الألبانى .

(٣) أبو داود ١٢٦/١ وانظر، صحيح الجامع ٥٢٨/١.

واتە : خۆم بەخوای گەورەو بەڕووی پاك و بەڕێزی و بەدەسەلاتداریتی کۆنی لەشەیتانی دوورخراوەو نەفرت لێکراو دەپارێزم ، بەناوی خوای تاك و تەنیا ، درودو سەلام لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ ، خوایە دەرگاکانی ڕەحمەتی خۆتم لێ بکەرەوەو لێم والاّ بکە .

١٤- دوعای دەرچوون لەمزگەوت

٢١- بِسْمِ اللهِ وَالصَّلاَةُ والسَّلاَمُ عَلَى رَسُولِ اللهِ ، اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ ، اللهمَّ اعْصِمْنِي مِنَ الشَّيطَانِ الرَّجِيمِ)[٢].

واتە : بەناوی خوای تاك و تەنیا ، درودو سەلامی خوای گەورە لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ بێت ، خوایە داوای خێرو چاکەو بەخشش لەتۆ دەکەم ، خوایە لەشەیتانی دوورخراوەو نەفرەت لێکراوم بپارێزە .

١٥- زیکرەکانی کاتی بانگدان

١/٢٢- يَقُولُ مِثْلَ يَقولُ الْمُؤَذِّنُ إِلاَّ فِي (حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ وَحَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ) فيَقُولُ : (لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ)[٣] .

---

(١) مسلم ٤٩٤/١ ، وفي سنن ابن ماجه من حديث فاطمة (اللهم اغفر لي ذنوبي وافتح لي أبواب رحمتك) وصححة الألباني لشواهده انظر، صحيح ابن ماجه ١٢٨/١-١٢٩ .

(٢) انظر، تخريج روايات الحديث السابق رقم (٢٠) وزيادة (اللهم اعصمني من الشيطان الرجيم) ابن ماجه ، انظر، صحيح ابن ماجه ١٢٩/١.

(٣) البخارى ١٥٢/١ ومسلم ٢٨٨/١ .

واتە : ئەو کەسەی کە وەلامی بانگدان دەداتەوە ، دەبێ لەهەمووی وەکو بانگدەر بڵێ، تەنها لە (حي على الصلاة ، حي على الفلاح)نەبێ ، لەوێ دەڵێ (لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِالله) واتە : هیچ تواناو هێزێك نیە تەنها بەهۆی خواوە نەبێ .

٢/٢٣- يَقُولُ (وَأَنَا أَشْهَدُ أَنْ لا إِلاَ إِلَهَ الله وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَنَّ مُحَمَّدٍ عَبْدُهُ وَرَسولُهُ ، رَضيتُ بِالله رَبّاً ، وَبِمُحَمَّداً رَسولاً ، وَبِالإِسْلاَمِ ديناً) [١] ، يَقولُ ذلِكَ عَقِبَ تَشَهُّدِ الْمُؤَذِّنِ)[٢] .

واتە : لەکاتی کە بانگکەدر لەبانگداندا دەڵێ (أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ الله ، وَأَشْهَدُ أَنَّ محمد رَسُول الله) دەبێ گوێگر لەوێ لەوەلامدا بڵێ : (وأنا أشهد أن لا اله الا الله وَحْدَهُ لا شريك له ، و أن محمداً عبدهُ ورسولهُ ، رضيت بالله رباً وبمحمد رسولاً ﷺ وبالاسلام ديناً).

واتە : منیش گەواهی ئەوە دەدەم کە جگە لە (الله) هیچ خوایەکی تر نیە ، وە گەواهی دەدەم کە محمد ﷺ بەندەو پێغەمبەری خوایە ، بە(الله) ڕازیم بە پەروەردگار ، وە بە محمدﷺ ڕازی بووم بە پێغەمبەر ، وە بەئیسلام ڕازی بووم وەکو ئایینی ژیانم .

---

(١) مسلم ١/٢٩٠ .

(٢) ابن خزيمة ١/٢٢٠ .

٣/٢٤- (يُصَلِّي عَلَى النَّبِيِّ ﷺ بَعْدَ فَرَاغِهِ مِنْ إِجَابَةِ الْمُؤَذِّنِ)[١] وه پێویسته گوێگر دوای ئەوەی کە لەوەلأمدانەوەی بانگدەر دەبێتەوە ، صەلاوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ لێبدات .

٤/٢٥- يَقُولُ ﴿اللهمَّ رَبَّ هذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ ـ وَالصَّلاَةِ الْقَائِمَةِ ، آتِ مُحَمَّداً الْوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ ، وَابْعَثْهُ مَقَاماً مَحْموداً الَّذِي وَعَدتَهُ ، (إِنَّكَ لاَ تُخْلِفُ الميعَادَ)﴾[٢] کاتێک کە بانگدەر لەخۆبووەوە ، دەبێ گوێگر بڵێ ئەی خوایە پەروەردگاری ئەو دەعوەتە تێرو تەواوەو ،ئەم نوێژە ڕاگرو بەرپایە ، پلەو پایەی خێرو چاکەی (وەسیلە) بدە بە محمد ﷺ ، وە بینێرە ئەو جێگەو پلەو پایە پیرۆزو سوپاسکراوەی بەڵێنت پێداوە ، بێگومان تۆ سەرپێچی و پێچەوانەی ئەو وەعدەو بەڵێنە ناکەی کە پێتداوە .

٥/٢٦- (يَدْعُو لِنَفْسِهِ بَيْنَ الأَذَانِ وَالإِقَامَةِ فَإِنَّ الدُّعَاءَ حِينَئِذٍ لاَ يُرَدُّ)[٣] ، ئەوسا گوێگر لەنێوان کاتی بانگ و قامەتکردن بۆ نوێژ، دوعاو پاڕانەوە لەخوای گەورە بۆ خۆی و خانەوادەکەی دەکا ، چونکە ئەوکاتە دوعا لەلایەن خوای گەورە گیرا دەبێ و ڕەت ناکرێتەوە .

---

(١) مسلم ٢٨٨/١

(٢) البخاري ١٥٢/١ وما بين المعكوفين للبيهقي ٤١٠/١ وحسن إسناده العلامة عبدالعزيز بن باز فى تحفة الأخيارص ٣٨.

(٣) الترمذى وأبو داود أحمد وانظر، إرواء الغليل ٢٦٢/١ .

١٦- دوعای دەست بەنوێژ کردن

١/٢٧- (اللهمَّ بَاعِدْ بَيْني وَبَيْنَ خَطَايَايَ كَمَا بَاعَدْتَ بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ ، اللهمَّ نَقِّني مِنْ خَطَايَايَ ، كَمَا يُنَقَّى الثَّوْبُ الأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ ، أَللهمَّ اغْسِلْني مِنْ خَطَايَايَ ، بِالثَّلْجِ وَالْمَاءِ وَالبَرَدِ)[١].

واتە : ئخوایە نێوانی من و هەڵەو تاوانەکانم دوور بەرین بکە ، هەروەکو نێوان خۆرهەڵآت و خۆرئاوات دوورو فراوان کردووە ، خوایە لەهەڵەو تاوانەکانم پاکم بکەوە ، هەروەك جل و بەرگی سپی بە ئاو لە چلك و پیسی پاکژ دەبێتەوە ، خوایە بە بەفرو بەئاوو بە تەرزە باران لەگوناە و تاوانەکانم بشۆر پاکم بکەوە .

٢/٢٨- (سُبْحَانَكَ اللهمَّ وَبِحَمْدِكَ ، وَتَبَارَكَ اسْمُكَ ، وَتَعَالَى جَدُّكَ ، وَلاَ إِلَهَ غَيْرُكَ)[٢] .

واتە : پاکی و بێگەردی بۆ تۆ ئەی پەروەردگارا ، بە سوپاس و ستایشتەوە بەناوی بەرزو بڵندو پاکو پیرۆزتەوە ، بە بەرزی و دەوڵەمەندی و بێنیازیتەوە ، جگە لە تۆ هیچ خوایەکی تر نیە .

٣/٢٩- وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ حَنِيفاً وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ، إِنَّ صَلاَتِي ، وَنُسُكِي ، ومَحْيَايَ ، وَمَمَاتِي لِلهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ، لا شَرِيكَ لَهُ وَبِذلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا مِنَ الْمُسْلِمِيْنَ ، اللهمَّ أَنْتَ الْمَلِكُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ .

---

(١) البخاري ١٨١/١ ومسلم ٤١٩/١ .

(٢) أخرجه أصحاب السنن الأربعة، وانظر، صحيح الترمذى ٧٧/١ وصحيح ابن ماجه ١٣٥/١.

أَنْتَ رَبِّ وَأَنَا عَبْدُكَ ، ظَلَمْتُ نَفْسِي وَاعْتَرَفْتُ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لي ذُنُوبِي جَميعاً إِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنوبَ إِلاَّ أَنْتَ ، وَاهْدِنِي لأَحْسَنِ الأَخْلاَقِ لاَ يَهْدِي لأَحْسَنِهَا إِلاَّ أَنْتَ ، وَاصْرِفْ عَنِّي سَيِّئَهاَ ، لاَ يَصْرِفُ عَنِّي سَيِّئَهَا إِلاَّ أَنْتَ ، لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ ، وَالْخَيْرُ كُلُّهُ بِيَدَيْكَ ، وَالشَّرُّ لَيْسَ إِلَيْكَ أَنَا بِكَ وَإِلَيْكَ ، تَبَارَكْتَ وَتَعَالَيْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ)[1] .

واتە : ڕووی خۆم کردە تەو خوایەی تەرزو ئاسمانەکانی دروست کردووەو زۆر پاك و بێگەردو بێ خەوشە ، من لەهاوبەشی دانەران نیم تەوانەی کە هاوبەش بۆ خودا بڕیار دەدەن ، بێگومان هەموو نوێژو خواپەرستی و قوربانیدان و ژین و مانو مردنم بۆ خوای پەروەردگاری خەڵکە ، تەو خوایەی هیچ هاوبەشێکی نیە ، بەوە فەرمانم پێکراوە ، بەڕاستی من یەکێکم لە کۆی موسڵمانانی جیهان ، خوایە هەر تۆ پاشاو دەسەلاتداری ، جگە لەتۆ هیچ خوایەك نیە ، تۆ پەروەردگاری منی و منیش بەندەی تۆم ، بەهۆی گوناە و تاوانەکانم ستەمم لەخۆم کرد ، وادانم بەهەڵەو تاوانەکانم نا ، دە تۆش لەهەموو گوناە و تاوانەکانم خۆش ببە ، هیچ کەسێك نیە لەگوناە و تاوانەکان خۆش بێ جگە لەتۆ، بەرەو باشترین کردارو ئاکارو گوفتارو ڕێنمام بکە ، جگە لەتۆ کەس ناتوانێ خەڵك بەرەو باشترین کردارو ئاکار ڕاستە ڕێ ، کردەوە خراپەکانم لێ لابدا ، جگە لەتۆ کەس ناتوانێ کردەوە خراپەکان لە ئینسان لابدا ، لە خزمەت تۆم خودایە، خێرو خۆشی و کامەرانیش هەر

---

(١) أخرجه مسلم ١/٥٣٤.

لەلای تۆیە، هەموو خێرو چاکەیەك هەر لەلای تۆیەو تەنها بەدەست تۆیە ، قەد خراپە لەلای تۆ نیەو لەتۆوە نیە ، من بەتۆوە ئینسانم و هەر بۆ لای تۆش دەگەڕێمەوە ، تۆ خوایەکی بەرزو بەڕێزو بالاڵ پیرۆزی ، داوای لێخۆشبوون هەر لەتۆ دەکەم ، هەر بۆ لای تۆش دەگەڕێمەوەو پەشیمان دەبمەوە .

٤/٣٠- (اللهمَّ رَبَّ جِبْرَائِيلَ ، وَمِيكَائِيلَ ، وَإِسْرَافِيلَ فَاطِرَ السَّمواتِ وَالأَرْضِ ، عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ ، أَنْتَ تَحْكُمُ بَيْنَ عِبَادِكَ فِيمَا كَانوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ، اهْدِنِي لِمَا اخْتُلِفَ فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِكَ تَهْدِي مَنْ تَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ)[1].

واتە : ئەی خوای پەروەردگاری فریشتە جبریل و میکایل و ئیسرافیل و دروستکەری ئەرزو ئاسمانەکان ، ئەی زانای ئاگاداری دیارو نادیارو پەنهانەکان ، هەر تۆ فەرمانڕەوایی لەنێوان بەندەکاندا دەکەیت لەوەی کەتیایدا ناکۆك و ڕاجیاو دووبەرەکن ، دە بە ڕوخسەت و توانای خۆت ڕێنمامان بکە بۆ ئەو هەقەی کە لێم بزرەو تیایدا ناکۆك و ڕاجیاین ، بەڕاستی هەر تۆ ئەو کەسەی کەدەتەوێ کەسێك بەرەو ڕاستە شەقامەکەی ئیسلام ڕاستە ڕێ بکەی .

٥/٣١- (اللهُ أَكْبَرُ كَبِيراً ، أَللهُ أَكْبَرُ كَبِيراً ، أَللهُ أَكْبَرُ كَبِيراً ، وَالْحَمْدُ للهِ كَثِيراً ، وَالْحَمْدُ للهِ كَثِيراً ، وَالْحَمْدُ للهِ كَثِيراً ، وَسُبْحَانَ اللهِ بُكْرَةً وَأَصِيلاً) ثَلاَثاً (أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ : مِنْ نَفْخِهِ ، وَنَفْثِهِ ، وَهَمْزِهِ)[2] .

---

(١) أخرجه مسلم ١/٥٣٤.

(٢) أخرجه أبو داود ١/٢٠٣ وابن ماجه ١/٢٦٥ و أحمد ٤/٨٥ وأخرجه مسلم عن ابن عمر τ بنحوه وفيه قصة ١/٤٢٠ .

واتە : خوا گەورەی هەرە گەورەیە ، خوا گەورەی گەورانە ، خوا زۆر گەورەی هەرە گەورەیە ، سوپاس و ستایشێکی زۆر بۆ خوای گەورە ، سوپاس و ستایشێکی زۆر بۆ خوای گەورە ، سوپاس و ستایشێکی زۆر بۆ خوای گەورە ، بەیانیان و ئێواران پاکی و بێگەردی بۆ خوای گەورە ، سێ جار خۆم بەخوای گەورە لە شەیتانی دوورخراوەو نەفرەت لێکراو دەپارێزم لەفووی ، لەتف و جادووی ، لەخوتخوتەی خراپ و تێوەژەندی.

٦/٣٢- ﴿اللهمَّ لَكَ الْحَمْدُ [١] أَنْتَ نُورُ السَّمواتِ وَالأَرْضِ وَمَنْ فِيهِنَّ ، وَلَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ قَيِّمُ السَّمواتِ وَالأَرْضِ وَمَنْ فِيهِنَّ (وَلَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ رَبُّ السَّمواتِ وَالأَرْضِ وَمَنْ فِيهِنَّ) (وَلَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ ملك السَّمواتِ وَالأَرْضِ) (وَلَكَ الْحَمْدُ) (أَنْتَ الْحَقُّ، وَوَعْدُكَ الْحَقُّ ، وَقَوْلُكَ الْحَقُّ، وَلِقَاؤُكَ الْحَقُّ ، وَالْجَنَّةُ حَقٌّ ، وَالنَّارُ حَقٌّ ، وَمُحَمَّدٌ ﷺ حَقٌّ ، وَالسَّاعَةُ حَقٌّ) (اللهمَّ لَكَ أَسْلَمْتُ ، وَعَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ ، وَبِكَ آمَنْتُ ، وَإِلَيْكَ أَنَبْتُ ، وَبِكَ خَاصَمْتُ ، وَإِلَيْكَ حَاكَمْتُ ، فَاغْفِرْ لِي مَا قَدَّمْتُ ، وَمَا أَخَّرْتُ ، وَمَا أَسْرَرْتُ ، وَمَا أَعْلَنْتُ) (أَنْتَ الْمُقَدِّمُ ، وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ) (أَنْتَ إِلهي لاَ إِلهَ إِلاَّ أَنْتَ)﴾[٢] .

واتە : ئەی خوایە سوپاس و ستایشێکی بێ پایان بۆ تۆ ، هەر تۆ ڕوناکی ئەرزو ئاسمانەکان و هەرچی تیایە ، سوپاس و ستایش بۆ تۆ ، هەر تۆ

---

(١) كان النبي ﷺ يقوله إذا قام من الليل يتهجد .

(٢) البخاري مع الفتح ٣/٣ و ١١٦/١١ و٣٧١/١٣ ، ٤٢٣ ، ٤٦٥ و مسلم مختصراً بنحوه ٥٣٢/١ .

ڕاگرو بەڕێوەبەری ئەرزو ئاسمانەکان و هەموو شتەکانیانی کەتیایانە ، سوپاس و ستایش بۆ تۆ ، هەر تۆ تاکە پەروەردگاری ئەرزو ئاسمانەکان و هەموو ئەو شتانەی کە تیایانە ، سوپاس و ستایش بۆ تۆ ، هەموو مولك و دەسەلاتی، ئەرزو ئاسمانەکان و هەموو شتەکانیان هی تۆیە ، سوپاس و ستایش بۆ تۆ ، هەر تۆ تاکە پاشاو دەسەلاتداری ئەرزو ئاسمانەکانی ، سوپاس و ستایش بۆ تۆ ، تۆ هەق و ڕاست و شایانی پەرستنی ، بەڵێنت هەقە و دێتەدی ، فەرموودەت هەق و ڕاستە ، لەڕۆژی دوایی بە تۆ گەیشتنی بڕواداران هەق و ڕاستە ، بەهەشت و دۆزەخ هەق و ڕاستە ، پێغەمبەران هەقن و لەلایەن تۆوە بۆ مرۆڤایەتی ڕەوانە کراون ، وە محمدیش ﷺ ڕاستە پێغەمبەری تۆیە ، هاتن و بەڕپابوونی ڕۆژی دوایش هەق و ڕاستەو هەر ڕوودەدات ، خوایە تەسلیمی تۆ بوومەو خۆم ڕادەستی تۆ کردووە ، وە پشت و پەنام تەنها بە تۆ بەستۆوە ، بڕوام تەنها بەتۆ هێناوە ، هەر بۆ لای تۆش دەگەڕێمەوەو پەشیمان دەبمەوە ، هەر بەتۆش بەڕەنگاری دوژمنانی تۆ دەبمەوە ، حوکم و فەرمانڕەوایش هەر بەتۆ دەکەم ، کێشەو دادگاو سکالاّم تەنها دێنمە لای تۆ ، خوایە لەوەم خۆشبە کەوا پێش خۆم خستوەو ، لەدوای خۆم جێهێشتووەو لەوەی کەشاردومەتەوەو بەنهێنی کردومە ، یا ئەوەی کەشفم کردووەو بەئاشکرا کردومە ، لەهەموی خۆش ببە ، تۆ وە پێش خەری، وە هەر تۆ دواخەری و هەمیشە دەمێنی ، جگە لەتۆ هیچ خوایەکی تر نیە ، ئەتۆ تاکە خواو

پەرستراوی منی ، جگە لەتۆ هیچ خوایەکی تر نیە شیاوی پەرستن و خوایەتی بێت .

١٧- دوعای ڕکوع

سوننەتە ئینسان لەو کاتەی کە لە ڕکوعە لەناو نوێژ ئەم دوعایانە بخوێنێ :-

١/٣٣- (سُبْحَانَ رِبِّيَ الْعَظِيمِ) ثَلاَثَ مَرَّاتٍ.[١] .

واتە : پاك و بێگەردی بۆ پەروەردگاری گەورەو .

٢/٣٤- (سُبْحَانَكَ اللهمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ اللهمَّ اغْفِرلي)[٢].

واتە : ئەی خوای پەروەردگارمان پاك و بێگەردی بۆ تۆ ، خوایە بە سوپاس و ستایشتەوە لێم ببورەو لێم خۆشبە .

٣/٣٥- (سُبُّوحٌ ، قُدُّوسٌ ، رَبُّ الْمَلاَئِكَةِ وَالرُّوحِ)[٣] .

واتە : ئەی پەروەردگاری گیانی جبریل و فریشتەکان فرە پاکی و بێگەردی و بێ خەوشی بۆ تۆ .

٤/٣٦- (اللهمَّ لَكَ رَكَعْتُ ، وَبِكَ آمَنْتُ وَلَكَ أَسْلَمْتُ خَشَعَ لَكَ سَمْعِي ، وَبَصَرِي ، وَمُخِّي ، وَعَظْمِي ، وَعَصَبِي ، وَمَا اسْتَقَلَّ بِهِ قَدَمِي)[٤] ، واتە : خوایە

---

(١) أخرجه أهل السنن وأحمد وانظر، صحيح الترمذى ٨٣/١ .

(٢) البخارى ٩٩/١ ومسلم ٣٥٠/١ .

(٣) مسلم ٣٥٣/١ وأبو داود ٢٣٠/١.

(٤) مسلم ٥٣٤/١ والأربعة إلا ابن ماجه .

بۆ تۆ ڕکوعم بردووەو پشتم کۆم کردووەو چەماندۆتەوە، وەبروام بەتۆ هێناوەو و، بۆ تۆ تەسلیم و موسڵمان بووم، خوایە چاو و گوێ و ئێسك و مێشك و ڕەگ و دەمارەکان و ئەو دوو پێیەم کە پێیان ڕاوەستاوم و سەربەخۆم بۆتۆم زەلیل و زەبوون و ملکەچ کردوون.

٤/٣٦- (سبحان ذي الجبروت، والملكوت، والكبرياء، والعظمة)[1]

واتە: پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە خاوەنی دارو دەسەلاّت و مولّك و مالّ و گەورەیی و تواناو بوونەوەرێکی زۆر فرەو بەهێزە.

١٨- دوعای هەستانەوە لە ڕکوع

١/٣٨- (سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ)[2].

واتە: خوای تاك و تەنیا گوێی لەو کەسە بوو کەسوپاس و ستایشی کرد.

٢/٣٩- (رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ، حَمْداً كَثِيراً طَيِّباً مُبَارَكاً فِيهِ)[3]، واتە: ئەی پەروەردگارمان سوپاس و ستایش بۆ تۆ، بە سوپاس و ستایشێکی زۆرو زەوەند کە پاکی و پیرۆزی تیایە.

---

(١) ابو داود ١/٢٣٠ والنسائي واحمد واسناده حسن.

(٢) البخاری مع الفتح ٢/٢٨٢.

(٣) البخاری مع الفتح ٢/٢٨٤.

٣/٤٠- (مِلْءَ السَّمواتِ وَمِلْءَ الأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا ، وَمِلْءَ مَا شِئتَ مِنْ شَيْءٍ بَعْدُ ، أَهْلَ الثَّنَاءِ وَالْمَجدِ أَحَقُّ ما قَالَ الْعَبْدُ ، وَكُلُّنَا لَكَ عَبْدٌ اللهمَّ لاَ مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ ، وَلاَ مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ ، وَلاَ يَنْفَعُ ذاَ الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ)[1] .

واتە : خوایە پڕ بە ئەرزو ئاسمانەکان و پڕ بە هەرشتێکی تریش جگە لە ئەرزو ئاسمانەکان کەتۆ دەتەوێ سوپاسی و ستایش چاك و پاك و پیرۆز بۆ تۆی پەروەردگار ، خاوەن سوپاس و ڕێزو شکۆو سەربڵندی ، شیاوترین شت کەبەندە بیڵێ ، ئەوەیەکە دەڵێ : ئەی خوایە هەموومان بەندەی تۆین ، خوایە هیچ ڕێگرێك نیە لەبەردەم ئەوەی کەتۆ پێی نادەی و لێی یاساغ و قەدەغە دەکەی، هیچ خاوەن سەروەت و سامان و دارایەکیش سوودی نیە جگە لەهی تۆ، سەروەت و سامان و دەوڵەمەندیەکیش سوودی نابێت، لەتۆوەیە.

١٩-دوعای کاتی کڕنۆش بردن

١/٤١- (سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَ عْلَى) ثَلاثَ مَرَّاتٍ [2] .

واتە : پاکی و بێگەردی بۆ پەروەردگاری هەرە بەرزم ، دەبێ سێ جار ئەوە بگوترێ .

٢/٤٢- (سُبْحَانَكَ اللهمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ اللهمَّ اغْفِرْلِي) [3] .

---

(١) مسلم ١/ ٣٤٥ .

(٢) أخرجه أهل السنن وأحمد وانظر، صحيح الترمذى ٨٣/١ .

(٣) البخراى ومسلم وتقدم تخريجه برقم ٣٤ .

واته : ئەی خوای پەروەردگارمان بەسوپاسەوە پاکی و بێگەردی بۆ تۆ، لێم خۆش ببە.

٣/٤٣- (سُبُّوحٌ ، قُدُّوسٌ ، رَبُّ الْمَلاَئِكَةِ وَالرُّوحِ)[١] .

واتە : پاکی و بێگەردی بۆ تۆ ئەی پەروەردگاری گیان و فریشتەکان .

٤/٤٤- (اللهمَّ لَكَ سَجَدْتُ وَبِكَ آمَنْتُ وَلَكَ أَسْلَمْتُ ، سَجَدَ وَجْهِيَ لِلَّذِي خَلَقَهُ وَصَوَّرَهُ ، وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ ، تَبَارَكَ اللهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ)[٢].

واتە : ئەی خوای گەورە وا کڕنۆشم بۆتۆ برد ، وە بڕوام بەتۆ هێنا ، وە بۆتۆ تەسلیم و موسڵمان بووم ، دەموچاوی من کڕنۆشی بۆ ئەو خوایە بردووە، دروستی کردووە ، وێنەکێشی کردووە ، چاو و گوێی پێ داوە، پاك و بێگەردی و بەدەسەلاتی بۆ ئەو خوایە (اللە)یەی کە باشترین دروست کەرو بەدیهێنەرە .

٥/٤٥- (سُبْحَانَ ذِي الْجَبَرُوتِ ، وَالْمَلَكُوتِ ، وَالْكِبْرِيَاءِ ، وَالْعَظَمَةِ)[٣] .

واتە : پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە خاوەنی دەسەلاتە، خاوەنی مولك و مالّ و تواناو گەورەیی بوونەوەرێکی زۆر فرەو بەهێزە .

٦/٤٦- (اللهمَّ اغْفِرْلِي ذَنْبِي كُلَّهُ ، دِقَّهُ وجِلَّهُ ، وَأَوَّلَهُ وَآخِرَهُ وَعَلاَنِيَتَهُ وَسِرَّهُ)[٤] .

---

(١) مسلم ٥٣٣/١ وتقدم برقم ٣٥ .

(٢) مسلم ٥٣٤/١ وغيره .

(٣) أبو داود ٢٣٠/١ وأحمد ، والنسائي وصححه الألباني في صحيح أبي داود ١٦٦/١ .

(٤) مسلم ٣٥٠/١ .

واتــه : خوایــه لەهــەموو تــاوان و گوناهــەکانم خــۆش بــه ، لەتاوانــه بــچوکەکان و گــەورەکان ، لــەوردو درشــتەکان ، لەکــەم و زۆرەکــان ، لەتاوانەکانی سەرەتاو کۆتا ، لە تاوانە ئاشکراو نێهنیەکان .

٧/٤٧- (اللهمَّ إنِّي أعُـوذُ بِرضَـاكَ مِـنْ سَـخَطِكَ ، وَبِمُعَافَاتِـكَ مِـنْ عُقُوبَتِـكَ وَأعُوذُبِكَ مِنْكَ ، لاَ أُحْصِي ثَنَاءً عَلَيْكَ أنْتَ كَمَا أثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ)[1] .

واتە : خوایە بەڕەزامەندی تۆ، خۆم لەسزاو خەشم و تورەبوونت دەپارێزم، بەساغ و سەلامەتیو لێبوردەبیت خۆم لەسزاو ئێش و ئازار دەپارێزم، بەتۆ خۆم لەتۆ دەپارێزم ، خوایە قەت ناتوانم بەو شێوەیەی کە خۆت ستایشی خۆت کردووە ، من سوپاس و ستایشت بکەم ، چاکەو ستایشەکانت ئەژمار بکەم .

٢٠- دوعای دانیشتن لەنێوان دوو کرنۆشدا

١/٤٨- (رَبِّ اغْفِرْ لِي رَبِّ اغْفِرْلِي)[2] .

واتە : ئەی پەروەردگارا لێم خۆشبە ، ئەی پەروەردگارا لێم خۆشبە .

٢/٤٩- (اللهمَّ اغْفِرْ لِي ، وَارْحَمْنِي، وَاهْدِني ، وَاجْبُرْنِي ، وَعَافِنِي ، وَارْزُقْنِي ، وَارْفَعْنِي)[3] .

---

(١) مسلم ١/ ٣٥٢ .

(٢) أبو داود ٢٣١/١ وانظر، صحيح ابن ماجه ١٤٨/١ .

(٣) أخرجه أصحاب السنن إلا النسائي وانظر، صحيح الترمذي ٩٠/١ وصحيح ابن ماجه ١٤٨/١ .

واتە : خوایە لێم خۆشبە ، ڕەحمم پێ بکە ، هیدایەتم بدە ، وە ڕاستە ڕێم بکە ، چاکم بکەوە ، تواناو دەسەلآتم پێ بدە ، لەش ساغ و پارێزراو و بێ بەلآم بکە ، رزق و ڕۆزیەکی چاك و حەلال و فراوانم پێ بدە ، پلەو پایەم لای خۆت بەرز بکەوە .

٢١- دوعای کرنۆشی قورئان خوێندن (تلاوة)

١/٥٠- (سَجَدَ وجهي لِلَّذِي خَلَقَهُ ، وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ بِحَولِهِ وَقُوَّتِهِ ﴿فَتَبَارَكَ اللهُ أَحْسَنُ الْخالِقِينَ﴾[1] .

واتە : دەم و چاوم کرشنۆشی بۆ ئەو خوایە بردووەکە دروستی کردووە ، بەهێزو توانای خۆی چاو و گوێی بۆ داڕشتووەو بینایی چاو و بیستنی گوێی پێ بەخشیوە .

٢/٥١- (اللهمَّ أكْتُبْ لِي بِهَا عِنْدَكَ أَجْراً ، وَضَعْ عَنِّي بِهَا وِزْراً ، وَاجْعَلهَا لِي عِنْدَكَ ذُخْراً ، وَتَقَبَّلْهَا مِنِّي كَمَا تَقَبَّلْتَهَا مِنْ عَبْدِكَ دَاوُدَ)[2] .

واتە : خوایە دە بەهۆی ئەم کرنۆش و قورئان خوێندنە خێرو پاداشتێکم لەلایەن خۆتەوە بۆ بنوسە ، گوناە و تاوانێکم لێ لادەو لەسەر هەڵگرە ، لەلایەن خۆت بۆم بکە تویشووی ڕۆژی دواییم و لێم گیرا بکە ، هەر وەك لە حەزرەتی داودی بەندەی خۆت گیرات کرد (سەلامی خوای گەورەی لەسەر بێت) .

---

(١) الترمذى ٤٧٤/٢ وأحمد ٣٠/٦ والحاكم وصححة و وافقه الذهبي ٢٢٠/١ والزيادة له .

(٢) الترمذى ٤٧٣/٢ والحاكم وصححة و وافقه الذهبي ٢١٩/١ .

٢٢- دەقی تەحیات خوێندن لە نوێژدا

٥٢- التَّحِيَّاتُ لِلهِ ، والصَّلَوَاتُ ، الطَّيِّبَاتُ ، السَّلاَمُ عَلَيْكَ أَيُهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ ، السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللهِ الصَّالِحِينَ ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ)[1] .

واتە : هەرچی سوپاس و ستایش و سەلام و ڕێزو درودوپاکی و بێگەردی و بێ خەوشی هەیە بۆ خوای گەورەیە ، ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ دروردو سەلام و بەزەیی و پیت و بەرەکەتی خوات لەسەر بێ، درودو سەلامیش لەسەر ئێمەو لەسەر بەندە چاکەکانی خوای گەورە بێ ، گەواهی دەدەم کە جگە لەخوا (اللە) هیچ خوایەکی بەهەق نیە ، گەواهیش دەدەم کە محمد ﷺ بەندەو پەیامبەری خوا .

٢٣- سەلاوەت لێدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ لەدوای تەحیات خوێندن

١/٥٣- (اللهمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ ، اللهمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ)[2].

واتە : خوایە درودو ڕەحمەت و بەرەکەتی خۆت بەسەر پێغەمبەرو خانەوادەکەیدا بڕێژە ، هەروەك بەسەر حەزرەتی ئیبراهیم پێغەمبەرو

---

(١) البخارى مع الفتح ١٣/١ ومسلم ٣٠١/١ .

(٢) البخارى مع الفتح ٤٠٨/٦.

خانەوادەکەیدا ڕشتووە ، چونکە تۆ زۆر سەخی و سوپاسگوزارو سەربەرزو سەر بڵندو شکۆداری ، خوایە پیت و بەرەکەت بەسەر موحەمەدو خانەوادەکەیدا بڕێژە ، هەروەک بەسەر حەزرەتی ئیبراهیم و مـاڵ و خێزانیتـدا ڕشـتووە ، تـۆ خوایەکی زۆر سەخی و سوپاسگوزارو شکۆداری .

٢/٥٤- (اللهمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى أَزْوَاجِهِ وَذُرِّيتِهِ ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ ، وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى أَزْوَاجِهِ وَذُرِّيَّتِهِ ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ)[1] .

واتە : خوایـە دروود ڕەحمـەت و بەرەکـەتی خـۆت بەسـەر پێغەمبـەرو خانەوادەکەیـدا بڕێـژە ، هـەروەک بەسـەر حـەزرەتی ئیـبراهیم پێغەمبـەرو خانەوادەکەیدا ڕشتووە ، چونکە تۆ زۆر سەخی و سوپاسگوزارو سەربەرزو سەر بڵندو شکۆداری ، خوایە پیت و بەرەکەت بەسـەر موحەمـەدو خانەوادەکەیـدا بڕێژە ، هەروەک بەسەر حەزرەتی ئیبراهیم و مـاڵ و خێزانیتـدا ڕشـتووە ، تـۆ خوایەکی زۆر سەخی و سوپاسگوزارو شکۆداری .

٢٤- دوعا کردن لە پاش تەحیاتی کۆتا پێش سەلام دانەوە

١/٥٥- (اللهمَّ إِنِّي أَعُوذُبِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ ، وَمِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ ، وَمِنْ شَرِّ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ)[2] .

---

(١) البخارى مع الفتح ٤٠٧/٦ ومسلم ٣٠٦/١ واللفظ له.

(٢) البخارى ١٠٢/٢ ومسلم ٤١٢/١ واللفظ المسلم .

واتە : خوایە بەتۆ خۆم لەسزاو ئازاری دۆزەخ و ئاشوبو ئاژاوەی ژیـان و مردن و لەخراپەی مەسیحی دەجال دەپارێزم .

٢/٥٦- (اللهمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ المَسيحِ ، الدَّجَّالِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَحيَا وِالْمَمَاتِ ، اللهمَّ إِنِّي أَعُـوذُ بِـكَ مِـنْ الْمَـأْثَمِ وَالْمَغْرَمْ)[1] ، واتە : خوایە بەتۆ خۆم لەسزاو ئێشو ئازاری ناو گۆڕو لە ئاشوب و ئاژاوەو بەلای مەسیحی دەججال و مردن و ژینم دەپارێزم وە خـۆم دەپـارێزم لەگوناە و تاوان و قەرزاری .

٣/٥٧- (اللهمَّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْماً كَـثِيراً ، وَلاَ يَغْفِـرُ الـذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْـتَ ، فَاغْفِرلي مَغْفِرَةً ، مِنَ عِنْدِكَ وَارْحَمْنِي إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ)[2] .

واتە : خوایە بەڕاستی من سـتەمێکی زۆرم لـەخۆم کـرد بـەهۆی ئـەو گوناە و تاوانانەی کەکردوم و خۆم شایستەی خەشم و ناڕەزایی تۆوسزای دۆزەخ کرد ، ئێستاش هیچ کەس نییە کە لەگوناە و تاوانەکان خۆش بێ جگە لـەتۆ ، تۆش لێم خۆشبە ، بەلێخۆشبوونێك کە ڕەحمەت و لێخۆشبوون تەنها لـەلای تۆیە ، بەڕاستی هەر تۆ بەبەزەیی و لێخۆشبەری .

٤/٥٨- (اللهُمَّ اغْفِرَ لِي مَا قَدَّمْتُ ، وَمَا أَخَّرْتُ ، وَمَا أَسْرَرْتُ ، وَمَا أَعْلَنْـتُ ، وَمَا أَسْرَفْتُ ، وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ مِنِّـي ، أَنْـتَ الْمُقَـدِّمُ ، وَأَنْـتَ الْمُـؤَخِّرُ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ أَنْتَ)[1] ،

---

(١) البخاري ٢٠٢/١ ومسلم ٤١٢/١ .

(٢) البخاري ١٦٨/٨ ومسلم ٢٠٧٨/٤ .

واتە : خوایە لەو گوناە و تاوانانەم خۆشبە کەپێش خۆم خستونەو دوای خۆم خستونە ، بەئاشکراو بەنهێنی کردومن یا زێدەڕۆییم تیا کردون ، وە لەوانەی کەتۆ لەمن زۆر زیاتر پێیان ئاگاداری ، هەر تۆ پێشخەرو پاشخەری سزاو پاداشتی خێرو چاکەو گوناە و تاوانەکانی ، جگە لەتۆ هیچ خوایەکی تری بە هەق و شایستەی پەرستن و خوایەتی نییە .

٥٩/٥- (اللهمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ ، وَشُكْرِكَ ، وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ)[٢] .

واتە : خوایە لەسەر زیکرو یاد کردنتو، لەسەر سوپاسکردنی خۆت و لەسەر باشترین پەرستنی خۆت هاوکاری و کۆمەکیم بکەو یارمەتیم بدە تا بیانکەم .

٦٠/٦- (اللهمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْبُخْلِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الْجُبْنِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ أَنْ أُرَدَّ إِلَى أَرْذَلِ الْعُمُرِ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الدُّنيا وَعَذابِ الْقَبْرِ)[٣] ، واتە : خوایە بەتۆ خۆم لە قرچۆکیو پەزیلی و پڕژدی و ترسنۆکی دەپارێزم ، وە خۆم لەوە دەپارێزم کە بم گێرێتەوە سەر زەلیلترین تەمەن و توانا ، وە خۆم دەپارێزم لە ئاشوب و ئاژاوەو بەلاّی دونیاو سزاو ئازاری گۆڕ .

٦١/٧- (اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وَأَعوذُ بِكَ مِنَ النَّارِ)[٤] .

---

(١) مسلم ٥٣٤/١ .

(٢) أبو داود ٨٦/٢ و النسائي ٥٣/٣ وصححة الألباني في صحيح أبو داود ٢٨٤/١ .

(٣) البخاري مع الفتح ٣٥/٦.

(٤) أبو داود وانظر، صحيح ابن ماجة ٣٢٨/٢ .

واتە : خوایە داوای بەهەشتی نەبڕاوەت لێ دەکەم، پەنا بەتۆ دەگرم لە ئاگری دۆزەخ .

٨/٦٢- (أللهمَّ بِعِلْمِكَ الْغَيْبَ وَقُدْرَتِكَ عَلَى الْخَلْقِ أَحْيِنِي مَا عَلِمْتَ الْحَيَاةَ خَيْراً لِي وَتَوَفَّنِي إذا عَلِمْتَ الْوَفَاةَ خَيْراً الي ، اللهمَّ إنِّي أَسْأَلُكَ خَشْيَتَكَ فِي الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ ، وَأَسْأَلُكَ كَلِمَةَ الْحَقِّ فِي الرِّضا وَالْغَضَبِ ، وَأَسْأَلُكَ الْقَصْدَ فِي الْغِنَى وَالْفَقْرِ، وأَسْأَلُكَ نَعيماً لاينفد وأَسْأَلُكَ قرة القضاء وأسألك برد العيش بعد عين لاتنقطع ، وَأَسْأَلُكَ الرِّضَا بَعْدَ الْمَوْتِ ، وأَسْأَلُكَ لَذَّةَ النَّظَرِ إِلَى وَجْهِكَ وَالشَّوْقَ إِلَى لِقَائِكَ فِي غَيْرضَرَّاءَ مُضِرَةَ وَلاَ فِتْنَةٍ مُضِلَّةٍ ، اللهمَّ زَيِّنَّا بِزِينةِ الإِيَمانِ وَاجْعَلْنَا هُداةً مُهْتَدِينَ)[1] .

واتە : خوایە بەزانستی پەنهان و بەتوانای سەر بوونەوەرت ، بمژێنە لە ژیاندا تا ئەو کاتەی کەتۆ دەزانی ژین بۆ من خێری تیایە ، وە بمرێنە ئەگەر دەزانی مردن لە ژیاندا خێری تیایە بۆ من ، خوایە داوای لێترسانت لێدەکەم بەئاشکراو بەنهێنی، داوای ووشەو قسەی هەق و ڕاستت لێ دەکەم لەکاتی ڕازی بوون و تورەبوونم کەهیچی خراپ و نا شەرعی نەلێم، داوای مامناوەندیت لێ دەکەم لەکاتی هەژاری و دەوڵەمەندیدا کە تووشی ناشوکری نەبم، داوای نازو نیعمەت و چاکەت لێ دەکەم کە هەرگیز کۆتایی نایێ و لەناو ناچێ، داوای گلێنەی چاوێکت لێ دەکەم کە هەرگیز کۆتایی نایێ و ناپچڕێ ، داوای ڕازی بوونت لێ دەکەم لەسەر ئەو بڕیارەی کە بەسەرمدا

---

(١) النسائى ٥٤/٣ ، ٥٥ وأحمد ٣٦٤/٤ وصححه الألباني في صحيح النسائي ٢٨١/١ .

دەدەی ، داوای ژیانێکی و خۆش گوزەرت لێ دەکەم، دوای مردنم لـە گـۆڕو دوا ڕۆژدا ، داوای تام و چێژ لێوەرگرتنت لێ دەکەم لە ڕوانینت ، داوای شـەوق و شەیدابیت لێ دەکەم کاتێك کە بەتۆ دەگەم بەبێ ئەوەی کـە زەرەرو زیـانم پـێ بگا ، دووچاری هیچ ئاشوب و ئاژاوەیەکی گومڕا کەر بم ، خوایە بەجوانی بیرو باوەڕی ئیـسلامەتی و خواپەرسـتی جوانمـان بکـەی و ڕامـان بزێنیتـەوە ، وە بمانکەیتە ڕابەرو پێشەنگی ڕێنما کراوەکانی ئیسلام .

٩/٦٣- (اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ يَا أَللهُ بِأَنَّكَ الْوَاحِدُ الأَحَدُ الصَّمَدُ الَّذِي لَمْ يَلِدْ وَلَـمْ يُولَدْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُواً أَحَدٌ ، أَنْ تَغْفِرَ لِي ذُنُوبِي إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفورُ الرَّحِيمُ)[1] .

واتە : خوایە کە تۆ (اللە)ی خوای تاك و هەرە تەنیای، ئەو خوایەیە کـە لەهەموو کەس بێنیازەو هەموو کەسیش پێویستی بـەوە ، ئـەو خوایـەی کـە لەکەس نەبووەو کەسیش لەو نەبووە ، ئەو خوایەی کەهیچ شـەریك و هاوتـاو هاوبەشێکی نییە ، لە هەموو گوناە و تاوانـەکانم خـۆش بـە کـە کـردوومن چونکە هەر تۆ تاکە لێخۆشبەرو بەزەیی بەرانبەر بەندە تاوانبارەکانت .

١٠/٦٤- (اللهمَّ إِني أَسْأَلُكَ بِأَنَّ لَكَ الْحَمْدُ لاَ إِله إِلاَّ أَنْتَ وَحْدَكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ ، الْمَنَّانُ ، يَا بَدِيعَ السَّمواتِ وَالأَرْضِ يا ذاَ الْجَلاَلِ وَالإِكْرَامِ ، يَا حَيُّ يَا قَيُّـومُ إِنِّـي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ النَّارِ)[2] .

---

١) أخرجه النسائى بلفظة ٥٢/٣ وأحمد ٣٣٨/٤ وصححة الألباني في صحيح النسائى ٢٨٠/١ .

٢) رواه أهل السنن وانظر، صحيح ابن ماجه ٣٢٩/٢ .

واتە : خوایە بەوەی کە سوپاس و ستایش هەر بۆ تۆیە ، جگە لەتۆ هیچ خوایەکی بەهەق نیە ، هەر تۆ تاك و تەنیاو بێ شەریکی ، هەر تۆ جێی نیازو مەبەست و منەتکردنی ، ئەی داهێنەرو دروستکەرو جوانکەری ئەرزو ئاسمانەکان ، ئەی خاوەن پلەو پایەو رێزو شکۆ ، ئەی خوای هەمیشە نەمرو زیندوو ڕاگری ئەرزو ئاسمانەکان و بوونەوەر ، من داوای بەهەشت و لێخۆشبوون هەر لەتۆ دەکەم ، هەر بەتۆش خۆم لە ئاگری دۆزەخ دەپارێزم .

١١/٦٥- (اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ بِأَنِّي أَشْهَدُ أَنَّكَ أَنْتَ اللهُ لاَ إِلـهَ إِلاَّ أَنْتَ الأَحَدُ الصَّمَدُ الَّذِي لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُواً أَحَدٌ)[1] .

واتە : خوایە من داوای هەموو شتێك هەر لەتۆ دەکەم ، وە گەواهی دەدەم کە جگە لەتۆی تاك و تەنیا هیچ خوایەکی تری بەهەق و پەرستراو نیە ، تۆ تاك و تەنیاو بێ نیازی لەهەموو خەڵك ، پێویستیت بەکەس نیە ، هەموو کەسیش پێویستی بەتۆیە ، تۆ لەکەس نەبووی ، کەسیش لەتۆ نەبووە ، هیچ کەسیش هاوتاو هاوشێوەو هاوبەشی ژیان و توانا بەڕێوە بردنی تۆ نی یە .

٢٥- زیکرەکانی دوای سەلامدانەوە لە نوێژ

١/٦٦- (أَسْتَغْفِرُ اللهَ (ثلاثاً) اللهمَّ أَنْتَ السَّلاَمُ وَمِنْكَ السَّلاَمُ ، تَبَارَكْتَ يَا ذَا الْجَلاَلِ وَالإِكْرَامِ)[1] .

---

(١) أبو داود ٦٢/٢ والترمذى ٥١٥/٥ وابن ماجه ١٢٦٧/٢ وأحمد ٣٦٠/٥ وانظر، صحيح ابن ماجه ٣٢٩/٢ وصحيح الترمذى ١٦٣/٣ .

واته : سێ جار بڵێ خوایە داوای لێخۆشبوون و لێبوردن هەر لەتۆ دەکەم، ئینجا بڵێ ، خوایە تۆ خوایەکی ئاشتیخوازو سەلامەت و بێ زیانی ، ئاشتی و سەلامەتیش هەر لەتۆیە ، ئەی خوای خاوەن شکۆو پلەو پایە تۆ خوایەکی زۆر بەرزو بڵندو دەسەلاتدارو بەتوانای .

٢/٦٧- (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ، اللهمَّ لاَ مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ ، وَلاَ مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ ، وَلاَ يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ)(٢) .

واتە : هیچ خوایەکی بەهەق نیە جگە لەو خوایەی کە تاك و تەنیایە ، هیچ شەریك و هاوبەشێکیشە نیە ، هەموو سوپاس و ستایش و موڵك و دەسەلاتێك هەر هی ئەوە، بەسەر هەموو شتێکیش لە ژیاندا بەهێزو تواناداره ، خوایە هیچ ڕێگرێك نیە بۆ ئەوەی کە تۆ پێی ببەخشی، هیچ بەخشەرێکیش نیە بۆ ئەوەی کەتۆ ڕێگری لێ بکەی و پێی نەبەخشیت، هیچ دەوڵەمەندو خاوەن دەسەلاّت و داراییەکیش ناتوانێ سوود بەکەسێك بگەێنن ئەگەر تۆ سوودی پێ نەگەینی، چونکە هەموو پلەو پایەو سەروەت و سامان و دەوڵەمەندی و داراییەك هەر لەتۆوەیە .

٣/٦٨- (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ، لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ ، وَلاَ نَعْبُدُ إِلاَّ إِيَّاهُ ، لَهُ

---

(١) مسلم ١/٤١٤ .

(٢) البخاري ١/٢٥٥ ومسلم ٤١٤ .

النِّعْمَةُ وَلَهُ الْفَضْلُ وَلَهُ الثَّنَاءُ الْحَسَنُ ، لاَ إِلهَ إِلاَّ الله مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرونَ)[1].

واتە : هیچ خواو پەرستراوێکی بەهەق و شایستە نیە جگە لەخوای کردگار کە (اللە)یە ، تاك و تەنیایەو هیچ شەریك و هاوبەشێك نیە ، هەموو دەسەلآتێك هی ئەوە ، هەموو سوپاس و ستایشێك هەر بۆ ئەوە ، ئەو خوایە بەسەر هەموو شتێکی بوونەوەردا زۆر بەتواناو چاودێرە ، هیچ هێزو توانایەك نیە مەگەر بەو نەبێ ، هیچ خوایەك نیە تەنها ئەو (اللە) نەبێ ، کەس ناپەرستین تەنها ئەو نەبێ ، هەموو نازو نیعمەت و چاکەو بەخششێك هەر هی ئەوە ، سوپاس و سەنای چاك و هەرە جوان هەر بۆ ئەوە ، جگە لە (اللە) هیچ خوایەکی بەهەق نیە ، ئایینی پاك و پیرۆز هەر هی خوایە ، ئەگەر کافرەکانیش پێیان ناخۆش بێ و بیبێزێنن ، دەبێ لەگەڵ خوای تاك و تەنیاو ئایینەکەی پاك و دڵسۆز بین .

٤/٦٩- (سُبْحَانَ الله ، وَالْحَمْدُ لِلهِ ، والله أَكْبَرُ (ثَلاَثاً وَثَلاَثِينَ) لاَ إِلهَ إِلاَّ الله وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) [2] .

واتە : پاکی و بێگەردی بۆ خوای کردگار ، سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خوای گەورە ، خوای کردگار لە هەموو شتێکی بوونەوەر گەورە ترە (٣٣

---

(١) مسلم ٤٥١/١ .

(٢) مسلم ٤١٨/١ من قال ذلك دبر كل صلاة غفرت خطاياه وإن كانت مثل زبد البحر) مسلم ٤١٨/١ .

جار دەگوترێ) ، سوپاس و ستایش و مولك و دەسەلاّت هەر بۆ ئـەوە ، وە ئـەو بەسەر هەموو شتێکی ژیان و بوونەوەردا زاڵ و بە تواناو بە دەسەلاّتە .

٥/٧٠- بسم الله الرحمن الرحيم ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ۝٤﴾ (سورة الأخلاص)

واتە: خوای کردگار کە (اللّه)یە خوایەکی تاك و تەنیایە و، خوایەکی بێ نیازو مەبەستە لە خەڵك و پێویستی بەهیچ کەس و کائینێـك نیـە ، هـەموو کەس و گیانلەبەرێکیش پێویستی بەو خوایەیە بۆ پێداویـستیەکانی ژیـانی ، ئەو خوایە لەکەس نەبووەو کەسیش لەو نەبووە ، وە هـیچ کـەس و شـتێکیش وەکو ئەو نیەو، هاوتاو هاوشێوەی ئەو نیەو ، هیچ هاربەشێکی نیە .

بسم الله الرحمن الرحيم ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ۝١ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ۝٢ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ۝٣ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِى ٱلْعُقَدِ ۝٤ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ۝٥﴾ (سورة الفلق)

واتە : بەناوی خوای بە بەزەیی و میهرەبان ، ئەی محمد ﷺ بەخەڵك بڵـێ بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان ، ئەی محمـد ﷺ : بڵـێ خـۆم دەپـارێزم بـە پەروەردگاری دروستکەری بوونـەوەر لـە زەرەرو زیـان و ئـەوەی کـە دروسـتی کردووەو ، لە خراپەی تاریکی ئەو کاتێ دادێ ، لە زەرەرو زیان و خراپەی جادو

کەران کاتێ فو لەگرێ کوێرەکان دەکەن و ، لەخراپەی ئەو ئێرەبەرو ڕژدانەی کە حەسودی و بەخیلی بەخەڵك دەبەن .

بسم الله الرحمن الرحيم ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ۝١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ۝٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ۝٣ مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ٱلْخَنَّاسِ ۝٤ ٱلَّذِى يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ ۝٥ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ۝٦﴾ (سورة الناس) دوای هەموو نوێژێك [1] .

واتە: بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان ، ئەی محمد ﷺ بڵێ : خۆم دەپارێزم بە خوای و بوونەوەر ، ئەو خوایەی کە پاشاو

دەسەڵاتداری خەڵکیەو ، پەرستراوی خەڵکیە ، وەلەزەرەرو زیانو خراپەی وەسوەسە پەیداکەری پەنهان و نادیار ، ئەوەی کە خوتخوتەو وەسوەسەی خراپ دەخاتە ناو دڵ و دەروون و سینەی خەڵکی لە جنۆکەو ئینسانەکان .

ئەم سورەتانە لەدوای هەموو نوێژێك دەگوترێن .

٦/٧١- ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَىُّ ٱلْقَيُّومُ ۚ لَا تَأْخُذُهُۥ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ ۚ لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ۚ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَىْءٍ مِّنْ

---

(١) أبو داود ٨٦/٢ والنسائى ٨٦/٣ وانظر، صحيح الترمذى ٨/٢ . والسور الثلاث يقال لها المعوذات وانظر، فتح الباري ٦٢/٩ .

عِلْمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَ ۚ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفْظُهُمَا ۚ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾ ﴾(سورة البقرة).

عَقِبَ كُلِّ صَلَاةٍ [1] .

واتە : ئەو خوایەی کە (اللە)یە جگە لەو هیچ خواو پەرستراوێکی بەهەق و ڕاست نییە ، ئەو خوایەی هەمیشە زیندووەو ڕاگرو بەڕێوەبەرو بەرپاکەری بوونەوەرە ، قەت خەوو وەنەوزەو بۆرزین نایگرێ و بەسەری دانایێ ، هەرچی لەنێو ئەرزو ئاسمانەکانە هی خوایە ، ئایا ئەو کەسە کێیە کە لەڕۆژی بەرێ کە ڕۆژێکی زۆر ترسناك و سەختە لەلای خوای گەورە تکاو پاڕانەوە بۆ ئۆمەتەکەی دەکات ، جگە لە پێغەمبەر ﷺ ئەویش تەنها بە ڕوخسەت و مۆڵەت و ڕێگە پێدانی خوای گەورەیە ، ئەو خوایە هەموو شتێك دەزانێ کە لەدونیادا لەنێوان دەستی ئینسانەکانە ، وە ئەوەی کە لەدوایان جێ دەمێنێ و لە دوا ڕۆژدا بۆیان ئامادەکراوە ، هیچ کەسێك هیچ شتێك لە زانست و زانیاری خوای گەورە نازانێ ، مەگەر ئەوەی کە خۆی بیەوێ بزانێ و فێری بکا ، فراوانی کورسی تواناو دەسەلاتی خوای گەورە هەموو ئەرزو ئاسمانەکانی گرتۆتەوەو ، پاراستنی ئەم ئەرزو ئاسمانەش لەلایەن خوای گەورە شتێکی زۆر

---

(١) من قرأها دبر كل صلاة لم يمنعه من دخول الجنة إلا أن يموت ، النسائي في عمل اليوم والليلة برقم ١٠٠ ، وابن السني برقم ١٢١ وصححه الألباني في صحيح الجامع ٣٣٩/٥ وسلسلة الأحاديث الصحيحة ٦٩٧/٢ برقم ٩٧٢.

سادەو ئاسانەو هیچ گرانو زەحمەت نییە ، چونکە ئەم خوایە زۆر بەرزو بڵندو گەورەو پایەدارو بەتوانایە .

٧/٧٢-(لاَ إِلهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ يحيي ويميت وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) عَشْرَ مَرَّاتٍ بَعْدَ صلاةِ الْمَغْرِبِ وَالصُّبْحِ)[١] .

واتە : هیچ خوایەکی بەهەق نیە جگە لەو خوایەی کە (اللە)یەو تاك و تەنیایە ، هیچ شەریك و هاوبەشێکی نیە لە ژیان بەرێوەبردندا ، سوپاس و ستایش و تواناو دەسەلآت و پادشایەتی هەر بۆ ئەوە ، ئەو خوایە ژیان بەخشو مرێنەرو ، هەموو گیان لەبەرێك لە بوونەوەردا دەژێنێ و دەمرێنێ ، وە لەسەر هەموو شتێکیش توانادارو بەدەسەلآتە ، ئەمە (١٠) جار دوای نوێژی ئێواران و بەیانیان دەخوێندرێت .

٨/٧٣- (اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ عِلْماً نَافِعاً ، وَرِزقاً طَيِّباً ، وَعَمَلاً مُتَقَبَّلاً) بَعْدَ السَّلامِ مِنْ صلاَةِ الْفُجْرِ)[٢] .

واتە : دوای ئەوەی کە نوێژکەر لە نوێژی بەیانیان سەلام دەداتەوە دەڵێ : خوایە داوای زانستێکی زۆر بەسوودو ، ڕزق و ڕۆزیەکی زۆر فراوان و پاك و حەلال و ، کردەوەی شایستەو قبول کراوت لێ دەکەم .

---

(١) رواه الترمذى ٥١٥/٥ وأحمد ٢٢٧/٤ وانظر، تخريجه في زاد المعاد ٣٠٠/١ .

(٢) ابن ماجه وغيره وانظر، صحيح ابن ماجه ١٥٢/١ ومجمع الزوائد ١١١/١٠ .

٢٦- دوعای نوێژی پرسکردن به خوای گەورە (دعاء صلاة الاستخارة)

٧٤- قَالَ جَابِرُ بْنُ عَبْدِالله ﷺ : كَانَ رَسُولُ الله ﷺ يُعَلِّمُنَا الاسْتِخَارَةَ فِي الأُمُورِ كُلِّهَا كَمَا يُعَلِّمُنَا السُّورَةَ مِنَ الْقُرْآنِ ، يَقُولُ : (إِذَا هَمَّ أَحَدُكُمْ بِالأَمْرِ فَلْيَرْكَعْ رَكْعَتَيْنِ مِنْ غَيْرِ الْفَرِيضَةِ ثُمَّ لْيَقُلْ : اللهمَّ إِنِّي أَسْتَخِيرُكَ بِعِلْمِكَ ، وَأَسْتَقْدِرُكَ بِقُدْرَتِكَ ، وَأَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ الْعَظِيمِ ، فَإِنَكَ تَقْدِرُ وَلاَ أَقْدِرُ ، وَتَعْلَمُ ، وَلاَ أَعْلَمُ وَأَنْتَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ ، اللهمَّ إِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَ – وَيُسَمِّي حَاجَتَهُ- خَيْرٌ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي –أَوْ قَالَ : عَاجِلِهِ وَآجِلِهِ – فَاقْدُرْهُ لِي وَيَسِّرْهُ لِي ثُمَّ بَارِكْ لِي فِيهِ ، وَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَ هَذَا الأَمْرَ شَرٌّ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي – أَوْ قَالَ : عَاجِلِهِ وَآجِلِهِ – فَاصْرِفْهُ عَنِّي وَاصْرِفْنِي عَنْهُ وَاقْدُرْ لِي الْخَيْرَ حَيْثُ كَانَ ثُمَّ أَرْضِنِي بِهِ)[1].

جابڕی کوڕی عبدالله ﷺ دەڵێ : پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو کاروبارەکانی ژیاندا پرسکردن (ئیستخارە)ی فێر دەکردین و ، دەیگووت : ئەگەر یەکێك لە ئێوە خەم و گرفتی کارێکی هەبوو ، باجگە لە نوێژی فەرز ، دوو ڕکعات نوێژێك بکا، لە کۆتایی ڕکعەتی دووەم یا لە کۆتایی نوێژدا بڵێ : خوایە من پرسیار بە زانستی تۆ دەکەم و خێرو چاکە لە تۆ دەخوازم ، بە توانا و دەسەلاتی تۆ داوی توانستیت لێ دەکەم ، داوا لە فەزل و بەخششی فراوان و گەورەی تۆ دەکەم ، چونکە تۆ بەتوانای و دەتوانی هەمو شتێك بکەی، من بێ توانام و ناتوانم بێ ویستی تۆ هیچ شتێك بکەم ، تۆ هەمور

---

(١) البخاري ١٦٢/٧ .

شتێك دەزانی و لێت دیارو ئاشكرایە، من بێ تۆ هیچ نازانم و لـێم دیـار نیـە چی بكەم باشە، چونكە تۆ فرە زانای نادیـارو پەنهانـەكانی ، خوایـە ئەگـەر دەزانی ئەو كارەم (ناوی كارەكەت دێنی) بـۆ ئـابێو دونیـاو خێـرو چـاكەی بۆمن تیایە ، بۆ من سووك و ئاسان بكەو هاوكـاریم بكـە لەسـەر كردنـی و تواناو هێزم پێ ببەخشە بۆ كردنی ، پاشان بۆم بەخێر بگێـرەو لێمـی پـێڕۆز بكە ، ئەگەر دەزانی ئەم كارە زرەرو زیان و خراپەی تیایـە بـۆ دیـن و دونیـاو ژیان و گوزەران و پاشە ڕۆژی كارم لە ئێـستاو دوا ڕۆژ ، زوو و درەنـگ ، لـێم لادەو ، منیش لە كارەكە لادە ، بەڵكو هەر چۆنێك بـێ بـۆم بـەخێر بگێـرەو بڕیاری خێرو چاكەم بۆ بدە ، بەو كارەم ڕازی و قایل بكە كە بۆم بڕیار دەدەی و بۆم دێنیە پێشەوە .

بێگومـان ئەو كەسـەی كە پرس بە كردگارەكەی دەكا ، لە ڕێگـەی دوعـاو پاڕانەوەو ئەنجامدانی ئیستخارە، پرس و ڕاوێژ بە خەڵكی بڕوادار دەكا، لەسەر كارەكەی جـێگیرو چەسـپاو دەبـێ قـەت زەرەر ناكـا ، چـونكە خـوای گـەورە سـەبارەت بـەوە دەفـەرموێ: ﴿وَشَاوِرْهُمْ فِي ٱلْأَمْرِ ۖ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ﴾ ال عمران

واتە: لە كاروباری ژیانتاندا پرسیان پێ بكەن ، واتە پرس بـە ئینـسانی چاك و شارەزاو پسپۆر بكەی لەبواری خـۆی، ئەگـەر ئیرادەتـان چەسـپاند بـۆ

ئەوەی کارەکە بکەن ، ئەوا پشت بەخوا ببەستنو کارەکە بکەن و لێی دوو دڵ مەبن .

٢٧- زیکرەکانی ئێواران و بەیانیان

الحَمْدُهُ لِلهِ وَحْدَهُ وَالصَّلاةُ وَالسَّلامُ عَلى مَنْ لا نَبِيَّ بَعْدَهُ [١] .

دەبێ ئینسان بەناوی خواو سوپاس و ستایشکردنی و سەلات و سەلام لێدان لەسەر دیداری پێغەمبەر ﷺ دەست پێ بکاو ، بڵێ : سوپاس و ستایش بۆ خوای تاك و تەنیا ، دروردو سلاوی بێ پایان لەسەر ئەو پێغەمبەرەی کە هیچ پێغەمبەرێکی لە دوا نیە .

١/٧٥- أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانَ الرَّجِيمِ ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَىُّ ٱلْقَيُّومُ ۚ لَا تَأْخُذُهُۥ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ ۚ لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ۚ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ۖ وَلَا

---

(١) عن أنس يرفعه (لأن أقعد مع قوم يذكرون الله تعالى من صلاة الغداة حتى تطلع الشمس أحب إلي من أن اعتق أربعة من ولد إسماعيل ، ولأن أقعد مع قوم يذكرون الله من صلاة العصر إلى أن تغرب الشمس أحب إلى من أن أعتق أربعة) أبو داود برقم ٣٦٦٧ ، وحسنة الألباني ، صحيح أبو داود ٦٩٨/٢

يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَ ۚ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفْظُهُمَا ۚ وَهُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾ ﴾ (البقرة)[1] .

واتە : بەخوای کردگار کە (اللە)یە خۆم لە شەیتانی بەدو نەگریس و نەفرەت لێکراو دەپارێزم ، ئەو خوایەی کە (اللە)یە جگە لەو هیچ خواو پەرستراوێکی بەهەق و ڕاست نییە ، ئەو خوایەی هەمیشە زیندووەو ڕاگرو بەڕێوەبەرو بەرپاکەری بوونەوەرە ، قەت خەوو وەنەوزەو بۆرزێن نایگرێ و بەسەری دانایێ ، هەرچی لەنێو ئەرزو ئاسمانەکانە هی خوایە ، ئایا ئەو کەسە کێیە کە لەڕۆژی بەرێ کە ڕۆژێکی زۆر ترسناك و سەختە لەلای خوا گەورە تکاو پارانەوە بۆ ئۆمەتەکەی دەکات ، جگە لە پێغەمبەر ﷺ ئەویش تەنها بە ڕوخسەت و مۆڵەت و ڕێگە پێدانی خوای گەورەیە ، ئەو خوایە هەموو شتێك دەزانێ کە لەدونیادا لەنێوان دەستی ئینسانەکانە ، وە ئەوەی کە لەدوایان جێ دەمێنێ و لە دوا ڕۆژدا بۆیان ئامادەکراوە ، هیچ کەسێك هیچ شتێك لە زانست و زانیاری خوای گەورە نازانێ ، مەگەر ئەوەی کە خۆی بیەوێ بزانێ و فێری بکا ، فراوانی کورسی توانای دەسەلاتی خوای گەورە هەموو ئەرزو ئاسمانەکانی گرتۆتەوە ، پاراستنی ئەم ئەرزو ئاسمانە ش

---

(١) سورة بقرة اية ٢٥٥ ، من قالها حين يصبحء أجير من الجن حتى يمسى ، ومن قالها حين يمسي أجير منهم حتى يصبح ، أخرجه الحاكم ٥٦٢/١ وصححة الألباني في صحيح الترغيب والترهيب ٢٧٣/١ وعزاه الى النسائى والطبر اني وقال : إسناد الطبرانى جيد .

لەلایەن خوای گەورە شتێکی زۆر سادەو ئاسانەو هیچ گرانو زەحمەتی نییە ، چونکە ئەم خوایە زۆر بەرزو بڵندو گەورەو پایەدارو بەتوانایە .

٢/٧٦- بسم الله الرحمن الرحيم ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ۝٤﴾ (سورة الأخلاص)

واتە : بەناوی خوای بە بەزەیی و میهرەبان ، ئەی محمد ﷺ بەخەڵک بڵێ خوای کردگار کە (الله)یە خوایەکی تاك و تەنیایە و ، خوایەکی بێ نیازو مەبەستە لە خەڵك و پێویستی بەهیچ کەس و کائینێك نیە و ، هەموو کەس و گیانلەبەرێکیش پێویستی بەو خوایەیە بۆ پێداویستیەکانی ژیانی ، ئەو خوایە لەکەس نەبووەو کەسیش لەو نەبووە ، وە هیچ کەس و شتێکیش وەکو ئەو نیە ، هاوتاو هاوشێوەی ئەو نیەو، هیچ شەیرك و هاوبەشێکی نیە .

بسم الله الرحمن الرحيم ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ۝١ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ۝٢ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ۝٣ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِى ٱلْعُقَدِ ۝٤ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ۝٥﴾ (سورة الفلق)

واتە : بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان ، ئەی محمد ﷺ : بڵێ خۆم دەپارێزم بە پەروەردگاری دروستکەری بوونەوەر لە زەرەرو زیان و ئەوەی کە دروستی کردووەو ، لە خراپەی تاریکی ئەو کاتێ دادێ ، وەلە زەرەرو زیان و

خراپەی جادو کەران کاتێ فو لـەگرێ کوێرەکـان دەکـەن و ، لەخراپـەی ئـەو ئێرەبەرو رژدانەی کە حەسودی و بەخیلی بەخەڵك دەبەن .

بسم الله الـرحمن الـرحيم ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ۝١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ۝٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ۝٣ مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ٱلْخَنَّاسِ ۝٤ ٱلَّذِى يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ ۝٥ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ۝٦﴾ (سـورة النـاس) (ثـلاث مرات) [1] .

واتە: بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبـان ، ئـەی محمـد ﷺ بڵـێ : خـۆم دەپارێزم بە خوای بوونەوەر ، ئەو خوایەی کە پاشاو

دەسەلاتداری خەڵکیەو ، پەرستراوی خەڵکیە ، وەلەزەرەرو زیـانو خراپـەی وەسوەسە پەیداکەری پەنهان و نادیار ، ئەوەی کە خوتخوتەو وەسوەسەی خـراپ دەخاتە ناو دڵ و دەروون و سینەی خەڵکی لە جنۆکەو ئینسانەکان .

٣/٧٧- (أَصْبَحْنَا وَأَصْبَحَ الْمُلْكُ لِلهِ [2] وَالْحَمْدُ لِلهِ ، لاَ إِلـهَ إِلاَّ اللهُ وَحْـدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ، رِبِّ أَسْأَلُكَ خَيْرَ مـا فِي

---

(١) هەرکەسێ لەکاتێ بەیانیو ئێوارە دادێ سێ جار نـەم سـورەتانە بخوێنـێ نـەوا دەربـارەی هەموشـتێکی بەسـە. اخرجـه ابـو داود ٣٢٢/٤ والترمـذي٥٦٧/٥ وانظـر: صـحيح الترمذي١٨٢/٣.

(٢) وإذا أمسى قال : أمسينا وأمسى الملك لله .

هَذَا الْيومِ وَخَيْرَ مَا بَعْدَهُ [1] وأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا فِي هَذَا الْيَوْمِ وَ شَرِّ مَا بَعْدَهُ رَبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ الكَسَلِ ، وَسُوءِ الكِبَرِ ، رَبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابٍ فِي النَّارِ وَعذابٍ فِي الْقَبْرِ)[2] .

واتە : ئێمە بەیانیمان کردەوە، هەموو مولّك و مالّ و دەسەلاّتێك هی خوایە ، سوپاس و ستایش هەر بۆ خوایە ، هیچ خوایەك نیە جگە لەو خوایەی کە (اللە)یەو تاك و تەنیایەو ، هیچ شەریك و هاوبەشێکی نیە ، سوپاس و ستایش و تواناو دەسەلاّت و پادشایەتی بۆ ئەو خوایەی کە بەسەر هەموو شتەکانی ژیان و بوونەوەردا زالّ و تواناداره ، خوایە داوای خێرو چاکەی ئەو ڕۆژەو دوای ئەم ڕۆژەشت لێ دەکەم، خۆم بەتۆ لە هەموو زەرەرو زیان و خراپەی ئەمڕۆ دواتری دەپارێزم ، خوایە خۆم بەتۆ لە سستی و تەمبەلی و پیربەدی و سزاو ئازادی ناو ئاگرو ناو گۆڕ دەپارێزم .

٤/٧٨- اللهمَّ بِكَ أَصْبَحْنَا ، وَبِكَ أَمْسَيْنَا[3] وبِكَ نَحْيَا وَبِكَ نَمُوتُ وَإِلَيْكَ النُّشُورُ)[4] .

---

(١) وإذا أمسى قال : رب أسألك خير ما في هذه الليلة وخير ما بعدها وأعوذبك من شر ما في هذه الليلة وشر ما بعدها

(٢) مسلم ٢٠٨٨/٤

(٣) وَإِذَا أمسى قال : اللهمَّ بِكَ أمسينا وبِكَ أصبَحْنا وبك نحيا وبك نموت وإليك المصير.

(٤) الترمذى ٤٦٦/٥، وانظر، صحيح الترمذى ١٤٢/٣ .

واتە : خوایە بەهۆی تۆوە بەیانی و ڕۆژمان کردەوە ، بەهۆی تۆوە ئێوارەو شەومان کردەوە ، خوایە بەهۆی تۆوە دەژین و دەمرین ، دەگەڕێینەوە لای تۆ بۆ زیندوکردنەوەو لێپرسینەوەمان لە کارو کردەوەکانی ڕابردووی ژیانمان .

٥/٧٩- (اللهمَّ أَنْتَ رَبِّي لاَ إِلَه إِلاَّ أَنْتَ ، خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ ، أَعُوذُبِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ ، أَبُوءُ [1] لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ ، وَأَبُوءُ بِذَنْبِى فَاغْفِر لي فَإِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْتَ)[2] .

واتە: خوایە تۆ پەروەردگاری منی ، جگە لەتۆ هیچ خوایەکی بەهەق و ڕاست و شایستەی پەرستن نیە ، تۆ منت دروستکردووەو ژیانت پێداوم ، من بەندەی تۆم، لەسەر ئەو بەڵێن و پەیمانەم کە پێم داوی بەپێی توانا نەیشکێنم ، خوایە خۆم بەتۆ دەپارێزم لەو زەرەرو زیان و خراپانەی کە تۆ دروستت کردووە ، دان بەو نازو نیعمەت و چاکانە دێنم کەلەسەر منت کردووەو ، لە گوناە و تاوانەکانم دەگەڕێمەوە لای تۆ ، بۆ لای تۆ پەشیمان دەبمەوە ، وە دان بەهەڵەو تاوانەکانم دەنێم و لێیان پەشیمانم ، دە کەواتە لێم خۆشبە ، چونکە جگە لەتۆ کەس تواناو دەسەلاتی لێبوردن و لێخۆشبوونی نیە لە گوناە و تاوانەکان .

---

(١) أقر وأعترف .

(٢)من قالها موقناً بها حين يمسي فمات من ليلته دخل الجنة ، وكذلك إذا أصبح أخرجه البخاري ١٥٠/٧ .

٦/٨٠- (اللهمَّ إِنِّي أَصْبَحْتُ [١] أُشْهِدُكَ أُشهِدُ حَمَلَةَ عَرْشِكَ ، وَمَلاَئِكَتَكَ وَجَمِيعَ خَلْقِكَ ، أَنَّكَ أَنْتَ اللهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ وَحْدَكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ ، وَأَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُكَ وَرَسُولُكَ) أَرْبَعَ مَرَّاتٍ [٢] .

واتە : چوار جار دەڵێ : خوایە بەهۆی تۆوە ڕۆژو بەیانیم کردەوەو هەم ، خوایە من و سەرجەم خەڵك و دروستکراو و فریشتەکان و هەڵگرانی تەخت و بارەگات گەواهی دەدەن کە تۆ ئەو خوا (اللە)یەی کە جگە لە تۆ هیچ خوایەکی بەهەق و ڕاست نیەو ، تۆ تاك و تەنیاو بێ شەریك و هاوەڵی لە دروستکردن و بەڕێوەبردندا ، گەواهی دەدەین کە موحەمەد ﷺ بەندەو بەندەو پەیامبەری تۆیە .

٧/٨١- (اللهمَّ مَا أَصْبَحَ بِي [٣] مِنْ نِعْمَةٍ أَوْ بِأَحَدٍ مِنْ خَلْقِكَ فَمِنْكَ وَحْدَكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ ، فَلَكَ الْحَمْدُ وَلَكَ الشُّكْرُ) [٤] .

---

(١) وإذا أمسى قال : اللهم إني أمسيت .

(٢) من قالها حين يصبح أو يمسى أربع مرات أعتقه الله من النار ، أخرجه أبو داود ٣١٧/٤ والبخارى في الأدب المفرد برقم ١٢٠١ والنسائى في عمل اليوم الليلة برقم ٩ ، وابن السني برقم ٧٠ وحسن سماحة الشيخ ابن باز إسناد النسائى وأبي داود في تحفة الأخيار ص ٢٣ .

(٣) وإذا أمسى قال : اللهم ما أمسى بي . . . . . .

(٤) من قالها حين يصبح فقد أدَّى شكر يومه ، ومن قالها حين يمسى فقد أدَّى شكر يومه ، أخرجه أبو داود ٣١٨/٤ ، والنسائى في عمل اليوم والليلة برقم ٧ وابن السني برقم ٤١ وابن حبان (موارد) ٢٣٦١ وحسن ابن باز إسناده في تحفة الأخيار ص ٢٤ .

واتە : خوایە هەرنازو نیعمەت و خێرو چاکەیەك کەتۆ بەمنت داوە ، یا بەیەکێك لە دروستکراوەکانی خۆتداوە ، تەنها لەلای تۆی تاك و تەنیایە ، تۆ هیچ هاوەلێکت نیە ، خوایە سوپاس و ڕێزو پێزانین هەر بۆ تۆیە .

٨/٨٢- (اللهمَّ عَافِنِي فِي بَدَنِي ـ اللهمَّ عَافِنِي فِي سَمْعِي ، اللهمَّ عَافَنِي فِي بَصَرِي لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ ، اللهمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الكُفْرِ ، وَالْفَقْرِ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ القَبْرِ ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ) ثَلاثَ مرَّاتٍ [١] .

واتە : سێ جار دەڵێ : خوایە لاشەم چاك و ساغ و سەلامەت و تەندروست باش بکە ، خوایە بیستن و گوێم چاك و باش و ساغ و سەلامەت یکە ، خوایە چاو و بینینم چاك و سەلامەت بکە ، خوایە جگە لە تۆ (اللە) هیچ خوایەکی هەق و شایستە نیە ، خوایە بەتۆ خۆم دەپارێزم لە هەژاری و بێ باوەڕی و سزاو ئازاری ناو گۆڕ ، خوایە جگە لەتۆ هیچ خوایەکی تری بەهەق و شایستەی پەرستن نیە .

٩/٨٣- حَسْبِيَ اللهُ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ) (سَبْعَ مرَّاتٍ) [٢] .

---

(١) أبو داود ٤/٣٢٤ ، وأحمد ٥/٤٢ والنسائى في عمل اليوم والليلة برقم ٢٢ وابن السني برقم ٦٩ والبخاري في الأدب المفرد وحسن العلامة ابن باز إسناده في تحفة الأخيار ص ٢٦ .

(٢) من قالها حين يصبح وحين يمسى سبع مرات كفاه الله ما أهمه من أمر الدنيا والآخره ، أخرجه ابن السني برقم ، ٧١ مرفوعاً وأبو داود موقوفاً ٤/٣٢١ ، وصحيح شعيب وعبدالقادر الأرناؤوط . انظر، : زاد المعاد ٢/٣٧٦ .

واتە : ئەو خوایەم بەسە کە (اللە)یە، تاك و تەنیایەو جگە لەو هیچ خوایەکی تر نیە، پشت بەو دەبەستم ، ئەو خوایە پەروەردگاری تەخت و بارەگای گەورەو بالآیە ، (٧)جار ئەوە دەلێت .

٨٤/١٠- (اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَفْوَ وَالْعَافِيَةَ فِي الدُّنْيَا وَالاخِرَةِ ، اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَفْوَ وَالْعَافِيَةَ ، فِي دِينِي وَدُنْيَايَ وَأَهْلِي ، وَمَالِي ، اللهمَّ اسْتُرْ عَوْرَاتِي ، وَآمِنْ رَوْعَاتِي ، اللهمَّ احْفَظْنِي مِنْ بَيْنِ يَدَيَّ ، وَمِنْ خَلْفِي ، وَعَنْ يَمِينِي ، وَعَنْ شَمَالِي ، وَمِنْ فَوقِي ، وَأَعُوذُبِعَظَمَتِكَ أَنْ أُغْتَالَ مِنْ تَحْتِي)[1] .

واتە : خوایە من لە دونیاو دواڕۆژدا داوای خێرو چاکەو ساغی و سەلامەتی و لێبوردن و لێخۆشبوونت لێ دەکەم ، خوایە لەبارەی دین و دونیاو سەروەت و سامان و خانەوادەکەم ، داوای خێرو خۆشی و ساغی و سەلامەتیت لێ دەکەم ، خوایە عەیب و عارو داپۆشە ، خوایە لەترس و تۆقێن بمپارێزە، خوایە لەوەم بپارێزە کە لەنێوان دەستەکانم دایەو دیارە، لەوەی کە لەدواوەمەو نادیارە لەوەی کە لە دەستە ڕاست و لەپێشەوەمە ، لەوەی کە لەچەپ و لەدواوەمە لەوەی کە لەسەرومەو بەسەرمدا زاڵە ، خوایە بەگەورەیی و دەسەلاتی تۆ خۆم لەوە دەپارێزم کە لەژێرەوەو بە نهێنی ڕەشەکوژو تیرۆر بکرێم و فڕو فێڵ و ستەمم لەگەڵدا بکرێت .

---

(١) أبو داود و ابن ماجه وانظر، صحيح ابن ماجه ٢/٣٣٢ .

١١/٨٥- (اللهمَّ عَالِمَ الْغَيبِ وَالْشَهَادَةِ فَاطِرَ السَّمواتِ وَالأَرْضِ ، رَبَّ كُلِّ شَيْءٍ وَمَلِيكَهُ ، أَشْهَدُ أَنْ لاَّ إِلهَ إِلاَّ أَنْتَ ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسِي ، وَمِنْ شَرِّ الشَّيْطَانِ وَشِرْكِهِ ، وَأَنْ أَقْتَرِفَ عَلَى نَفْسِي سُوءاً ، أَوْ أَجُرَّهُ إِلى مُسْلِمٍ)[١] .

واتە : ئەی خوای پەنهان و ئاشکراکان ، دروستکەری ئەرزو ئاسمانەکان، پەروەردگارو پاشی هەموو شتێکی کاروبوونەوەر ، گەواهی دەدەم کە جگە لەتۆ هیچ خوایەکی بەهەق و رەوا نیە ، خۆم بەتۆ لە خراپەی دڵ و دەروونم و لە زەرەرو زیان و خراپەی شەیتانی بەدو هاوەڵدانانی دەپارێزم ، وە خۆم دەپارێزم لەوەی کە بۆخۆم هیچ گوناە و تاوانێك لەخۆم بئالێنم و ئەنجامی بدەم ، یا بیبەمە سەر هیچ موسڵمانێك و تێیوە بگلێنم .

١٢/٨٦- (بِسْمِ للهِ الَّذِي لاَ يَضُرُّ مَعَ اسْمِهِ شَيْءٌ فِي الأَرْضِ وَلاَ فِي السَّمَاءِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ) ئَلاَثَ مرَّاتٍ[٢] .

واتە : بەناوی ئەو خوایەی کە هەرچی لە ئەرزو ئاسمانە لەگەڵ ناوی خوا هیچ زەرەرو زیانێکی نابێت ، ئەو خوایەی کە زۆر بیسەرو زانایە . (سێ جار دەگوترێت) .

---

(١) الترمذى و أبو داود وانظر، : صحيح الترمذى ١٤٢/٣ .

(٢) من قاها ثلاثاً إذا صبح وثلاثاً إذا أمسى لم يضره شيء.

أخرجه أبو داود ٣٢٣/٤ والترمذى ٤٦٥/٥ وابن ماجه وأحمد . انظر، : صحيح ابن ماجه ٣٣٢/٢وحسن إسناده العلامة ابن باز في تحفة الأخيار ص ٣٩ .

١٣/٨٧- (رَضِيتُ بِاللهِ رَبًّا ، وَبِالإِسْلاَمِ دِيناً ، وَبِمُحَمَّدٍ ﷺ نَبِيّاً) ثَلاَثَ مَرَّاتٍ[١] .

واتە : ڕازیم کە خوا (الله) پەروەردگارم بێ ، ئیسلام ئایینی ژیانم بێ ، موحەمەد پێغەمبەر ﷺ پێشەوام بێ . (سێ جار دەگوترێت) .

١٤/٨٨- (يَا حَيُّ يَا قَيُّومُ بِرَحْمَتِكَ أَسْتَغِيثُ أَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلَّهُ وَلاَ تَكِلْنِي إِلَى نَفْسِي طَرْفَةَ عَيْنٍ)[٢] .

واتە : ئەی خوای هەمیشە زیندوو ڕاگری کایەو بوونەوەر ، بەڕەحمەتی تۆ پەنا دەگرم و داوای کۆمەکی و هاوکاری و فریا خوازیت لێ دەکەم ، خوایە هەموو کارو بارەکانی ژیانم چاك و ساز بکە ، خوایە بۆ چاو تروکانێك و بڕەژیانێك شتێکم لەسەر نەکەیتە بارو دەردو بەلآ ، نەم دەیتە دەست نەفسی بەدی خۆم ، چونکە نەفسم کاری خراپ و ناشەرعیم پێ دەکات زەرەرو زیان لە دونیاو دوارۆژم دەدات .

١٥/٨٩- (أَصْبَحْنَا وَأَصْبَحَ الْمُلْكُ للهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ [١] ، اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَيْرَ هَذَا الْيَوْمِ[٢] ، فَتْحَهُ ، وَنَصْرَهُ وَنُورَهُ ، وَبَرَكَتَهُ ، وَهُداهُ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ ما فيهِ وَشَرِّ مَا بَعْدَهُ [٣] .

---

(١) من قالها ثلاث حين يصبح وثلاث حين يمسى كان حقاً على الله أن يرضيه يوم القيامة ، أحمد ٣٣٧/٤ والنسائى في عمل اليوم والليلة برقم ٤ وابن السنى برقم ٦٨ وأبو داود ٣١٨/٤ والترمذى ٤٦٥/٥ وحسنة ابن باز في تحفة الأخيار ص ٣٩ .

(٢) الحاكم وصححة و وافقه الذهبي ٥٤٥/١ وانظر، صحيح الترغيب والترهيب ٢٧٣/١ .

واتە : خوایە ئێمە بەیانی و ڕۆژمان کردەوە بووین ، وە هەموو موڵک و دەسەلاتێکیش کە بووە هی خوای پەروەردگاری جیهانیانە ، خوایە من داوای خێرو چاکەی ئەوڕۆت لێ دەکەم ، وەخۆم بەتۆ دەپارێزم لەهەمو زەرەرو زیان و خراپەیەك کەلەمڕۆژەدایەو ، لە دوایەتی .

١٦/٩٠- (أَصْبَحْنَا عَلَى فِطرَةِ الإِسْلاَمِ [٤] ، وَعَلَى كَلِمَةِ الإِخْلاَصِ ، وَعَلَى دِينِ نَبِيِّنَا مُحَمَّدﷺ ، وَعَلَى مِلَّةِ أَبِينَا إِبْرَاهِيمَ ، حنِيفاً مُسْلِماً وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ)[٥] .

واتە : خوایە ئێمە بەیانی و ڕۆژمان کردەوە لەسەر پاکی و سروشتی ئیسلام و ، لەسەر ووتەی پاك و پیرۆزو دڵسۆزو ، لەسەر ئایینی موحەمەدی پێغەمبەرمان ﷺ ، وە لەسەر ڕێبازی میللەتی ئیبراهیمی باوکمان ، بە پاکی و بێ گەردی و بە موسڵمانێتی ڕۆژمان کردەوە ، من موشریك و هاوبەش پەیداکەر نیم ، وەك ئەوانەی کەشەریك و هاوەڵ بۆ تۆ بڕیار دەدەن .

---

(١) وإذا أمسى قال : أمسينا وأمسى الملك الله رب العالمين .

(٢) وَإذا أمسى قال : اللهمَّ إنى أسألك خير هذه الليلة فتحها ونصرها ونورها وبركتها وهداها وأعوذبك من شر ما فيها وشر ما بعدها .

(٣) أبو داود ٣٢٢/٤ وحسن إسناده شعيب وعبد القادر الأرناؤوط في تحقيق زاد المعاد ٣٧٣/٢ .

(٤) وَإذا أمسى قالَ : أمسينا على فطرة الأسلام .

(٥) أحمد ٤٠٦/٣ و ٤٠٧ وابن السنى في عمل اليوم والليلة برقم ٣٤ وانظر، : صحيح الجامع ٢٠٩/٤ .

١٧/٩١- ((سُبْحانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ)) (مِائَةَ مَرَّةً)[١].

واتە : (١٠٠)جار دەڵێی : پاکی و بێگەردی بۆ خوایە سوپاس و ستایش بۆ خوایە .

١٨/٩٢- (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) عَشْرَ مَرَّاتٍ [٢] أَوْ (مَرَّةً وَاحِدَةً عِنْدَ الْكَسَلِ)[٣] .

واتە : هیچ خوایەك نیە جگە لەخوا (اللە) نەبێ کە تاك و تەنیایە ، هیچ هەریك و هاوەڵێکی نیە لە ژیان و بەڕێوەبردندا ، هەموو موڵك و دەسەلآت و سوپاس و ستایشێك بۆ ئەوە ، وە لەسەر هەموو شتەکانی ژیان و بوونەوەریش دیدارو تواناداراە ، (١٠)جار دەگوترێ ، یان لەکاتی هەر بێتاقەتیەك جارێك دگوترێت .

١٩/٩٣- (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) مِائَةَ مَرَّةٍ إِذَا أَصْبَحَ [١] .

---

١) من قالها مائة مرة حين يصبح وحين يمسي لم يأت أحد يوم القيامة بأفضل مما جاء إلا أحد قال مثل ما قال أوزاد عليه ، مسلم ٤/٢٠٧١ .

) النسائي في عمل اليوم والليلة برقم ٢٤وانظر، : صحيح الترغيب والترهيب ١/٢٧٢ ، وتحفة الأخيار ابن باز ص ٤٤ و انظر، فضلها في ص ١٤٦ ، حديث رقم ٢٥٥ .

) أبو داود ٤/٣١٩ وابن ماجه وأحمد ٤/٦٠ وانظر، : صحيح الترغيب والترهيب ١/٢٧٠ ، وصحيح أبو داود ٣/٩٥٧ ، وصحيح ابن ماجه ٢/٣٣١ وزاد المعاد ٢/٣٧٧ .

واتە : هیچ خوایەك نیە جگە لە (اللە) ، ئەو خوایەی کە تاك و تەنیایەو ، هیچ شەریك و هاوەڵێکی نیە ، هەموو مولّك و دەسەلآت و سوپاس و ستایشێك هەر بۆ ئەوە و ، لەسەر هەموو شتەکانی ژیان زۆر تواناداره ، (کاتێ بەیانی بوویەوە سەد جار ئەوە دەگوترێت) .

٢٠/٩٤- (سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ عَدَدَ خَلْقِهِ ، وَرِضَا نَفْسِهِ ، وَزِنَةَ عِرْشِهِ وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ) ثَلاَثَ مَرَّاتٍ إِذَا أَصْبَحَ[٢] .

واتە : بە سوپاس و ستایش خوا پاکی و بێگەردی بۆ خوای گەورە بەقەد ژمارەی دروستکراوەکان و رەزامەندی خۆی و بەقەد کێشی و گرانی تەخت و بارەگای خۆت و بەقەد زۆری و فراوانی وشەکانی کاتێ بەیانی بۆوە سێ جار دەگوترێ .

٢١/٩٥- ﴿اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ عِلْماً نَافِعاً ، وَرِزْقاً طَيِّباً ، وَعَمَلاً مُتَقَبَّلاً (إِذَا أَصْبَحَ) ﴾[٣] .

---

(١) من قالها مائة مرة في يوم كانت له عدل عشر رقاب / وَكُتِبَ له مائة حسنة ، ومُحيت عنه مائة سيئة ، وكانت له حرزاً من الشيطان يومه ذلك حتى يمسي ، ولم يأت أحد بأفضل مما جاء إلا أحد عمل أكثر من ذلك ، البخاري ٤/٩٥ ، ومسلم ٤/٢٠٧١ .

(٢) مسلم ٤/٢٠٩٠ .

(٣) أخرجه السني في عمل اليوم والليلة برقم ٥٤ وابن ماجه برقم ٩٢٥ وحسن إسناده عبدالقادر وشعيب الأرناؤوط تحقيق زاد المعاد ٢/٣٧٥ .

واتــه : خوایــه مــن داوای زانــست وه زانیاریــه‌کی فــره بەســوودو ڕزق و ڕۆزیه‌کی زۆر پاك و بێگەردو حــەلاڵ و فــراوان و کــارو کردەوەیــه‌کی چــاك و وەرگیراوت لێ دەکەم ، کاتێ بەیانی بۆوە دەگوترێ .

٢٢/٩٦- ﴿أَسْتَغْفِرُ اللهَ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ﴾ (مِائَةَ مرَّةٍ فِي الْيَوْمِ) [١] .

واتە : خوایە لە گوناە و تاوانەکانم خۆش بە گەرامەوە لای تۆ ، پەشیمانم لە گوناە و تاوانەکانم ، لە ڕۆژێکدا سەد جار دەگوترێ.

٢٣/٩٧- ﴿أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ﴾ (ثَلاَثَ مَرَّاتٍ إِذَا أَمْسَى) [٢] .

واتە : خۆم دەپارێزم بــە ووشــە بــەرزو بــەڕێزو تێــرو تــەواوەکانی خــوای کردگاری لە زەرەرو زیان و خراپەی هەرچی خوا دروستی کردووە کاتی ئێــوارە داهات (٣)جار ئەوە دەگوترێ .

٢٤/٩٨- ﴿اللهمَّ صَلِّ وَسَلِّمْ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ﴾ (عَشْرَ مَرَّاتٍ) [٣] .

واتە : خوابە درووود سەلام و بەرەکەتی بێشومار بڕۆێنە سەر موحەمــەد پێغەمبەرماندا ﷺ ، دە جار ئەوە دەگوترێ .

---

(١) البخاري مع الفتح ١٠١/١١ ، ومسلم ٢٠٧٥/٤ .

(٢) من قالها حين يمسي ثلاث مرات لم تضره حَمَة تلك الليلة أخرجه أحمد ٢٩٠/٢ ، والنسائي في عمل اليوم والليلة برقم ٥٩٠ وابن السني برقم ٦٨ وانظر، : صحيح الترمذي ١٨٧/٣ وصحيح ابن ماجه ٢٦٦/٢ وتحفة الأخيار ص ٤٥ .

(٣) (من صلى عليَّ حين يصبح عشراً أدركته شفا عتى يوم القيامة) أخرجه الطبراني بإسنادين أحدهما جيد، انظر، : مجمع الزوائد ١٢٠/١٠ وصحيح الترغيب والترهيب ٢٧٣/١ .

٢٨- زيكرەكانى كاتى خەوتن

١/٩٩- (يَجْمَعُ كَفَّيْهِ ثُمَّ يَنْفُثُ فِيهِمَا فَيَقْرَأُ فِيهِمَا: بسم الله الرحمن الرحيم ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ۝٤﴾(سورة ألاخلاص) ،

واتە: بەناوی خوای بە بەزەیی و میهرەبان ، ئەی محمد ﷺ بەخەڵك بڵێ خوای کردگار کە (الله)یە خوایەکی تاك و تەنیایە و ، خوایەکی بێ نیازو مەبەستە لە خەڵك و پێویستی بەهیچ کەس و کائینێك نیە و ، هەموو کەس و گیانلەبەرێکیش پێویستی بەو خوایەیە بۆ پێداویستیەکانی ژیانی ، ئەو خوایە لەکەس نەبووەو کەسیش لەو نەبووە ، وە هیچ کەس و شتێکیش وەکو ئەو نیەو هاوتاو هاوشێوەی ئەو نیەو ، هیچ شەیرك و هاوبەشێکی نیە .

بسم الله الرحمن الرحيم ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ۝١ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ۝٢ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ۝٣ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِى ٱلْعُقَدِ ۝٤ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ۝٥﴾(سورة الفلق) ،

واتە: بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان ، ئەی محمد ﷺ : خۆم دەپارێزم بە پەروەردگاری دروستکەری بوونەوەر لە زەرەرو زیان و ئەوەی کە دروستی کردووەو ، لە خراپەی تاریکی ئەو کاتێ دادێ ، وەلەزەرەرو زیان و خراپەی

جادو کەران کاتێ فو لەگرێ کوێرەکان دەکەن و ، لەخراپەی ئەو ئێرەبەرو رژدانەی کە حەسودی و بەخیلی بەخەڵك دەبەن .

بسم الله الرحمن الرحيم ﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ۝١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ۝٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ۝٣ مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ٱلْخَنَّاسِ ۝٤ ٱلَّذِى يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ ۝٥ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ۝٦ ﴾

واتە: بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان ، ئەی محمد ﷺ بڵێ : خۆم دەپارێزم بە خوای بوونەوەر ، ئەو خوایەی کە پاشاو

دەسەلاتداری خەڵکیەو ، پەرستراوی خەڵکیە ، وەلەزەرەرو زیانو خراپەی وەسوەسە پەیداکەری پەنهان و نادیار ، ئەوەی کە خوتخوتەو وەسوەسەی خراپ دەخاتە ناو دڵ و دەروون و سینەی خەڵکی لە جنۆکەو ئینسانەکان .

(سورة الناس) ثُمَّ يَمْسَحُ بِهِمَا مَا اسْتَطَاعَ مِنْ جَسَدِهِ يَبْدَأُ بِهِمَا عَلَى رَأْسِهِ وَوَجْهِهِ وَمَا أَقْبَلَ مِنْ جَسَدِهِ) يَفْعَلُ ذٰلِكَ ثَلاثَ مَرَّاتٍ [1].

سوننەتە ئینسان لەکاتی خەوتن لەسەر جێگای ڕاکشانی هەر دوو دەستەکانی وێك بێنێتەوە وەکو مشتێکی لێ بکاو ، بەزار فوبان پێدابکار ، ئەم سورتە (٣جار) دەستەکانی بەسەر روخسارو لەشیدا دەهێنێت.

---

(١) البخاري مع الفتح ٦٢/٩ ومسلم ١٧٢٣/٤ .

٢/١٠٠- ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَىُّ ٱلْقَيُّومُ ۚ لَا تَأْخُذُهُۥ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ ۚ لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ۚ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَىْءٍ مِّنْ عِلْمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَ ۚ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفْظُهُمَا ۚ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾﴾ (سورة البقرة)[1] .

بەخوای کردگار کە (اللە)یە خۆم لە شەیتانی بەدو نەگریس و نەفرەت لێکراو دەپارێزم ، ئەو خوایەی کە (اللە)یە جگە لەو هیچ خواو پەرستراوێکی بەهەق و ڕاست نییە ، ئەو خوایەی هەمیشە زیندووەو ڕاگرو بەڕێوەبەرو بەرپاکەری بوونەوەرە ، قەت خەوو وەنەوزەو بۆرزین نایگرێ و بەسەری دانایێ ، هەرچی لەنێو ئەرزو ئاسمانەکانە هی خوایە ، ئایا ئەو کەسە کێیە کە لەڕۆژی بەرێ کە ڕۆژێکی زۆر ترسناك و سەختە لەلای خوا گەورە تکاو پارانەوە بۆ ئۆمەتەکەی دەکات جگە لە پێغەمبەر ﷺ، ئەویش تەنها بە ڕوخسەت و مۆڵەت و ڕێگە پێدانی خوای گەورەیە ، ئەو خوایە هەموو شتێك دەزانێ کە لەدونیادا لەنێوان دەستی ئینسانەکانە ، وە ئەوەی کە لەدوایان جێ دەمێنێ و لە دوا ڕۆژدا بۆیان ئامادەکراوە ، هیچ کەسێك هیچ شتێك لە زانست و

---

١ من قرأها إذا أوى إلى فراشه فإنه لن يزال عليه من الله حافظ ولا يقربه شيطان حتى يصبح، البخاري مع الفتح ٤٨٧/٤ .

زانیاری خوای گەورە نازانێ ، مەگەر ئەوەی کە خۆی بیەوێ بزانێ و فێری بکا ، فراوانی کورسی تواناو دەسەلاتی خوای گەورە هەمموو ئەرزو ئاسمانەکانی گرتۆتەوە ، پاراستنی ئەم ئەرزو ئاسمانە شت لەلایەن خوای گەورە شتێکی زۆر سادەو ئاسانەو هیچ گران نییە ، چونکە ئەم خوایە زۆر بەرزو بڵندو گەورەو پایەدارو بەتوانایە .

٣/١٠١- ﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِۦ ۚ وَقَالُوا۟ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۖ غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٢٨٥﴾ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا ٱكْتَسَبَتْ ۗ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَآ إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦ ۖ وَٱعْفُ عَنَّا وَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَآ ۚ أَنتَ مَوْلَىٰنَا فَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٨٦﴾﴾ (البقرة)[1] .

---

(١) من قرأهما في ليلة كفتاه ، البخاري مع الفتح ٩/٩٤ ومسلم ١/٥٥٤ ، والآيتان من سورة البقرة ٢٨٥-٢٨٦ .

واتە : سەرەتای هاتنی ئیسلام و دابەزینی قورئان ، پێغەمبەر ﷺ بڕوای بەو قورئانە هێنا کە لەلایەن خواوە بۆی دابەزیوە ، وە دواتر هەموو ئیمانداران بە تێکڕا بڕوایان بەخواو فریشەکانی و بە پەرتووکە دابەزیوە کانی و بە پێغەمبەرە ڕەوانەکراوەکانی هێنا ، دەبێ بڕوادار بیروباوەڕی وابێ و بڵێ : خوایە ئێمە لە بڕوا هێنان مان هیچ فەرق و جیاوازیەك ناکەین لەنێوان پێغەمبەرانی تۆ ، کەواتە بڕوامان بەهەموویانەکە پێغەمبەرو ڕەوانەکراوی خوان ، وەدوای ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ پەیامە پیرۆزەکەی خوای کردگاری بە بڕوادارن ڕاگەیاند ، ئەوانیش گوتیان ، ئەی خواو پێغەمبەر ، وا ئێمە گوێمان لەم پەیامە بوو ، پەیڕەویمان کرد ، دەتۆش لێمان خۆش ببە ، چونکە چارەنووس و گەڕانەوە هەر بۆ لای تۆیە ، خوای گەورە زیاد لە تواناو پێویست داوا لە هیچ خودو کەسێك ناکا ، کارو عیبادەتێك بکا کە لە توانایدا نەبێ ، بۆیە هەرچی چاکە ئەگەر بیکا بۆ خۆیەتی ، وە هەرچی خراپەیە ئەگەر بیکا ئەوە لەسەر خۆیەتی و لە ڕۆژی دوایی پێی سزاو ئازار دەدرێ و دێتەوە ڕێی ، خوایە لێمان مەگرە ئەگەر کارو کردەوەیەکی خراپمان بەهەلەو بەلەبیرچوون کرد ، یانەمان زانی کە ئەوە یاساغ و حەرام و گوناە ، بە گوناهە و تاوانمان لەسەر مەنووسە ، بارو ئەرکمان قورس مەکە بەو شێوەی کە خستتە سەر شان و بالی ئەوانەی پێش ئێمەو ئەرك و بارت گران کردن، شتێکمان لەسەر دامەنێ و بە دەردو بەلایەکمان تاقی مەکەوە کە لەتواناو دەسەلات و ئیمان و خۆڕاگریمان دانەبێ، خوایە لێمان ببورەو ، لێمان خۆشبەو ڕەحمان پێ بکە ،

خوایە هەر تۆ تاکە پشت و پەناو پاگرمانی، دەبەسەر خەڵکی بێ باوەڕدا سەرمان بخەو زاڵمان بکەو هاوکارمان بکە.

٤/١٠٢- ﴿بِاسْمِكَ [١] رَبِّي وَضَعْتُ جَنْبِي ، وَبِكَ أَرْفَعُهُ فَإِنْ أَمْسَكْتَ نَفْسِي فَارْحَمْهَا ، وَإِنْ أَرْسَلْتَهَا فَاحْفَظْهَا ، بِمَا تَحْفَظُ بِهِ عِبَادَكَ الصَّالِحِينَ﴾[٢] .

واتە : ئەی پەروەردگار بەناوی تۆ تەنیشتم لەسەر جێ و زەوی دانا، بەناوی تۆوە هەڵی دەگرم و بەرزی دەکەمەوە لەسەر جێ ، ئەگەر گیانی منت و کێشاو بۆخۆت بردەوە، دەرەحم پێ بکە ، وە ئەگەر وێتدامەوەو ناردتەوەو ئازادت کرد ، بۆمی بپارێزە لە گوناە و تاوان و دەردو بەلا، بەوەی کە بەندە چاکەکانی خۆت پێی دەپارێزی .

٥/١٠٣- ﴿اللهمَّ إِنَّكَ خَلَقْتَ نَفْسِي وَأَنْتَ تَوَفَّاهَا ، لَكَ مَمَاتُهَا وَمَحْيَاهَا ، إِنْ أَحْيَيْتَهَا فَا حْفَظْهَا ، وَإِنْ أَمَتَّهَا فَاغْفِرْ لَهَا ، اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَافِيَةَ﴾[٣] .

واتە : خوایە گیان بەڕاستی تۆ خودی منت دروستکردووە، هەر تۆش دەیمرێنی ، خوایە مردن و ژینم هەر بەدەست تۆیە ، ئەگەر دەیژێنی بپپارێزەو ئاگاداری بە، ئەگەر مراندت ئەوا لێی خۆشبە ، خوایە داوای خێرو خۆشی و ساغ و سەلامەتی و تەندروستی باشت لێ دەکەم .

---

(١) (إذا قام أحدكم من فراشه ثم رجع إليه فلينفضه بصنفة إزاره ثلاث مرات وليسم الله فأنه لا يدري ما خلفه عليه بعده وإذا اضطجع فليقل ..) الحديث .

(٢) البخاري ١٢٦/١١ ، ومسلم ٢٠٨٤/٤ .

(٣) أخرجه مسلم ٢٠٨٣/٤ وأحمد بلفظه ٧٩/٢ .

٦/١٠٤- ﴿اللهمَّ قِنِي [١] عَذَابَكَ يَوْمَ تبْعَثُ عِبَادَكَ﴾[٢] .

واتە : خوایە لە سزاو دۆزەخ و ئازاری خۆت بمپارێزە ئەو ڕۆژەی کە بەندەکانی خۆت زیندوو دەکەیتەوە .

٧/١٠٥- ﴿بِاسْمِكَ اللهمَّ أَمُوتُ وأَحْيَا﴾ [٣] .

واتە : خوایە بەناوی تۆوە دەمرم و دەژیمەوەو لەخەو زیندوو دەبمەوە .

٨/١٠٦- ﴿سُبْحَانَ اللهِ (ثَلاَثاً وَثَلاثِينَ) [٤] وَالْحَمْدُ للهِ (ثَلاَثاً وَثَلاَثِينَ) واللهُ أَكْبَرُ (أَرْبَعاً وَ ثَلاثِينَ) .

واتە : (٣٣) جار دەڵێ : پاکی و بێگەردی بۆتۆ ،(٣٣) جار دەڵێ سوپاس و ستایش بۆ تۆ ، (٣٤)جار دەڵێ : خوا هەرە گەورەیە ، خوا لەهەموو شتێك گەورەترە .

٩/١٠٧- ﴿اللهمَّ رَبَّ السَّمواتِ السَّبْعِ وَرَبَّ الأَرْضِ وَرَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ ، رَبَّنَا وَرَبَّ كُلِّ شَيْءٍ ، فالِقَ الْحَبِّ وَالنَّوَى ، وَمُنْزِلَ التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ ، والْفُرْقَانِ ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ كُلِّ شَيْءٍ أَنْتَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهِ ، اللهمَّ أَنْتَ الأَوَّلُ فَلَيْسَ قَبْلَكَ

---

(١) (كان (ﷺ) إذا أراد أن يرقد وضع يده اليمنى تحت خده ثم يقول . . . .) الحديث .

(٢) أبو داود بلفظه ٣١١/٤ وانظر، صحيح الترمذى ١٤٣/٣ .

(٣) البخاري مع الفتح ١١٣/١١ ومسلم ٢٠٨٣/٤ .

(٤) من قال ذلك عندما يأوي إلى فراشه كان خيراً له من خادم . البخاري مع الفتح ٧١/٧ ومسلم ٢٠٩١/٤ .

شَيْءٌ ، وَأَنْتَ الآخِرُ فَلَيْسَ بَعْدَكَ شَيْءٌ ، وَأَنْتَ الظَّاهِرُ فَلَيْسَ فَوْقَكَ شَيْءٌ ، وَأَنْتَ الْبَاطِنُ فَلَيْسَ دُونَكَ شَيْءٌ اقْضِ عَنَّا الدَّيْنِ وَاَغْننا مِنْ الْفَقْرِ﴾[1] .

واتە : ئەی خوای پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکان و زەوی ، پەروەردگاری تەخت و بارەگای گەورەو گوشاد ، پەروەردگارمان پەروەردگاری هەموو شتێکی بوونەوەرە ، دروستکەری دەنك و ناوك و تەوەی کە تیایەتی ، دابەزێنەری تەوارت و ئینجیل و فورقان (لێك جیاکەرەوەی هەق وناهەق) ، خوایە خۆم دەپارێزم بەتۆ لەهەموو خراپەیەکی ژیان ، خوایە چارەنووس و نێو چەوانی من بەدەست تۆیەو لەلای تۆیە ، خوایە هەر تۆ یەکەمی و هیچ شتێك پێش تۆ لە بوون نەبووەو نیە ، خوایە تۆ کۆتا ودوماهی و ، هیچ شتێك لەدوای تۆ نیە و ناژی و نامێنێ ، تۆ دیارو ئاشکرایی و لەسەر ووی لەو دیوی تۆ هیچ شتێکی تر نیە ، خوایە تۆ خوایەکی پەنهانی و نادیاری وەکو خودی خۆت ، جگە لەتۆو لە خوارە تۆ هیچ خوایەکی تری بەهەق و ڕەوا نیە ، خوایە قەرزمان لەجیاتی بۆ جێ بەجێ بکەوەو ، لەهەژاری رزگارمان بکە .

١٠/١٠٨- ﴿الْحَمْدُ للهِ الَّذِي أَطْعَمَنَا وَسقَانَا ، وَكَفَانَا ، وَآوانا ، فَكَمْ مِمَّنْ لا كَافِيَ لَهُ وَلاَ مُؤْوِيَ﴾ [2] .

---

(١) مسلم ٤/٢٠٨٤ .

(٢) مسلم ٤/٢٠٨٥ .

واتە : سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ئاوی دایـن و خـواردن و خۆراکی پێداین و ، دالدەو پەناپی داین ، دەنا چەندان کەسی تر هەن کە تێـرو تەژی نەکراون، پەناو دالدەش نەدراون، بێ خـواردن و خـۆراك و بـێ پـشت و پەنان.

١١/١٠٩- ﴿ اللهمَّ عَالِمَ الْغَيْبِ والشَّهَادةِ فاطِرَ السَّموَاتِ وَالأَرْضِ ، رَبَّ كُـلِّ شَيْءٍ وَمَلِيكَهُ ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ ، أَعُوذُ بِـكَ مِـنْ شَرِّ نَفْـسِي ، وَمِـنْ شَـرِّ الشَّيْطَانِ وَشِرْكِهِ ، وَ أَنْ أَقْتَرِفَ عَلَى نَفْسي سُوءاً ، أَوْ أَجُرَّهُ إِلَى مُسْلِمٍ﴾ [١] .

واتە : ئەی خوای پەنهان و ئاشکراکان ، دروستکەری ئەرزو ئاسمانـەکان، پەروەردگارو خاوەنی هەموو شـتێکی، گـەواهی دەدەم کـە جگـە لـەتۆ هـیچ خوایەکی تر، خۆم بەتۆ لە خراپەی دڵ و دەروونم و لە زەرەرو زیـان و خراپـەی شەیتانی بەدو هاوەڵدانانی دەپارێزم ، خۆم دەپارێزم لەوەی کـە بۆخـۆم هـیچ گوناە و تاوانێك لەخۆم بنـالێنم و ئـەنجامی بـدەم ، یـا بیبەمـە سـەر هـیچ موسڵمانێك و تێیوە بگلێنم.

١٢/١١٠- ﴿ يَقْرَأُ (الـم) تَنْزِيـلَ الـسَّجْدَةِ وَتَبَـارَكَ الَّـذِي بِيـدِهِ الْمُلْـكُ﴾ [٢] .

سورەتی (السجدة) وسورەتی (الملك) تا کۆتایی دەخوێنی .

---

(١) أبو داود ٣١٧/٤ وانظر، صحيح الترمذى ١٤٢/٣ .

(٢) الترمذى والنسائى وانظر، صحيح الجامع ٢٥٥/٤ .

١١١/١٣- ﴿اللهمَّ [١] أَسْلَمْتُ نَفْسِي إِلَيْكَ ، وَفَوَّضْتُ أَمْرِي إِلَيكَ ، وَجَّهْتُ وَجْهِي إِلَيْكَ ، وَأَلْجَأْتُ ظَهْرِي إِلَيْكَ ، رَغْبَةً وَرَهْبَةً إِلَيْكَ ، لاَ مَلْجَأَ وَلاَ مَنْجَا مِنْكَ إِلاَّ إِلَيْكَ ، آمَنْتُ بِكِتَابِكَ الَّذِي أَنْزَلْتَ وَبِنَبِيِّكَ الَّي أَرْسَلْتَ﴾ [٢].

واتە : خوایە خۆم تەسلیم و ڕادەستی تۆ کردووە، کاروباری خۆم بەتۆ سپاردووەو پشتم بەتۆ بەست ، هەرتۆ پشت و پەناماني، بەخۆشی و بەناخۆشی بۆ لای تۆیین ، هیچ پشت و پەناگەو دالّدو ڕزگارگەیەك نیە تەنها لەلای تۆ نەبێ ، خوایە بڕوام بەو پەرتووکەی تۆ هێناوە کە ناردوتەو دات بەزاندووە، بڕوام بەو پێغەمبەرە هێناوە کە ڕەوانەت کردووە .

٢٩-دوعاکردنی کاتی شەو بەئاگابێتەوەو خۆت بسوڕێنی

١١٢- ﴿لاَ إِلهَ إِلاَّ اللهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ ، رَبُّ السَّمواتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ﴾ [٣] .

---

(١) إذا أخذت مضجعك فتوضأ وضوءك للصلاة ثم اضطجع على شقك الأيمن ثم قل : . . . .) الحديث .

(٢) قال ﷺ لمن قال ذلك (فإن مُتَّ مُتَّ على الفطرة) البخاري مع الفتح ١١٣/١١ ومسلم ٢٠٨١/٤ .

(٣) يقول ذلك إذا تقبل من جنب ألى جنب في الليل ، أخرجه الحاكم وصححه ووافقه الذهبي ٥٤٠/١ والنسائى في عمل اليوم والليلة وابن السني وانظر، صحيح الجامع ٢١٣/٤ .

واتە : هیچ خوایەك نیە جگە لەو خوایەی کە (اللە)یە، خوایەکی تـاك و تەنیاو بەتواناو دەسەلآت و زەبر بەدەستە ، پەروەردگاری تـەرزو ئاسمانـەکان و ئەوەی کە لەنێوانیاندا هەیە، ئەو خوایە زۆر بەدەسەلآت و زاڵ و لێخۆشبەرە.

٣٠- دوعای لەخەودا ترسان و ئەوەی هەست بەدڵەراوکێ دەکات

١١٣- ﴿أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَّاتِ مِنْ غَضَبِهِ وَعِقَابِهِ ، وَشَرِّ عِبَادِهِ ، وَمِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ وَأَنْ يَحْضُرُونِ﴾ (١) .

واتە : خۆم بە وشە تەواو و پیرۆزەکانی خوای گەورە لە سزاو تورە بـوونی خۆی دەپارێزم ، خۆم لەزەرەرو زیان و خراپەی بەندەکانی دەپارێزم ، وەخـۆم لـە وەسوەسەو خەتەرەو خوتخوتەی خراپی شەیتانەکان دەپارێزم لە ئامادەبوونیـان، لەکاتی سەرەمەرگ و لە هەموو کات و پێگاڤەکانی ژیاندا .

٣١- ئەوەی لەکاتی بینینی خەوی ناخۆش دەکرێ

١١٤/١- ﴿يَنْفُثُ عَنْ يَسَارِهِ﴾ ثلاثاً (٢) .

پێویستە ئینسان کاتێ خەونی خراپ و نـاخۆش و بـەترس دەبینـێ ، کـە هەستایەوە (٣)جار : أعـوذ بـالله مـن الـشيطان الـرجيم بلّـێ و ، تـف بـە لای‌دەستە چەپی خۆیدا بکات .

---

(١) أبو داود ١٢/٤ وانظر، صحيح الترمذى ١٧١/٣ .

(٢) مسلم ١٧٧٢/٤ .

٢/١١٤- ﴿يَسْتَعِيذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ وَمِنْ شَرِّ مَا رَأَى﴾ (ثَلاَثَ مَرَّاتٍ) [١] .

واتە : سێ جار خۆی بەخوا لە شەیتانەکانی نەفرەت لێکراو، و لەزەرەرو زیان و ئەوخراپەی کە لەخەو بینیویەتی دەپارێزێ و پەنا دەگرێت ، دەڵێ : أعوذ بالله من الشيطان الرجيم ، واتە : خوایە خۆم بە تۆ لە شەیتانی دوورخراوەو نەفرەت لێکراو دەپارێزم لەو خەونە ناخۆشە. .

٣/١١٤- (لايحدث بها احدا) [٢] .

نابێ بۆ کەس خەونەکە بگێڕێتەوە، ئەویش تەعبیری خەونەکە بداتەوە ، مەبادە چۆن بڵێ وادەرچێت و بێتەدی .

٤/١١٤- ﴿يَتَحَوَّلُ عَنْ جَنْبِهِ الَّذِي كَانَ عَلَيْهِ﴾ [٣] .

واتە: دوای ئەوەی کەخەون دەبینێ و لەخەو بەخەبەر دێ ، دەبێ خۆی لەسەر ئەو لاتەنیشتە وەرگێڕێ بۆ تەنیشتێکی تری .

٥/١١٥- ﴿يَقُومُ يُصَلِّي إِنْ أَرَادَ ذٰلِكَ﴾ [٤] .

ئەگەر ویستی لەخەو هەڵدەستێ و نوێژی سوننەت دەکات .

---

(١) مسلم ١٧٧٢/٤ ، ١٧٧٣ .

(٢) مسلم ١٧٧٢/٤ .

(٣) مسلم ١٧٧٣/٤

(٤) مسلم ١٧٧٣/٤ .

٣٢- دوعای پارانەوە لە نوێژی وتردا

١/١١٦- ﴿اللهمَّ اهْدِنِي فِيمَنْ هَدَيْتَ ، وَعَافِنِي فِيمَنْ عَافَيْتَ ، وَتَوَلَّنِي فِيمَنْ تَوَلَّيْتَ وَبَارِكْ لِي فِيمَا أَعْطَيْتَ ، وَقِنِي شَرَّ مَا قَضَيْتَ ، فَإِنَّكَ تَقْضِي وَلاَ يُقْضَى عَلَيْكَ إِنَّهُ لاَ يَذِلُّ مَنْ وَالَيْتَ (وَلاَ يَعِزُّ من عَادَيْتَ) ، تَبَارَكْتَ رَبَّنَا وَتَعَالَيْتَ﴾ [١] .

واتە : خوایە ڕێنمایم بکە لەگەڵ ئەوانەی کە ڕێنمایت کردوون ، ساغ و سەلامەت و بێ وەییم بکە وەکو ئەوانەی کە ساغ و سەلامەت و بێ بەلاّو پاڕێزراوت کردوون ، خوایە هاوکاریو پشت و پەنام بکە وێرای ئەوانەی پشت و پەناتو هاوکاریت کردون، خوایە ئەوەی کە پێم دەبەخشی بۆم پاك و پیرۆزو پڕ لەبەرەکەت بکە ، لە زەرەرو زیانی ئەوە بمپارێزە کە بڕیارت لەسەری داوە ، خوایە تۆ بڕیار بەسەر خەڵك و بوونەوەر دەدەیت ، کەس بڕیار بەسەر تۆدا نادات ، خوایە ئەو کەسەی کەتۆ پشت و پەنای دەکەی قەت گومڕاو سەرگەردان نابێ، ئەو کەسەش کەتۆ نەیاری و دوژمنایەتی و بەرهەڵستی دەکەی قەت زاڵ و دەسەلاّتدارو بەهێز نابێ ، خوای پەروەردگارمان هەرتۆ بەرزو بەڕێزو پاك و پیرۆزو بەدەسەلاّت و شکۆداری .

٢/١١٧- ﴿اللهمَّ إِنِّي أَعُوذُبِرِضَاكَ مِنْ سَخَطِكَ ، وَبِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ ، وَأَعُوذُبِكَ مِنْكَ ، لاَ أُحْصِي ثَنَاءً عَلَيْكَ ، أَنْتَ كَمَا أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ﴾ [١] .

---

(١) أخرجه أصحاب السنن الأربعة وأحمد والدرامي والحاكم والبيهقي وما بين المعكوفين للبيهقي وانظر، صحيح الترمذى ١/١٤٤وصحيح ابن ماجه ١/١٩٤ و رواه الغليل الألباني ٢/١٧٢ .

واتە : خوایە خۆم بە ڕەزامەندی تۆ خۆم لە سزاو خەشم و تووڕەیيت دەپارێزم، بەتۆ خۆم لەتۆ دەپارێزم ، خوایە ئەو سوپاس و ستایشانە کە بۆتۆ دەیکەم شایانی زیاتری ، هەر وەك تۆ بەبێ شومار سوپاس و ستایشت لەسەر خۆت کردووە بەمن ناکرێت.

١١٨/-٣ ﴿اللهمَّ إيَّاكَ نَعْبُدُ ، وَلَكَ نُصَلِّي وَنَسْجُدُ ، وَإِلَيْكَ نَسْعَى وَنَحْفِدُ ، نَرْجُو رَحْمَتَكَ ، وَنَخْشَى عَذَابَكَ ، إنَّ عَذَابَكَ بِالْكَافِرِينَ مُلْحَقٌ ، اللهمَّ إنَّا نستعينُكَ ، وَنَسْتَغْفِرُكَ ، وَنُثْنِي عَلَيْكَ الْخَيْرَ ، وَلاَ نَكْفُرُكَ ، وَنُؤْمِنُ بِكَ ، وَنَخْضَعُ لَكَ ، وَنَخْلَعُ مَنْ يَكْفُرُكَ﴾ (٢) .

واتە : خوایە هەر تۆ دەپەرستین و بەندایەتی تۆ دەکەین و ، نوێژ بۆ تۆ دەکەین ، کڕنۆش بۆ تۆ دەبەین ، بۆ لای تۆ هەڵپەدەکەین و هەوڵ دەدەین پەلە دەکەین ، تکای ڕەحمەتی تۆ دەکەین ، وە لەسزای تۆ دەترسین ، چونکە سزای تۆ بە بێ باوەڕان دەگات و پێیان وەدەنوسێت ، خوایە داوای کۆمەکی و دادو فریاد ، وە داوای لێخۆشبوون هەر لەتۆ دەکەین ، بەچاکە هەر باسی تۆ دەکەین و ، هەمیشە بەچاکە باسی چاکەکانت دەکەین ، بەرانبەرت بێ باوەڕ

---

(١) أخرجه أصحاب السنن الأربعة وأحمد ، انظر، صحيح الترمذى ٣/١٨٠ وصحيح ابن ماجه ١٩٤/١ والإرواء ١٧٥/٢ .

(٢) أخرجه البيهقى في السنن الكبرى وصحح إسناده ٢١١/٢ وقال الشيخ الألباني في إرواء الغليل وهذا إسناده صحيح ١٧٠/٢ وهو موقوف على عمر .

نابین ، بڕوامان بەتۆیە ، بۆ تۆ ملکەچ دەبین ، خۆمان لەو کەسە دوور دەگرین و دادەمالێن کە بێ باوەڕی بەرانبەر تۆ دەکات .

٣٣- زیکری دوای سەلام دانەوە لە نوێژی وتر

١١٩- ﴿سُبْحَانَ الْمَلِكِ الْقُدُّوسِ﴾ ثَلاثَ مرَّاتٍ وَالثَّالِثَةُ يَجْهَرُ بِهَا وَيَمُدُّ بِهَا صَوْتَهُ يَقُولُ (رَبُّ الْمَلاَئِكَةِ وَالرُّوحِ) ﴾[1] .

واتە : سێ جار دەڵێ : پاکی و بێ گەردی بۆ خواو پاشای پاك و بێگەرد ، لەجاری سێیەمیدا ئەوە درێژ دەکاتەوەو بەدەنگ دەڵێ : پەروەردگاری فریشتەو گیان .

٣٤- دوعای خەم و پەژارە

١٢٠/١- ﴿اللهمَّ إِنِّي عَبْدُكَ ، ابْنُ عَبْدِكَ ، ابْنُ أَمَتِكَ ، نَاصِيَتِي بِيَدِكَ ، مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ ، عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُكَ ، أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ ، سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ ، أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَداً مِنْ خَلْقِكَ ، أَوِ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ ، أَنْ تَجْعَلَ الْقُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي ، وَنُورَ صَدْرِي وَجَلاَءَ حُزْنِي ، وَذَهَابَ هَمِّي﴾[2] .

---

(١) رواه النسائي ٢٤٤/٣ والدار قطني وغيرهما وما بين المعكوفين زيادة للدار قطني ٣١/٢ وإسناده صحيح، انظر، زاد المعاد بتحقيق شعيب الأرناؤوط وعبدالقادر الأرناؤوك ٣٣٧/١ .

(٢) أحمد ٣٩١/١ وصححه الألباني .

واتە : خوایە من بەندەی تۆم ، کوڕی بەندەی تۆم ، کوڕی دایکە بەندەی تۆم ، خوایە چارەنووس و نێو چەوانم بەدەستە تۆیە ، لە حوکم و بڕیاری تۆدا ڕامان بوارد ، ئێستاش هەمیشە لە حوکم و بڕیاری تۆ داین ، حوکم و بڕیارت لە مندا زۆر دادگەرو بەجێیە ، خوایە بەهەموو ناوێك کە ناوی تۆیەو ، ناوت پێ لەخۆت ناوەو لە پەرتووکی خۆتدا دادبەزاندووە یا فێری یەکێك لە دروستکراوەکانی خۆت کردووە ، یا لەزانست و زانیاری پەنهانی خۆتدا لەلای خۆت هەڵتگرتووەو پێی کاریگەری ، داوات لێدەکەم کە قورئان بکەیتە شیفاو بەهاری دڵم ، ڕوناکی سینەم ، دوورخەرەوەو ڕەوێنەرەوەی خەم و پەژارەم و ، لابەری خەفەتەکانم .

٢/١٢١- ﴿اللهمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْهَمِّ وَالْحَزَنِ ، وَالْعَجْزِ وَالْكَسَلِ ، وَالبُخْلِ والْجُبْنِ ، وَضَلَعِ الدَّيْنِ وَغَلَبَةِ الرِّ جَالِ﴾ [1] .

واتە : خوایە خۆم بەتۆ لەخەم و پەژارەو دڵتەنگی و ، بێ دەستەڵاتی سستی و تەمبەڵی و بێ تاقەتی و بێ هێزی و ، لە ترسنۆکی ڕژدی دەپارێزم ، خۆم دەپارێزم لە داهاتن و چەمانەوە بەهۆی قەرزاری ، وەخۆم دەپارێزم لەسەرکەوتنی پیاوانی خراپ و خوانەناس، لەژێر کەوتنی پیاوانی چاك و پاکی ئیسلام .

---

(١) البخاري ١٥٨/٧ كان الرسول ﷺ يكثر من هذا الدعاء، انظر، البخاري مع الفتح ١٧٣/١١ .

٣٥-دوعای خەم و پەریشان

١/١٢٢- ﴿لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ الْعَظِيمُ الْحَلِيمُ ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمُ ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ رَبُّ السَّمَواتِ وَرَبُّ الأَرضِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمُ ، لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللهُ رَبُّ السَّمَواتِ وَرَبُّ الأَرْضِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمُ﴾ (١) .

واتە : هیچ خوایەك نیە جگە لەو خوایەی کـە (اللە)یـە ، خوایـەکی زۆر گەورەو شکۆدارو لەسەر خۆو بێ پەلەیە ، هیچ خوایەك نیە جگە لەو خوایەی کە پەروەردگاری تەخت و بارەگایەکی زۆر گەورەو گوشادە ، هیچ خوایەك نیـە جگە لەو خوایەی کە پەروەردگارو بەڕێوەبەری ئـەرزو ئاسمانـەکان و تـەخت و بارەگای بەرزو پیرۆزە .

٢/١٢٣- ﴿اللهمَّ رَحْمَتَكَ أَرْجُو فَلاَ تَكِلْني إِلى نَفْسِي طَرْفَةَ عِيْنٍ ، وَأَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلَّهُ ، لاَ إِلهَ إِلاَّ أَنْتَ﴾ (٢).

واتە : خوایە تکار داوا لە ڕەحمەتی تۆ دەکەم کە بـۆ چرکەسـات و چـاو تروکانێکیش نەمدەیتە دەست نەفسی بەدی خۆم، چـونکە کـاری خـراپم پـێ دەکا، داواکارم هەموو کاروبارەکانی ژیانم بۆ چاك بکەی ، چونکە بێگومـان جگە لەتۆ هیچ خوایەکی بەهەق و ڕەوا نیە .

٣/١٢٤- ﴿ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ (١) .

---

(١) البخاري ١٥٤/٧ ومسلم ٢٠٩٢/٤ .

(٢) أبو داود ٣٢٤/٤ وأحمد ٤٢/٥ وحسنه الألباني في صحيح أبو داود ٩٥٩/٣ .

واتە : خوایە هیچ خوایەکی بەهەق نیە جگە لە تۆ ، پـاکی و بێگـەردی بۆ تۆ ، بەڕاستی من ستەمم لەخۆم کرد ، کەبومە یەکێك لە ستەمکاران .

١٢٥/٤- ﴿اللهَ اللهَ رَبِّي لاَ أُشرِكُ بِهِ شَيْئاً﴾ [٢] .

واتە : خوایە خوایە ، ئەی پەروەردگارە بـەهیچ شـتێك هاوبەشـی بـۆ تـۆ پەیداناکەم و ، هیچ شتێك ناکەمە شەریك و هاوبەشی ژیان و دەسەلاتی تۆ .

٣٦- دوعای گەیشتنە دوژمن و خەڵکی ستەمکارو زۆردار

١٢٦/١- ﴿اللهمَّ إِنَّا نَجْعَلُكَ فِي نُحُورِهِمْ وَنَعُوذُ بِكَ مِنْ شُرُورِهِمْ﴾ [٣] .

واتە : خوایە خۆت بە گژیاندا بچۆرە لەسەرو ملیـان بـدە ، خوایـە بـەتۆ خۆمـان لەزەرەرو زیان و خراپەکانیان دەپارێزین .

١٢٧/٢- ﴿اللهمَّ أَنْتَ عَضُدِي ، وَأَنْتَ نَصِيرِي ، بِكَ أَحُولُ وَبِكَ أَصُـولُ ، وَبِـكَ أُقَاتِلُ﴾ [٤] .

واتە : خوایە تۆ تاکە تواناو، پاڵپشت و سەرخەری منی، خوایـە بـەتۆوە ئەجولێم و بەهێزم ، بەتۆوە دەچمە سـەریان و هێرشـیان بـۆ دەبـەم ، بـەتۆوە لەگەڵیاندا دەجەنگم و شەڕو کوشتار دەکەم .

---

(١) الترمذی ٥٢٩/٥ والحاكم وصححه ووافقه الذهبي ٥٠٥/١ وانظر، صحيح الترمذی ١٦٨/٣ .

(٢) أخرجه أبو داود ٨٧/٢ وانظر، صحيح ابن ماجه ٣٣٥/٢ .

(٣) أبو داود ٨٩/٢ وصححه الحاكم ووافقه الذهبـي ١٤٢/٢ .

(٤) أبو داود ٤٢/٣ والترمذی ٥٧٢/٥ ، وانظر، صحيح الترمذی ١٨٣/٣ .

٣/١٢٨- ﴿حَسْبُنَا اللهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ﴾ [١] .

واتە : خوای گەورە بەسمانە کەپشت و پەنامان بێ و ، چاکترین پشت و پەنایە .

٣٧- دوعای ئەو کەسەی کە لەستەمی زۆردارو دەسەلاتدار بترسێت

١/١٢٩- ﴿اللهمَّ رَبَّ السَّمواتِ السَّبْعِ ، وَرَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ ، كُنْ لِي جَاراً مِنْ فُلانِ بْنِ فُلانٍ ، وَأَحْزَابِهِ مِنْ خَلاَئِقِكَ ، أَنْ يَفْرُطَ عَلَيَّ أَحَدٌ مِنْهُمْ أَوْ يَطْغَى ، عَزَّ جَارُكَ ، وَجَلَّ ثَنَاؤُكَ ، وَلاَ إِلَه إِلاَّ أَنْتَ﴾ [٢] .

واتە : ئەی خوای پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکان و تەخت و بارەگای گەورەو گوشاد ، ببە پشتیوان و هاوکارم لەدژی فلانی کوڕی فلان و پارت و کۆمەڵەکەی لە دروستکراوەکانی خۆت ، نەکەی یەکێك لەوان بەسەرمدا زاڵبێ و دەستی بڕواو دەستدرێژی و زێدەڕۆییم بکاتە سەر چونکە هاوکاری و پاڵپشتی تۆ زۆر بەهێزو کاریگەرە و ، کەس خۆی لەبەردەمدا ڕاناگرێ ، وە سوپاس و ستایش و باسیشت زۆر دیارو بەرچاوەو ، دروستکراوەکانت زۆر سوپاس و ستایشت دەکەن ، چونکە جگە لەتۆ هیچ خوایەکی بەهەق و شایستە نیە ، تەنها تۆ نەبی .

٢/١٣٠- ﴿اللهُ أَكْبَرُ ، اللهُ أَعَزُّ مِنْ خَلْقِهِ جَمِيعاً ، اللهُ أَعَزُّ مِمَّا أَخَافُ وَأَحْذَرُ ، أَعُوذُ بِاللهِ الَّذِي لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ ، الْمُمْسِكِ السَّمواتِ السَّبْعِ أَنْ يَقَعْنَ عَلَى الأَرْضِ

---

(١) البخاري ٥/١٧٢ .

(٢) البخاري في الأدب المفرد برقم ٧٠٧ وصححه الألباني في صحيح الأدب المفرد برقم ٥٤٥ .

إِلاَّ بِإِذْنِهِ ، مِنْ شَرِّ عَبْدِكَ فُلاَنٍ ، وَجُنُودِهِ وَأَتْبَاعِهِ وَأَشْيَاعِهِ ، مِنَ الْجِنِّ ثَنَاؤُكَ وَعَزَّ جَارُكَ ، وَتَبَارَكَ اسْمُكَ وَلاَ إِلَهَ غَيْرُكَ﴾ (ثَلاثَ مَرَّاتٍ) [1] .

واتە : خوا گەورەیە ، خوا لەهەموو دروستکراوەکانی خۆی بەهێزو بەدەسەلآتدارترە ، چونکە خوا ئەوانی دروست کردووە ، خوا زۆر لەوە بەهێزو بەدەسەلآتترە کەمن لێی دەترسم و ترسی لێ دەکەم ، خۆم بەو خوایە دەپارێزم کە (اللە)یەو جگە لەو خوایە هیچ خوایەکی تری بەهەق و شایستە نیە ، ئەو خوایە ڕاگری هەر حەوت ئاسمانەکانە تانەکەونەسەر زەوی و بەسەر یەکدا نەکەون ، مەگەر بە ڕوخسەتی خۆی نەبێ کە لەڕۆژی دواییو کاتی دونیا تێکچوون فرمان بە وێرانکردنیان دەکات ، خۆم دەپارێزم لەزەرەرو زیان و خراپەی فلان کەسی بەندەت و لەسەر بازودارو دەستەو شوێن کەوتوان و هاوکارو کۆمەلەکانی لەئادەمیزادو جیتەکان ، خوایە ببە تاکە پشتیوان و هاوکارم لەدژی زەرەرو زیان و خراپەی هەموویان ، سوپاس و ستایشی تۆ زۆر بەرزو ئاشکراو دیارە ، پشتیوان و هاوکاری تۆ زۆر بەهێزو بەتوانایە بەجۆرێ کە ، کەس خۆی لەبەردەم ڕاناگرێ و بەرگری ناکا ، خوایە گیان ناوی تۆ زۆر بەرزو بەڕێزو پیرۆزو باوە ، جگە لەتۆ هیچ خوایەکی تری بەهەق و شایستە نییە ، سێ جار ئەوە دەگوترێت .

---

(١) البخاري في الأدب المفرد برقم ٧٠٨ وصححه الألباني في صحيح الأدب المفرد برقم ٥٤٦ .

٣٨- دوعاكردن لەدوژمن

١٣١- ﴿اللهمَّ مُنْزِلَ الْكِتَابِ ، سَرِيعَ الْحِسَابِ ، اهْزِمِ الأَحْزَابِ ، اللهمَّ اهْزِمْهُمْ وَزَلْزِلْهُمْ﴾ (١) .

واتە : ئەی خوای دابەزێنەری قورئان و پەرتووك ، ئەی خوای لێپرسینەوەو زۆر خێراو چەسپان ، دەپارتە نەیارەکانت تێك بشکێنە ، خوایە تێکیان بشکێنی و دۆڕاویان بکەی و ، بیان هەژێنی و تەخت و پەخت و پارچە پارچەیان بکەی .

٣٩- ئەگەر کەسێك لەگەڵ و خەڵکێك بترسێ دەڵێ :

١٣١- ﴿اللهمَّ اكْفِيهِمْ بِمَا شِئْتَ﴾ (٢) .

واتە : خوایە بەهەرشتێك کەتۆ دەتەوێ دوژمنانی خۆت لەناو ببەو ژێر گلیان بکە .

٤٠- دوعای کەسێك کە لە بیروبڕوادا دوچاری گومان و دوو دڵی دەبێت

١/١٣٣- ﴿يَسْتَعِيذُ بِاللهِ﴾ (٣) ، خۆی بەخوا دەپارێزێ و ، دەڵێ : أعوذ بالله من الشيطان الرجيم یا دەڵێ: اعوذ بالله السميع العليم من الشيطان الرجيم ، واتە : خوایە خۆم بەتۆ لەشەیتانی بەدو نەگریس و دورخراو و

---

(١) مسلم ١٣٦٢/٣ .

(٢) مسلم ٢٣٠٠/٤ .

(٣) البخاري مع الفتح ٣٣٦/٦ ومسلم ١٢٠/١ .

نـەفرەت لێکـراو دەپـارێزم و دالـدەدەم ، یـاخۆم بـەخوای بیـسەرو زۆر زانـا لەشەیتانی بەدو نەفرەت لێکراو دەپـارێزم و خـۆمی لێ پـەنا دەدەم تـا زەرەرو زیانم پێ نەگەیەنێ و زەرِ بەم لێ نەدات .

٢/١٣٣- ﴿يَنْتَهِي عَمَّا شَكَّ فِيهِ﴾ (١) .

دەبێ لەدڵ و دەروون و ئەقلیەتی خۆیدا کۆتایی بەوە بێنێ کـە گومـان و دوو دڵی لێی هەیەو ، دڵ و دەروون و بیرو هۆش و خۆی لەسەر لابـدات ، بـۆ ئەوەی زیاتر خوتخوتەی خراپی بەسەردا زاڵ نەبێت .

٣/١٣٤-يَقُولُ ﴿ آمَنْتُ بِاللهِ وَرُسُلِهِ﴾ (٢) .

دەڵێ : ئیمانم بەخواو پێغەمبەرەکانی هێنا ، واتە : ئیمان هێنـانی خـۆی دوپات و نوێ دەکاتەوە .

٤/١٣٥- يَقْرَأُ قَوْلَـهُ تَعَـالَى ﴿هُوَ ٱلْأَوَّلُ وَٱلْآخِرُ وَٱلظَّـٰهِرُ وَٱلْبَاطِنُ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ۝٣﴾(سورة الحديد) (٣).

واتە : ئەو ئایەتە دەخوێنێ کەخوای گەورە دەفـەرموێ: : خـوای گـەورە ئەو خوایەیە کەیەکەمینەو کەس پێش ئەو نەبووە ، دواهەمینەو کـەس پـاش ئەو نیەو نامێنێ ئەویش هەردەمێنێ ، ئاشکراو دیارەو قـودرەت و دەسـەلاتی

---

(١) البخاري مع الفتح ٦/٣٣٦ ومسلم ١/١٢٠

(٢) مسلم ١/١١٩ – ١٢٠ .

(٣) سورة الحديد ، الآية ٣ . أبو داود ٤/٣٢٩ وحسنه الألباني في صحيح أبو داود ٣/٩٦٢ .

لە بوونەوەردا بەرجەستەیە ، نادیارو شاراوەیەو وەکو خۆی کەس پەی پێ نابار نایبینێ و نازانی چیەو چۆنە ، وە بەهەمور شتێکیش زانار ئاگادارە .

٤١- دوعای قەرز دانەوە

١٣٦/١- ﴿اللهمَّ اكْفِني بِحَلاَلِكَ عَنْ حَرَامِكَ وَأَغْنِنِي بِفَضْلِكَ عَمَّنْ سِوَاكَ﴾[1].

واتە : خوایە بە رزق و رۆزی حەلال و فراوانی خۆت چاوتێرو بێ نیازم بکە لە رزق و رۆزی کەم و حەڕامو دەرخۆردم نەدەیت ، بەفەزڵ و بەخششی خۆت دەوڵەمەندو بێ نیازم بکە لەغەیری خۆت لەوەی کە لەدەستی خەڵک دایە ، بەجۆرێ کە چاوم لەدەستی کەس نەبێ و پێویستیم بەکەس نەبێت و داوا لەکەس نەکەم .

٢/١٣٧- ﴿اللهمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْهَمِّ وَالْحَزَنِ ، وَالْعَجْزِ وَالْكَسَلِ ، وَالْبُخْلِ وَالْجُبْنِ ، وَضَلَعِ الدَّيْنِ وَغَلَبَةِ الرِّجَالِ﴾ [2] .

واتە : خوایە خۆم بەتۆ لەخەم و پەژارەو دڵتەنگی و ، سستی و تەمبەڵی و بێ تاقەتی و بێ هێزی و ، لە ترس و رۆدیو چروکی دەپارێزم ، وە خۆم دەپارێزم لە داهاتن و چەمانەوە بەهۆی قەرزاری ، وەخۆم دەپارێزم

---

(١) الترمذي ٥/٥٦٠ وانظر، صحيح الترمذى ٣/١٨٠ .

(٢) البخاري ٧/١٥٨ .

لەسەرکەوتنی پیاوانی خراپ و خوانەناس و ، لەژێر کەوتنی پیـاوانی چـاک و پاکیٰ ئیسلام .

٤٢- دوعای وەسوەسە کردن لە نوێژو لەکاتی قورئان خوێندن دا

١٣٨- ﴿أَعُوذُ بِاللهِ مِنْ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ وَاتْفُلْ عَلَى يَسَارِكَ (ثلاثاً) ﴾[1] .

دەڵێ : خوایە خۆم بەتۆ لە شەیتانی پیس و نـەگریس و نـەفرەت لێکـراو دەپارێزم ، با بەدەستە چەپ ئاوڕێك بداتەوەو تف بکات —سێ جار- .

٤٣- دوعای کەسێك کەکارێکی لەسەر سەخت و زەحمەت و گران و ئاڵۆز دەبێت

١٣٩- ﴿اللهمَّ لاَ سَهْلَ إلاَّ مَـا جَعَلْتَـهُ سَـهْلاً وَأَنْـتَ تَجْعَـلُ الْحَـزْنَ إِذَا شِـئْتَ سَهْلاً﴾ [2] .

واتە : خوایە هیچ کارو بارێك سوك و ئاسان نیە لەسەر سەری ئینسان ، مەگەر کارێك کەتۆ سوك و ئاسان و دەستەبەرت کردووە ، وە ئەگەر تۆ بتەوێ

---

(١) مسلم ١٧٢٩/٤ من حديث عثمان بن أبي العاص ﷺ وفيه : ففعلت ذلك فأذهبه الله عني .

(٢) رواه ابن حبان في صحيحه برقم ٢٤٢٧ (موارد) وابن السني برقم ٣٥١ وقال الحافظ هذا حديث صحيح ، وصححه عبدالقادر الأرناؤوط في تخريج الأذكار للنووي ص ١٠٦ .

هەموو کارێکی گران و سەخت زۆر سوك و ئاسان دەکەی و ، هـەموو خـەم و پەژارەیەك لەسەر ئینسان لا دەدەیت .

٤٤- ئەگەر ئینسان گوناه و تاوانێکی کرد چی بکات

١٤٠- ﴿ مَا مِنْ عَبْدٍ يُذْنِبُ ذَنباً فَيُحْسِنُ الطُّهُورَ ، ثُمَّ يَقُوم فَيُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ ، ثُمَّ يَسْتَغْفِرُ اللهَ إِلاَّ غَفَرَ اللهُ لَهُ﴾[1] .

واتە: هـەر بەندەیـەك ئەگـەر گونـاه و تـاوانێکی کـرد ، پێویـستە دەستنوێژێکی جوان و پاك بشواو ، پاشان دوو ڕکعات نوێژێکی تەواو بکاو ، پاشان لەسەر ئەو گوناهە داوای لێخۆشبوون لەخوای گـەورە بکـات ، ئەوسـا خوا هەر لێی خۆش دەبێت .

٤٥- دوعای دەرکردن و وە لانانی شەیتان و خوتخوتە خراپەکانی

بەم زیکرو دوعایانە شەیتان و وەسوەسەی دەردەکرێت :

١/١٤١- ﴿الاْسْتِعَاذَةُ بِاللهِ مِنْهُ﴾[2] .

واتە: بەخۆپاراستن بەخوای گەورە لەشەیتان.

خوێندنی (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم) .

٢/١٤٢- ﴿الأَذَان﴾[1] .

---

(١) أبو داود ٨٦/٢ والترمذى ٢٥٧/٢ وصححه الألباني في صحيح أبي داود ٢٨٣/١ .

(٢) أبو داود ٢٠٦/١ والترمذى وانظر، صحيح الترمذى ٧٧/١ وانظر، سورة المؤمن آية ٩٨-٩٩ .

به بانگدان .

٣/١٤٣- ﴿الأَذْكَارُ وَقِراءَةُ الْقُرآنِ﴾ [٢] .

واته : به زیکرو قورئان خوێندن .

٤٦- دوعای شتێك كه بەسەر ئینساندا زاڵەو پێی ڕازی نیه

١٤٤- ﴿قَدَرُ اللهِ وَمَا شَاءَ فَعَلَ﴾ [٣] .

واتە : ئەو كارەی بووە ، بڕیارو ئەندازە گیری خوای گەورەیە كە بڕیاری داوەو ، ئەوە بووە كەخوا بڕیاری داوەو ویستویەتی .

---

(١) مسلم ٢٩١/١ والبخاري ١٥١/١ .

(٢) (لا تجعلوا بيتوكم مقابر إن الشيطان ينفر من البيت الذي تقرأ فيه سورة البقرة) رواه مسلم ٥٣٤/١ وعما يطرد الشيطان أذكار الصباح والمساء ، والنوم والاستيقاظ ، وأذكار دخول المنزل والخروج منه وأذكار دخول المسجد والخروج منه وغير ذلك من الأذكار المشروعة مثل قراة آية الكرسي عند النوم ، والآيتين الأخيرتين من سورة البقرة ، ومن قال لا اله الا الله وحده لا شريك لهـ له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير مائة مرة كانت له حرزا من الشيطان يومه كله ، وكذا الأذان يطرد الشيطان .

(٣) (المؤمن القوي خير وأحب الى الله من المؤمن الضعيف وفي كل خير ، احرص على ما ينفعك واستعن بِالله ولا تعجز وإن أصابك شيء فلا تقل لو أني فعلت كذا وكذا ولكن قل قدر الله وما شاء فعل، فإن لو تفتح عمل الشيطان) مسلم ٢٠٥٢/٤ .

٤٧- پیرۆزبایی کردن لە منداڵ بوون و وەلأمدانەوەی

١٤٥- ﴿بَارَكَ اللهُ لَكَ فِي الْمَوْهُوبَ لَكَ ، وَشَكَرْتَ الْوَاهِبَ ، وَبَلَغَ أَشُدَّهُ وَرُزِقْتُ بِرَّهُ﴾ ، وَيَرُدُّ عَلَيْهِ الْمُهَنَّأُ فَيَقُولُ : (بَارَكَ اللهُ لَكَ وَبَارَكَ عَلَيْكَ ، وَجَزَاكَ اللهُ خَيْراً ، وَرَزَقَكَ اللهُ مِثْلَهُ وَأَجْزَلَ ثَوَابَكَ﴾ [١] .

واتە : خوا ئەو منالّە بەخشراوەت لێ پیرۆزو بەفەربکا، بوت بهێڵێ، سوپاسی خوای بەخشەر بکەی ، وە بگاتە تەمەنێکی زۆر ، رزق و رۆزیت لە خێرو بێرو چاکەی ئەو بەخشراوە پێدرابێ ، ئەوسا پیرۆزبایی لێکراویش رەد دەداتەوەو لە وەلأمیدا دەڵێ : خوا لەتۆش پیرۆز بکاو بۆ تۆشی پیرۆز بکا ، خوا پاداشتی چاکەو بەخێرت بداتەوە، خوا وەکو ئەوەی بەخشراوی چاک و پاکت پی ببەخشێت، زۆر خێردارت بکاو پاداشتت بداتەوە .

٤٨- ئەوەی کە منداڵەکانی پێ دەپارێزرێ و لێ دەپارێزرێت

١٤٦- كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يُعَوِّذُ الْحَسَنَ وَالْحُسَيْنَ (أُعِيذُكُمَا بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَّةِ مِنْ كُلِّ شَيْطَانٍ وَهَامَّةٍ ، وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لاَمَّةٍ[٢] .

واتە : پێغەمبەر ﷺ حەسەن و خوسێنی نەوەکانی بەم دوعایە دەپاراست و دەیگوت: بە وتە بەرزو بەرێزو تێرو تەواوەکانی خوای گەورەتان دەپارێزم لە

---

(١) انظر، الأذكار للنووي ص ٣٤٩ وصحيح الأذكار للنووي لسليم الهلالي ٧١٣/٢ .

(٢) البخاري ١١٩/٤ من حديث ابن عباس (رض)

هەموو شەیتان و درۆ جانـەوەرێکی زیانبـەخش، لـە هـەموو چـاو پـیس و لۆمـەکەرێك .

٤٩- دوعا کردن بۆ نەخۆش لەکاتی سەردانی کردنیدا

١٤٧/١- ﴿لاَ بَأْسَ طَهُورٌ إِنْ شَاءَ الله﴾ [١] .

واتە : هیچ نیە ، إنشاء الله لەنەخۆشی چاك دەبیەوەو لە گونـاهیش پـاك دەبیەوە .

١٤٨/٢- ﴿أَسْأَلُ الله الْعَظِيمَ رَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ أَنْ يَشْفِيكَ﴾(سَبْعَ مرات)[٢] .

واتە : داوا لەخوای بەرزو مەزنی پەروەردگاری تـەخت و بارەگـای بـەرزو مـەزن و گوشاد دەکـەم شیفات بۆ بێنێ و چاکت بکاتەوە ، حـەوت جـار ئـەوە دەڵێ .

٥٠- خێرو پاداشت و پلەو پایەی سەردانی کردنی نەخۆش

١٤٩- قال ﷺ : (إِذا عَادَ الرَّجُلُ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ مَشَى فِي خَرَافَةِ الْجَنَّةِ حَتَّى يَجْلِسَ فَإِذَا جَلَسَ غَمَرَتْهُ الرَّحْمَةُ ، فَإِنْ كانَ غُدْوَةً صَلَّى عَلَيْهِ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ حَتَّى يُمْسِيَ ، وَإِنْ كَانَ مَسَاءً صَلَّى عَلَيْهِ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ حَتَّى يُصْبِحَ)[١] .

---

(١) البخاري مع الفتح ١١٨/١٠ .

(٢) (ما من عبد مسلم يعود مريضا لم يحضر أجله فيقول سبع مرات) الحديث ... إلا عوفي ، أخرجه النرمذى وأبو داود، وانظر، صحيح الترمذي ٢١٠/٢ وصحيح الجامع ١٨٠/٥ .

واتە : ئەگەر پیاوێك لەبەر نەخۆشی سەردانی برا موسڵمانەكەی بكا ، بەناو باخ و باخاتێكی بە میوەجاتی بەهەشتدا دەڕوا تا دادەنیشێ ، ئەگەر دانیشت خوا بەڕەحمەت و سۆزی خۆی دایدەپۆشێ، جا ئەگەر بەیانی بوو ئەوا حەفتا هەزار فریشتە بۆی دەپارێنەوەو داوای درودو ڕەحمەت و لێخۆشبوونی بۆ دەكەن لەلای خوای گەورە تا دەبێتە ئێوارە ، وە ئەگەر ئێوارەش بێ ، ئەوا حەفتا هەزار فریشتە بۆی دەپارێنەوەو داوای درودو ڕەحمەت و لێخۆشبوونی بۆ دەكەن لەخوای گەورە تا بەیانی دادێت .

٥١- دوعای نەخۆشێك كە لەژیانی خۆی بێزارو بێ هیوایە

١٥٠/١- ﴿اللهمَّ اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي وَأَلْحِقْنِي بِالرَّفِيقِ الأَعْلى﴾[٢] .

واتە : خوایە لێم خۆشبەو ڕەحم پێ بكە ، بمگەێنە بە هاوڕێی هەرە بەرز، بمگەێنە بەخۆت .

١٥١/٢- ﴿جَعَلَ النَّبِيُّ ﷺ عِنْدَ مَوْتِهِ يُدْخِلُ يَدَيْهِ فِي الْمَاءِ فَيَمْسَحُ بِهِمَا وَجْهَهُ وَيَقُولُ : لاَ إِلهَ إِلاَّ اللهُ إِنَّ لِلْمَوْتِ لَسَكَرَاتٍ﴾[٣] .

---

(١) رواه الترمذى وابن ماجه وأحمد، انظر، صحيح ابن ماجه ٢٤٤/١ وصحيح الترمذى ٢٨٦/١ وصححه أيضا أحمد شاكر .

(٢) البخاري ١٠/٧ ومسلم ١٨٩٣/٤ .

(٣) البخاري مع الفتح ١٤٤/٨ وفي الحديث السواك .

واتە : کاتێ پێغەمبەر ﷺ کەوتە سەرەمەرگ و ئاویلکەو گیانەلاو ، لە مردن نزیك بۆوە ، هەردوو دەستەکانی خۆی دەخستە نێو ئاو ، بە هەردوو دەستەکانی دەم و چاوی خۆی تەڕ دەکردو دەستی بەسەردا دێناو دەیگوت، هیچ خوایەك نیە جگە لە (اللە) ، بەڕاستی مردن تاڵی و ناسۆری و ژان و ئازاری خۆی هەیە.

٣/١٥٢- ﴿لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَاللهُ أَكْبَرُ ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَلاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ﴾ [1] .

واتە : هیچ خوایەك نیە جگە لەو خوایەی کە (اللە)یە ، خوای هەرە گەورەیە ، هیچ خوایەك نیە جگە لەو خوایەی کە (اللە)یەو ، تاك و تەنیایە ، هیچ خوایەك نیە جگە لەو خوایە نەبێ کە (اللە)یەو ، خوایەکی تاك و تەنیاو بێ شەریك و هاوەڵە ، هیچ خوایەك نیە جگە لەو خوایەی (اللە)یە ، هەموو موڵك و دەسەڵآت و سوپاس و ستایشێك هەر بۆ ئەوە ، هیچ خوایەك نیە جگە لە (اللە) ، وە هیچ هێزو تواناو دەسەڵآتێکیش نیە تەنها بەخوا (اللە) نەبێت .

---

(١) أخرجه الترمذى وابن ماجه وصححه الألباني ، انظر، صحيح الترمذى ١٥٢/٣ وصحيح ابن ماجه ٣١٧/٢ .

٥٢- تەلقین دانی ئەوکەسەی لەسەرەمەرگدایە

١٥٣- ﴿مَنْ كَانَ آخِرُ كَلاَمِهِ لاَ إِلهَ إِلاَّ اللهُ دَخَلَ الْجَنَّةَ﴾ (١) .

پێویستە ئەو کەسەی کە لەسەرەمەرگ و کاتی گیان کێشانە هەمیشە بڵێ (لا اله الا الله) هیچ خوایەك نیە جگە لە (اللە) نەبێ ، یا یەکێك فێری (اللە)ی بکار بەنەرم و نیانی و بەلەسەرخۆیی ئەوەی بەبیرو هۆش بێنێتەوە ، چونکە پێغەمبەرمان ﷺ دەفەرموێ: هەرکەسێ دوا وتەی ژیانی بریتی بێ لە (لا اله الا الله) ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە ، بەمەرجێ مانای بزانێ و بڕوای پێبێ و ، بەکردەوە جێ بەجێی بکات .

٥٣- دوعای کەسێك کە تووشی دەردو بەلایەك دەبێت

١٥٤- ﴿إِنَّا للهِ وإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ اللهمَّ أْجُرني فِي مُصِيبَتِي وَأَخْلِفْ لِي خَيْراً مِنْهَا﴾ (٢) .

واتە : ئێمە هەموومان هی خواین ، وەهەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە ، خوایە خێرو پاداشتم بدەوەو خێر بارم بکە لەو دەردوبەلایەی کە تووشت کردم و پێت تاقی کردومەوە ، باشتر لەوەم بۆ جێبێلەو بۆم پڕ بکەوە .

---

(١) أبو داود ١٩٠/٣ وانظر، صحيح الجامع ٤٣٢/٥ .

(٢) مسلم ٦٣٢/٢ .

٥٤- دوعای کاتی داخستنی چاوی مردوو

١٥٥- ﴿اللهمَّ اغْفِرْ لِفُلاَنٍ (بِاسْمِهِ) وَارْفَعْ دَرَجَتَهُ فِي الْمَهْدِيِّينَ ، وَاخْلُفْهُ فِي عَقِبِهِ فِي الْغَابِرِينَ ، وَاغْفِرْ لَنَا وَلَهُ يَا رَبَّ الْعَالَمِينَ ، وَافْسَحْ لَهُ فِي قَبْرِهِ وَنَوِّرْ لَهُ فِيهِ﴾ [١] .

واتە : خوایە لە فلان کەس خۆش بە (ناوی دێنێ) ، پلەو پایەی لەناو رێنمایی کراوانت بەرز بکەوە ، خوایە کەسێکی دڵسۆزو شایستەی لەنێو کەس و کارو خانەوادەکەیدا جێبێلە ، ئەی پەروەردگاری جیهانیان لە ئێمەو لە ئەویش خۆشبە ، خوایە گۆڕی بۆ فراوان و گوشاد و ڕوناك بکە .

٥٥- دوعا کردن بۆ مردوو لەکاتی نوێژ لە سەرکردندا

١/١٥٦- ﴿اللهمَّ اغْفِرْ لَهُ وَارْحَمْهُ ، وَعَافِهِ ، وَاعْفُ عَنْهُ ، وَأَكْرِمْ نُزُلَهُ ، وَوَسِّعْ مُدْخَلَهُ ، وَاغْسِلْهُ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ ، وَنَقِّهِ مِنَ الْخَطَايَا كَمَا نَقَّيْتَ الثَّوْبَ الأَبْيَضَ مِنَ الدَّنَسِ ، وَأَبْدِلْهُ دَاراً خَيْراً مِنْ دَارِهِ ، وَأَهْلاً خَيْراً مِنْ أَهْلِهِ ـ وَزَوْجاً خَيْراً مِنْ زَوْجِهِ وَأَدْخِلْهُ الْجَنَّةَ ، وَأَعِذْهُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ (وَعَذَابِ النَّارِ)[٢] ﴾ .

واتە : خوایە لەم مردووە خۆشبە ، ڕەحمی پێ بکە ، سەلامەت و پارێزراوی بکە ، لێی خۆش بەو ، لە شوێنێکی بەرزو بەڕێزی دابنێ و ، شوێنی بۆ فراوان بکە ، خوایە بە ئاو و بەفرو تەزرە بیشۆوە ، لەهەڵەو تاوانەکان پاکی بکەوە ،

---

(١) مسلم ٦٣٤/٢

(٢) مسلم ٦٦٣/٢ .

هەروەك جل و بەرگی سپی لە چلك و كرێژ پاك دەبێتەوە ، خوایە ئەم خانوەی دونیای بەخانوێكی باشتری دوا ڕۆژ بگۆڕەوە ، خەڵك و خاوخێزانی دوارۆژی لەهی دونیا باشتر بێ و، هاوسەری لە هاوسەری دونیا باشتر بێ ، خوایە بیخەیتە ناو بەهەشت، لە سزاو ئازاری ناو گۆڕو ئاگری دۆزەخی بپارێزە.

١٥٧- ﴿اللهمَّ اغْفِرْ لِحَيِّنَا وَمَيِّتِنَا ، وَشَاهِدِنَا وَغَائِبِنَا ، وَصَغِيرِنَا وَكَبِيرِنَا ، وَذَكَرِنَا وَأُنْثَانَا ، اللهمَّ مَنْ أَحْيَيْتَهُ مِنَّا فَأَحْيِهِ عَلَى الإِسْلاَمِ ، وَمَنْ تَوَفَّيْتَهُ مِنَّا فَتَوَفَّهُ عَلَى الإِيمَانِ ، اللهمَّ لاَ تَحْرِمْنَا أَجْرَهُ وَلاَ تُضِلَّنَا بَعْدَهُ﴾[1] .

واتە : خوایە لە زیندوو مردوومان ، لە دیارو نادیارو ئامادەو بزرمان ، لە بچوك و گەورەمان ، لە نێرو مێمان خۆشبە ، خوایە ئەوەی کە لێمان دەژێنی لەسەر ئیسلام بیژێنە ، ئەوەی کە لێمان دەمرێنی لەسەر ئیمان بیمرێنە ، خوایە لە خێرو پاداشتی ئەم دەردو بەلاو تاقی کردنەوەیە بێ بەشمان نەکەی و ، لەدوای ئەوە گومڕامان نەکەی .

١٥٨- ﴿اللهمَّ إِنَّ فُلاَنَ بْنَ فُلاَنٍ فِي ذِمَّتِكَ ، وَحَبْلِ جَوارِكَ ، فَقِهِ مِنْ فِتْنَةِ الْقَبْرِ وَعَذَابِ النَّارِ ، وَأَنْتَ أَهْلُ الْوَفَاءِ وَالْحَقِّ ، فَاغْفِرْ لَهُ وَارْحَمْهُ إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾ [2] .

واتە : خوایە لەفلانی کوڕی فلانی (ناوی دێنی) لە ژێر چاودێری و پارێزگایی و تۆدایە ، لە ئاشوب و ئاژاوەو ناخۆشیەکانی گۆڕو سزای دۆزەخی

---

(١) ابن ماجه ٤٨٠/١ وأحمد ٣٦٨/٢، وانظر، صحيح ابن ماجه ٢٥١/١ .

(٢) أخرجه ابن ماجه ، انظر، صحيح ابن ماجه ٢٥١/١ ورواه أبو داود ٢١١/٣.

بپارێزە ، خوایە تۆ خاوەن هەق و وەفای ، خوایە لێی خۆشبەو ڕەحمی پێ بکە ، هەر تۆ لێخۆشبەرو بەڕەحمی .

١٥٩- ﴿اللهمَّ عَبْدُكَ وَابْنُ أَمَتِكَ احْتَاجَ إِلَى رَحْمَتِكَ ، وَأَنْتَ غَنِيٌّ عَنْ عَذَابِهِ ، إِنْ كَانَ مُحْسِناً فَزِدْ فِي حَسَانِهِ ، وَإِنْ كَانَ مُسِيناً فَتَجَاوَزْ عَنْهُ﴾ [1] .

واتە : خوایە ئەو مردووە بەندەی تۆیە ، کوڕی کەنیزە بەندەی تۆیە ، پێویستی بە سۆزو بەزەیی تۆیە ، خوایە تۆ بێ نیازی لە سزادانی وی و ، هیچ پێویستت بە سزادانی ئەو نیە ، ئەگەر بەندەیەکی چاکە ئەوا لە چاکەکانی زیاد بکەو ، ئەگەر خراپ و تاوانبارە ، ئەوا لێی ببورە .

٥٦- دوعا کردن بۆ کۆڕپەلەو منداڵ لەکاتی نوێژی مردوو لەسەر کردنی

١٦٠/١- ﴿اللهمَّ أَعِذْهُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ﴾ [2] .

وَإِنْ قَالَ : (اللهمَّ اجْعَلْهُ فَرَطاً وَذُخْراً لِوَالِدَيْهِ ، وَشَفِيعاً مُجاباً ، اللهمَّ ثَقِّلْ بِهِ مَوَازِينَهُمَا وَأَعْظِمْ بِهِ أُجُورَهُمَا ، وَأَلْحِقْهُ بِصَالِحِ الْمُؤْمِنِينَ ، وَاجْعَلْهُ فِي كَفَالَةِ

---

(١) أخرجه الحاكم وصححه ووافقه الذهبي ٣٥٩/١ وانظر، أحكام الجنائز للألباني ص ١٢٥ .

(٢) (قال سعيد ابن المسيب صليت وراء أبي هريرة على صبي لَمْ يَعْمَلْ خطيئة قَطُ فسمعته يقول ، . . . .) الحديث ، أخرجه مالك في الموطا ٢٨٨/١ وابن أبي شيبه في المصنف ٢١٧/٣ والبيهقى ٩/٤ ، وصحح إسناده شعيب الأرناؤوط في تحقيقه لشرح السنة للبغوي ٣٥٧/٥ .

إِبْرَاهِيمَ ، وَقِهِ بِرَحْمَتِكَ عَذَابَ الْجَحِيمِ ، وَأَبْدِلْهُ دَاراً خَيْراً مِنْ دَارِهِ ، وَأَهْلاً خَيْراً مِنْ أَهْلِهِ ، اللهمَّ اغْفِرْ لأَسْلافِنَا ، وَأَفراطِنَا ، وَمَنْ سَبَقَنَا بِالإِيَمَانِ) فَحَسَنٌ [1] .

واتە : خوایە لە سزاو ئازاری گۆڕە بیپارێزە ، یا دەڵێ : خوایە بیکە تۆبشو و پاداشتێك بۆ دایك و باوکی ، بیکە تکا کارێکی داوا وەرگێراو ، خوایە بەهۆی ئەوە تەرازوی خێرو چاکەیان گران و تەژیکە ، خێرو پاداشتیان زۆرو زەوەند بکە ، خوایە بە ئیماندارە چاکەکانی بگەینیەوە ، لەژێر سەرپەرشتی حەزرەتی ئیبراهیمی دابنێ، خوایە بە بەزەیی خۆت لە سزای دۆزەخی بپارێزە ، خوایە مال و خانوو و خانەوادەی دونیای بۆ بەهی باشتر لەدوا ڕۆژ و لای خۆت بگۆڕیەوە ، خوایە لە پێشینەکان و لە ڕابواردەکانمان خۆشبە ، وە لەو کەسانەش خۆش بە کە بە ئیمان وە پێش ئێمە کەوتونە ، ئەوە خێرو چاکە)ئمەیان چاکە .

٢/١٦١- ﴿اللهمَّ اجْعَلْهُ لَنَا فَرَطاً ، وَسَلَفاً ، وأَجْراً﴾ [2] .

خوایە ئەم منداڵە مردووە بۆمان بکەیتە پاداشت و تێشو و خێرو پێشباری چاك لەدوا ڕۆژدا .

---

(١) انظر، : المغني لابن قدامة ٤١٦/٣ والدروس المهمة لعامة الأمة للشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز حفظه الله ص ١٥ .

(٢) (كان الحسن يقرأ على الطفل بفاتحة الكتاب ويقول . . . .) أخرجه البغوي في شرح السنة ٣٥٧/٥ و عبدالرزق برقم ٦٥٨٨ ، وعلقه البخاري في كتاب الجنائز ، ٦٥ باب قراءة فاتحة الكتاب على الجنازة ١١٣/٢ .

٥٧- دوعای سەرە خۆشی لێکردن

١٦٢- إِنَّ للهِ مَاأَخَذَ وَلَهُ مـاأَعْطَى وَكُـلُّ شَـيْءٍ عِنْـدَهُ بِأَجَـلٍ مَـسَمًّى . . . . فَلْتَصْبِرْ وَلْتَحْتَسِبُ [١] .

وَإِنْ قَالَ : أَعْظَمَ اللهُ أَجْرَكَ ، وَأَحْسَنَ عَزَاءَكَ وَغَفَرَ لِمَيِّتِكَ فَحَسَنٌ [٢] .

واتە : ئەوەی کە خوا دەیبا هی خوایە ، وە ئەوەی کە دەشـیدا هـەر هـی خوایە ، هەموو شتێك لەلای ئەو بە کاتێکی دیاریکراو و بڕاوەیـەو ، مـاوەی ژیانی خۆی هەیە ، بۆیە ئارام بگرەو ڕازیبە بەقەزاو قەدەرو بـەو موسـیبەتە ، تاخیرو پاداشتت پێ بگات .

یا با بڵێ : خوا خێرو پاداشتت بەهۆی ئەوە زۆر کـا ، خـوا سەرەخۆشـیت چاك و جوان بکا ، خوا لە مردوت خۆش بێت ، ئەوە چاکە .

٥٨- دوعای کاتی مردوو خستنە ناو گۆڕ

١٦٣- بِسْمِ اللهِ وَعَلَى سُنَّةِ رَسُولِ اللهِ [٣] .

واتە : بەناوی خوا ، لەسەر سوننەت و ڕێبازی خوا .

---

(١) البخاري ٨٠/٢ ومسلم ٦٣٦/٢ .

(٢) الأذكار للنووي ص ١٢٦ .

(٣) أبو داود ٣١٤/٣ بسند صحيح وأحمد بلفظ بسم الله وعلى ملة رسول الله وسنده صحيح .

٥٩- دوعای دوای شاردنەوەی مردوو

١٦٤- ﴿اللهمَّ اغْفِرْ لَهُ اللهمَّ ثَبِّتْهُ﴾ [١] .

واتە : خوایە لێی خۆشبە ، خوایە خۆ ڕاگرو دامەزراوی بکە .

٦٠- دوعای سەردانی کردنی گۆڕەکان

١٦٥- السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الدِّيَارِ ، مِنَ الْمُؤمِنينَ وَالْمُسْلِمينَ ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ الله بِكُمْ لاَ حِقُونِ (وَيَرْحَمُ الله الْمُسْتَقْدِمينَ مِنّا وَالْمَسْتَأخِرِينَ) أَسْأَلُ اللهَ لَنَا وَلَكُمُ الْعَافِيَةَ [٢] .

واتە : سەلامی خواتان لێبێ ئەی خەڵکی گۆڕەکان لە ئیماندارو موسڵمانان ، بە ویستی خوا ئێمەیش بە ئێوە دەگەین ، خوا ڕەحم بە پێشکەوتوەکانمان و بە پاشکەوتوەکانمان بکات ، ئەوانەی کە پێش ئێمە مردوون و ، ئەوانەیش لە دوای ئێمە دەمرن ، لە خوای گەورە بۆ خۆمان و بۆ ئێوەش داوای سەلامەتی و لێبوردن دەکەین .

---

(١) كان النبي ﷺ إذا فرغ من دفن الميت وقف عليه وقال : (استغفروا لأخيكم وسلوا له التثبيت ، فإنه الآن يسأل) أبو داود ٣١٥/٣ والحاكم وصححه ووافقه الذهبي ٣٧٠/١ .

(٢) مسلم ٦٧١/٢ ، وابن ماجه واللفظ له ٤٩٤/١ عن بريدة ، وما بين المعكوفين من حديث عائشة (خوای لێ رازی بێت) عند مسلم ، ٦٧١/٢ .

٦١- دوعای کاتی باهاتن و با هەڵکردن

١/١٦٦- ﴿اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَيْرَهَا ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا﴾ [١] .

واتە : خوایە داوای خێرو چاکەی ئەم بایەت لێدەکەم ، بەتۆ خۆم لەزەرەرو زیان و خراپەی دەپارێزم .

٢/١٦٧- ﴿اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَيْرَهَا ، وَخَيْرَ مَا فِيهَا ، وَخَيْرَ مَا أُرْسِلَتْ بِهِ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا ، وَشَرِّ مَا فِيهَا، وَشَرِّ مَا أُرْسِلَتْ بِهِ﴾ [٢] .

واتە : خوایە داوای خێرو چاکەی ئەوەی کەبۆت ناردووە لێت دەکەم ، وە بەتۆ خۆم لەزەرەرو زیان و خراپەی ئەم بایەو هەرچی تیایەتی و ئەوەی کەبۆت ناردووە لێت دەکەم .

٦٢- دوعای کاتی بروسك گرمەو هەورە تریشقە

١٦٨- ﴿سُبْحَانَ الَّذِي يُسَبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِهِ وَالْمَلَائِكَةُ مِنْ خِيفَتِهِ﴾ [٣] .

واتە : پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە هەورە تریشقە بە گرمە گرمی خۆی سوپاس و ستایشی خۆی دەکا ، فریشتەکانیش بە نادیاری و بەنهێنی خۆیان سوپاس و ستایش دەکەن .

---

(١) أخرجه أبو داود ٣٢٦/٤ وابن ماجه ١٢٢٨/٢ وانظر، صحيح ابن ماجه ٣٠٥/٢ .

(٢) مسلم ٦١٦/٢ والبخاري ٧٦/٤ .

(٣) كان عبدالله بن الزبير إذا سمع الرعد ترك الحديث وقال . . .) الحديث ، الموطأ ٩٩٢/٢ وقال الألباني صحيح الإسناد موقوفاً .

٦٣- هەندێ لە دوعاکانی کاتی باران

نەبارین و داوای باران بارین کردن

١/١٦٩- ﴿اللهمَّ أسْقِنَا غَيْثاً مُغِيثاً مَرِيئاً مَرِيعاً ، نَافِعاً غَيْرَ ضَارٍّ ، عَاجِلاً غَيْرَ آجِلٍ﴾ [١] .

واتە : خوایە ئاومان بدەو تێر ئاومان بکە بە بارانێکی بە لێزمەو بە خورۆ، سەوزکەری گژو گیاو بەپیت و بەفەرۆ بەسودو بێ زیان بێ ، هەر ئێستا بۆ مان ببارێنەو دوای مەخە .

٢/١٧٠- ﴿اللهمَّ أغِثْنَا ، اللهمَّ أغِثْنَا اللهمَّ أغِثْنَا﴾ [٢] .

واتە : خوایە فریامان بکەوەو بارانمان بۆ ببارێنە ، خوایە فریامان بکەوەو بارانمان بۆ ببارێنە خوایە فریامان بکەوەو بارانمان بۆ ببارێنە .

١٧١- ﴿اللهمَّ اسْقِ عِبَادَكَ ، وَبَهَائِمَكَ ، وَانْشُرْ رَحْمَتَكَ ، وَأَحْيِ بَلَدَكَ الْمَيِّتَ﴾ [٣] .

واتە : خوایە بەندەکانی خۆت و گیانلەبەرەکانی خۆت ئاوبدەو تێر ئاویان بکە بە بارانێکی بەپیت و بەرەحمەت ، خوایە رەحمەت و بەرەکەتی خۆت

---

(١) أبو داود ٣٠٣/١ وصححه الألباني في صحيح أبو داود ٢١٦/١ .

(٢) البخاري ٢٤٤/١ ومسلم ٦١٣/٢ .

(٣) أبو داود ٣٠٥/١ وحسنه الألباني في صحيح أبي داود ٢١٨/١ .

لەزەویدا پەرش‌و بلاّوبکەوە ، خوایە خاك و ولاّتـی مـردووی خـۆت ئـاوەدان و زیندوو بکەوە .

٦٤- دوعا کردنی کاتی باران بارین

١٧٢- ﴿اللهمَّ صَيِّباً نَافِعاً﴾ (١) .

واتە : خوایە ئەم بارانە بارانێکی بەسوودو بەفەرِ بێت .

٦٥- زیکری دوای باران بارین

١٧٣- ﴿مُطِرْنَا بِفَضْلِ اللهِ وَرَحْمَتِهِ﴾ (٢) .

واتە : بەفەزلّ و سـۆزو بەخـشش و ڕەحمـەتی خـوای گـەورە ئـاودراین و بارانمان بۆ باری و تێراوکراین .

٦٦- دوعای خۆشکردنەوەی باران

١٧٤- ﴿اللهمَّ حَوَالَيْنَا وَلاَ عَلَيْنَا ، اللهمَّ عَلَى الآكَامِ وَالظِّرابِ ، وَبُطُونِ الأَوْدِيَةِ ، وَمَنَابِتِ الشَّجَرِ﴾ (٣) .

واتـە : خوایـە بەڕەحمـەت و بەبەرەکـەت لەدەوروبـەرمان ببارێنـە نـەك لەسەرمان ، ببێتە بەلاو خەشم و زیانمان پێ بگێنێ ، خوایـە لەسـەر گـردو تەپۆلکەو قوتە شاخ و لە دۆلّ و شێوەکان و بۆ دارودرەختەکانی ببارێنە .

---

(١) البخاري مع الفتح ٥١٨/٢ .

(٢) البخاري ٢٠٥/١ ومسلم ٨٣/١ .

(٣) لبخاري ٢٢٤/١ ومسلم ٦١٤/٢ .

٦٧- دوعای مانگ دیتن (هیلال)

١٧٥- الله أَكْبَرُ ، اللهمَّ أَهِلَّهُ عَلَيْنَا بِالأَمْنِ وَالإِيَمَانِ ، وَالسَّلاَمَةِ وَالإِسْلاَمِ ، والتَّوفِيقِ لِمَا تُحِبُّ رَبَّنَا وَتَرْضَى ، رَبُّنَا وَرَبُّكَ الله [١] .

واتە : خوا گەورەیە ، خوایە ئەم مانگەمان لەسەر هەڵێنە بەخێرو خۆشی و ئاشتی و ئیمان و ئیسلام و سەلامەتی، بەدەستگرتن و سەرخستن و هاوکاریت بۆ ئەو شتەی کە پەروەردگارمان پێی خۆشەو پێی ڕازییە ، ئەی مانگ ئاگادارمان بزانە کە پەروەردگاری تۆو ئێمەیش تەنها خوای گەورەیە کە (الله)یە ، تاك و تەنیاو بێ شەریکە .

٦٨- دوعای کاتی بەربانگ و ڕۆژو شکاندن

١٧٦/١- ﴿ذَهَبَ الظَّمَأُ وَابْتَلَّتِ الْعُرُوقُ ، وَثَبَتَ الأَجْرُ إِنْ شَاءَ الله﴾ [٢] .

واتە : ئەو تێنوەتیەی کە هەمان بوڕۆیشت و ڕەویەوە، ڕەگو دەمارە تێنووچرچەکان تەڕ بوونەوەو بووژانەوە ، ئەگەر خواش حەز بکا خێرو پاداشتیشمان مسۆگەرو چەسپاوە .

٢/١٧٧- ﴿اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ بِرَحْمَتِكَ الَّتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ أَنْ تَغْفِرَ لِي﴾ [١]

---

(١) الترمذى ٥٠٤/٥ والدارمي بلفظة ٣٣٦/١ وانظر، صحيح الترمذي ١٥٧/٣ .

(٢) أخرجه أبو داود ٣٠٦/٢ وغيره صحيح الجامع ٢٠٩/٤ .

واتە : خوایە من بەو ڕەحمەتەت کە هەموو شتێکی گرتۆتەوەو داپۆشیوە داوات لێدەکەم کە لێم خۆش بێت .

٦٩- دوعای پێش نان خواردن

٣/١٧٨- ﴿إِذَا أَكَلَ أَحَدُكُمْ طَعَاماً فَلْيَقُلْ بِسْمِ اللهِ ، فَإِنْ نَسِيَ فِي أَوَّلِهِ فَلْيَقُلْ بِسْمِ اللهِ فِي أَوَّلِهِ وَآخِرِهِ﴾ (٢) .

واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە خواردنی خوارد با بڵێ : بەناوی خوا ، جا ئەگەر لەسەرتادا ئەوەی لەبیرچوو با بڵێ : بەناوی خوا بۆ سەرەتاو کۆتایی.

٤/١٧٩- ﴿مَنْ أَطْعَمَهُ اللهُ الطَّعَامَ فَلْيَقُلْ اللهمَّ بَارِكْ لَنَا فِيهِ وَأَطْعِمْنَا خَيْراً مِنْهُ وَمَنْ سَقَاهُ اللهُ لَبَناً فَلْيَقُلْ اللهمَّ بَارِكْ لَنَا فِيهِ وَزِدْنَا مِنْهُ﴾ (٣) .

واتە : هەر کەسێك خوای گەورە خواردن و خۆراکێکی پێدا با بڵێ : خوایە بەرەکەتمان بۆ تیا بخەی، هەمیشە چاکتر لەو خواردن و خۆراکەمان پێ بدەی، ئەگەر یەکێك شیری خواردەوە، با بڵێ : خوایە بەرەکەتمان بۆ تیابخەو بۆمان زیاد بکەی.

---

(١) أخرجه ابن ماجه ٥٥٧/١ من دعاء عبدالله بن عمرو ، وحسنه الحافظ في تخريج الأذكار انظر، شرح الأذكار ٣٤٢/٤ .

(٢) أخرجه أبو داود ٣٤٧/٣ والترمذي ٢٨٨/٤ وانظر، صحيح الترمذى ١٦٧/٢ .

(٣) الترمذى ٥٠٦/٥ وانظر، صحيح الترمذى ١٥٨/٣ .

٧٠- دوعای دوای خواردن

١/١٨٠- ﴿الْحَمْدُ للهِ الَّذِي أَطْعَمَنِي هَـذَا وَرَزَقَنِيـهِ مِـنْ غَيْـرِ حَـوْلٍ مِنِّـي وَلاَ قُوَّةٍ﴾ [١].

واتە : سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کەبەبێ هێزو توانـاو دەسـەلآتی خۆم ، ئەم خواردن و خۆراك و رزق و رۆزییەی خوارد دام .

١٨١- ﴿الْحَمْدُ للهِ حَمْداً كَثِيراً طَيِّباً مُبَارَكاً فِيهِ ، غَيْرَ (مَكْفِيٍّ وَلاَ) مُـوَدَعٍ ، وَلاَ مُسْتَغْنَىً عَنْهُ رَبَّنَا﴾ [٢] .

واتە : سوپاس و ستایشێکی زۆر چاك و پاك و پـیرۆز بـۆ خـوای گـەورە ، خوایە پیت و بەرکەت بخەیتە ئەم خواردنە بە جۆرێ کە نەیبڕی و لێی نەگەرێ و وازی لێ نەینی ، خوایە ئێمە لەو خواردنە بێ نیازو بێ منەت نەکەی .

٧١- دوعای میوان بۆ خاوەن مالْ

١٨٢- ﴿اللهمَّ بَارِكْ لَهُمْ فِيمَا رَزَقْتَهُمْ وَاغْفِرْ لَهُمْ وَارْحَمْهُمْ﴾ [٣] .

واتە : خوایە ئەوەی کە بەخشیویانەو دەرخۆدیـان دایـن بۆیـان بـەپیت و پیرۆز بکەو بەرەکەتیان بۆ تێ بخەی ، خوایە لێیان خـۆش بـی و رەحمیـان پـێ بکەیت .

---

(١) أخرجه أصحاب السنن إلا النسائى وانظر، صحيح الترمذى ١٥٩/٣ .

(٢) البخاري ٢١٤/٦ والترمذي بلفظه ٥٠٧/٥.

(٣) مسلم ١٦١٥/٣ .

٧٢- دوعا كردن بۆ كەسێك كە ئاوت دەداتێ

١٨٣- اللهمَّ أَطْعِمْ مَنْ أَطْعَمَني وَاسْقِ مَنْ سَقَانِي [١] .

واتە : خوايە خواردن بدە ئەو كەسەی كە خواردنم پێ دەدا ، ئاو بدە ئەو كەسەی كە ئاوی بە مندا.

٧٣- دوعای بەربانگ شكاندن لەماڵێك

١٨٤- أَفْطَرَ عِنْدَكُمُ الصَّائِمونَ ، وَأَكَلَ طَعَامَكُمْ الأَبْرارُ - وَصَلَّتْ عَلَيْكُمُ الْمَلاَئِكَةُ [٢] .

واتە : ڕۆژوەوان لەلاتان بەربانگی كردەوە، خەڵكی چاك خواردنتانی خوارد فریشتەكانی خوا دوعاتان بۆ بكەن ، لەخوا بۆتان بپارێنەوەو داوای لێخۆشبوون تان بۆ بكەن .

---

(١) مسلم ١٢٦/٣ .

(٢) سنن أبي داود ٣٦٧/٣ ، وابن ماجه ٥٥٦/١ والنسائي في عمل اليوم والليلة برقم ٢٩٦-٢٩٨ ، ونص على أنه ﷺ يقوله إذا أفطر عند أهل بيت ، وصححه الألباني في صحيح أبي داود ٧٣٠/٢ .

٧٤- دوعای ڕۆژوەوان کاتێ کە خواردن دادەنرێ و هێشتا ڕۆژووی نەشکاندووە

١٨٥- (إِذَا دُعِيَ أَحَدُكُمْ فَلْيُجِبْ ، فَإِنْ كَانَ صَائِماً فَلْيُصَلِّ وَإِنْ كَانَ مُفْطِراً فَلْيَطْعَمْ) [١] وَمَعْنَى فَلْيُصَلِّ أَيْ فَلْيَدْعُ .

واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە داوەت کرا با بچێ ، ئەگەر بە ڕۆژوو بوو با دوعای خێر بکا ، وە ئەگەر بە ڕۆژووش نەبوو، با خواردن و داوەتەکە بخوا .

٧٥- ڕۆژووگر چی دەڵێ ئەگەر جنێویان پێدا

١٨٦- (إِنِّي صَائِمٌ ، إِنِّي صَائِمٌ) [٢] .

واتە : ڕۆژووگر لەو کاتە دەڵێ (من بەڕۆژووم ، من بە ڕۆژووم) پێویستە هەر گیز بەخراپ وەڵامیان نەداتەوە .

٧٦- دوعای کاتی بینینی نۆبەرەی میوەجات

١٨٧- ﴿اللهمَّ بَارِكْ لَنَا فِي ثَمَرِنَا ، وَبَارِكْ لَنَا فِي مَدِينَتِنَا وَبَارِكْ لَنَا فِي صَاعِنَا ، وَبَارِكْ لَنَا فِي مُدِّنَا﴾ [٣] .

واتە : خوایە بەرەکەت بخەیتە بەروبوم و میوەجاتمان ، خوایە شارو وڵاتمان پاك و پیرۆز بکەی ، خوایە بەرەکەت بخەییە مشت و ڕبەو کێش و پێوانەمان .

---

(١) مسلم ١٠٥٤/٢

(٢) البخاري مع الفتح ١٠٣/٤ ومسلم ٨٠٦/٢ .

(٣) مسلم ١٠٠٠/٢

٧٧- دوعای پژمین

١٨٨- ﴿إِذَا عَطَسَ أَحَدُكُمْ فَلْيَقُلْ الْحَمْدُ للهِ ، وَلْيَقُلْ لَهُ أَخُوهُ أَوْصَاحِبُهُ : يَرْحَمُكَ اللهُ ، فَإِذَا قَالَ لَهُ : يَرْحَمُكَ اللهُ ، فَلْيَقُلْ : يَهْدِيكُمُ اللهُ وَيُصْلِحُ بَالَكُم﴾ [١].

واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە پژمی با بڵێ : سوپاس بۆ خوا ، ئەوەی کە لەلایەتی با بڵێ : خوا ڕەحمت پێ بکا ، ئەوسا ئەویش با پێی بڵێ : خوا هیدایەتتان بداو حاڵ و باڵتان چاك و باش بکات .

٧٨- چی بەکافر دەگوترێ ئەگەر پژمی و سوپاسی خوای کرد

١٨٩/١- ﴿يَهْدِيكُمُ اللهُ وَيُصْلِحُ بَالَكُمْ﴾ [٢] .

واتە : پێی دەگوترێ ، خوا هیدایەتت بداو ، حاڵ و باڵت چاك و باش بکات .

٧٩- دوعا کردن بۆ کەسێك کەژنی مارە کردووە

١٩٠- ﴿بَارَكَ اللهُ لَكَ ، وَبَارَكَ عَلَيْكَ ، وَجَمَعَ بَيْنَكُمَا فِي خَيْرٍ﴾ [٣] .

واتە : خوا بەرەکەت بخاتە ژن مارەکردنەکەت و لێت پیرۆز بکاو ، لەسەرت پیرۆز بکا ، خوا هەردووکتان لە خێرو خۆشی و کامەرانیدا کۆ بکاتەو ژیانێکی پڕ لە ئاسوودە بەسەر بەرن .

---

(١) البخاري ١٢٥/٧.

(٢) الترمذى ٨٢/٥ وأحمد ٤٠٠/٤ وأبو داود ٣٠٨/٤ ، ونظر : صحيح الترمذي ٣٥٤/٢ .

(٣) أخرجه أصحاب السنن النسائى وانظر، صحيح الترمذي ٣١٦/١ .

٨٠- ئەو کەسەی کە ژنی مارە کردووە یا ولاخە بەرزەیەکی کرپیوە چ دوعایەك بۆ خۆی دەکات

١٩١- ﴿إِذَا تَزَوَّجَ أَحَدُكُمُ امْرَأَةً ، أَوْ إِذَا اشْتَرَى خَادِماً فَلْيَقُلْ : اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَيْرَهَا وَخَيْرَ مَا جَبَلْتَهَا عَلَيْهِ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا وَشَرِّ مَا جَبَلْتَهَا عَلَيْهِ ، وَإِذَا اشْتَرَى بَعِيراً فَلْيَأْخُذْ بِذِرْوَةِ سَنَامِهِ وَلْيَقُلْ مِثْلَ ذلِكَ﴾ [١] .

واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە ژنێکی مارە کرد یا ولاخ و کارەکەرەیەکی خزمەتکارێکی کڕی با بڵێ ، خوایە داوای خێرو چاکەی ئەوەو ئەوەی کە پێی هاتووە لێت دەکەم ، خوایە خۆم دەپارێزم بەتۆ لە زەرەرو زیان و خراپەی ئەوەو ئەوەی کە ئەوە لەسەری هاتووەو لەبۆی هاتووە ، وە ئەگەر وشترێکی کڕی بە دەستی دە شوێنی هەرە بەرزی بگری کە سەر پشت و تەوقی سەریەتی و هەمان شت.

٨١- دوعای پێش چوونە لای خێزان و جیماع کردن

١٩٢- ﴿ بِسْمِ اللهِ اللهمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ ، وَجَنِّبِ الشَّيْطَانَ مَارَزَقْتَنَا﴾ [٢] .

واتە : بەناوی خوای گەورە ، خوایە شەیتانی پیسمان لێ دوور بخەیتەوە ، وە شەیتان لەوەشمان دوور بخەوە کە پێمان دەبەخشی.

---

(١) أبو داود ٢٤٨/٢ وابن ماجه ٦١٧/١ وانظر، صحيح ابن ماجه ٣٢٤/١ .

(٢) البخاري ١٤١/٦ ومسلم ١٠٢٨/٢ .

٨٢- دوعای کاتی تووڕە بوون

١٩٣- أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ [١] .

واتە : خوایە بەتۆ خۆم دەپارێزم لە شەیتانی بەدو نەفرەت لێکراو .

٨٣- دوعای ئەو کەسەی کە کەسێکی بە بەلاّو تاقی کراوە دەبینێت

١٩٤- الْحَمْدُ للهِ الَّذِي عَافَانِي مِمَّا ابْتَلاَكَ بِهِ وَفَضَّلَنِي عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقَ تَفْضِيلاً [٢] .

واتە : سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە منی ساغ و سەلامەت و بێ وەیی کردەوە، لەوەی کە تۆی پێ بەلادارو تاقی کردۆتەوە ، بەفەزڵ و چاکەی خۆی منی بەسەر زۆر لە دروستکراوەکانیدا هەڵبژاردووە .

٨٤- ئەوەی کە لە کۆڕو دانیشتن دا دەگوترێت

١٩٥- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رضى الله عنه) قَالَ : كَانَ يُعَدُّ لِرَسولَ الله ﷺ فِي الْمَجْلِسِ الْوَاحِدِ مِائَةُ مَرَّةٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَقُومَ (رَبِّ اغْفِرْ لِي وَتُبْ عَلَيَّ إِنَّكَ أَنْتَ التَّوَّابُ الغَفُورُ) [٣].

---

(١) البخاري ٩٩/٧ ومسلم ٢٠١٥/٤ .

(٢) الترمذى ٤٩٤/٥ و ٤٩٣/٥ وانظر، صحيح الترمذي ١٥٣/٣ .

(٣) الترمذي وغيره، وانظر، صحيح الترمذي ١٥٣/٣ وصحيح ابن ماجه ٣٢١/٢ ولفظه الترمذي .

واتە : لە عبدالله ی کوڕی ئیمامی عومەر دەگێڕنەوە کە دەڵێ : پێغەمبەر ﷺ لەیەك کۆڕو دانیشتندا پێێش ئەوەی هەستێ ، (١٠٠)جار دەیگووت : ئەی خوایە لێم خۆشبە ، تۆبەم لێ قەبوڵ بکە ، چونکە هەر تۆ تەوبە قەبول دەکەی .

٨٥- کەفارەتدانی کۆڕو دانیشگەکان.

١٩٦- ((سبحانك اللهم و بحمدك، اشهد ان لا اله الا انت، أستغفرك واتوب اليك))[1].

واتە: خوایە پاکی‌و بێ گەردی و سوپاس و ستایشی بۆ تۆی بەرزو بەرێز، گەواهی دەدەم کە هیچ خوایەك نییە تەنها تۆ بیت، داوا لێخۆش بوون لەتۆ دەکەم، وەهەربۆلای تۆش دەگەڕێمەوە تەوبە دەکەمو پەشیمان دەبمەوە.

٨٦- دوعا کردن بۆ ئەو کەسەی کە پێت دەڵێ خوا لێت خۆش بێت

١٩٧- (وَلَكَ) [2] .

---

(١) اخرجه اصحاب السنن وانظر صحيح الترمذي ١٥٣/٣، وقد ثبت ان عائشة (رضى الله عنهما) قالت: ماجلس رسول الله (ﷺ) مجلسا، ولا تلى قرآنا، ولا صلى صلاة الا ختم ذلك بكلمات.. الحديث، اخرجه النسائي في عمل اليوم والليلة برقم ٣٠٨، واحمد ٧٧/٦ وصححه الدكتور فاروق حمادة في تحقيقه لعمل اليوم والليلة للنسائي، ص٣٧٣.

(٢) أحمد ٨٢/٥ والنسائي في عمل اليوم والليلة ص ٢١٨ برقم ٤٢١ تحقيق الدكتور فاروق حمادة .

سوننەتە تۆش بەو کەسە بڵێی : خوا لەتۆش خۆش بێت .

٨٧- دوعا کردن بۆ کەسێك چاکەت لەگەڵدا دەکات

١٩٨- ﴿جَزَاكَ اللهُ خَيْراً﴾ [١] .

واتە : خوا پاداشتی خێرو چاکەت بداتەوە .

٨٨- ئەوەی کە خوا مرۆڤی پێ لە دەججال دەپارێزێ

١٩٩- ﴿مَنْ حَفِظَ عَشْرَ آيَاتٍ مِنْ أَوَّلِ سُورَةِ الْكَهْفِ عُصِمَ مِنَ الدَّجَّالِ﴾ [٢] .

واتە : هەرکەسێ (١٠)ئایەت لەسەرتای سورەتی (الکهف) لەبەر بکا ، خوای گەورە لە شەڕو شۆڕو ئاشوب و ئازاوەی دەججالی دەپارێزێ کە بریتییە لە ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ عَلَىٰ عَبْدِهِ ٱلْكِتَٰبَ وَلَمْ يَجْعَل لَّهُۥ عِوَجَا ۜ ۝١ قَيِّمًا لِّيُنذِرَ بَأْسًا شَدِيدًا مِّن لَّدُنْهُ وَيُبَشِّرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا حَسَنًا ۝٢ مَّٰكِثِينَ فِيهِ أَبَدًا ۝٣ وَيُنذِرَ ٱلَّذِينَ قَالُوا ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدًا ۝٤ مَّا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ وَلَا لِءَابَآئِهِمْ ۚ كَبُرَتْ كَلِمَةً تَخْرُجُ مِنْ أَفْوَٰهِهِمْ ۚ إِن يَقُولُونَ إِلَّا كَذِبًا ۝٥ فَلَعَلَّكَ بَٰخِعٌ نَّفْسَكَ عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِمْ إِن لَّمْ يُؤْمِنُوا بِهَٰذَا ٱلْحَدِيثِ أَسَفًا ۝٦ إِنَّا

---

(١) أخرجه الترمذي رقم ٢٠٣٥ وانظر، صحيح الجامع ٦٢٤٤ وصحيح الترمذي ٢/٢٠٠ .

(٢) مسلم ١/٥٥٥ وفي رواية من آخر الكهف ١/٥٥٦ .

جَعَلْنَا مَا عَلَى ٱلْأَرْضِ زِينَةً لَّهَا لِنَبْلُوَهُمْ أَيُّهُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ﴿٧﴾ وإِنَّا لَجَـٰعِلُونَ مَا عَلَيْهَا صَعِيدًا جُرُزًا ﴿٨﴾ أَمْ حَسِبْتَ أَنَّ أَصْحَـٰبَ ٱلْكَهْفِ وَٱلرَّقِيمِ كَانُوا۟ مِنْ ءَايَـٰتِنَا عَجَبًا ﴿٩﴾ إِذْ أَوَى ٱلْفِتْيَةُ إِلَى ٱلْكَهْفِ فَقَالُوا۟ رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا ﴿١٠﴾ ﴾ (سـورة الكهف).

واتە: سوپاس‌و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە قورئانی دابەزندۆتـە سـەر موحەممەدی بەندەی خۆی، ئەو قورئانەی کەهیچ جۆرە هەڵەو خواری‌و خێچی‌و کەموکوڕییەکی تیا نییە، بـەڵکو قورئـانێکی زۆر تێـرو تـەواو ڕێـك پێـك‌و ڕەوایە، تا لـەلای خۆیـەوە ئـەو کەسانەبەسـزایەکی تونـدو بـەتین بترسـێنێ کەبڕوایان پێی نییە، وەمژدەش بداتە ئەو ئیماندارانەی کەکارو کردەوەی چاك دەکەن، بەوەی کەخێرو پاداشتێکی زۆر چاك‌و نەبڕاوەیان بۆ هەیە کەبریتییـە لە بەهەشت، کە بەهەمیشەیی تیایدادەمێننەوەو گوزەر دەکەن، وەبـۆ ئـەوەی ئەوکەسانەش بترسێنێ کە دەیانگوت خوا منـدالّی هەیـە، کەچـی نـەخۆیان نەباو باپیرانیـان هـیچ زانسـت‌و زانیاریـەکیان بەوەنەبووە،بۆیـە ئـەوە قسـەو بوهتانێکی زۆر گەورەیەکەلەزارو دەمیان دێتە دەرەوە بەرانبەر بەخوای گەورە دەیکەن، چونکە ئـەوە تـەنها درۆیەکـە دەیڵـێن، ئـەی موحەمـمـەد خەریکـە لەبەرکارو کردەوەی بەدی ئەوانە خۆت لەناوبەری یانەگەر ئیمان بەم قورئانە نەهێنن خۆت بکوژی،وامەکە،بەڕاستی ئەوەی کەئێمە لەسەر زەویـدا دامـان

ناوەو زەوی مان پێ رازاندۆتەوەو، خێـرو خۆشـیمان بەخـەڵك داوە، بۆئەوەیـە ئاخۆ کامەتان باشترین کارو کردەوە دەکەن، دەنا ئەوەی کەلەسەر ئەم زەویەیـە لەمـەودوا هەمووی دەکەینە زەویەکی تەختو وشك‌و بریـشك‌و رووتـەن، ئایـا نەتزانی ئەو هاوەڵانەی کەلەبەر بێدینی دارو دەسەڵاتی دونیا پەنایان بردە بەر ئەشکەوتەکەو ناریان لەتابلۆیەکی بەردیندا نووسرا، بوونە یەکێك لە بەڵگەو نیشانە سەیرو سەمەرکانی ئێمە، کاتـێ کۆمـەڵـە گـەنجێك پـەنایان بردەبـەر ئەشکەوتەکەو گوتیان: خوایە لەلایەنخۆتەوە رەحمەتێك پێببەخـشە، وەرێگـە چارەیەکیشمان بۆ فەراهەم بێنە لەو کارو ژیانەی کەتیایـداین، تاقوتارمـان ببێت.

وە پەنا گرتن بە خـوای گـەورە لـە ئاشـوب و ئـاژاوەی دەججـال لـەدوای تەحیاتی کۆتایی لە هەموو نوێژێك ، واتـە : خوێنـدنی دەقـی (اللـهم إنـي اعوذبك من عذاب القبر ومن عذاب النار ومن فتنة المحيـا والممـات ومـن فتنه مسيح الدجال)

٨٩- دوعاکردن بۆ ئەو کەسەی کە پێت دەڵێ من لەبەر خوا تۆم خۆش دەوێ

٢٠٠- أَحَبَّكَ الَّذي أَحْبَبْتَني لَهُ [1] .

---

(١) أخرجه أبو داود ٤/٣٣٣ ، وحسنه الألباني في صحيح سنن أبي داود ٣/٩٦٥ .

واتە : یاخوا ئەو خوایە تۆی خۆش بوێ کە تۆ لەبەر ئەو منت خۆش دەوێت .

٩٠- دوعا کردن بۆ ئەو کەسەی کە سامانی خۆت پێشان دەدات

٢٠١- بَارَكَ اللهُ لَكَ فِي أَهْلِكَ وَمَالِكَ [١] .

واتە : خوا بەرەکەت بخاتە مالّ و خانەوادەت، لێتی پیرۆز بکات .

٩١- دوعا کردن بۆ خاوەن قەرز لەکاتی قەرز دانەوەی

٢٠٢- بَارَكَ اللهُ لَكَ فِي أَهْلِكَ وَمَالِكَ ، إِنَّمَا جَزَاءُ السَّلَفِ الْحَمْدُ وَالأَدَاءُ [٢].

واتە : خوا بەرەکەت بخاتە سەرو مالّ و خێزانت ، بەڕاستی خێرو پاداشتی قەرزدەر هەر سوپاس کردن و قەرز پێدانەوەو دوعا بۆ کردنە .

٩٢- دوعای لەشیرك ترسان

٢٠٣-اللهمَّ إِنِّي أَعُوذُبِكَ أَنْ أُشْرِكَ بِكَ وَأَنَا أَعْلَمُ ، وَأَسْتَغْفِرُكَ لِمَا لاَ أَعْلَمُ[٣].

---

(١) البخاري مع الفتح ٨٨/٤ .

(٢) أخرجه النسائي في عمل اليوم والليلة ص ٣٠٠ وابن ماجه ٨٠٩/٢ وانظر، صحيح ابن ماجه ٥٥/٢ .

() ٣أحمد ٤٠٣/٤ وغيره وانظر، صحيح الجامع ٢٣٣/٢ وصحيح الترغيب والترهيب للألباني ١٩/١.

واتە : خوایە خۆم بەتۆ دەپارێزم لەوەی کە شـەریکت بـۆ پەیـدا بکـەم، بشزانم کەئەوە شیرکە، داوای لێخۆشبونت لێ دەکەم لەوەی کە نایزانم شـیرکەو دەیکەم .

٩٣- دوعا کردن بۆ ئەو کەسەی کە پێت دەڵێت خوا ئەو شتەت لێ پیرۆز بکات

٢٠٤- وَفِيْكَ بَارِكَ اللهُ [1] .

واتە : دەبێ تۆش لەبەرانبەردا پێی بڵێی : خوا لەتۆش پیرۆز بکات .

٩٤- دوعای وەلانان و بێزاندنی شومی و ڕەشبینی

٢٠٥- ﴿اللهمَّ لاَ طَيْرَ إلاَّ طَيْرُكَ ، وَلاَ خَيْرَ إلاَّ خَيْرُكَ ، وَلاَ إلَهَ غَيْرُكَ﴾ [2] .

واتە : خوایە هیچ بالّندەو مەترسی و ڕەشبینیەك نیە تەنها هی تۆ نەبێ ، خوایە هیچ خێرو خۆشی و چاکەیەك نیە تەنها هی تۆ نەبێ، هیچ خوایەکی بەهەق نیە جگە لەتۆ .

() ١أخرجه ابن السني ص ١٣٨ برقم ٢٧٨ وانظر، الوابل الصيب لابن القيم ص ٢٠٤ تحقيق بشير محمد عيون .

(٢) أحمد ٢/٢٢٠ وابن السني برقم ٢٩٢ وصححه الألباني في الأحاديث الصحيحة ٣/٥٤ ، رقم ١٠٦٥ وصححه الألباني في الأحاديث الصحيحة ٣/٥٤ ، رقم ١٠٦٥ ، أما الفأل فكان يعجب النبي ﷺ ولهذا سمع من رجل كلمة طيبة فأعجبه فقال (أخذنا فألك من فيك) أبو داود وأحمد ، وصححه الألباني في الصحيحة ٢/٢٦٣ عند أبي الشيخ في أخلاق النبي ﷺ ص ٢٧٠ .

٩٥- دوعای سواربوون

٢٠٦-بِسْمِ الله ، الْحَمْدُ لله ﴿سُبْحَنَ الَّذِي سَخَّرَ لَنَا هَذا وَمَا كُنَّا لَهُ مُقْرِنِين وَإِنَّآ إِلى رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ﴾ (الْحَمْدُ لله ، الْحَمْدُ لله ، الْحَمْدُ لله ، الله أكْبرُ،الله أكْبرُ،سُبْحَانَكَ اللهمَّ إنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي فَاغْفِرْ لِي، فإنَّهُ لاَ يَغْفِرُالذُّنوبَ إلاَّ أنْت)[1].

واتە : بەناوی خوا ، سوپاس بۆ خوا ، پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە ئەوەی بۆ ڕام و ژێر دەستە کردووین ، ئەگەرنا هیچ دەسەلاتێکمان بەسەریدا نیەو نەمان دەتوانی سواری بین، ئێمە لە ڕۆژی دواییی بەرەو پەروەردگارمان دەگەڕێینەوە ، بۆ حەشرو حیساب و لێپرسینەوەمان ، سوپاس بۆ خوا ، سوپاس بۆ خوا ، سوپاس بۆ خوا ، خوا گەورەیە ، خوا گەورەیە ، خوا گەورەیە ، ، خوایە پاکی و بێگەردی بۆ تۆ ، بەڕاستی من ستەمم لەخۆم کردم بەهۆی ئەو گوناهانەی کە کردم ، خۆم شایستەی دۆزەخ و خەشم و ناڕەزایی تۆ کرد ، دەلێم خۆشبە ، چونکە هیچ کەس لە گوناە و تاوانەکان خۆش نابێت تەنها تۆ نەبیت .

٩٦- دوعای سەفەرو گەشت کردن

٢٠٧- الله أكْبَرُ ، الله أكْبَرُ ، الله أكْبَرُ ﴿سُبْحَنَ الَّذِي سَخَّرَ لَنَا هَذا وَمَا كُنَّا لَهُ مُقْرِنِينَ وَإِنَّآ إِلى رَبِّنَا لَمُنقَلِبُونَ ١٤﴾ (اللهمَّ إنَّا نَسْأَلُكَ فِي سَفَرِنَا هَذاَ الْبِرَّ والتَّقْوَى ، وَمِنَ الْعَمَلِ مَا تَرْضَى ، اللهمَّ هَوِّنْ عَلَيْنَا سَفَرَنا هَذا وَاطْوِ عَنَّا بُعْدَهُ ،

---

(١) أبو داود ٣٤/٣ والترمذي ٥٠١/٥ وانظر، صحيح الترمذي ١٥٦/٣ .

اللهمَّ أَنْتَ الصَّاحِبُ) إِنِّي أعُوذُ بِكَ مِنْ وَعْثَاءِ السَّفَرِ ، وَكَآبَةِ الْمَنْظَرِ ، وَسُوءِ الْمُنْقَلَبِ فِي الْمَالِ والأَهْلِ ، وإِذَا رَجَعَ قَالَهُنَّ وَزَادَ فِيهِنَّ : آيِبُونَ ، تَائِبُونَ ، عَابِدُونَ ، لِرَبِّنَا حَامِدُونَ﴾[1] .

واتە : خوا گەورەیە ، خوا گەورەیە ، خوا گەورەیە ، پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی کە ئەمەی بۆ ڕام و ژێر دەستە کردووین ، ئێمە تواناو دەسەلاتمان بەسەریدا نەبوو، ئێمە لە ڕۆژی دوایی بەرەو لای خوای خۆمان دەگەڕێینەوە ، خوایە ئێمە لەو گەشتەماندا داوای خێرو چاکەو تەقوا لەخۆ ترسانت لێدەکەین ، داوای کارێکت لێ دەکەین خۆت پێی ڕازیت ، خوایە ئەم سەفەرەمان لەسەر سوك و ئاسان بکەی ، دووریمان بۆ چرچ و کورت بکەیتەوە، خوایە تۆ تاکە هاوڕێ و خاوەنمی لەم سەفەرەدا، تاکە جێنشینی نێو مالّ و خێزانمی بۆ ئەوەی ئاگات لێیان بێ ، خوایە بە تۆ خۆم لەتالّی و ناسۆریەکان و ڕووداو و دیمەنە سەیرو دڵتەزێنەکان دەپارێزم ، وە بەتۆ خۆم لەوە دەپارێزم کە بەخراپەو ناخۆشی بگەڕێمەوە سەر مالّ و خێزان و ڕۆڵەکانم ، بەجۆرێ کە کارێکی خراپ و شایستەیان کردبێت ، کاتێکیش کە پێغەمبەر ﷺ لەسەفەر دەگەڕایەوە مالّەوە ، هەروای دەگووت و ئەوەشی زیاد دەکردو دەیگووت (خوایە وا لە گەشتەکەمان بەتەوبەو پەشیمانی و خواپەرستی و بەندایەتی و سوپاسگوزاریەوە بۆ پەروەردگارمان گەڕاینەوە) .

---

(١) مسلم ٩٩٨/٢ .

٩٧- دوعای چوونە ناو گوندو شارو ناوابیەك

٢٠٨- اللهمَّ رَبَّ السَّموَاتِ السَّبْع وَمَا أظْلَلْنَ ، وَرَبَّ الأَرَضِينَ السَّبْع وما أقْلَلْنَ ، وَرَبَّ الشَّيَاطِينِ ، وَمَا أضْلَلْنَ ، وَرَبَّ الرِّيَاحِ وَمَا ذَرَيْنَ أسألُكَ خَيْرَ هذه الْقَرْيَةِ وَخَيْرَ أهْلِهَا ، وَخَيْرَ مَا فيهَا ، وَأعُوذُبِكَ مِنْ شَرِّهَا ، وَشَرِّ أهْلِهَا ، وَشرِّ ما فيهَا [1] .

واتە : ئەی خوای پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکان و ئەوەی سێبەریان لێ دەکار رایان دەگرێو بەرێوەیان دەبات ، ئەی پەروەردگاری حەوت چینەکانی زەوی و ئەوەی کە هەڵیگرتووەو سواری سەریەکی کردوون ، ئەی پەروەردگاری شەیتانەکان و ئەوەی کە گومڕان دەکەن ، پەروەردگاری بایەکان و ئەوەی کە هەڵیان دەکەن و ، ئەوەی کە پێیانە ، داوای خێرو چاکەی ئەو گوندەو چاکترینی خەڵکی ئەو گوندەو ئەوەی کە تیایەتی لێت دەکەم ، وە خۆم دەپارێزم بەتۆ لەزەرەرو زیانی ئەو گوندەو خەڵکەکەی و ئەوەی کە تیایەتی .

---

(١) الحاكم وصححه ووافقه الذهبي ١٠٠/٢ وابن السني برقم ٥٢٤ وحسنه الحافظ في تخريج الأذكار ١٥٤/٥ قال ابن باز : ورواه النسائي بإسناد حسن انظر، تحفة الأخبار ص ٣٧ .

٩٨- دوعای چوونه نێو بازاڕ

٢٠٩- ﴿لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ ، يُحْيِي وَيُمِيتُ وَهُوَ حَيٌّ لاَ يَمُوتُ ، بِيَدِهِ الْخَيْرُ ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾[١] .

واتە : هیچ خوایەك نیە جگە لەو خوایەی کە (اللە)یەو تاك و تەنیاو بێ شەریکە ، سوپاس و مولك و دەسەلآت هەر بۆ ئەو خوایە ئەو خوایە ژیێنەرو مرێنەرە ، هەمیشە زیندووەو هەرگیز نامرێ ، خێرو چاکە بەدەست ئەوە ، وە لەسەر هەموو شتێکی ژیان و بوونەوەر تواناداڕە .

٩٩- دوعای کاتێ کە هۆکاری سواربوون جەنە دەیگرێ

٢١٠- ﴿ بِسْمِ اللهِ ﴾[٢] .

سوننەتە ئینسان ئەو کاتە بڵێ : بەناوی خوا .

١٠٠- دوعای گەشتیار بۆ ئەو کەسەی کە لەماڵ و ولآتە

٢١١- ﴿أَسْتَوْدِعُكُمُ اللهَ الَّذِي لاَ تَضِيعُ وَدَائِعُهُ﴾[٣] .

واتە : بە خواتان دەسپێرم کە هەرگیز سپاردەو ئەمانەتەکانی ون ناکات .

---

(١) الترمذي ٢٩١/٥ والحاكم ٥٣٨/١ وحسنه الألباني في صحيح ابن ماجه ٢١/٢ وفي صحيح الترمذي ١٥٢/٣ .

(٢) أبو داود ٢٩٦/٤ وصححه الألباني في صحيح أبي داود ٩٤١/٣ .

(٣) أحمد ٤٠٣/٢ وابن ماجه ٩٤٣/٢، وانظر، صحيح ابن ماجه ١٣٣/٢ .

١٠١- دوعای ئەو کەسەی لە ماڵەوەیە بۆ ئەوەی سەفەر دەکات

١/٢١٢- ﴿أَسْتَودِعُ اللهَ دِينَكَ ، وَأَمَانَتَكَ ، وَخَواتِيمَ عَمَلِكَ﴾ [١] .

واتە : ئایین و ئەمانەت و دوا کردەوەکانت بەخوای گەورە دەسپێرم .

٢/٢١٣- ﴿زَوَّدَكَ اللهُ التَّقْوَى ، وَغَفَرَ ذَنْبَكَ ، وَيَسَّرَ لَكَ الْخَيْرَ حَيْثُ مَا كُنْتَ﴾[٢] .

واتە : خوای گەورە تەقوات زیاد بکاو لە گوناە و تاوانەکانت خۆش بێ و ، خێرو چاکەت بۆ ئاسان بکات لەهەر کوێیەک بیت .

١٠٢- تەکبیرو تەسبیح کردن لە ڕەوتی ڕێگاو سەفەردا

٢١٤- قال جابر (رضى الله عنه) ﴿كُنَّا إِذَا صَعَدْنَا كَبَّرْنَا ، وَإِذَا نَزَلْنَا سَبَّحْنَا﴾ [٣] .

واتە : جابر هاوەڵی شکۆدار ﷺ دەڵێ : ئێمە لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ کاتێ سەر دەکەوتین و بەرەو بەرزایی دەچووین ، دەمانگوت (الله أكبر)، وە کاتێ کە دادەبەزین و بەرەو خوارەوە دەچووین دەمانگوت (سبحان الله) .

---

(١) أحمد ٧/٢ والترمذي ٤٩٩/٥، وانظر، صحيح الترمذي ١٥٥/٢.

(٢) الترمذي وانظر، صحيح الترمذي ١٥٥/٣ .

(٣) البخاري مع الفتح ١٣٥/٦ .

١٠٣- دوعای گەشتیار ئەگەر پارشێوی بەسەردا هات

٢١٥- سَمَّعَ سَامِعٌ بِحَمْدِ الله ، وَحُسْنِ بَلائِه عَلَيْنَا ، رَبَّنَا صَاحِبْنَا ، وَأَفْضِلْ عَلَيْنَا عَائِذاً باللهِ مِنَ النَّار [١] .

واتە : شایەت و گوێگرێك گوێی لەوە بوو کە سوپاس و ستایشمان لەسەر ئەو نازو نیعمەت و تاقی کردنەوانەبوو کەخوای گەورە لەگەڵ ئێمەدا کردی ، ئەی پەروەردگارمان هاوڕێیەتیمان بکەو نازو نیعمەت و بەخششی خۆتمان بەسەردا بڕێژە ، بەهۆی ئەوەی کە بەتۆ خۆمان لە ئاوری دۆزەخ دەپارێزین .

١٠٤- دوعای گەشتیار کاتێ لە گەشتەکەی یا لەوەختی تر دادەبەزێتە جێگایەك بۆ پاڵکەوتن و حەسانەوە

٢١٦- أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ الله التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ [٢] .

واتە : خوایە بەوتە پاك و پیرۆزو تێرو تەواوەکانت خۆم لەزەرەرو زیانی هەموو ئەوە دەپارێزم کە دروستت کردووە .

---

(١) مسلم ٢٠٨٦/٤ ومعنى سَمِعَ سَامِعٌ ، أي شهد شاهدٌ على حمدنا الله تعالى على نعمه وحسن بلائه ، ومعنى سَمَّعَ سامِعٌ : بلغ سامع قولي هذا لغيره وقال مثله تنبيهاً على الذكر في السحر والدعاء شرح النووي ٣٩/١٧ .

(٢) مسلم ٢٠٨٠/٤.

١٠٥- زيكرى گەڕانەوە لەسەفەر

٢١٧- يُكَبِّرُ عَلَى كُلِّ شَرَفٍ ثلاثَ تَكْبيراتٍ ثُمَّ يَقُولُ : لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللهُ وَحْـدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَـيْءٍ قَـدِيرٌ ، آيِبـونَ ، تَـائِبُون ، عَابِدُونَ ، لِرَبِّنَا حَامِدُونَ ، صَدَقَ اللهُ وَعْدَهُ ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ، وَهَزَمَ الأَحْزَابَ وَحْدَهُ [١].

واتە : سوننەتە كاتێ كە ئينسان بەرەو ماڵ و ئـاوايى گەڕايـەوە لەسـەر هەر بەرزاييەك سێ تەكبير (الله أكبر) لێ بداو ، پاشان بڵێ : هيچ خوايـەكى بەهەق نيە جگە لە (الله) كە تاك و تەنياو بێ شەريكە ، سوپاس و ستايش و مـوڵك و دەسەلاّت هەر بۆخوايە ، ئـەو خوايـەى كـە لەسـەر هـەموو شـتێك توانادارو بەدەسەلاّتە ، بەتەوبەو پەشيمانى و بەندايەتى و سوپاسگوزاريەوە بۆ خوا لەگەشتەكەمان گەڕاينەوە ، خوا وەعدى خۆى هێنايـە جـێ و ، بەنـدەى خۆى سەرخست و ، بەتەنيا لايەن و پارتەكانى تێك شكاندن .

١٠٦- ئينسان چى دەڵێ لەكاتى هاتنى شتێكى خۆش يا ناخۆش

٢١٨- كَـانَ إِذَا أَتَـاهُ الأَمْـرُ يَـسُرُّهُ قَـالَ : ﴿الْحَمْـدُ للهِ الَّـذِي بِنِعْمَتِـهِ تَـتِمُّ الصَّالِحَاتُ﴾ وإِذَا أَتَاهُ الأَمْرُ يَكْرَهُهُ قَالَ : (الْحَمْدُ للهِ عَلَى كُلِّ حَالٍ) ﴾ [٢] .

---

(١) كان النبـي ﷺ يقوله إذا قَفَلَ من غزو أو حَجٍّ ، البخاري ١٦٣/٧ ومسلم ٩٨٠/٢ .

(٢) أخرجه ابن السني في عمل اليوم والليلة والحاكم وصححه ٤٩٩/١ وصححه الألباني في صحيح الألباني في صحيح الجامع ٢٠١/٤ .

پێغەمبەر ﷺ ئەگەر شتێکی دڵخۆشکەری بۆ هاتبایە ، دەیگوت : سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایە بەرزو بەڕێزەی کە بەنازو نیعمەتی ئەو هەموو شتە چاك و پاکەکان تەواو دەبێت، ئەگەر کارێکی بۆ هاتبایە کە دڵتەنگ و نیگەرانی بکردبایە ، دەیفەرموو : سوپاس و ستایش بۆ خوای کردگار لە هەموو کات و سات و لەسەر هەموو حاڵ و بارێکدا .

١٠٧- خێرو پلەو پایەی سەلاوەت لێدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ

پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بەخێرو پلەو پایەی صەلاوەت لێدان لەسەر خۆی دەفەرموێ: :

١/٢١٩- قَالَ ﷺ (مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلاَةً صَلَّى عَلَيْهِ بِهَا عَشْراً)[١] .

واتە : هەر کەسێ تەنها یەك صەلاوەت لەسەر من لێبدا ، خوای گەورە لەبری ئەوە (١٠) صەلاوەت لەسەر ئەو لێ دەدات .

٢/٢٢٠- وَقَالَ ﷺ : (لاَ تَجْعَلُوا قَبْرِي عِيداً وَصَلُّوا عَلَيَّ ، فَإِن صَلاَتَكُمْ تَبْلُغُنِي حَيْثُ كُنْتُمْ) [٢] .

واتە : لەدوای مردنم گۆڕی من مەکەنە شوێنی ئاهەنگ و سەناو سەیران و ماتەمینی ، بەڵکو زۆر صەلاوەت لەسەر من لێبدەن ، چونکە لەهەر کوێیەك بن بێگومان سەلاوەتەکانتان پێم دەگات .

---

(١) أخرجه مسلم ٢٨٨/١ .

(٢) أبو داود ٢١٨/٢ وأحمد ٣٦٧/٢ وصححه الألباني في صحيح أبي داود ٣٨٣/٢.

٣/٢٢١- وَقَالَ ﷺ (الَبَخيلُ مَنْ ذُكِرْتُ عِنْدَهُ فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيَّ) [١] .

واتە : بەخیل و رژد ئەو کەسەیە کە ناوی منی لەلا دێ کەچی سەلاوەتم لەسەر لێ نادات .

٤/٢٢٢- وَقَالَ ﷺ ﴿إِنَّ لِلهِ ملائكةً سَيَّا حِينِ فِي الأَرْضِ يُبَلِّغُونِي مِنْ أُمَّتِي السَّلاَمَ﴾ [٢] .

واتە : خوا چەندان فریشتەی گەڕۆکی لە زەویدا هەن ، دەگەڕێن و دەسوڕێن سەلامی ئوممەتەکەم پێ ڕادەگەیەنن.

٥/٢٢٣- وَقَالَ ﷺ ﴿مَا مِنْ أَحَدٍ يُسَلِّمُ عَلَيَّ إِلاَّ رَدَّ اللهُ عَلَيَّ رُوحِي حَتَّى أَرُدَّ عَلَيْهِ السَّلاَمَ﴾ [٣] .

واتە : هەر کەسێ سەلامم لێ بکا ئیللا خوای گەورە ڕۆح بۆ گیانم دەگێڕێتەوە تا وەلامی سەلامی بدەمەوە .

١٠٨- سەلام بلاوکردنەوەو سەلام لەیەکتر کردن

١/٢٢٤- قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ : ﴿لاَ تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا ، وَلاَ تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا ، أَوْ لاَ أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ ، أَفْشُوا السَّلاَمَ بَيْنَكُمْ﴾ [١] .

---

(١) الترمذي ٥/٥٥١ وغيره وانظر، صحيح الجامع ٣/٥٢ وصحيح الترمذي ٣/١٧٧.

(٢) النسائي والحاكم ٢/٤٢١ ، وصححه الألباني في صحيح النسائي ١/٢٧٤ .

(٣) أبو داود برقم ٢٠٤١ وحسنه الألباني في صحيح أبي داود ١/ ٣٨٣ .

واتە : پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : ئاگادارین ئێوە ناچنە بەهەشت تا بڕوا بەخوا پێغەمبەرەکەی نێنن ، وە ئیمانتان ناهێنن و ئیمانتان تەواو نابێ تا یەکترتان خۆش نەوێ ، ئایا شتێکتان پیشان بدەم ئەگەر بیکەن یەکترتان خۆش بوێ ، سلاڤ لەیەکتری بکەن و سەلام لەناو خۆتاندا زۆر بلاڤ بکەنەوە .

٢/٢٢٥- ﴿ثَلاثٌ مَنْ جَمَعَهُنَّ فَقَدْ جَمَعَ الإِيمَانَ : الإِنْصَافُ مِنْ نَفْسِكَ ، وَبَذْلُ السَّلاَمِ لِلْعَالَمِ ، وَالإِنْفَاقُ مِنَ الإِقْتَارِ﴾ (٢) .

واتە : سێ شت هەن هەرکەسێ ئەو سێ شتانە لەخۆدا بکاتەوە و لەخۆدا بێنێتەدی ، ئەوا ئیمانی کۆکردۆتەوە و ئیمانی تەواوە ، دادپەروەری و بەویژدانی لە بڕیاردان لەخۆتدا ، سەلام کردن لەخەڵک و سەلام بەخشین ، خێر کردن و بەخشینی لەکاتی هەژاری و نەداری و کەمدەستیدا .

٣/٢٢٦- ﴿وَعَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ : أَنَّ رَجُلاً سَأَلَ النَّبِيَّ ﷺ أَيُ الإِسْلاَمِ خَيْرٌ قَالَ : (تُطْعِمُ الطَّعَامَ ، وَتَقْرَأُ السَّلاَمَ عَلَى مَنْ عَرَفْتَ وَمَنْ لَمْ تَعْرِفْ) (٣) .

واتە : لە (عبدالله ی کوڕی ئیمامی عومەر رضي الله عنه) دەگێڕنەوە کە پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کردو گووتی : چ کارو کردەوەو ئیسلامەتیەک خێری زۆرترە کە بیکەین ، ئەویش فەرمووی : خواردن ببەخشەو بەخەڵکی بدەو ، سەلام لەو کەسە بکە کە دەیناسی و ناینناسیت .

---

(١) مسلم ٧٤/١ وغيره .

(٢) البخاري مع الفتح ٨٢/١ عن عمار موقوفاً معلقاً .

(٣) البخاري مع الفتح ٥٥/١ ومسلم ٦٥/١ .

١٠٩- چۆن وەڵامی سەلامی بێ باوەڕ دەدەیتەوە ئەگەر سەلامی لێکردی

٢٢٧- ﴿إِذَا سَلَّمَ عَلَيْكُمْ أَهْلُ الْكِتَابِ فَقُولُوا : وَعَلَيْكُمْ﴾ [١] .

واتە : ئەگەر ئەهلی کیتابیەك سەلامی لێکردن پێی بڵێن (وعلیکم) لەسەر ئێوەش .

١١٠- دوعای کاتی کەڵەشێر خوێندن زەرینی گوێدرێژ

٢٢٨- ﴿إِذَا سَمِعْتُمْ صِيَاحَ الدِّيَكَةِ فَاسْأَلُوا اللهَ مِنْ فَضْلِهِ ، فَإِنَّهَا رَأَتْ مَلَكاً وَإِذَا سَمِعْتُمْ نَهِيقَ الْحِمَارِ فَتَعَوَّذُوا بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ ، فَإِنَّهُ رَأَى شَيْطَاناً﴾ [٢] .

واتە : ئەگەر گوێتان لەدەنگی کەڵەشێر بوو داوای چاکەو بەخششی لە خوای گەورە بکەن، ئەگەر گوێتان لە زەرینی کەر بوو ، خۆتان بەخوای گەورە لە شەیتانی نەفرەت لێکراو بپارێزن و (أعوذ بالله من الشیطان الرجیم) بڵێن ، چونکە ئەوا شەیتانی بینیوە بۆیە زەرپیوە .

١١١- دوعای کاتی وەرینی سەگ بەشەو

٢٢٩- ﴿إِذَا سَمِعْتُمْ نُبَاحَ الكِلاَبِ وَنَهِيقَ الْحَمِيرِ باللَّيْلِ فَتَعَوَّذُوا بِاللهِ مِنْهُنَّ فَإِنَّهُنَّ يَرَيْنَ مَا لاَ تَرَوْنَ﴾ [٣] .

---

(١) البخاري مع الفتح ٦/٣٥٠ ومسلم ٤/٢٠٩٢ .

(٢) البخاري مع الفتح ١١/٤٢ ، ومسلم ٤/١٧٠٥ .

(٣) أبو داود ٤/٣٢٧ وأحمد ٣/٣٠٦ وصححه الألباني في صحيح أبي داود ٣/٩٦١ .

واتە : ئەگەر بەشەو گوێتان لە وەڕینی سەگ و لە زەڕینی کەر بوو ، ئەوا بەخوای گەورە خۆتان لێیان بپارێزن ، چونکە ئەمانە شتێك دەبینن کە ئێوە نابینن ، بۆیە ئاوا دەکەن .

١١٢- دوعا کردن بۆ ئەو کەسەی کە جنێوت پێداوە

٢٣٠- قال ﷺ : ﴿اللهمَّ فَأَيُّمَا مَؤْمِنٍ سَبَبْتُهُ فَاجْعَلْ ذلِكَ لَهُ قُرْبَةً إِلَيْكَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ [١] .

واتە : خوایە ئەگەر جنێوم بەهەر ئیمانداڕێك داوە ، ئەوەی بۆ بکە مایەی نزیك بوونەوە لەخۆت لە ڕۆژی دواییدا .

١١٣- ئینسانی موسڵمان چی دەڵێ ئەگەر مەدحی موسڵمانێك کرا

٢٣١- قَالﷺ(إِذَاكَانَ أَحَدُكُمْ مَادِحاً صَاحِبَهُ لاَ مَحَالَةَ فَلْيَقُلْ : أَحْسِبُ فُلاَناً واللهِ حَسِيبُهُ وَلاَ أُزَكِّي عَلَى اللهِ أَحَداً أَحْسِبُهُ -إِنْ كَانَ يَعْلَمُ ذَاكَ- كَذَا وَكَذَا)[٢] .

واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە مەدحی هاوڕێکەی دەکرد ، دەبێ بڵێی : وابزانم کە فلانەکەس ئاواو ئاوایە ئەگەر ئەو سیفەتەکەی تا بوو کەباس دەکراو سیفەتەکەی لێ دەزانی باسی دەکا ، هەرچەند خوای گەورە لە هەموو کەس باشتر دەیناسێ ، کەسیش بەسەر خوای گەورەدا بەپاك ڕاناگرم ، بەڵێ

---

(١) البخاري مع الفتح ١٧١/١١ ومسلم ٢٠٠٧/٤ ولفظه فا جعلها له زكاة ورحمة .

(٢) رواه مسلم ٢٢٩٦/٤.

ئەوەی من شارەزای بم ئاوایە ، یانی دان بە مەدح و سیفەتە چاکەکانی دادێنێت .

١١٤- ئینسانی موسڵمان چی دەڵێ ئەگەر مەدح و تەزکیەی کرا

٢٣٢- ﴿اللهمَّ لا تُؤَاخِذْني بِمَا يَقُولونَ ، وَاغْفِرْ لِي مَا لاَ يَعْلَمونَ (وَاجْعَلْني خَيْراً مِمَّا يَظُنُّون) ﴾[1] .

واتە : خوایە ئەوەی کە دەربارەی من دەیڵێن بە گوناە و زۆر لەسەرم مەگرە ، وە لە گوناە و تاوانانەم خۆش بە کە ئەوان نایزانن بۆیە بەچاکە باسم دەکەن ، خوایە لەوەم زۆر باشترو چاکتر بکە کە ئەوان گومانم پێ دەبەن و پێم وەسف دەکەن .

١١٥- ئەوەی لەناو جلی ئیحرامە چۆن لەکاتی حەج و عومرە تەلبیە دەکات

٢٣٣- ﴿لَبَيْكَ اللهمَّ لَبَيْكَ ، لَبَيْكَ لا شَرِيكَ لَكَ لَبَيْكَ ، إنَّ الْحَمْدَ ، وَالنِّعْمَةَ ، لَكَ وَالْمُلْكَ ، لاَ شَرِيكَ لَكَ﴾ [2] .

واتە : خوایە واوەلامم دایتەوەو بە پیل بانگەوازەکەت هاتم و لە خزمەتتم ، هیچ شەریك و هاوبەشێکت نیە و لە خزمەتتم ، بەڕاستی هەرچی سوپاس و

---

(١) البخاري في الأدب المفرد برقم ٧٦١ ، وصحح إسناده الألباني في صحيح الأدب المفرد برقم ٥٨٥ ، وما بين المعكوفين زيادة للبيهقي في شعب الإيمان ٢٢٨/٤ وما بين المعكوفين زيادة للبيهقي في شعب الإيمان ٢٢٨/٤ من طريق آخر.

(٢) البخاري مع الفتح ٤٠٨/٣ ومسلم ٨٤١/٢ .

ستایش ، نازو نیعمەت و بەخشش و ، مولّك و مالّ و دەسەلاّت هەیە بۆ تۆیە ، خوایە هیچ شەریك و هاوەلیّکت نیە .

١١٦- تەکبیر کردن کاتی گەیشتنە گۆشەی بەردە ڕەشەکە لە کەعبەدا.

٢٣٤- ﴿طَافَ النَّبِيُّ ﷺ بالْبَيْتِ عَلَى بَعِيرٍ كُلَّمَا أَتَى الرُّكْنَ أَشَارَ إِلَيْهِ بِشيءٍ عِنْدَهُ وَكَبَّرَ﴾ [١] .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر سواری حوشترە وە بەدەوری کابەدا دەخولایەوە ، هەرکاتێ کە دەگەیشتە ڕاستی گۆشەی بەردە ڕەشەکە بە شتێك کەلەلای بوو ئاماژەی بۆ لای دەکردو الله أكبرى دەکرد .

١١٧- دوعا کردن لە نێوان گۆشەی بەردە ڕەشەکەو گۆشەی لای یەمەن

٢٣٥- ﴿وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْأَخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿٢٠١﴾﴾(سورة البقرة) [٢] .

واتە : خوایە لەدونیاو دواڕۆژدا چاکەمان پێ ببەخشەو چاکەمان لەگەلّدا بکە، لەسزاو ئازاری دۆزەخمان بپارێزە .

---

(١) البخاري مع الفتح ٤٧٦/٣ والمراد بالشيء المحجن انظر: البخاري نع الفيح ٤٧٢/٣ .

(٢) أبو داود ١٧٩/٢ وأحمد ٤١١/٣ والبغوي في شرح السنة ١٢٨/٧ ، وحسنه الألباني في صحيح أبي داود ٣٥٤/١ . والآية من سورة البقرة ، ٢٠١ .

١١٨- دوعای کاتی وەستان لەسەر تە پۆلکەی سەفاو مەڕوادا.

٢٣٦- ﴿لَمَّا دَنَا ﷺ مِنَ الصَّفَا قَرَأَ (إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَائِرِ الله) أَبْدأُ بِمَا بَدَأَ الله بِهِ﴾ فَبَدَأَ بِالصَّفَا فَرَقِيَ عَلَيْهِ حَتَّى رَأَى الْبَيْتَ فَاسْتَقْبَلَ الْقِبْلَةَ ، فَوَحَّدَ الله وَكَبَّرَهُ وَقَالَ : ((لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ، لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله وَحْدَهُ ، أَنْجَزَ وَعْدَهُ ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ ، وهَزَمَ الأَحْزَابَ وَحْدَهُ ، ثُمَّ دَعَا بَيْنَ ذلِكَ قَالَ مِثْلَ هذا ثَلاَثَ مَرَّاتٍ)) الْحَدِيثُ ، وَفِيهِ (فَفَعَلَ عَلَى الْمَرْوَةِ كَمَا فَعَلَ عَلَى الصَّفَا) [١] .

واتە : کاتێ کە پێغەمبەر ﷺ لە دوای تەوا فکرنی لە تەپۆلکەی سەفا نزیك بوویەوە ، ئەم ئایەی خوێندەوە کە خوای گەورە دەفەرموێ:: (ان الصفا والمروه من شعائرالله...) یانی بەڕاستی صەفاو مەڕوا یەکێکن لە دروشمەکانی خوای گەورە ، بۆیە بەوە دەست پێ دەکەم کە خوا لە ئایەتەکە دەستی پێ کردووە ، واتە : لە سەفا دەست پێدەکەم ، بۆیە هاتوچۆکەی لە سەفا دەست پێکردو چووەسەر تەپۆلکەی سەفا تا بەیتی بینی و بەیتی لێ دەرکەوت ، ئەوسا ڕوی کردە ڕوگەو ، خوای بەتاك و تەنیا گرت و تەکبیری کردو ، گوتی : هیچ خوایەك نیە جگە لەو خوایەی کە (الله)یەو بێ شەریك و هاوەڵەو ، هەرچی سوپاس و مولك و دەسەلاتە ،بۆ خوایە ، ئەو خوایە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ و تواناداڕە ، هیچ خوایەکی بەهەق نیە جگە لە خوای تاك و تەنیا نەبێ ، ئەو خوایەی کە بەڵێنی خۆی بەدی هێناو، بەندەی خۆی سەرخست و ، بەتەنیا

---

(١) مسلم ٨٨٨/٢.

حزبەکانی تێکشکاندن ، پاشان لە نێوان ئەوەدا دوعای دەکردو ، سێ جار ئەوەی دەگوتەوە، وە فەرموودەکە ئەوەشی تیایە کە پێغەمبەر ﷺ لەسەر تەپۆلکەی مەڕوەش وەکو هی سەر سەفای دەکردو دەگوت .

١١٩- دوعای ڕۆژی عەرەفە لەکاتی حەجدا

٢٣٧- ﴿خَيْرُ الدُّعَاءُ يَوْمِ عَرَفَةَ ، وَخَيْرُ مَاقُلْتُ أَنَا وَالنَّبِيُّونَ مِنْ قَبْلِي : لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ [١] .

واتە : باشترین دوعا دوعای ڕۆژی وەستان و مانەوەیە لە عەرەفە ، وە باشترین شت کەمن و پێغەمبەرانی پێش من ووتویانە ، ئەوە بووە کە گووتویانە : هیچ خوایەك نیە جگە لە (اللە) نەبێ کە تاك و تەنیاو بێ شەریکەو ، سوپاس و ستایش و مولك و دەسەلات بۆ ئەوە ، وە ئەو خوایە بەسەر هەموو شتێکدا توانادارو بەهێزو دەسەلآتە .

١٢٠- زیکرو دوعای شوێنی (مشعر الحرام) لەموزدەلیفە

٢٣٨- ﴿رَكِبَ ﷺ الْقَصْوَاءَ حَتَّى أَتَى الْمَشْعَرَ الْحَرَامَ فاسْتَقْبَلَ الْقِبْلَةَ (فَدَعَاهُ ، وكَبَّرَهُ ، وَهَلَّلَهُ ، وَوَحَّدَهُ) فَلَمْ يَزَلْ وَاقِفاً حَتَّى أَسْفَرَ جِداً فَدَفَعَ قَبْلَ أَنْ تَطْلُعَ الشَّمْسُ﴾ [٢] .

---

(١) الترمذي وحسنه الألباني في صحيح الترمذي ١٨٤/٣ ، وفي الأحاديث الصحيحة ٦/٤.

(٢) مسلم ٨٩١/٢ .

واتە : پێغەمبەر ﷺ سواری حوشترەکەی بوو کەناوی (قصواء) بوو ، تا گەیشتە ناوچەی مشعر الحرام کەلە مەزدەلیفەیە ، دوای ئەوەی ناوچەی عەرەفەی جێ هێشت ، لەوێ لە مشعر الحرام ڕووی کردە ڕووگەو ، الله أكبر دەکرد ، لا اله الا الله ی دەکردو ، لە خوای گەورە دەپارایەوەو دوعای دەکرد ، خوای گەورەی بەتاك و پاکدەگرت ، بەردەوام ئاوا بە پێوە مایەوە تا دونیا ڕوناك بوو ، پێش خۆر هەڵبێ لەوێ دەرچوو بەرەو شوێنی شەیتان ڕەجم کردن.

١٢١- تەکبیر کردن کاتی ڕەجم کردنی شەیتانەکان لەگەڵ هەموو دەنکە بەردێکدا

٢٣٩- ﴿يُكَبِّرُ كُلَّمَا رَمَى بِحَصَاةٍ عِنْدَ الْجِمَارِ الثَّلَاثِ ثُمَّ يَتَقَدَّمُ ، وَيَقِفُ ، وَيَقِفُ يَدْعُو مُسْتَقْبِلَ الْقِبْلَةِ ، رَافِعاً يَدَيْهِ بَعْدَ الْجَمْرَةِ الأولى والثَّانِيَةِ ، أمَّا جَمْرَةُ الْعَقَبَةِ فَيَرْمِيهَا وَيُكَبِّرُ عِنْدَ كُلِّ حَصَاةٍ وَيَنْصَرِفُ وَلاَ يَقِفُ عِنْدَهَا﴾ [1] .

واتە : پێغەمبەر ﷺ هەر کاتێ بە بەردە ڕەجمی هەرسێ شەیتانەکانی دەکرد ، دەیگووت الله أكبر ، پاشان بەرەو پێشەوە دەچوو ، بەپێوە دەوەستاو بەرەو ڕوگە دوعای لەخوای گەورە دەکرد ، لە دوای ڕەجمکردنی شەیتانی یەکەم و دووەم دەستەکانی بەرز دەکردەوە ، بەڵام لەکاتی شەیتانی گەورە (جمرة العقبة) لەکاتی هاویشتنی هەر بەردێك الله أكبری دەکردو پاشان خۆی وەردەسوڕاندەوەو لەلای نەدەوەستا .

---

(١) البخاري مع الفتح ٥٨٣/٣ و ٥٨٤/٣ وانظر، لفظه هنالك و البخاري مع الفتح ٥٨١/٣ ورواه مسلم أيضاً .

١٢٢- دوعای سەرسام بوون و دیتنی شتی سەیرو دڵگیرو سەنج ڕاکێشەر

١/٢٤٠- ﴿سُبْحَانَ الله!﴾ [١] .

واتە : پاکی و بێگەردی بۆ خوا .

٢/٢٤١- ﴿الله أَكْبَرُ﴾ [٢] .

واتە : خوا گەورەیە.

١٢٣- ئینسان چی دەکات کاتێ هەواڵ و شتێکی خۆشی بۆ هات

٢٤٢- ﴿كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا أَتَاهُ أَمْرٌ يَسُرُّهُ أَوْ يُسَرُّ بِهِ خَرَّ سَاجِداً شُكْراً اللهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى﴾ [٣] .

واتە : ئەگەر هەواڵێکی دڵخۆشکەریان بۆ پێغەمبەر ﷺ هێنا با ، دڵی پێخۆشبایە ، یەکسەر دەکەوتە سەجدەو سوپاس و ستایش خوای بالاّ دەستی دەکرد .

١٢٤- کاتێ ئینسان لەلاشەی خۆی هەست بە ئێش و ئازار دەکا چی دەکاو چی دەڵێ:

٢٤٣- ﴿ضَعْ يَدَكَ عَلَى الَّذِي تَأَلَّمَ مِنْ جَسَدِكَ وَقُلْ : بِسْمِ الله ، ثَلاَثاً ، وَقُلْ سَبْعَ مَرَّاتٍ ، أَعُوذُ بِاللهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شر مَا أَجِدُ وَأُحَاذِرُ﴾ [١] .

---

(١) البخاري مع الفتح ٢١٠/١ و٣٩٠ و ٤١٤ ومسلم ١٨٥٧/٤ .

(٢) البخاري مع الفتح ٤٤١/٨ وانظر، صحيح الترمذي ٣٠١/٢ و ٢٣٥/٢ ومسند أحمد ٥،٢١٨ .

(٣) رواه أهل السنن إلا النسائى ، انظر، صحيح ابن ماجه ٢٣٣/١ وإرواء الغليل ٢٢٦/٢ .

واتە : دەستت لەسەر ئەو شوێنە دانێ کە لەلاشەت ئێشی و ژان و دەکا، سێ جار بڵێ : بەناوی خوای گەورەو ، حەوت جار بڵێ : بەخوای کردگارو هێزو دەسەلاتەکەی خۆم دەپارێزم لەزەرەرو زیان و خراپەی ئەوەی کە هەمەو و ، لەوەی کە ڕووم تێ دەکاو لێی دەترسم .

١٢٥- دوعای کەسێك کە لەچاو پیسی دەترسێ

٢٤٤- ﴿إِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ مِنْ أَخِيهِ ، أَوْ مِنْ نَفْسِهِ ، أَوْ مِنْ مَالِهِ مَا يُعْجِبُهُ (فَلْيَدْعُ لَهُ بِالْبَرَكَةِ) فَإِنَّ الْعَيْنَ حَقٌّ﴾ [٢] .

واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە شتێکی دڵگرو سەرنج ڕاکێشەری لە برایەکەی یا لەخۆی یا لە سەروەت و سامانی خۆی دیت کە پیێی سەرسام بوو ، بادوعای خێرو بەرەکەتی بۆ بکا ، چونکە چاوپیسی و چاو لێدان هەیەو ڕاست و کاریگەرە .

١٢٦- لەکاتی ترساندا دەلێی

٢٤٥- ﴿ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ ! ﴾ [٣] .

واتە : هیچ خوایەك نیە جگە لەخوا (اللە)ی تاك و تەنیا نەبێ .

---

(١) مسلم ١٧٢٨/٤ .

(٢) مسند أحمد ٤٤٧/٤ وابن ماجه ، ومالك ، وصححه الألباني في صحيح الجامع ٢١٢/١ وانظر، تحقيق زاد المعاد للأرناؤوط ١٧٠/٤ .

(٣) البخاري مع الفتح ١٨١/٦ ومسلم ٣٢٠٨/٤ .

١٢٧- لەکاتی سەربڕین و قوربانیدا دەڵێی

٢٤٦- ﴿ بِسْمِ اللهِ واللهُ أَكْبَرُ (اللهمَّ مِنْكَ وَلَكَ) اللهمَّ تَقَبَّلْ مِنِّي﴾ [١] .

واتە : بەناوی خوا ، خوا گەورەیە ، خوایە ئەوە لەتۆوەیەو بۆ تۆیە ، خوایە ئەم قوربانیەم لێ قەبوول بکە .

١٢٨- ئەوەی کە بۆ ڕەددانەوەی فڕو فێڵە بێ سوودەکانی شەیتانەکان دەگووترێ

٢٤٧- (أعُوذُ بِكَلِماتِ للهِ التَّامَّاتِ الَّتي لاَ يُجَاوِزُهُنَّ بَرٌّ وَلاَ فَاجِرٌ مِنْ شَرِّما خَلَق وَبَرأ وَذَرَأ ، وَمِنْ شَرِّ ما يَنْزِلُ مِنَ السَّماءِ وَمِنْ شَرِّ ما يَعْرُجُ فِيها وَمِنْ شَرِّ ماذَرَأ فِي الأرْضِ ، وِمِنْ شَرِّ مَا يَخْرُجُ مِنْهَا ، وَمِنْ شَرِّ فِتَنِ اللَّيْلِ والنَّهارِ ، وَمِنْ شَرِّ كُلِّ طارِقٍ إلاَ طارِقاً يَطْرُقُ بِخَيْرٍ يَا رَحْمَنُ)[٢]

واتە : خۆم بەو وتە تێرو تەواو و پیرۆزانەی خوا دەپارێزم لەو زەرەرو زیان و خراپەیەی کە دروستی کردووەو ، لەسەر کەس باز نادا ، ئینسانی چاک و خراپ قوتار ناکا ، ئەو خوایەی کە خەڵک دروست دەکاو ، قوتار دەکا ، وە خۆم لە زەرەرو زیانەکانی ئەوە دەپارێزم کە لەئاسمانەوە دێتە خوارەوە ، یا تیایدا سەردەکەوێ و دەخولێتەوە ، وە لەوەی کە لەزەویدا دروست و بەرهەڤی کردووەو ، لەوەی کەتیایەتی و لێی دەردەچێ و دێتە دەرەوە ، وە لەزەرەرو زیانی

---

(١) البخاري مع الفتح ١٠١/١١ .

(٢) أحمد ٤١٩/٣ بإسناد صحيح وابن السني برقم ٦٣٧ وصحح إسناده الأرناؤوط في تخريجه للطحاوية ص١٣٣ وانظر، مجمع الزوائد ١٢٧/١٠ .

ئاشوب و ئاژاوەو خراپەکانی شەوو ڕۆژو ، لەو خراپەیەی کە لـە شـەودا دێ و دەردەکەوێ ، تەنها لەو تاریکیەشەوە نەبێ ، کە بـەخێرو چـاکەی خـوا دێ و دەردەکەوێت .

١٢٩- داوای لێخۆشبوون لەخواو تۆبە بەکردن

١/ ٢٤٨- قـال رسـول الله (ﷺ): (والله انـي لاسـتغفر الله واتـوب اليـه في اليوم اكثر من سبعين مرة)[١].

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ:: ، سوێند بەخوا مـن تـەنها لـە ڕۆژێکدا (٧٠)جار ، داوای لێخۆشبوون لەخوای گەورە دەکەم ، بەڕەو لای خوا تەوبە دەکەم و دەگەڕێمەوە.

٢ /٢٤٩ - وَقَالَ ﷺ : ((يَا أَيُّها النَّاسُ تُوبُوا إلى الله فَإنِّي أَتُـوبُ فِـي اليَـوْمِ إلَيْهِ مَائَةَ مَرَّةً)) [٢] .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: : ئەی خەڵکینە بگەڕێنـەوە لای خواو تەوبە بکەن لەگوناهەکانتان ، خۆمن بۆ خۆم تەنها لـە ڕۆژێکـدا سـەد جار داوای لێخۆشبوونی لێ دەکەم و ، تەوبە دەکەم و

٣/٢٥٠- وَقَالَ ﷺ: ((مَنْ قَالَ اَسْتَغْفِرُ الله الْعَظِيمَ الَّـذي لاَ إلَـهَ إلاَّ هُـوَ الحَـيُّ القَيُّومُ وَأتوبُ إلَيْهِ ، غَفَرَ الله لَهُ وَإنْ كَانَ فَرَّ مِنَ الزَّحْفِ)) . [١]

---

(١) البخاري مع الفتح ١٠١/١١.

(٢) مسلم ٢٠٧٦/٤ .

واتە : هەرکەسێ بڵێ : ئەی خوای گەورە داوای لێبوردنم هەیەو لە گوناە و تاوانەکانم خۆشبە ، هیچ خوایەك نیە ، تەنها ئەو خوایە نەبێ کە (اللە)یە و ، هەمیشە زیندووەو ڕاگر و بەڕێوەبەری بوونـەوەرەو ، تەوبـە بـەرەو لای ئـەو ئەکەین ، خوای گەورە لێی خۆش دەبێ ئەگـەر لەجـەنگی دژ بـە کـافرانیش هەلاتبێ

٤/٢٥١- وَقَالَ ﷺ: ((أَقْرَبُ مَا يَكُونُ الرَّبُّ مِنَ الْعَبْدِ فِي جَوْفِ اللَّيْلِ الآخِرِ فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ تُكونَ مِمَّنْ يَذْكُرُ اللهَ فِي تِلْكَ السَّاعَةِ فَكُنْ)) [٢] .

واتە : نزیکترین کاتی پەروەردگار لە بەندەکەی بریتیە لەکۆتایی شـەو ، ئەگەر دەتوانی لەو کاتانەدا زیکرو یادی خواو دوعا بکەی ، زۆر بیکـەو زۆر باشە .

٥/٢٥٢- وَقَالَ ﷺ : ((أَقْرَبُ مَا يَكُونُ الْعَبْدُ مِنْ رَبِّهِ وَهُوَ سَاجِدٌ فَأَكْثِرُوا الدُّعَاءَ)) [٣] .

---

(١) أخرجا أبو داود ٨٥/٢ والترمذى ٥٦٩/٥ والحاكم وصححه وافقه الذهبي ٥١١/١ وصححه الألباني ، انظر، صحيح الترمذي ١٨٢/٣ وجامع الأصول لأحاديث الرسول ﷺ ٣٨٩/٤ – ٣٩٠ بتحقيق الأرناؤوط .

(٢) أخرجه الترمذى والنسائي ٢٧٩/١ والحاكم وانظر، صحيح الترمذي ١٨٣/٣ وجامع الأصول بتحقيق الأرناؤوط ١٤٤/٤ .

٣مسلم ٣٥٠/١ .

واتە : نزیکترین کاتی بەندە لەپەروەردگاری، ئەو کاتەیە کەلە سوجدە دایە ، بۆیە لەو کاتە زۆر دوعاو پاڕانەوە لەخوا بکەن بەڵکو لێتبان خۆش بێت.

٦/٢٥٣- وَقَالَ ﷺ : ((إِنَّهُ لَيُغَانُ عَلَى قَلْبِي وَإِنِّي لأَسْتَغْفِرُ اللهَ فِي الْيَوْمِ مِائَةَ مَرَّةٍ)) [١] .

واتە : هەڵەو تارمایی و لەبیرچوون و بێناگایی دڵم دادەگرێ و دادەپۆشێ ، بەڵام لە ڕۆژێکدا سەد جار داوای تەوبەو لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکەم ، بۆ ئەوەی لە هەڵەو بێناگاییەکانم ببورێت و لەخوا بێ ئاگا نەبم .

١٣٠- خێرو پلەو پایەی (تەسبیح و تەحمیدو تەهلیل و تەکبیر) کردن

١/٢٥٤- قَالَ ﷺ مَنْ قَالَ : ((سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ فِي يَوْمٍ مِائَةَ مَرَّةٍ حُطَّتْ خَطَايَاهُ وَلَوْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ)) [٢] .

واتە : هەرکەسێك لە ڕۆژێکدا سەد جار بڵێ (سبحان الله وبحمده) پاکی و بێگەردی و سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە ، ئەگەر بە قەد کەفی سەر

---

(١) أخرجه مسلم ٢٠٧٥/٤ قال ابن الأثير : (لُيغان على قلبي) أي لُيغطى ويُغشى والمرادبه : السهو لأنه كان ﷺ لا يزال في مزيد من الذكر والقربة ودوام المراقبة فإذا سها عن شيء منها في بعض الأوقات ، أو نسي عَدَّهُ ذَنباً على نفسه ففزع إلى الاستغفار انظر، جامع الأصول ٣٨٦/٤ .

(٢) البخاري ١٦٨/٧ ومسلم ٢٠٧١/٤ وانظر، ، فضل من قالها مائة مرة إذا أصبح وإذا أمسى ص ٦٥ من هذا الكتاب .

دەریا گوناه و تاوانی هەبێت خوای گەورە ئەو ڕۆژە لە گوناه و تاوانەکان پاکی دەکاتەوەو گوناهەکانی لێ ڕەش دەکاتەوە .

٢/٢٥٥- وَقَالَ ﷺ : ((مَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ عَشْرَ مِرَاتٍ ، كَانَ كَمَنْ أَعْتَقَ أَرْبَعَةَ أَنْفُسٍ مِنْ وَلَدِ إِسْمَاعِيلَ))[1] .

واتە : هەر کەسێك هەر کاتێك (١٠)جار بڵێ (لا الە الا اللە وحدە لا شريك لە ، لە الملك ولە الحمد ، وهو على كل شيءٍ قدير) هیچ خوایەك نیە جگە لەو خوایەی کە (اللە)یە و تاك و تەنیایە ، بێ شەریك و هاوەڵەو، هەرچی مووڵك و دەسەلات و سوپاس و ستایشە بۆ ئەوە، ئەو خوایە لەسەر هەموو شتێکی ژیان و بوونەوەر تواناداره ، بەقەد خێری ئەوەی پێدەگا کە چوار کەسی لە ڕۆڵەکانی حەزرەتی إسماعیل ئازاد کردبێ .

٣/٢٥٦- وَقَالَ ﷺ : ((كَلِمَتَانِ خَفِيفَتَانِ عَلَى اللِّسَانِ ، ثَقِيلَتَانِ فِي الميزَانِ ، حبيبَتَانِ إِلَى الرَّحْمن : سُبحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ سُبْحَانَ اللهِ الْعَظِيمِ))[2] .

واتە : دوو وشەی زیکر هەن کە لەسەر زارو زمان زۆر سوك و ئاسانن ، بەڵام لەتەرازووی خێرو چاکەو کردەوەکاندا زۆر قورس و گران و بە ئرخ و بە

---

(١) البخاري ٦٧/٧ ومسلم بلفظة ٢٠٧١/٤ وانظر، : فضل من قالها في اليوم مائة مرة ص ٦٦ من هذا الكتاب .

(٢) البخاري ١٦٨/٧ ومسلم ٢٠٧٢/٤ .

بەهان ، وە لەلای خوای گەورەش زۆر خۆشەویستن و ، ئەم دوو وشەیەش بـڕ بێین لە (سبحان الله وبحمده سبحان الله العظيم)

واتە: پاکی و بێگەردی و سوپاس و ستایش بـۆ خـوای گـەورەو تـاك و تەنیا .

٤/٢٥٧- وَقَالَ ﷺ : ((لأَنْ أَقُولَ سُبْحَانَ الله ، وَالْحَمْدُ الله ، وَلاَ إِلَـهَ إِلاَّ الله وَالله أَكْبَرُ ، أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا طَلَعَتْ عَلَيْهِ الشَّمْسُ)) [١] .

واتە : ئەگەر یەك جار بڵێیم (سبحان الله والحمد لله ولا الـه الا الله والله أكبر) بەلامەوە زۆر خۆشترە لەهەر شتێك کـە ڕۆژی لەسـەر هەڵـدێت ، واتـە لەهەرچی لە دونیادا هەیە .

٥/٢٥٨- وَقَالَ ﷺ : ((أَيَعْجِزُ أَحَدُكُمْ أَنْ يَكْسِبَ كُلَّ يَوْمٍ أَلْفَ حَسَنَةٍ)) فَسَأَلَهُ سَائِلٌ مِنْ جُلَسَائِهِ كَيْفَ يَكْسِبُ أَحَدُنَا أَلْفَ حَسَنَةٍ ؟ قَالَ : ((يُسَبِّحُ مِائَـةَ تَسْبِيحَةٍ ، فَيُكْتَبُ لَهُ أَلْفُ حَسَنَةٍ أَوْ يُحَطُّ عَنْهُ أَلْفُ خَطِيئَةٍ)) [٢] .

واتە : سـەعد دەڵـێ : ئێمـە لـەلای پێغەمبـەر ﷺ دانیـشتبووین کـە فەرمووی : ئایا کێ لە ئێوە بێ تاقەت دەبێ کە هەموو ڕۆژێك هـەزار چـاکە بۆ خۆی بەدەست بێنێت یەکێك گـوتی چـۆن هـەزار چـاکەمان بـۆ دەبێـت؟، ئەویش فەرمووی ، ئەگەر سەد جار سبحان الله بکا ، هەزار خێرو چاکەی بـۆ دەنوسرێ و هەزار گوناە و تاوانیشی لێ هەڵدەوەرێ.

---

(١) مسلم ٤/٢٠٧٢ .

(٢) مسلم ٤/٢٠٧٣ .

٦/٢٥٩- ﴿مَنْ قَالَ : سُبْحَانَ اللهِ العَظِيمِ وَبِحَمْدِهِ غُرِسَتْ لَهُ نَخْلَةٌ فِي الْجَنَّةِ﴾[١] .

واتە : هەرکەسێك یەك جار بڵێ : (سبحان الله العظیم وبحمده). واتە: پاکی و بێگەردی و سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورەو بەرز ، لەبەرانبەردا دار خورمایەکی بۆ لەنێو بەهەشت دەڕوێت .

٧/٢٦٠- وَقَالَ : (يَاعَبْدَ اللهِ بْنَ قَيْسٍ أَلاَ أَدُلُّكَ عَلَى كَنْزٍ مِنْ كُنُوزِ الْجَنَّةِ ؟) فقلتُ بلى يا رسول الله ! قالَ : قُلْ (لاحَوْلَ قُوَّةَ إلاَّ بِاللهِ)) [٢] .

واتە : پێغەمبەر ﷺ بە عەبدوللای کوڕی قەیسی هاوەڵی گوت : ئەی عەبدوللا ئایا گەنجینەیەك لە گەنجینەکانی بەهەشتت پیشان بدەم بۆخۆت لێی بەهرەمەند بی ، ئەویش گوتی بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بڵێ (لا حول ولا قوة إلا بالله) واتە : هیچ هێزو توانایەك نیە تەنها بەخوا نەبێت .

٨/٢٦١- وَقَالَ ﷺ ((أَحَبُّ الْكَلاَمِ إِلَى اللهِ أَرْبَعٌ : سُبْحَانَ اللهِ ، وَالْحَمْدُ اللهِ ، وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ ، وَاللهُ أكبر لاَ يَضُرُّكَ بِأَيِّهِنَّ بَدَأْتَ)) [٣] .

---

(١) أخرجه الترمذي ٥/٥١١ والحاكم ١/٥٠١ وصححه ووافقه الذهبي وانظر، صحيح الجامع ٥/٥٣١ وصحيح الترمذي ٣/١٦٠ .

(٢) البخاري مع الفتح ١١/٢١٣ ومسلم ٤/٢٠٧٦ .

(٣) مسلم ٣/١٦٨٥ .

واتە : خۆشترین وشە بـەلای خـواوە ئـەم چـوار وشـەیەن ﴿سُبْحَانَ اللهِ ، وَالْحَمْدُ للهِ ، وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ ، وَاللهُ أكبر﴾ جا بەهەر کامێك لەم چوارانە دەست پێ بکەی زیانت پێ زەرەر نیە .

٩/٢٦٢- جَاءَ أعْرَابِيٌّ إِلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ فَقَالَ : عَلِّمْنِي كَلاَماً أقُولُهُ : قال : ((قُلْ : لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَـهُ ، اللهُ أكْبَـرُ كَـبِيراً ، وَالْحَمْـدُ للهِ كَـثِيراً ، سُبْحَانَ اللهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ، لا حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ)) قَـالَ فَهَـؤُلاءِ لِرَبِّي فَمَا لِي ؟ قَالَ ((قُلْ اللهمَّ اغْفِرْ لِي ، وَارْحَمْنِي ، وَاهْدِنِي وَارْزُقْنِي)) [1] .

واتە : عەرەبێکی دەشتەکی هاتە لای پێغەمبەرو ﷺ پێی گوت : ئـەی پێغەمبـەری خوا ﷺ قسەیەکم فێر بکە کە هەموو جار بیڵێم و چاك بێ ، لە ڕۆژی دواییدا سوودم پێ بگەیەنێ و ڕزگارم بکا . پێغەمبـەریش ﷺ فـەرمووی بڵێ : (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَـهُ ، اللهُ أكْبَـرُ كَـبِيراً ، وَالْحَمْـدُ للهِ كَـثِيراً ، سُبْحَانَ اللهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ، لا حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ) واتـە : هـیچ خوایەك نیە جگە لە (اللە) کە تاك و تەنیاو بێ شەریکە ، خوا گەورەی خوای هەرە گەورانە ، سوپاس و ستایشی زۆر بۆ خوای گەورە ، پاکی و بێگەردی بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان ، هیچ گۆڕان و هێزو توانایەك نیە تەنها بەهۆی خوای گەورەو کار بەجێ نەبێ ، ئەوسا دەشتەکیەکەش ووتی : ئەوە بۆ خوایەو بۆ خوا دەگوترێ ، ئەی بۆ خۆم چـی بڵـێم چـاکە بەرانبـەر خـوای گـەورە ؟ ، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : بڵێ : خوایە لـێم خۆشـبەو ڕەحـم پـێ بکـەو هیدایەتم بدەو ڕزق و ڕۆزیەکی چاك و فراوانم پێ ببەخشە .

---

(١) مسلم ٢٠٧٣/٤ وزاد أبو داود ، فلما ولّى الأعرابي قال النبـي ﷺ (لقد ملأ يديه من الخير) ٢٢٠/١ .

٢٦٣/١٠- كانَ الرَّجُلُ إذَا أَسْلَمَ عَلَّمَهُ النَّبِيُّ ﷺ الصَّلاَةَ ثُمَّ أَمَرَهُ أَنْ يَدْعُوَ بِهَؤُلاءِ الْكَلِمَاتِ : ((اللهمَّ اغفِرْ لِي ، وَارْحَمني ، وَاهْدني ، وَعَافِني وَارْزُقْنِي)) [١] .

واتە : طارقی ئەشجەعی دەڵێ : هەرکاتێ پیاوێك موسڵمان دەبوو، پێغەمبەر ﷺ سەرەتا فێری نوێژ کردنی دەکرد ، پاشان فەرمانی پێدەکرد کە بەم ووشانە دوعا بکاو لە خوای گەورە بپارێتەوە خوایە لێم خۆشبە ، خوایە ڕەحمم پێ بکە ، خوایە هیدایەتم بدە ، خوایە ساغ و سەلامەتم بکەو لێم ببورە ، خوایە ڕزق و ڕۆزیەکی چاك و حەلاڵم پێ بدە .

٢٦٤/١١- (إنَّ أَفْضَلَ الدُّعَاءِ الْحَمْدُ للهِ ، وَأَفْضَلَ الذِّكْرِ لاَ إِلَهَ إلا الله) [٢] .

واتە : بێگومان باشترین دوعا (الحمدلله)یەو ، باشترین زیکریش (لا الە الا الله)یە .

٢٦٥/١٢- ﴿الْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ : سُبْحَانَ الله وَالْحَمْدُ للهِ ، وَلاَ إِلَـهَ إلاَّ الله ، والله أَكْبَرُ ، وَلاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إلاَّ بِالله﴾ [٣] .

واتە : ئەو شتە خێرو چاکانەی کە هەمیشە دەمێنن بریتین لەمانە (سُبْحَانَ الله وَالْحَمْدُ للهِ ، وَلاَ إِلَـهَ إلاَّ الله ، والله أَكْبَرُ ، وَلاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إلاَّ بِالله).

---

(١) مسلم ٢٠٧٣/٤ وفي رواية المسلم (فإن هؤلاء تجمع لك دنياك وآخرتك).

(٢) الترمذي ٤٦٢/٥ وابن ماجه ١٢٤٩/٢ والحاكم ٥٠٣/١ وصححه ووافقه الذهبي وانظر، صحيح الجامع ٣٦٢/١ .

(٣) أحمد برقم ٥١٣ بترتيب أحمد شاكر وإسناده صحيح وانظر، مجمع الزوائد ٢٩٧/١ ، وعزاه ابن حجر في بلوغ المرام من رواية أبي سعيد الى النسائي وقال : صححه ابن حيان والحاكم .

١٣١- پێغەمبەر ﷺ چۆن تەسبیحاتی دەکرد

٢٦٦-عَنْ عَبْدِاللهِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ:((رَأَيْتُ النبيَّ ﷺ يَعْقِدُ التَّسْبِيحَ بِيمِينِهِ))[1].

واتە : عەبدوللای کوڕی عەمر ﷺ دەڵێ : پێغەمبەری خوام بینی ﷺ بەسەرە پەنجەو گرێ و جومگەکانی دەستە ڕاستی تەسبیحاتی دەکرد .

١٣٢- هەندێ خێرو چاکەو ئاداب

٢٦٧- ﴿إِذَا كَانَ جُنْحُ اللَّيْلِ -أَوْ أَمْسَيْتُمْ- فَكُفُّوا صِبْيَانَكُمْ ، فَإِنَّ الشَّيَاطِينَ تَنْتَشِرُ حِينَئِذٍ ، فَإِذَا ذَهَبَ سَاعَةٌ مِنَ اللَّيْلِ فَخَلُّوهُمْ ، وَأَغْلِقُوا الأَبْوَابَ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللهِ ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ لاَ يَفْتَحُ بَاباً مُغْلَقاً ، وَأَوْكُوا قِرَبَكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللهِ ، وَخَمِّرُوا آنِيَتَكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللهِ ، وَلَوْ أَنْ تَعْرُضُوا عَلَيْهَا شَيْئاً ، وَأَطْفِئُوا مَصَابِيحَكُمْ﴾[2] .

واتە : ئەگەر تاریکی شەو داهات یا ئێوارەتان کردەوە ، منالّەکانتان لەچوونە دەرەوەبگرنەوە ، چونکە شەیتانەکان لەو کاتەدا بلاّودەبنەوە ، جا ئەگەر کاتێك لەشەو ڕۆیی لێیان گەڕێن و دەرگاکان دابخەن ، ناوی خوا بێنن ، چونکە شەیتان دەرگای داخراوی پێ ناکرێتەوە، وە دەمی کوندەکانتان ببەستن، ناوی خوا بێنن ، سەری قاپ و قاچاخ و دەفرو مەنجەلەکانتان داپۆشنو ناوی خوا بێنن باسەریشتان داپۆشی بن با شتێکتان بەسەردادابن و چراکانتان بکوژێننەوە .

لەکۆتاییدا درووردو سەلام و بەرەکەت بڕژێ بەسەر موحەممەدی پێشەواو پێغەمبەرمان ﷺو بەسەر سەرجەم خانەوادەو یارانی.

---

(١) أخرجه أبو داود بلفظة ٨١/٢ والترمذي ٥٢١/٥ وانظر، صحيح الجامع ٢٧١/٤ برقم ٤٨٦٥ .

(٢) البخاري مع الفتح ٨٨/١٠ ومسلم ١٥٩٥/٣ .


بەشی دووەم
(دوعا)
(١٢٢) دوعا لەقورئان سوننەت

پەرتووکی
دوعا ئینجا چارەسەرکردن بەدوعا لەقورئان و سوننەتدا

بسم الله الرحمن الرحيم

دوعا کردن و لەخوا پارانەوە بەهۆی ناوە جوانەکانی

خوای گەورە سەبارەت بە لەخوا پارانەوە بەناوە جوانەکانی خۆی لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ:: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَٰٓئِهِۦ ۚ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٨٠﴾﴾(الاعراف) .

واتە : خوای گەورە چەندان ناوی بەرزو بەڕێزی هەن ، دەبەو ناوانە بانگ و هاواری خوای گەورە بکەن و دوعای لێ بکەن و لەخوا بپارێنەوە ، بەڵکو لەبەر خاتری ناوە گەورەو جوانەکانی خۆی لێتان خۆش بێ و ، وابزانێت لەو کەسانەی کە گۆڕانکاری و بێ دینی لە ناوەکانیدا دەکەن و ، دەیانکەنە ناوی خۆو بتەکانیان ، هیچ نرخ و ئەرزشێکیان بۆ دامەنێن و هەرگیز بڕوایان پێ مەکەن .

ناوه جوانەکانی و باوەکانی خوای گەورە ئەمانەن

(اللە) واتە : خوا ، خودا ، خوداوەند ، یەزدان .

(الله) ناوی هەرە تاك و پیرۆزو گەورەو دیارو زانراوو باوی خوای گەورەیە ، کۆکەرەوەی هەموو ناو و سیفەتەکانی تریەتی ، الله واتە ، خودا و پەرستراوی بەهەق و شایستە .

(الله) خوای گەورە ئەو خوایەیە کەتاك و تەنیا بێ شەریك و هاوەڵە ، خاوەنی ئەم ناو و سیفەتە بەرزو بەڕێزو پاك و پیرۆزو گەورەو نازیزو پڕ مانا و مەبەست و ناوەڕۆکانەیە کە لە قورئان و سوننەتدا هاتوون [1] .

الرحمن : بەخشندەو میهرەبان و بەسۆزو بەزەییە لەدونیا بەرانبەر بەهەموو شتێك لە بوونەوەردا .

الرحیم : بەخشندەو میهرەبان و بەسۆزو بەزەییە لەدوا ڕۆژدا بەرانبەر بە نیمانداران و هەر شتێك کەخوا حەز بکا ڕەحمی پێ بکات .

الملك : هەمیشە پاشاو دەسەلاتدارو سەرۆك و خاوەنی هەموو شتێکە لەبوونەوەرو دونیاو دواڕۆژدا .

---

(١) تێبینی :هەموو ناو و سیفەتەکانی خوای گەورە لەهی ئینسان جیان و ، ، بەمانای (مبالغة ومطلق) دێن ، بۆ وێنە (علیم) واتە : زۆر زاناو بەشێوەیەکی فرەو ڕەها زانا ، وەکو زانیاری (محدود مقید)ی ئینسان نییە ، وە هەروەها ناوەکانی تریش. هەر بەومانایە دێن (وەرگێر) .

القدوس : زۆر پـاك و بێگـەرد و بـێ نـەنگ و بێکـەم و کـوڕی و هەڵـەو ناتەواوییە .

السلام : زۆر ساغ و بێ گەردو بـێ عـەیب و ئاشـتی خـوازو ئاشـتی دارو و ئاشتی پەروەرە .

المؤمن : ئەمیندارو ئەمینەرو دڵنیا کەری بڕوادارو دروستکراوەکانیەتی لە زەڕ بەدڵێدان و زیان پێ گەیاندنیان لە دونیاو دواڕۆژدا .

المهمين : زۆر ئاگادارو چاودێرو دەسەلاتدارە بەسـەر هـەموو دروسـتکرار و بوونەوەردا .

العزيز : هەمیشە زاڵ و دەسەلاتدارو بەهێزو بە توانایە بەسەر بوونەوەردا .

الجبار : زۆر دەسەلاتدارو زەبر بەدەست و بەتواناو ناچارکەر .

المتكبر : زۆر خۆ بەگەورە زان و زل و بەتواناو خۆ گـەورە گـرە کـە لـەخۆی دەوەشێتەوە .

الخالق : دروست کەرو بەدیهێنەرە لە نەبوونەوە بۆ بوون .

البارئ : بەدیهێنەرو پارێزەری بوونەوەری بەدیهێنراوە .

المصور : وێنە کێش و نیگار کێش و نەخشە کێشە بەجوانترین شێوە .

الغفار : لێخۆشبـەرو داپۆشەری گوناە و تاوانەکان لە دونیاو دواڕۆژدا .

القهار : زۆر بەزەبرو بە دەسەلآت و بەتواناو بەحوکم .

الوهاب : بەخشەرو بدەری بێ ئەندازە بەهەموو دروستکراوەکان .

الـرزاق : ڕزق و ڕۆزی و بـژێوی دەری بـێ سـنوورو کۆتـا بەهـەموو دروستکراوەکانی .

الفتاح : دەرو کەرەوەو والاکەری هەموو گەنجینەو دەروویەك .

العلیم : زانار ئاگادارو بێ سنوور بەهەموو شتە ئاشکراو پەنهانەکانی ژیان و بوونەوەر .

القابض : بگرو وێکهێنەرو گوشەری هەموو شتێکی بوونەوەر .

الباسط : ڕاکێشەرو فراوانکەرو لەدوو دەری ڕزق و ڕۆزی و پێویستیەکانی دروستکراوەکان .

الخافض : دابەزێنەرو دانەوێنەرو نەویکەرو لێ هێخەری پاشاو دەسەلاتدارو زەبر بەدەستان .

الرافع : بڵند کەرو بەرز کەرەوەو سەرخەرو دەست گرو بارگری هەموو شتەکان .

المعز : بەهێزکەرو زاڵکەر ، هێزو دەسەلاّت بەخش بەهەر شتێك کەبێەوێت

المذل : زەلیل و زەبوونکەرو سەرشۆڕکەرو رسواکەروملکەچ پێکەرو سەر پێدانەوێن .

السمیع : بیسەرو گوێگری بی سنووری بوونەوەر .

البصیر : بینەرو دیدەی بێ سنووری هەموو شتەکانی بوونەوەر .

الحکم : دادوەرو دادگەرو فەرمانڕەواو ناوبژیوانی بەهەق و ڕاست .

العدل : دادگەرو دادپەروەرو هەق و ڕاست و بێ ستەم و لاگر .

اللطیف : زۆر بەسۆزو لوتف و ڕوخۆش و بەخشندەو میهرەبان .

الخبیر : زۆر زانار پسپۆڕو شارەزا لەهەموو شتەکانی ژیانو بوونەوەر .

الحليم : زۆر نەرم و نیان و هێدك و هێواش و بەئارام و لەسەر خۆو بێ پەلە

العظيم : زۆر گەورەو مەزن و بەتواناو بەهێزو بەدەسەلآت و شكۆدار .

الغفور : لێبوردەو لێخۆشبەرو گوناه و نهێنی داپۆش .

الشكور : سوپاسگوزارو بەخشندەی خێرو چاكەو نازو نیعمەت .

العلي : زۆر بەرزو بڵندو پایەدارو بەدەسەلآت .

الكبير : گەورەو بەدەسەلآتی بێ سنوور لەگەورەیی و دەسەلآتدا .

الحفيظ : پارێزەری دروستكراوەكانی لە تیاچوون و لەناو چوونو لەزەرەپەپێ كەتنیان .

المغيث : فریاد ڕس و فریاركەرو بەهانا چووی دروستكراوەكانی .

الحسيب : ژمێریارو لێپرسەرەوەو نگاداری هەموو شتەكانی بوونەوەر .

الجليل : بەرزو بەڕێزو شكۆدار لەسەر هەموو بوونەوەر .

الكريم : زۆر سەخی و بەخشندەو بەڕێزو دەستكراوەو دەستڕۆیی دەست والآ .

الرقيب : ئاگادارو چاودێرو پەیدار بەسەر هەموو شتەكانی بوونەوەردا .

المجيب : وەلآمدەرەوەی هەموو پرس و داخازو ئارەزووەكانی دروستكراوەكانی

الواسع : زۆر فراوان و گوشادو بەسەلیقەو بەتوانا .

الحكيم : زۆر داناو زاناو كارزان و كاربەجێ و كار لەجێو وردو لێزان .

الودود : زۆر بەسۆزو خۆشەویست و دۆستدار .

المجيد : زۆر پایە بەرزو سەر بەرزو سەر بڵندو شكۆدارو بەڕێز .

الباعث : زیندووکەرەوەو ژێنەرو نێرەرو گۆڕەری سەرجەم دروستکراوەکانیش

الشهيد: ئاگادارو زانا

الحق : ڕاست و دروست و هەق و هەقگۆ .

الوكيل : پشت و پەناو ، دابینکەرەو دەستەبەرو فەراهەمهێنەرە .

القوي : زۆر بەتواناو بەهێزو بەدەسەلآت و زاڵە بەسەر بوونەوەریدا .

المتين : زۆر بەهێزو پتەو و بەتواناو قایم و نەگۆڕە .

الولي : دۆست و دۆست و پشتیوان و هاوکارو سەرپەرشتکار .

الحميد : سوپاسکەری بەندەکانیەتی لەسەر چاکە کردن و ، بەندەکانیش سوپاسی خوا دەکەن لەسەر بەخششەکانی .

المحصي : ژمێرەرو ئامارکەری هەموو شتەکانی بوونەوەرە .

المبدئ : داهێنەرو دروستکەرو دەستپێکەری سەرەتای دروست کردن و بوونەوەرە .

المعيد : گێڕەوەو دوپات کەرەوەی خەلق و بوونەوەرە بۆ حاڵەتی پێشوو سەرەتا

المحيي: زیندووکەرەوە

المميت : مرێنەرو لەناو بەری گیانلەبەرانی هەموو بوونەوەرە .

الحق: راستو دادپەروەر

القيوم : هەمیشە ڕاگرو بەرپاو ڕاوەستاوو ئامادەباش و ، ڕێکخەرو بەڕێوەبەری بوونەوەر .

الواجد : دروست کەرو بەدیهێنەرو فەراهەمهێنەری سەرجەم بوونەوەر ، هەر لەکایەو هەر هەبوو .

الماجد : خاوەن پلەو پایەو شکۆو رێزی بێ شومار .

الواحد : تاك و تەنیاو بێ هاوەڵ و بێ وێنە لە خودی خۆی و لەسەرجەم نـاو و کردارو سیفەتە بەرزو بەڕێزەکانی لەچاو دروست کراوەکانی خۆی .

الصمد : بێ نیازو مەبەست و جێی نیازو مەبەست و هیوا ، یانی لە هەموو دروستکراوەکانی بێ نیازو مەبەست و بێ منەتەو پێویستی بەهیچ شتێك نیە ، وەجێی نیازو مەبەستی هەموو هەموو دروستکراوێکە و ، هـەموو شـتێك لـە بوونەوەردا پێویستی بەوە .

القادر : زۆر بەتواناو بەدەسەلآت و توانادار .

المقتدر : سەرچاوەی هەموو هێزو دەسەلآت و توانایـەك لـە بوونـەوەردا بـۆ دروستکراوەکانی .

المقدم : پێشخەرو پێشهێنەر ، یانی هەموو شتێك دەزانـێ پـێش هـاتن و ، ڕودانی و ، دەتوانێ هەمو شتێك وە پێش بخات.

المؤخر : دواخەری گشت ڕوداو و پێـشهاتەکانەو، دەتـوانێ هـەموو شـتێك لەکاتی خۆی ڕاگرێ و دوا بخار ڕونەدات .

الأول : سەرەتار یەکەمی هەموو شـتێکە لـە بوونـدار ، هـیچ شـتێك لـە بوونەوەر نەبووە ، ئەو هەر هەبووەو بێ سەرەتایە .

الآخر : کۆتـاو دومـاهی هـەموو شـتێکە لەبوونـداو ، هـیچ شـتێك لـە بوونەوەردا نامێنێ و کۆتایی پێ دێ ، کەچی خوای گەورە هەر دەمێنـی و بـێ کۆتایە و قەت لەناو ناچێ و دوایی نایەت .

الظاهر : دیارو ئاشـکراو هەیـەو ، لـە رێگـەی بوونـەوەرە وە بـوونی خـۆی دەنوێنێ، پەی پێ دەبرێت

الباطن: نهێنی و نادیارو بزرو پەردە پۆش و شاراوەو نادیدەیە لەبـەر چـاوی دروستکراوەکانی .

الوالي : سەرپەرشتیارو پاشا و خاوەنی هەموو بوون و بوونەوەر .

المتعال : زۆر بەرزو بەرێزو پلەدارو بەدەسـەلآت و خۆ بەرز گر .

البر : چاکەکارو بەخشندەی بێ سنوور .

التواب : زۆر لێخۆشبوو و تۆبە وەرگرو لێبوردە .

المنتقم : تۆلە لێ سێنەرەوەی ستەمکاران و تاوانباران .

العفو : لێبوردەو داپۆشەری گوناە و تاوان .

الرووف : زۆر بەسۆزو بەزەیی و بەڕەحمەت لەگەڵ دروستکراوەکانیدا .

مالك : خاوەن و پاشاو فـەرمانڕەوای هـەموو مـاڵ و مـوڵـك و سـەروەت و سامان و بوونێك لە بوونەوەردا .

ذو الجلال والاكرام : خاوەنی ئەو پەڕی رێزو پایەو شکۆ .

المقسط : دادگـەرو دادپـەروەرو دادڕەو لـە حـوکم و دەسـەلآت و بڕیـارو دابەشکردندا .

الجامع : کۆکەرەوەو گردکەرەوەو گشتگیری هەموو شتەکانی بوونەوەر .

الغني : زۆر دەوڵەمەندو بێ نیازو بێ ئاتاج و پێویستە لە هەموو شتێك .

المُغني : دەوڵەمەندکەری خەڵك و بوونەوەرەو ، هەموو بوونەوەر پێویستی بە دەوڵەمەندی ئەوە .

المانع : سودبەخش و زۆر بەکەڵك و و بەسودو بۆ هەموو بوونەوەر .

الضار : زیانبەخش و زیان گەیەنەرە بە هەر شتێك کە دەیەوێ .

النافع : سودبەخش و زۆر بەکەڵك و بەسود بۆ هەموو بوونەوەر .

النور : نورو ڕوناکی و چراو درەخشان و ڕوناککەرەوەی بوونەوەرە .

الهادئ : هیدایەت دەرو ڕێنمایی کەرو ڕاستکەرو ڕێپیشاندەری دروستکراوەکانە .

البديع : ئافراندن و جوانکارو داهێنەری بوون و بوونەوەرە .

الباقي : هەمیشەو بەردەوام و هەرماوەیەو قەت لەنێو ناچێت .

الوارث : میراتگری هەموو بوون و بوونەوەر ، هەموو شتێك لەنێو دەچێ و هەر ئەو دەمێنێ .

الرشيد : سەر ڕاست و ڕێناس و شارەزاو ڕێ نیشاندەرو ڕاستە ڕێ کەرە .

الصبور : زۆر بە ئارام و لەسەر خۆو خۆڕاگرە .

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

پێشەکی :-

سوپاس و ستایشێکی بێ پایا بۆ خوای تاك و تەنیاو کردگار ، لە ڕاستیدا هەر سوپاسی ئەو دەکەین و داوای هاوکاری و کۆمەکی هەر لەو دەکەین، داوای لێخۆشبوون و لێبوردنیش هەر لەو دەکەین ، وە هەر بەویش خۆمان لەهەمور کردەوە بەدو خوتخوتە خراپەکانێ دڵ و دەروون و کردارو ئەندامەکانمان دەپارێزین ، بێگومان هەر کەسێ ئەو ڕاستە ڕێ و ڕێنمایی بکا بەهیچ کەسێك گومڕاو سەرگەردان نابێ ، وە هەر کەسێکیش ئەو گومڕاو سەرگەردانی بکا ، بەهیچ کەسێك ڕێنماو ڕاستەڕێ نابێ و هیدایەت نادرێ ، وە گەواهی دەدەم کە خوای کردگار تاك و تەنیایەو جگە لە (اللە) هیچ خوایەکی بەهەق و پەرستراوێکی تر نیە ، ئەو خوایەی کە تاك و تەنیایەو هیچ شەریك و هاوبەشێکی نیە ، لە پەرستن و دروست کردن و بەڕێوەبردندا ، وە گەواهی ئەوەش دەدەم کە موحەمەدی کوڕی عەبدوللا فرە دروود سەلامی خوای گەورە لەسەر خۆی و خانەوادەو شوێن کەوتوانی بێ تا ڕۆژی دوایی بەندەو پێغەمبەری خوای گەورەیە .

لەپاش ئەوە بزانن ئەم پەرتووکە کورتکراوەیە کە لە کتێبی (الذكر والدعاء والعلاج بالرقي في الكتاب والسنة)م کوتکردۆتەوە ، بەشی دوعاکانم بەجۆرێ تیادا کۆکردۆتەوە تا بە ئاسانی سودی لێ وەربگیرێ ، وە چەند دوعایەکیشم بۆ زیاد کردووە بەڵکو سودێکی زۆری هەبێ ئەگەر خوا حەز بکا

، جا بەناوە جوان و پیرۆزەکانی خوای گەورەو بە سیفاتە بەرزو بەڕێزەکانی خۆی داواکارم لەخوا گەورە ، کە ئەم کارەم بەشێوەیەکی پاک و پیرۆزو دڵسۆز لێ وەربگرێ و بۆ خۆی دابنێ ، چونکە تەنها خوای گەورە تاکە پشتیوانی ئەوەیە ، وە بەسەر ئەوە بەتواناو زاڵ و دەسەلآتدارە ، خوایە درووددو سەلام و بەرەکەت بڕێژیە سەر محمد ﷺ پێغەمبەرمان و بەسەر سەرجەم خانەوادەو هاوەلآنیدا .

دانەر

شعبان /١٤٠٨ ك

خێرو پلەو پایەی دوعاو پاڕانەوە لەخوای گەورەو میهرەبان

خوای گەورە سەبارەت بەوە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِيٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾﴾ (غافر)

واتە : ئەی خەڵکینە پەروەردگاری ئێوە فەرمویەتی ئێوە هەمیشە بانگ و هاواری من بکەم ، دوعا لە من بکەن و لەمن بپارێنەوە منیش وەڵامتان دەدەمەوەو داواو داخوازیەکانتان جێ بەجێ و گیرا دەکەم ، چونکە بەڕاستی ئەو بەندانەی من کەخۆیان بەزل و فشۆل دەزانن لەمن بێ نیازو مەبەست بن و ، بەندایەتیم ناکەن ، لەمەودوا دوای مردن بەسەر شۆڕی و زەبوونی دەچنە نێو ئاگری دۆزەخەوە .

دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ ۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ۖ فَلْيَسْتَجِيبُوا۟ لِي وَلْيُؤْمِنُوا۟ بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴿١٨٦﴾﴾ (البقرە)

واتە : ئەی موحەمەد هەرکاتێ بەندەکانی من سەبارەت بەمن پرسیاریان لەتۆ کرد ، ئەوا من بۆخۆم ئاگام لەوانەو لەوان نزیکم ، ئەگەر بانگم بکەن وەڵامی داواو داخوازیەکانی داواکارو نزاکاران دەدەمەوە ، دەبا ئەوانیش بەدەم

منەوە بێن و ، بڕوام پێببێنن ، بەڵکو بەهۆی ئەوە ڕاستە ڕێ بـن و هیدایـەت بدرێن .

پێغەمبەریش ﷺ فەرمویەتی : دوعاو پاڕانـەوە خـۆی لەخۆیـدا خـودی عیبادەتە ، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی ((الدُّعَاءُ هُوَ الْعِبَادَةُ قَالَ رَبُّكُمُ : ﴿ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾))[1] ، هاوارو بانگ بکەن منیش وەلامتان دەدەمەوەو بـەدەنگ داواو بـانگ کردنەکەتانـەوە دێـم ، وە لەفەرموودەیـەکی تریـدا دەفەرموێ: وَقَالَ ﷺ : ((إِنَّ رَبَّكُمْ تَبَارَكَ وَتَعَالَى حَيِيٌّ كَرِيمٌ يَسْتَحْيِي مِنْ عَبْدِهِ إِذَا رَفَعَ يَدَيْهِ إِلَيْهِ أَنْ يَرُدَّهُمَا صِفْراً)) [2].

پەروەردگاری بەرزو بالاتان بەخشندەو زیندووەو ، شەرم لـە بەنـدە دەکـا ، ئەگەر دەستەکانی بۆ لا بـەرز بکاتـەوەو لێـی بپارێتـەوەو داوای لێبـووردن و لێخۆشبوونی لێبکا ، ئەویش ئـاوا دەسـتەکانی بـە بـەتاڵی و بـێ ئومێـدو بەسفرو بێ هودە بگێڕێتەوەو لێی قەبول نەکاو داواکەی گیرا نەکات .

وەدیسان فەرموویەتی: ((مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَدْعُو اللهَ بِدَعْوَةٍ لَيْسَ فِيهَا إِثْمٌ وَلاَ قَطِيعَةُ رَحِمٍ إِلاَّ أَعْطَاهُ اللهُ بِهَا إِحْدَى ثَـلاَثٍ : إِمَّـا أَنْ تُعَجَّـلَ لَـهُ دَعْوَتُـهُ ، وَإِمَّا أَنْ يَدَّخِرَهَا لَهُ فِي الآخِرَةِ ، وَإِمَّا أَنْ يَصْرِفَ عَنْهُ مِنَ السُّوءِ مِثْلَهَا))

---

(١) أبو داود٧٨/٢ والترمذي ٢١١/٥ وابن ماجه ١٢٥٨/٢ وانظر، صحيح الجامع صغير ١٥٠/٣ وصحيح ابن ماجه ٣٢٤/٢ .

(٢) أخرجه أبو داود ٧٨/٢ والترمذي ٥٥٧/٥ وابن ماجه ١٢٧١/٢ وقال ابن حجر سنده جيد ، وانظر، صحيح الترمذي ١٧٩/٣ .

واتە : هەر موسڵمانێك داوایەك لەخوای گەورە بكاو لێی بپارێتەوە ئەگەر داواكەی گوناە و تاوان و پچڕانی سیلەی ڕەحمی تیانەبێ، خوای گەورە یەكێك لەم سێ شتانەی پێ دەبەخشێت ، یا بەپەلە داواكەی گیرا دەكات ، یا داواكەی بۆ هەڵدەگرێ بۆ ڕۆژی دوایی و لەوێ بۆی گیراو دەكا شتەكەی پێ دەبەخشێ و ، بۆی قەرەبوو دەكاتەوە ، یا وەكو داواكەی شتێكی خراپ و گوناهی لەسەر لادەبا ، سەحابەكان گووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ كەواتە زۆر دوعا بكەین چاكە ؟ ، ئەویش ﷺ فەرمووی : بەڵێ خوا زۆر دەوڵەمەندو بەخشندەیە ، تا ئێوە زۆر دوعا بكەن ئەویش زۆر بەئێوە دەبەخشێ و لێتان خۆش دەبێ .

هەندێ لە ئادابەكانی دوعاكردن و هۆكارەكانی گیرا بوون

پێویستە لەكاتی دوعا كردن و لەبەر خوا پارانەوە لەهەموو كاتەكاندا ئەم ئاداب و شێوازانە ڕەچاو بكرێن ، بۆ ئەوەی دوعاكان شەرعی بن و ، خوای گەورە پێیا ڕازی بێ و گیرایان بكات :-

١- بەدڵسۆزی بۆ خوا بكرێن .

٢- بەحەمدو سەنا بۆ خوای گەورەو پاشان بە سەلاوات دان لەسەر پێغەمبەر ﷺ دەست پێ بكرێ و ، هەر بە سەلاواتیش كۆتایی پێ بهێنرێ .

٣- خۆ یەكلایی كردنەوە لە دوعاداو ، یەقین هەبوون لەوەرگرتندا .

٤- پێداگیری و سووربوون له دوعا کردن و پەلە نەکردن لەکاتی دوعا کردن .

٥- دوعا کردن بەدڵ ، لەکاتی دوعا دەبێ دڵت لەلای دوعاو پاڕانەوەکە بێت ، واتە بەدڵ دوعا بکەو ، لەکاتی دوعاکردندا دڵ و زمانت یەک بێ .

٦- دوعا کردن لەکاتی خۆشی و ناخۆشی و تەنگانەدا ، نەک دوعا تەنها لەکاتی تەنگانە بکرێ، لەکاتی خۆشی و ئاسوودەیش خوا لەبیر بکرێت .

٧- داوا لەکەس مەکەو لەکەس مەپارێوە ، تەنها لەخوای تاك و تەنیا نەبێت .

٨- دوعا لەخۆو لەخانەوادەو سامان و منالّت مەکە .

٩- لەکاتی دوعا دەنگت نزم بکە لەنێوان دەنگ دەرچوون و دەنگ نزمیدا .

١٠- داننان بەهەڵەو تاوان و گوناهەکان، داوای لێبوردن و لێخۆشبوون کردن لە گوناهەکان لەخوای گەورە، داننان بەنازو نیعمەت و بەخششەکانی خوای گەورە، سوپاس کردنی خوا لەسەر ئەو نازو نیعمەتانە .

١١- زۆری لەخۆ نەکردن بۆ ڕێکخستنی دەستەواژەو دەربڕینەکانی دوعاو وەزن و قافیەکانی .

١٢- زەلیلی و ملکەچی و ترسان و تارەزوو مەندی پیشاندان لەدوعا بۆ خوای گەورە .

١٣- هەق دانەوەی ستەم لێکراوان ، وێڕای تەوبەکردن و پەشیمان بوونەوە لەو ستەم و تاوانانەی کە کردوتە .

١٤- هەر دوعایەك سێ جار دووبارەی بکەوە .

١٥- ڕووکردنە ڕووگە (قیبلە) لەکاتی دوعا کردن .

١٦- دەست بەرز کردنەوە لە دوعادا بن هەنگڵەکان دیاربن .

١٧- ئەگەر گونجا دەست نوێژ گرتن پێش دوعا.

١٨- نابێ لە دوعا کردندا دەست درێژی بکرێ، دوعای خراپ لە خەڵکی بکرێت .

١٩- دەبێ دوعاکەر سەرەتا دوعا بۆ خۆی بکا ئەوسا بۆ غەیری خۆی[1] .

٢٠- پارانەوە لەخوا بەناوە جوانەکانی خواو بەسیفەتە بەرزو بەرێزەکانی خوا ، یا بەکارو کردەوەیەکی چاك و باش کە دوعاکەر

---

(١) قد ثبت عن النبي ﷺ أنه بدأ بنفسه بالدعاء وثبت أيضاً أنه لم يبدأ بنفسه كدعائه لأنس ، وابن عباس ، وأم إسماعيل ، وغيرهم ، وانظر، التفصيل في هذه المسألة في شرح النووي لصحيح مسلم ١٤٤/١٥ وتحفة الأحوذي شرح سنن الترمذي ٣٢٨/٩ والبخاري مع الفتح ٢١٨/١ .

لەژیانیدا کردوویەتی ، یا بە دوعای پیاو چاکێکی زیندوو بۆ تۆ یا بۆ کەسێك بکات .

٢١- پێویستە دوعاکار خواردن و خواردنەوەو جل و بەرگەکانی حەلاڵ بن .

٢٢- نابێ دوعا گۆ دوعای گوناە و تاوان و پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ خزم و ناسیاوانیدا بکات .

٢٣- دەبێ لەکاتی دوعادا فەرمان بەچاکە بکاو نەهی لەخراپە بکات .

٢٤- خۆ دوور گرتن لە هەموو گوناە و تاوانێك لەکاتی دوعا کردندا .

ئەوکات و شوێن و حاڵەتانەی کە دوعایان تیادا گیرا دەبێت

١- لەشەوی قەدردا .

٢- لەناوەڕاستی کۆتایی شەودا .

٣- لەدوای نوێژە فەرزەکان .

٤- دوعاکردن لە نێوان بانگ و قامەتدا .

٥- کاتێك هەیە لەهەموو شەوێکدا کە دوعای تێدا قەبوول دەبێت .

٦- کاتی بانگی نوێژە فەرزەکان دەدرێ .

٧- کاتی باران بارین .

٨- كاتێ لەپێناو خوا ڕێزەكانی سوپای موجاهیدانی ئیسلام ڕێك دەخرێن و بەرەو جیهاد دەبرێن .

٩- كاتێك هەیە لە ڕۆژانی هەینیدا دوعای تێدا گیرا دەبێ .

سەبارەت بەو كاتە هەندێ ڕای بەهێزو بەڵگەدار هەیە كە ئەم كاتە دواكاتەكانی عەسری ڕۆژی هەینیە ، بەڵگەش هەیە كەكاتی وتاردان و نوێژی هەینیە .

١٠- دوعا كردن لەكاتی خواردنەوەی ئاوی زەمزەم بەنیازێكی پاك و ڕاست .

١١- دوعا كردن لەكاتی سوجدەدا .

١٢- دوعاكردن كاتی بەخەبەر هاتن لەخەوی شەوان .

١٣- ئەگەر ئینسان بەدەست نوێژەوە بخەوێ، پاشان بەخەبەربێ، دوعا بكا .

١٤- دوعا كردن بە ئایەتی (لا اله الا انت سبحانك إنی كنت من الظالمین) .

١٥- دوعاكردنی خەڵك لەپاش مردنی كەسێك .

١٦- دوعاكردن لەدوای سوپاس و ستایش كردنی خوار سەلاوەت لێدان لەسەر دیداری پێغەمبەر ﷺ لەتەحیاتی كۆتادا .

١٧- دوعاكردن بەناوی هەرە گەورەی خوا ، چونکە ئەگەر دوعا بەو ناوە بکرێ ، ئەوا گیرا دەبێ ، وە ئەگەر داوایەکی پێ بکرێ ، ئەوا پێی پێ دەدرێت[١] .

١٨- دوعا کردنی موسڵمان بۆ برا موسڵمانەکەی ، بێ ئەوەی ئاگای لێبێت .

١٩- دوعای ڕۆژی عەرەفە لە حەجدا لە عەرەفە .

٢٠- دوعا کردن لەمانگی ڕەمەزاندا بەگشتی .

٢١- دوعا کردن لەکاتی کۆبوونەوە لە کۆڕو دانیشتنەکانی زیکرکردنی خوا .

٢٢- دوعا کردن لەکاتی هاتنی بەلاّو موسیبەت ، بە وتەی (إنا لله وإنا إليه راجعون، اللهم أجرني في مصيبتي واخلف لي خيراً منها) . واتە: ئێمە بەهەموو شتێك مانەوە هی خواین، وەهەربۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە، خوایە لەو بەلاو کردنەوەمدا خێر بارم بکەو، پاداشتم بدەیتەوە، وەباشتر لەوەم پێ بدەوەو بۆم پڕ بکەوە.

٢٣- دوعاکردن کردن لەو کاتەی کەدڵ زۆر بەپاکی و دڵسۆزی ڕو لەخوا دەکات .

٢٤- دوعای ستەم لێکراو لەو کەسەی کەستەمی لێکردووە .

---

(١) انظر، اسم الله الأعظم في حديث رقم ٩٣،٩٤،٩٥ من هذا الكُتيب .

٢٥- دوعـــای دایـــك و بـــاوك لـــه منداڵـــه‌كانی و دوعـــا كردنیـــان بـــۆ منداڵه‌كانیان .

٢٦- دوعای گه‌شتیار تا له‌گه‌شته‌كه‌ی ده‌گه‌ڕێته‌وه ماڵه‌وه .

٢٧- دوعای ڕۆژوو گر كاتێك به ڕۆژووه.

٢٨- دوعای ڕۆژوو گر كاتی ڕۆژووه‌كه‌ی ده‌شكێنێ .

٢٩- دوعای زۆر لێكراو و ناچار كراو .

٣٠- دوعای سه‌ركرده‌و پێشه‌وای دادگه‌ر .

٣١- دوعای منداڵی چاك بۆ دایك و باوكی .

٣٢- دوعای دوای ده‌ست نوێژ هه‌ڵگرتن .

٣٣- دوعاكردن دوای ڕه‌جم كردنی شه‌یتانی گچكه له‌حه‌ج .

٣٤- دوعا كردن پاش ڕه‌جم كردنی شه‌یتانی ناوه‌نجی .

٣٥- دوعا كردن له‌ناو كه‌عبه‌و له‌ناو حجری إسماعیل له‌كابه دوای نوێژ كردن له‌وێ .

٣٦- دوعاكردن له‌سه‌ر ته‌پۆلكه‌ی سه‌فا له مه‌ككه .

٣٧- دوعاكردن له‌سه‌ر ته‌پۆلكه‌ی مه‌ڕوا له مه‌ككه .

٣٨- دوعا كردن له‌لای مشعر الحرام له موزده‌لیفه .

وه جگه له‌و حاله‌ت و كات و جێیانه‌ش ، ئیمانداران هه‌میشه له‌هه‌ر كوێ و حاله‌تێك بن داواو پاڕانه‌وه له‌خوا ده‌كه‌ن ، چونكه خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێ:

﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِى عَنِّى فَإِنِّى قَرِيبٌ ۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ۖ فَلْيَسْتَجِيبُوا۟ لِى وَلْيُؤْمِنُوا۟ بِى لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴿١٨٦﴾﴾(البقره)

واتە : ئەی موحەمەد ﷺ ئەگەر بەندەکانی من پرسیاری منیان لەتۆ کرد ، ئەوا من ئاگادارو نزیکم لەوان ، وە هەر داواکارێك داوایەکم لێ بکاو هاوارو بانگم بکاتێ ، ئەوا وەلآمی داواکەی دەدەمەوەو ، بەدەم بانگەوازەکەیەوە دەچم و هاوکاری دەکەم لەهەموو کات و ساتێکدا .

بەلآم ئەو کات و سات و حالەتانە لە فەرمودەکاندا زیاتر گرنگیان پێدراوە ، بۆ دوعا تیادا کردن و قەبول بوونیان .

چەند دوعایەك کە لە قورئان و سوننەدا هاتوون.

ئەم دوعایانەی کە ئێستا دەیانخەینە ڕوو ، وەکو دەق لە قورئان و سوننەدا هاتوون ، بۆیە تا دەکرێت پێویستە ئینسانی ئیماندار ئەم دوعایانە بکات .

الحمدلله وحده والصلاه والسلام على من لا نبى بعده :-

١- رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٢٣﴾ ﴾(الأعراف).

واتە : خوایە ئێمە بەهۆی گوناە و تاوانەکانمان ستەمان لەخۆمان کرد کەخۆمان شایستەی دۆزەخ و نا ڕەزامەندی تۆ کرد ، بەڕاستی ئەگەر تۆ

لێمـان خـۆش نـەبی و ، لێمـان نـەبووری و ڕەحمـان پـێ نەکـەی ، زۆر زۆر زەرەرمەندو مـاڵ وێران دەبین .

٢- قَالَ رَبِّ إِنِّيٓ أَعُوذُ بِكَ أَنۡ أَسۡـَٔلَكَ مَا لَيۡسَ لِي بِهِۦ عِلۡمٞۖ وَإِلَّا تَغۡفِرۡ لِي وَتَرۡحَمۡنِيٓ أَكُن مِّنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾ (هود).

واتـە : حـەزرەتی نـوح (علیـه الـسلام) بـە پـەروەردگار گـوت: ئـەی پەروەردگارا پەنا دەگرم بەتۆ لـەوەی کـەمن داوایـەکت لێ بکـەم کـەنایزانم و زانیاریم پێی نیە ، وە ئەگەر لێم نەبووری و ڕەحم پـێ نەکـەی بەڕاسـتی زۆر زەرەرو زیان دەکەم .

٣-﴿رَّبِّ ٱغۡفِرۡ لِي وَلِوَٰلِدَيَّ وَلِمَن دَخَلَ بَيۡتِيَ مُؤۡمِنٗا وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ ﴿٢٨﴾ ﴾ (نوح).

واتە : حەزرەتی نوح بەخوای خۆی گوت : ئەی پەروەردگارم دەلـەمن و لەدایك و باکم خۆشبە ، وە لەو کەسەش خۆش بـە کـە بـە ئیمانـداری دێتە لام و مـاڵەوەم ، وە لە هەموو پیاو و ژنە بڕواداڕەکان خۆشبە .

٤- ﴿رَبَّنَا تَقَبَّلۡ مِنَّآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ﴿١٢٧﴾ وَتُبۡ عَلَيۡنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٢٨﴾ ﴾ (البقرة)

واتە: کاتێ کە حەزرەتی ئیبراهیم لەگەڵ ئیـسماعیلی کـوڕی بناغـەو ڕێسای مـاڵی خوایان هەڵدەنا گوتی: خوایە دوعاو عیبادەت و کـارو کـردەوە

چاکەکانمان لێ گیرا بکە، بەڕاستی هەر تۆ تاکە بیسەرو زانای، وە تەوبەو پەشیمانیمان لێ قەبوول بکە، چونکە هەر تۆ لێخۆشبەرێکی بەبەزەیی و، تەوبە قەبول دەکەی.

٥- ﴿رَبِّ ٱجْعَلْنِي مُقِيمَ ٱلصَّلَوٰةِ وَمِن ذُرِّيَّتِي ۚ رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ دُعَآءِ ﴿٤٠﴾﴾ (إبراهيم).

واتە: حەزرەتی ئیبراهیم بەخوای خۆی گوت: ئەی پەروەردگارم من و ڕۆڵەو وەچەکانم وا لێ بکە زۆر بەباشی نوێژەکان جێ بەجێ بکەین.

٦- ﴿رَبَّنَا ٱغْفِرْ لِي وَلِوَٰلِدَيَّ وَلِلْمُؤْمِنِينَ يَوْمَ يَقُومُ ٱلْحِسَابُ ﴿٤١﴾﴾ (إبراهيم).

واتە: حەزرەتی إبراهیم بەخوای گوت: ئەی پەروەردگارمان دە لەمن و ڕۆڵەکانم و لە ئیمانداران خۆشبە لەو ڕۆژەی لێپرسینەوەی تیدا دەکرێ.

٧- ﴿رَبِّ هَبْ لِي حُكْمًا وَأَلْحِقْنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ ﴿٨٣﴾ وَٱجْعَل لِّي لِسَانَ صِدْقٍ فِي ٱلْءَاخِرِينَ ﴿٨٤﴾ وَٱجْعَلْنِي مِن وَرَثَةِ جَنَّةِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٨٥﴾ وَٱغْفِرْ لِأَبِيٓ إِنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٨٦﴾ وَلَا تُخْزِنِي يَوْمَ يُبْعَثُونَ ﴿٨٧﴾﴾ (الشعراء).

واتە: حەزرەتی إبراهیم (علیه السلام) بەخوای گوت: ئەی پەروەردگارم حوکم و داناییم پێ ببەخشەو، بەپیاو چاکانم بگێنە، لە نێو گەلانی

داهاتوودا ڕاستگۆییم پێ ببەخشەو ، بمکە میراتگرانی بەهەشتی پڕ لەنازو نیعمەتی خۆت ، وەلە باوکم خۆش بە کە لەگومڕایانبوو، وەلە رۆژی زیندووکردنەوەدا سەرشۆڕو ڕوسوام مەکە.

٨- ﴿رَبِّ هَبْ لِي مِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ۝١٠٠﴾ (الصافات)

واتە : حەزرەتی إبراهیم گوتی : ئەی پەروەردگارم منداڵی چاکم پێ ببەخشە .

٩- ﴿رَّبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ۝٤﴾ (الممتحنة).

واتە : پەروەردگارمان هەرتۆ پشت و پەنامانی پشتمان بەتۆ بەست ، وە بۆ لای تۆ گەڕاینەوەو پەشیمان بووینەوەو ، چارەنووس و گەڕانەوەمان هەر بۆ لای تۆیە .

١٠- ﴿رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَٱغْفِرْ لَنَا رَبَّنَآ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ۝٥﴾(الممتحنة).

واتە : خوایە نەمانەکەیتە مایەی ئاشوب و ئازاوە و ئەشکەنجە بۆ ئەو کەسانەی کەبێ باوەڕن بەجۆرێ کە لەبەر ئێمە ئیمان نێنن ، پەروەردگارمان دەلیمان خۆشبە ، بەڕاستی تۆ زۆر زاڵ و دەسەلاتدارو داناو زاناو کار بەجێی .

١١- ﴿قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِيٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِيٓ أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ وَأَدْخِلْنِي بِرَحْمَتِكَ فِي عِبَادِكَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٩﴾﴾ (النمل).

واتە : حەزرەتی سلێمان گووتی : ئەی پەروەردگارم وام لێبکە کەهەمیشە سوپاس و ستایشت بکەم لەسەر ئەو نازو نیعمەتانەی کەبەسەر من و دایکم و باوکمتدا رشتوونە ، وە هەمیشە کارو بارێکی وا چاك بکەم کە تۆ پێی ڕازیت ، وەبەرەحمەت و سۆزی خۆت بمخەرە نێو ڕیزو بازنەی بەندە چاکەکانی خۆت .

١٢- ﴿ رَبِّ هَبْ لِي مِن لَّدُنكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً ۖ إِنَّكَ سَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ ﴿٣٨﴾﴾(آل عمران)

واتە : حەزرەتی زەکەریا بەخوای گەورەی گوت : ئەی پەروەردگارم دە لەلایەن خۆتەوە کوڕێکی سروشت پاك و پیرۆزم پێ ببەخشە ، بەڕاستی هەر تۆ گوێگرو بیسەرو گیراکەری دوعاو پاڕانەوەو داواکاری بەندەکانتی .

١٣- ﴿ رَبِّ لَا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْوَٰرِثِينَ ﴿٨٩﴾﴾ (الأنبياء).

واتە : حەزرەتی زەکەریا بەخوای گوت، ئەی پەروەردگارم بەتەنیا مەمهێڵەوە ، بەڵکو منداڵێکی چاك و پاکم پێ ببەخشە ، تۆ چاکترینی

میراتگرانی ، ئەوانەی کە میراتت لێ دەگرن ، چونکە هەموو کەس و شت دەمرێ تەنها خوای پەروەردگار دەمێنێ .

١٤- ﴿ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبْحَٰنَكَ إِنِّى كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٧﴾ ﴾ (الأنبياء).

واتە : حەزرەتی یونس کاتێ لەبەر گەلەکەی لەشاری نەینەوا ڕۆیشت ، دەرەنجام لە ڕووبار کەوتە نێو زگی نەهەنگ ، ئەوسا ووتی : ئەی خودایە هیچ خوایەکی بەهەق و شایستە نیە تەنها تۆ نەبی ، پاکی و بێگەردی بۆ تۆ ، بەڕاستی من لەستەمکاران بووم .

١٥- ﴿قَالَ رَبِّ ٱشْرَحْ لِى صَدْرِى ﴿٢٥﴾ وَيَسِّرْ لِىٓ أَمْرِى ﴿٢٦﴾ وَٱحْلُلْ عُقْدَةً مِّن لِّسَانِى ﴿٢٧﴾ يَفْقَهُوا۟ قَوْلِى ﴿٢٨﴾﴾(طه).

واتە : کاتێ موسا (علیه السلام) بۆ گفوگۆ چووە لای فیرعەون و دارو دەستەکەی ، دوعا لەخوا دەکاو دەڵێ : خوایە دڵ و دەروونم بۆ فراوان و والاّ بکە و ، کاروبارەکانم بۆ ئاسان و فەراهەم بکە ، گرێی زمانم بکەوە بۆ ئەوەی بتوانم باش بدوێم و قسە بکەم و زمانم نەگیرێ ، تا قسەکانم نەستەق و بەبەجێ و پاراوبن و لە قسەکانم تێ بگەن .

١٦- ﴿رَبِّ إِنِّى ظَلَمْتُ نَفْسِى فَٱغْفِرْ لِى ﴿١٦﴾ ﴾(القصص)

واتە : دوای ئەوەی کە حەزرەتی عیسا لەماڵ و دەسەلاّتی فیرعەون ڕای کردو ، لەنێو شار بە بۆکزێك پیاوێکی قیبطی کوشت ، ووتی : ئەی خوای

پەروەردگارم بەڕاستی من ستەمم لەخۆ کرد کە ئەم کارەم کرد ، دەتۆش لێم خۆشبە ئیتر خوای گەورەش لێی خۆش بو و عەفوی کرد .

١٧- ﴿رَبَّنَآ ءَامَنَّا بِمَآ أَنزَلْتَ وَٱتَّبَعْنَا ٱلرَّسُولَ فَٱكْتُبْنَا مَعَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٥٣﴾﴾ (آل عمران).

واتە : هەوادارو حەواریەکانی حەزرەتی عیسا (علیه السلام) دوای ئەوەی کە بڕوایان بە عیسا هێنا گوتیان : ئەی پەروەردگارمان ئێمە ئیمانمان بەوە هێنا کە داتبەزاندووە بۆ پێغەمبەرەکەت ، وە بەدوای پێغەمبەرەکەی تۆش کەوتین و و پەیڕەویمان لێ کرد ، دە لەگەڵ بڕوادارە گەواهیدەرەکانمان بنوسەو حسێب بکە .

١٨- ﴿رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٥﴾ وَنَجِّنَا بِرَحْمَتِكَ مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٨٦﴾﴾ (یونس).

واتە : ئەوانەی کە بڕوایان بە حەزرەتی موسا هێنا گوتیان : ئەی پەروەردگارمان مەمانکە مایەی ئاشوب و ئازاوەو ئەشکەنجە بۆ گەلی ستەمکاران ، وە بەڕەحم و سۆزی خۆت لەدەستی گەل و خەڵکی کافر ڕزگارمان بکە .

١٩- ﴿رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِىٓ أَمْرِنَا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٤٧﴾﴾ (آل عمران).

واتە : ئەوانەی کەلەگەڵ پێغەمبەراندا (علیه السلام) لەدژی بێباوەڕاندا دەیان جەنگا ، دەیانگووت : پەروەردگارمان دەڵەگوناه و تاوانەکان و لەو سەرەخەری و زێدەڕۆییانەمان خۆشبە کە لە کاروبارەکانماندا کردوومانە ، وە لەبەرانبەر بێ باوەڕان لەجەنگدا خۆڕاگرو لاق جێگیرو چەسپاومان بکەو ، بەسەر گەلی بێ باوەڕاندا سەرمان بخە .

٢٠- ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا ﴿١٠﴾﴾ (الكهف).

واتە : ئەو کۆمەڵە گەنجەی کە لە قورئاندا بە یارانی ئەشکەوت (أصحاب الكهف) ناوبراون ، کاتێ پەنایان بردە بەر ئەشکەوتەکە گوتیان : ئەی پەروەردگارمان دە لەلایەن خۆتەوە ڕەحمەتێکمان پێ ببەخشەو ، لەو کارو بارو دۆخەی کە تیابیداین ، ڕێگەیەکی ڕاست و ڕزگار بەخشمان بۆ سازو فەراهەم بکە .

٢١- ﴿رَّبِّ زِدْنِى عِلْمًا ﴿١١٤﴾﴾ (طه).

واتە : خوای گەورە بە پێغەمبەرمان ﷺدەفەرموێ: : ئەی موحەمەد : هەمیشە بڵێ : پەروەردگارا زانست و زانیاریم زیاد بکە .

واتە : خوایە داوای باشترین شتت لێ دەکەم، داوای باشترین دوعاو ، باشترین سەرکەوتن و ، باشترین کارو کردەوەو ، باشترین خێرو پاداشت و ، باشترین ژیان و مردنت لێ دەکەم ، خوایە جێگیرو خۆڕاگرم بکە ، خوایە تەرازوی کارو کردەوەکانم گران و قورس بکە ، خوایە ئیمانم بەرپاو خۆ ڕاگر

(١) أخرجه الحاكم عن أم سلمة مرفوعاً وصححة ووافقه الذهبي ١/٥٢٠ .

بکه ، پلەو پایەم بەرز بکـەوە ، نوێـژەکانم وەربگـرە ، لـە هەڵـەو تاوانـەکانم خۆشبـە ، خوایە لەبەهەشتدا داوای پلەو پایەی هەرە بەرزت لێ دەکەم ، خوایە داوای کلیلی کارو کردەوەی چاکت لێ دەکەم لـە کۆتـایی ژیـانم ، لەسـەرەتای ژیانم ، کارو کردەوەیەکی زۆروکۆکەرەوە بن ، لەکارو کردەوە دیارو نادیارەکان ، خوایە دیسان داوای پلەو پایەی هەرە بەرزت لێ دەکەم ، لە بەهەشتدا ، خوایە دوعاکانم قەبول بکە ، خوایە داوای چاکترین شـتت لێ دەکـەم لـەوەی کـەپێم دەدەی ، لەوەی کەدەیکەم ، لەوەی کـەدیارەو لـەوەی کـەنادیارە ، داوای پلـەو پایەی هەرەبەرزت لێ دەکەم لەبەهەشتدا ، خوایە دوعاکانم گیرا بکە ، خوایـە داوات لێ دەکەم کە زیکرو باسی من بەرز بکەییەوەو وەری بگری ، وە گوناە و تاوانەکانم لّی لابدەی ، خوایە کارو بارم چاك و ساز بکـە ، دڵ و دەروونم پـاك بکەوە ، دامێنم بپارێزە ، دڵ و دەروونم ڕوونـاك بکەوە ، لە گوناهەکانم خۆشبـە ، خوایە داوای پلەو پایەی هەرە بەرزی بەهەشتت لێ دەکـەم ، خوایـە قـەبولی بکە ، خوایە بەرەکەت بخە دڵ و دەروونم و ، گوێ و بیستنم و ، چاو و دیتنم و ، خویاە بەرەکەت بخە گیانم و دروستکردنم و ، کردارو ڕەوشتم و، خـاوخێزانم ، خوایە بەرەکەت بخە ژیان و مـردنم و ، کاروکرەوەم ، خوایە خێرو چاکەکانم گیرا بکە ، داوای پلەو پایەی بەرزو بـەڕێزت لێ دەکـەم لـە بەهەشـتدا ، خوایـە دوعاکانم قەبول بکەو وەلاّمم بدەوە .

١٠٧- ﴿اللهمَّ جَنِّبْنِي مُنْكَرَاتِ الأَخْلاَقِ ، وَالأَهْوَاءِ ، وَالأَعْمَالِ ، وَالأَدْوَاءِ﴾[١] .

واتە : خوایە لە ئاکارو ڕەوشتە خراپ و بەدەکانم دووربخەوە ، خوایە لەحەواو ئارەزوو کردارو کردەوەی بەدو دەردو بەلای خراپم دووربخەوە .

١٠٨- ﴿اللهمَّ قَنِّعْنِي بِمَا رَزَقْتَنِي ، وَبَارِكْ لِي فِيهِ ، وَاخْلُفْ عَلَيَّ كُلَّ غَائِبَةٍ لِي بِخَيْرٍ﴾[٢] .

واتە : خوایە بەوەم ڕازی بکە کە پێم دەبەخشی ، وە بەرەکەتم بۆ تیا بخە ، خوایە شتێك کە نادیارەو بۆم نەهاتووە ، یا لێم دەڕوا بە باشترم جێ بۆپێ بگەڕەوە .

١٠٩- ﴿اللهمَّ حَاسِبْنِي حِسَاباً يَسِيراً﴾[٣] .

واتە : خوایە حیساب و لێپرسینەوەیەکی زۆر سادەو ئاسانم لەگەڵدا بکە.

١١٠- ﴿اللهمَّ أَعِنَّا عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ ، وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ﴾[٤] .

---

(١) أخرجه الحاكم وقال صحيح على شرط مسلم ووافقه الذهبي ٥٣٢/١ .

(٢) اخرجه الحاكم وصححه ووافقه الذهبي ٥١٠/١ عن ابن عباس .

(٣) رواه أحمد ٤٨/٦ والحاكم وقال صحيح على شرط مسلم ووافقه الذهبي ٢٥٥/١ قالت عائشة : فلما انصرف قلت يانبي الله ما الحساب اليسير ؟ قال : ((أن ينظر في كتابه فيتجاوز عنه إنه من نوقش الحساب يومئذ يا عائشة هلك وكل ما يصيب المؤمن يكفر الله عزوجل به عنه حتى الشوكة تشوكة)) .

(٤) الحاكم ٤٩٩/١ وصححه ووافقه الذهبي وهو كما قالا وهو عند أبي داود ، ٨٦/٢ والنسائي في السهو ٥٣/٣ أن النبي ﷺ أوصى معاذاً أن يقولها في دبر كل صلاة .

واتە : خوایە هاوکاریمان بکە لەسەر زیکر کردنی خۆت ، لەسەر سوپاس کردنی خۆت ، لەسەر جوانترین عیبادەتی خۆت .

١١١- ﴿اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ إِيْمَاناً لاَ يَرْتَدُّ ، وَنَعِيماً لاَ يَنْفَدُ ، وَمُرافَقَةَ مُحَمَّدٍ ﷺ فِي أَعْلَى جَنَّةِ الْخُلْدِ﴾ (١) .

واتە : خوایە داوای ئیمانێکت لێدەکەم کە قەت هەڵناگەڕێتەوە ، داوای نیعمەتێکت لێ دەکەم کە قەت لەناو ناچێ و کۆتایی پێ نایێ و ، داوای هاوڕێیەتی موحەممەد پێغەمبەرت ﷺ لێدەکەم ، لەبەرزترین شوێن لەبەهەشتی نەبڕاوە .

١١٢- ﴿اللهمَّ قَنِي شَرَّنَفْسِي ، وَاعْزِمْ لِي عَلَى أَرْشَدِ أَمْرِي ، اللهمَّ اغْفِرْ لِي مَا أَسْرَرْتُ وَمَا أَعْلَنْتُ ، وَمَا أَخْطَأْتُ ، وَمَا عَمَدْتُ وَمَا عَلِمْتُ ، وَمَا جَهِلْتُ﴾ (٢) .

واتە : خوایە لەزەرەرو زیان و شەڕوشۆڕی خۆم بەدوور کەو بمپارێزە ، خوایە خۆڕاگیرو جێگریم بکە لەسەر ئەنجامدانی ڕاستەینی کاروبارەکانم ، خوایە لەوەم خۆشبە کە شاردومەتەوەو نهێنیە ، لەوەم خۆشبە کە ئاشکراو

---

(١) اخرجه ابن حبان (موارد) ص ٦٠٤ برقم ٢٤٣٦ عن ابن مسعود موقوفاً ، ورواه أحمد من طريق آخر ٣٨٦/١ ، ٤٠٠ والنسائي في عمل اليوم والليلة رقم ٨٦٩ .

(٢) الحاكم ٥١٠/١ وصححه ووافقه الذهبي وأخرجه أحمد ٤٤٤/٤ وقال الحافظ في الإصابة : إسناده صحيح .

دیاره، لەوەم خۆشبە کە بەهەڵە کردوومە ، یا بەنەنقەست کردوومە، لەوەم خۆشبە کەزانیومە و بەزانایی کردومە ، یا بە جەهل و نەزانی کردوومە .

١١٣- ﴿اللهمَّ إنِّي أعُوذُبِكَ مِنْ غَلَبَةِ الدَّيْنِ ، وغَلَبَةِ الْعَدُوِّ ، وَشَمَاتَةِ الأعْدَاءِ﴾ [١] .

واتە : خوایە خۆم بەتۆ دەپارێزم لە زاڵ بوون و کەلەکەبوونی قەردو ، لەسەرکەوتن و زاڵ بوونی دوژمن ، لەگردبوونەوەو یەکبوون و گەلە کۆمەکردنی دوژمنان .

١١٤- ﴿اللهمَّ اغْفِرْ لي وَاهْدِنِي ، وَارْزُقْنِي ، وَعافِنِي ، أعُوذُ بِكَ بِاللهِ مِنْ ضِيقِ الْمُقَامِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ [٢] .

واتە : خوایە لێم خۆشبە ، رێنماییم بکە ، رزق و رۆزی و بژێوم پێ ببەخشە ، ساغ و عەفوم بکە ، خۆم بەخوا دەپارێزم لە تەنگی جێگار پایە لە رۆژی دواییدا .

١١٥- ﴿اللهمَّ مَتِّعْنِي بِسَمعِي ، وَبَصَرِي ، وَاجْعَلْهُمَا الْوَارِثَ مِنِّي ، وَانْصُرْنِي عَلَى مَنْ يَظْلِمُني ، وَخُذْ مِنْهُ بِثَأْرِي﴾ [٣] .

١اخرجه النسائي ٢٦٥/٨ وانظر، صحيح النسائي ١١١٣/٣ .

(٢) النسائي ٢٠٩/٣ وابن ماجه ٤٣١/١ وغير هما وانظر، صحيح سنن النسائي ٣٥٦/١ وصحيح ابن ماجه ٢٢٦/١ .

(٣) اخرجه الترمذي ، وانظر، صحيح الترمذي ١٨٨/٣ وأخرجه الحاكم وصححه ووافقه ٥٢٣/١ .

واتە : خوایە بەبیستن و بە بینینم (بەگوێ و بەچاوم) بەهرەمەندم بکەو ، تام و چێژو کەلکم پێ بگێنە ، خوایە هەمیشە چاو و گوێ (بینین و بیستن) لەمندا بیانکە میرات لێگر ، واتە هەمیشە ساغ و سەلامەت بن بۆ من و وەچاوەکانیشم ، خوایە بەسەرئەودا سەرخە کە ستەمم لێ دەکا ، خوایە بەهۆی تۆلەی من تۆلەی لێ بکەوەو هەقی لێ وەرگرەوە .

١١٦- ﴿اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ عِيشَةً نَقِيَّةً ، وَمِيْتَةً سَوِيَّةً ، وَمَرَدّاً غَيْرَ مُخْزٍ وَلاَ فَاضِحٍ﴾ [1] .

واتە : خوایە داوای ژیان و بژێویەکی پاک و حەلاڵ و ، مردنێکی ڕێک و خۆش و ئاسانت لێ دەکەم ، وە داوات لێ دەکەم کە بەبێ سوک و ریسوایی و سەرشۆڕی و خەجالەتباری و ئابڕوچوون بگەڕێمەوە لات و بمرم.

١١٧- ﴿اللهمَّ لَكَ الْحَمْدُ كُلُّهُ ، اللهمَّ لاَ قَابِضَ لِمَا بَسَطْتَ ، وَلاَ بَاسِطَ لِمَا قَبَضْتَ ، وَلاَ هَادِيَ لِمَنْ أَضْلَلْتَ وَلاَ مُضِلَّ لِمَنْ هَدَيْتَ ، وَلاَ مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ وَلاَ مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ ، وَلاَ مُقَرِّبَ لِمَا بَاعَدْتَ ، وَلاَ مُبَاعِدَ لِمَا قَرَّبْتَ اللهمَّ ابْسُطْ عَلَيْنَا مِنْ بَرَكَاتِكَ وَرَحْمَتِكَ وَفَضْلِكَ وَرِزْقِكَ ، اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ النَّعِيمَ الْمُقِيمَ الَّذِي لاَيَحُولُ وَلاَ يَزُولُ ، اللهمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ النَّعِيمَ يَوْمَ الْعَيْلَةِ ، وَالأَمْنَ يَوْمَ الْخَوْفِ ، اللهمَّ إِنِّي عَائِذٌ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا أَعْطَيْتَنَا وَشَرِّ مَا مَنَعْتَنَا ، اللهمَّ حَبِّبْ إِلَيْنَا الإِيمَانَ وَزَيِّنْهُ فِي قُلُوبِنَا وَكَرِّهْ إِلَيْنَا الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ وَاجْعَلْنَا مِنَ الرَّشِدِينَ

---

(١) زوائد مسند البزار ٤٤٢/٢ برقم ٢١٧٧، والطبراني وانظر، مجمع الزوائد ١٧٩/١٠ قال : إسناد الطبراني جيد . . . . .

، اللهمَّ تَوَفَّنَا مُسْلِمينَ ، وَأَحْيِنَا مُسْلِمينَ ، وَأَلْحِقْنَا بِالصَّالِحِينَ غَيْرَ خَزَايَا وَلاَ مَفْتُونِينَ ، اللهمَّ قَاتِلِ الْكَفَرَةَ الَّذِينَ يُكَذِّبُونَ رُسُلَكَ ويصدُّونَ عَنْ سَبِيلِكَ ـ وَاجْعَلْ عَلَيْهِمْ رِجْزَكَ وَعَذَابَكَ ، اللهمَّ قَاتِلَ الْكَفَرَةَ الَّذِين أُوتُوا الْكِتَابَ ، إِلَهَ الْحَقِّ (آمِينْ) ﴾ [1].

واتە : خوایە هەموو سوپاس و ستایشێك بۆ تۆ ، لەسەر هەمو شتێك سوپاس و ستایش بۆ تۆ ، خوایە هیچ کەسێك ناتوانی دەستی ئەو کەسە بگری کەتۆ دەستی دەگری و دەستی بەرەکەنی بۆ دریژۆ پان دەکەی ، وە کەسیش ناتوانێ دەستی ئەو کەسە بگری و هارکاری بکا کەتۆ دەستی دەگری و مەنعی دەکەی و لێی دەگریەوە ، هیچ رێنمایی کەرێك نیە بۆ ئەو کەسەی کە تۆ گومڕاو سەرگەردانی دەکەی ، وە هیچ گومرا کەرێکیش نیە بۆ ئەو کەسەی کەتۆ ڕاستە ڕێ و ڕێنمایی دەکەی ، هیچ کەسێك ناتوانێ بەو کەسە ببەخشێ کە تۆ پێی نابەخشی و لێی دەگریەوە ، وە کەسیش ناتوانێ ببێتە ڕێگر لە پێش ئەو کەسەی کە تۆ لێی دەگریەوە ، وە کەسیش ناتوانێ ببێتە ڕێگر ە پێش ئەو کەسەی کە تۆ پێی دەبەخشی ، وە ئەو کەسەی کەتۆ دوری دەخەیتەوە وەکە ناتوانێ نزیکی بخاتەوە ، وە ئەو کەسەش کە تۆ نزیکی دەخەیتەوە وەکەس ناتوانێ دوری بخاتەوەو نەفی بکا ، خوایە لە فەڕو بەرەکات

---

(١) أحمد بلفظه ٤٢٤/٣ وما بين المعكوفين للحاكم ٥٠٧/١ ، ٢٣/٣-٢٤ ، وأخرجه البخاري في الأدب المفرد برقم ٦٩٩ وصححه الألباني في تخريج فقه السيرة ص ٢٨٤ وفي صحيح الادب المفرد للبخاري برقم ٥٣٨ ص ٢٥٩ .

و لـه ڕەحمـەت و لـه فـەزڵ و بەخـشش و لـه ڕزق و ڕۆزی و بـژێوی خـۆت بەسەرماندا ببارێنەو ، دەستمان لەسەر بکەوە ، خوایە داوای نازو نیعمەتێکت لێ دەکەم کە هەمیشە بەرپاو جێگیرەو نـاگۆڕێ و لاناچـێ ، خوایـە لـە ڕۆژی تەنگانەو هەژاری و دەست کورتی داوای نازو نیعمەت و بژێویت لێ دەکەم ، وە لەڕۆژی ترس و تەنگانە داوای ئـەمن و ئاسـایش و سـەلامەتیت لێ دەکـەم ، خوایە بەتۆ خۆم لە زەرەرو زیان و خراپەو شەڕوشۆڕی ئەوە دەپارێزم کە پێمـان دەدەی و ، لەوەیش کە پێمان نادەیت و لێمانی دەگریەوە ، خوایە بیرو باوەڕمان لەلا خۆشەویست بکە و ، لە دڵ و دەروونماندا جوانی بکەی و ، ڕای بزێنیەوە ، وە کوفرو بێ باوەڕی و دەرچوون و خراپەکاری و گوناھ و تاوان و یـاخی بونمـان لەلا ببێزێنە ، خوایە لەسەر ڕێی ڕاست و ڕاسـتە ڕێمـان بکـە ، خوایـە بـە موسڵمانێتی بمان مرێنە ، خوایە بە موسڵمانێتی بمان ژێنە ، خوایە بەو چاکە کارانەمان بگێنە کە سەر شۆڕو بەلادارو سەر بەفیتنەو ئاژاوە نین ، لـەڕێگای تۆدا دەبنە بەرپەچ و ڕێگر ، خوایە سـزاو خـەشمی خۆتیـان بەسـەردا بڕێـژە ، خوایە ئەو کافرانە بکوژەو لەناو ببە کە پەیام و پـەرتووکی تۆیـان بـۆ هـات کەچی هەر ئیمانیان نەهێناو پشتیان هەڵکردو بێ باوەڕ بـوون ، ئـەی خـواو پەرستراوی بەهەق دە وایان لێ بکەو دوعاکانمان لێ گیرا بکەو وەلأمـان بـدەوەو دوعاکانمان جێ بەجێ بکە .

١١٨- ﴿اللهمَّ اغْفِرْ لِي ، وَارْحَمْنِي ، وَاهْدِنِي ، وَعَافِنِي ، وَارْزُقْنِي﴾ [١] .

﴿ . . . . وَاجْبُرْنِي وَارْفَعْنِي﴾ [٢] .

واتە : خوایە لێمان خۆشبەو ، ڕەحمم پێ بکەو ، ڕاستە ڕێم بکەو ، ساغ و عەفوم بکەو ، ڕزق و ڕۆزیم پێ بدە .

. . . . . **خوایە چاکم بکەوەو زاڵم بکەو ، بەرزو بەڕێزم بکە .**

١١٩- ﴿اللهمَّ زِدْنَا وَلاَ تَنْقُصْنَا ، وَأَكْرِمْنَا وَلاَ تُهِنَّا ، وَأَعْطِنَا وَلاَ تَحْرِمْنَا ، وَآثِرْنَا وَلاَ تُؤْثِرْ عَلَيْنَا ، وَأَرْضِنَا وَارْضَ عَنَّا﴾ [٣] .

واتە : خوایە لێمان زیاد کە لێمان کەم مەکە ، خوایە بەڕێزو پایەدارمان بکە سوك و رسوامان مەکە ، خوایە پێمان ببەخشەو بێ بەشمان مەکە ، خوایە کاریگەرمان بکە ، کارتێکراومان مەکە ، خوایە خۆنەویستیمان پێ ببەخشە نەك خەڵك نەویستی ، خوایە ڕازیمان بکەو لێمان ڕازی بە .

١٢٠- ﴿اللهمَّ أَحْسَنْتَ خَلْقِي فَأَحْسِنْ خُلُقِي﴾ [٤] .

---

(١) مسلم ٢٠٧٢/٤-٢٠٧٣ / ٢٠٧٨/٤ وفي رواية لمسلم (فإن هؤلاء تجمع لك دينك وآخرتك) وفي سنن أبي داود قال : ((فلما ولى الأعرابي قال النبي ﷺ : (لقد ملأ يديه من الخير) ٢٢٠/١)) .

(٢) انظر، : صحيح ابن ماجه ١٤٨/١ ، وصحيح الرمذي ٩٠/١ .

(٣) الترمذي ٣٢٦/٥ برقم ٣١٧٣ ، والحاكم ٩٨/٢ وصححه ، وحسنه الشيخ عبدالقادر الأرناؤوط في تحقيقه لجامع الأصول ٢٨٢/١١ برقم ٨٨٤٧ .

(٤) أخرجه أحمد ٦٨/٦ ، ١٥٥ ، ٤٠٣/١ وصححه الألباني في إرواء الغليل ١٥٥/١ برقم ٧٤ .

واتە : خوایە دروستکردن و ئاگاداری منت جوان کردووە ، دەکردارو ڕەوشتیشم جوان بکە .

١٢١- ﴿اللهمَّ ثَبِّتْني وَاجْعَلْنِي هَادِياً مَهْدِيّاً﴾ [١] .

واتە : خوایە خۆڕاگرو جێگیرم بکە ، خوایە بمکە ڕێنمایی کەرێکی ڕێنما کار .

١٢٢- ﴿اللهمَّ آتِني الْحِكْمَةَ الَّتِي مَنْ أُوتِيَهَا فَقَدْ أُوتِيَ خَيْراً كَثِيراً﴾ [٢].

واتە : خوایە حیکمەت و دانایی و لێزانیەکم پێ بدە ئەوەی کەپێتداوە بەڕاستی خێرو چاکەیەکی زۆرت پێداوەو لەگەڵدا کردووە .

لە کۆتاییدا خوایە درودو سەلام بڕژێنە بەسەر موحەمەدی پێغەمبەرمان ﷺ و بەسەر خاو خیزان و یاوەرانی و ، شوێن کەوتوانی بەچاکە تا ڕۆژی دوایی بەتێکڕا .

---

(١) دل عليه دعاء النبي ﷺ لجرير (رضى الله عنه) انظر، البخاري مع الفتح ٦/١٦١ .

(٢) قال سبحانه وتعالى ﴿يُؤتي الْحِكْمَةَ مَن يَشَاءُ وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْراً كَثِيراً﴾(البقرة : ٢٦٩) .


بەشی سێیەم
چارەسەرکردنی بە دوعا
لە قورئان و سوننەتدا

چارەسەرکردنی بە دوعا
لە قورئان و سوننەتدا

گرنگی چارەسەرکردنی بە قورئان و سوننە

بێگومان چارەسەرکردن بە قورئانی پیرۆزو بە سوننەتی بەپێز کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ جێگیر بووە بە دوعاکردن ، چارەسەرێکی بەکەلك و چاکبوونەوەیەکی تەواوی تیایە ، چونکە خوای گەورە سەبارەت بە قورئانی خۆی دەفەرمووێ: ﴿ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا هُدًى وَشِفَآءٌ ﴿٤٤﴾ ﴾ (فصلت).

واتە : ئەی موحەمەد ﷺ بڵێ : ئەو قورئانە بۆ ئیمانداران شیفاو چارەسەرو ڕێ نیشاندەرە .

وە دەفەرمووێ: ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ۙ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴿٨٢﴾ ﴾ (الاسراء)

واتە : ئەوەی کە لە قورئانی پیرۆزمان دابەزاندۆتە خوارەوە شیفاو ڕەحمەتە بۆ ئیمانداران ، ئەو (من)ە کە لە پێش ووشەی من القران دا هاتووە ، بۆ ڕوونکردنەوەی جۆرە ، واتە : قورئان خۆی هەمووی چارەسەرە بۆ ئیمانداران ، هەر ودك لە ئایەتی پێشەوە دەفەرمووێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَتْكُم

مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَآءٌ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٥٧﴾ (یونس)، واتە : ئەی خەڵکینە ئەوە ئامۆژگاریەکتان لەلایەن خوای گەورەوە بۆ هاتووە کە قورئانە ، چارەسەر بۆ ئەوەی لە نێو دڵ و دەروون و سینەکاندا هەیە ، وە ڕێنمایی کەرە بۆ ئیمانداران .

کەواتە : قورئان هەمووی شیفای تەواوە بۆ سەرجەم دەردو نەخۆشیە گیانی و لاشەییەکان و ، بۆ کاروبارو دەردو بەلاکانی دونیاو دوا ڕۆژ ، بەڵام هەموو کەسێکیش شایستەو سەرکەوتوو نیە ، تا بە قورئان شیفای بۆ بێ ، بەڵام ئەگەر نەخۆش چارەسەرکەر زۆر بەڕاستگۆیی و دڵسۆزی و بە بڕوایەکی تەواو و پۆڵاینەوە بە وەرگرتنێکی تێرو تەواو و بە بەکارهێنانی مەرجەکانی خۆیە وە چارەسەری نەخۆشی و نەخۆشیەکەی بکا ، دەردو نەخۆشی قەت خۆی لەبەر ناگرێ ، چۆن دەردو نەخۆشیەکان خۆیان لەبەر ووتەکانی پەروەردگاری ئەرزو ئاسمانەکان دەگرن ؟ ئەگەر ئەو قورئانە دابەزیبایە سەر چیاکان شەق دەبوون و دەتەقینەوە ، یا ئەگەر دابەزیبایە سەر زەوی دەقلیشاو پارچە پارچە دەبوو ، هەر نەخۆشیەك لە نەخۆشیە لاشەیی و دەروونیەکان هەبێ ، ئیللا لە قورئانی پیرۆزدا ڕێگە بەڵگەی چارەسەرو هۆکارەکەی و ، ڕێگەی خۆ لێ پاراستنی تیایە بۆ کەسێك کە خوا تێگەیشتنێکی پێ بەخشیوە لە پەرتووکی خۆی ، چونکە خوای گەورە زۆرێك لەنەخۆشیە دەروونی و لاشەییەکان و چارەسەری لاشەو دەروونی لە قورئاندا باس کردووە .

نەخۆشیە دڵ و دەروونیەکان دوو جۆرن ، نەخۆشی گومان و دوو دڵی ، نەخۆشی دەرچوون و ئارەزوو بازی ، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بە تێرو تەسەلەی نەخۆشیە دڵ و دەروونیەکان و هۆکار و چارەسەریەکانیشی باس کردووەر ، بۆ وێنە خوای گەورە فەرمویەتی ﴿أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَىٰ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿٥١﴾﴾(العنكبوت).

واتە : ئایا ئەو خەڵکە بەسیان نیە ، کە ئێمە قورئانمان بۆ تۆ دابەزاندوەو ، بەسەریاندا دەخوێندرێتەوە کە ئەم قورئانە چەندان پەندو ئامۆژگاری و خێرو بەرەکەت و ڕەحمەتی بۆ خەڵکی ئیماندار تیایە .

زانای پایەدار ((ابن القيم)) (ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) سەبارەت بە قورئان دەفەرموێ: : هەرکەسێ قورئان شیفای نەدا ، ئەوا خوا شیفای نادار ، هەرکەسێ قورئان بەسی نەبێ ، خوا هیچی بەس ناکا ، وە دەردو خۆشیە لاشەییەکان قورئانی پیرۆز ئاماژەی بە بنەماکانی چارەسەرکردنی کردووە ، بەجۆرێ کە ڕێساکانی هەمووی لە قورئان دان ، کە بریتین لە : تەندروست پارێزی ، خۆ پاراستن لە ئێش و ئازاردانی خۆت ، خۆپاراستن لە خواردنی مادده خراپ و زیان بەخش و تێکچووەکان ، وەبەڵگەش لەسەر هەر یەکێك لەو چەمك و تاکانە هەیە .

ئەگەر بەندە بەشێوەیەکی باش نەخۆشیەکان بە قورئانی پیرۆز ساڕێژ بکا ، دەبینی کەچۆن خێرا نەخۆشەکان چاک دەبنەوەو قورئانی پیرۆز چ کاریگەریەکی لەسەر ئەوە هەیە .

پێشەوا ((ابن القیم)) سەبارەت بەوە دەڵێ : ماوەیەك لەشاری مەککە نەخۆش کەوتم ، دەرمان و دکتۆرم دەست نەکەوت ، بە سوڕەتی (الفاتحە) چارەسەری خۆم دەکرد ، بەڕاستی کاریگەریەکی سەیرم پێوە دیت ، هەندێ ئاوی زەمزەمم دێنا ، چەند جارێك سوڕەتی (الفاتحە)م لەسەر دەخوێندن ، ئەوسا دەیخواردەوە ، بەوە چاکبوونەوەیەکی تەواوم بەخۆوە بینی ، پاش ئەوە لەسەر ئەوە سوور بووم، بۆ زۆرێك لەژان و نەخۆشیەکان پشتم بەوە بەست و ، سوودێکی زۆرم لێ بینی ، دواتر ئەوەم بۆ زۆر کەس لەوانە باس کرد کە ئێش و ئازاریان هەبوو ، زۆرێك لەوانە بەهۆی ئەنجامدانی ئەم کرداره خێرا چاک بوونەوە .

وە هەروەها چارەسەرکردن بەو دەق و دوعایانەی کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ جێگیر بووینە بە سوودترین چارەسەرو دەرمانن ، وە دوعا ئەگەر خاڵی و سەلامەت بوو لەو ڕێگرانەی کە ڕێ لە قەبولبوونی دەگرن بە سوودترین هۆکارە بۆ وەلانانی شتی خراپ و بەزەرە و بۆ بەدەستهێنانی داخوازو بەمەست و گەیشتن بە داخوازیەکان ، ئەوە باشترین دەرمان و چارەسەرە ، نەخاسمە وێڕای مکوڕ بوون و داکۆکی کردن لە دوعاکان ، چونکە دوعا دوژمنی دەردو

بەلآیانە ، دەردو بەلآ لادەباو چارەسەر دەکا ، ڕێ دەگـرێ لـە دابـەزینی دەردو بەلآ ، یا ئەگەر دابەزی سوکی دەکا .

وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((الـدُّعَاءُ يَنْفَعُ مِمَّا نَزَلَ وَمِمَّا لَمْ يَنْزِلْ فَعَلَيْكُمْ عِبَادَ اللهِ بِالدُّعَاءِ)) [1] .

واتە : دوعا سوودی بـۆ ئـەو دەردو بەلایانـە هەیـە کـە هـاتوون و بـۆ ئەوانەش کە هێشتا نەهاتوون، بۆیە ئەی بەندەکانی خوا دەزۆر نـزاو پاڕانـەوە بکەن .

هەروەها دەفەرموێ: ((لاَ يَرُدُّ الْقَضَاءَ إِلاَّ الـدُّعَاءُ وَلاَ يَزِيـدُ فِـي الْعُمْـرِ إِلاَّ الْبِرُّ)) [2].

واتە : هیچ شتێك حوکم و بڕیاری خوا ڕەت ناکاتەوە جگە لە دوعـا ، وە هیچ شتێك لە تەمەن و ژیانی ئینسان زیاد ناکا تەنها خێرو چاکەکاری نەبێ ، بەلآم لێرەدا شتێك هەیە پێویستە بزانـدرێت و لێـی ئاگـادارو ئاقـڵ بـین ، ئـەویش ئەوەیـە هـەموو ئایەتـەکان و ، زیکرەکـان و ، دوعاکـان و ، خۆپاراستنەکان کە داوای شیفاو چارەسەری پێ دەکرێ و ، ئەو دوعایانەی کە داوای چاکبوونەوەیان پێ دەکرێ ، لە خودی خۆیاندا بـە سـوودو چارەسـەرن ، بەلآم پێویستیان بە گیرا بوون و ، هێزو کاریگەری بکەرەوە هەیـە ، چـونکە زۆر جار چارەسەر بوون بەپێی کاریگەری بکەری چارەسـەرکارو دوعـا گـۆو ،

---

(١) الترمذي والحاكم وأحمد وحسنه الألباني . انظر،: صحيح الجامع ١٥١/٣ برقم ٣٤٠٣ .

(٢) الحاكم والترمذي وحسنه الألباني ، انظر، : سلسلة الأحاديث الصحيحة ٧٦/١ برقم ١٥٤ .

بیرو بڕوای نەخۆشەکەو ، کـات و حالـەت و ، چـەندان هۆکـارو ڕێگـری تـر دەگۆڕێن کە دەبنە مایـەی سـەرنەکەوتن و نـا کاریگـەری دوعـاو دەرمـان و چارەسەرکردنەکە .

چارەسەرکردنی دەردو نەخۆش بە دوعا بەدوور کارو شێوە دەبێت : جۆرێـك لەلای نەخۆشەو جۆرێکیش لەلای چارەسـەرکەرە ، ئـەوەی لـەلای نەخۆشـە ، دەبێ نەخۆشەکە بە هێزێکی دەروونی بەهێز بە سـیقەو متمانـەو دڵـسۆزیەوە بڕوای بەوە بێ و ڕوو بکاتە خوای باڵا دەست و ، بڕوای تـەواوی بـەوە بـێ کـە قورئانی پیرۆز شیفاو ڕەحمەتە بۆ بڕواداران ، وە خۆپاراسـتن و پـەنا گرتنێکـی ڕاست و دروست بەخوای گەورە کە لەگەڵ دڵ و دەروون و زماندا یەکانگیر بـێ ، چـونکە ئـەوە جـۆری دژایـەتی کـردن و جەنگانـە لەگـەڵ شـەیتاندا ، جەنگاوەریش بەسەر دوژمنی خۆیـدا سـەرناکەوێ تـەنها بـەدوو شـێوەو کـار نەبێت : دەبێ لە خودی خۆیدا چەکی چـاك و ڕاسـت و دروسـت بـێ ، دەبـێ دەست و هۆکاری بەهێزبێ ، هەرکاتێك یەکێك لـەم دووانـەی نـەبوو ، ئـەوا چەکەکەی سودی پێ نـاگێنێ ئەگـەر درێـژیش بـێ ، چـجای ئـەوەی ئەگـەر هەردوو کارو هۆکارەکە پێکەوە لەدەست درا ، ئەوسا دڵ و دەروونـی بـەتاڵ و وێران دەبێ لە یەکتا پەرستی و پشت بەخوا بەستن و خواناسی و ڕوکردنە خوا ، کەواتە هیچ چەکی پێ نیە تاکار بکار نەخۆشەکە چارەسەر بکا ، هۆ کـاری دووەم لەلایەن چارەسەرکار بە قورئان و سوننە ، ئەویش دەبێ دوو شتی تیا بن ، بۆیە (ابن التین) دەڵێ : دوعا کـردن بەخۆپاراسـتنەکان و جگـە لـەوانیش

لەناوە پیرۆزو جوانەکانی خوای کردگار دکتۆرو دەرمان و چارەسەری ڕۆحانین ، ئەگەر لەسەر زمانی خەڵکێکی چاك و پاك و بەتەقوا بگوترێن ، بە پشتیوانی خوا ، خوا شیفا دێنێ و چاك بوونەوە بەدەست دێت .

زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە بە (٣) مەرج دوعا کردن دروستە :

١- دەبێ دوعاکە بەوتەکانی خوای گەورە یا بەناوە جوان و پیرۆزەکانی یا بەسیفاتە بەرزو بەڕێزەکانی خوای گەورە ، یا بە فەرمودەو وتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بێت .

٢- دەبێ بە زمانی عەرەبی بێت یا بەزمانێ کە ماناکەی بزاندرێت .

٣- دەبێ بڕوا بەرو بڕوای وابێ کە ئەم دوعایە لە خودی خۆیدا هیچ کاریگەریەکی نیە ، بەڵکو دوعا بەهۆی توانای دەسەڵات و ویستی خوای گەورە کاریگەری هەیەو دەبێتە شیفا، دوعا هۆکارێکە لە هۆکارەکان .

جا لەبەر ئەوەی دوعا کردن زۆر گرینگە ، بەشی دوعام لە پەرتووکی (الذكر والدعاء والعلاج بالرقي من الكتاب والسنة) کورت کردەوەو، چەند سودێکی بە کەڵکم بۆ زیاد کردووە.

جا داوا لەخوای گەورەو مەزن دەکەم بە ناوە جوانەکانی بە سیفاتە بەرزو بەڕێزەکانی ئەم کارەم بە پاکی و دڵسۆزی بۆخۆی وەربگرێ و بەهۆی ئەوەوە زۆر سودو کەڵکم پێ بگەێنێ، سوودیش بەو کەسە بگەێنێ کە دەیخوێنێتەوە ، یا چاپی دەکا ، یا دەبێتە هۆکارو مایەی بڵاوبوونەوەی، وە خوازیارین سود

بەهەموو موسڵمانان بگێنێ، خوای تاك و پاك و بێگەرد توانـاداره لەسـەر ئەوە ، خوایە دروودو سەلام و بەرەکەت بڕژێنە بەسەر موحەمـەدی پێغەمبـەر ﷺ و بەسەر خانەوادەو هاوەلانی و شوێن کەوتوانی بە چاکە تا ڕۆژی دوایی .

هەژاری لای خوا

سعيد علي وهف القحطاني

١٤١٤/٦/١٨ ك

١- چارەسەری سیحر کردن

چارەسەری خوایی بۆ سیحر دوو بەشە :-

بەشی یەکەم:

ئەوەی کە لەسیحری دەپارێزی پێش ڕوودانی :

١- جێ بەجێ کردنی هەموو واجبە شەرعیەکان، وەلانانی هەموو شتە حەرام و قەدەغە کراوەکان ، تۆبە کردن لەهەموو گوناە و تاوان و خراپەکان.

٢- زۆر خوێندنی قورئانی پیرۆز ، بەجۆرێك کە ڕۆژانە بکرێتە وێردو بەرنامە هەندێکی هەر بخوێندرێت .

٣- خۆ پاراستن و خۆ دالّدەدان بە دوعاکان و بەخۆ پاراستنەکان و بە زیکرە ڕەواکان ، لەوانە ﴿بِسْمِ اللهِ الَّذِي لاَ يَضُرُّ مَعَ اسْمِهِ شَيْءٌ فِي الأَرْضِ وَلاَ فِي السَّمَاءِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ﴾ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ فِي الصَّبَاحِ وَالْمَسَاءِ [١].

واتە : بەناوی ئەو خوایەی کە لەگەلّ ناو هێنانی ئەو هیچ شتێك لە ئەرزو ئاسمانەکان زەرەرو زیان ناگێنێ ، ئەو خوایە زۆر بیسەرو زانایە ، (٣ جار لە ئێواران و بەیانیان دەخوێندرێت) .

خوێندنی ئایەتەلکورسی لەدوای هەموو نوێژێك و لەکاتی خەوتن و لەبەیانیان و ئێواران [١] . خوێندنی سورەتی (الاخلاص) و هەردوو سورەتی

---

(١) الترمذي وأبو داود وابن ماجه وانظر،: صحيح ابن ماجه ٣٣٢/٢ .

(أعوذ)وەکان ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ۝٤﴾ (الاخـــــلاص) ، ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ۝١ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ۝٢ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ۝٣ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِى ٱلْعُقَدِ ۝٤ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ۝٥﴾ (الفلـــق) ، ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ۝١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ۝٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ۝٣ مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ٱلْخَنَّاسِ ۝٤ ٱلَّذِى يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ ۝٥ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ۝٦﴾ (الناس) ، سێ جاران لەکاتی خەوتن و هەموو بەیانی و ئێوارەیەك ، خوێندنی وتەی (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)[٢] ، هەموو رۆژێ سێ جار . پارێزگاری کردن و خوێندنی زیکرەکانی بەیانیان و ئێواران و زیکرەکانی پاش نوێژەکان و کاتی نوستن و لە خەو هەستان و ، چوونە مالّەوەو لە مالّ دەرچوون و ، زیکرەکانی سوار بوون ، چوونە ناو مزگەوت و دەرچوون لە مزگەوت ، دوعای چوونە ناو ئاودەست و چوونە دەرەوە لێی، دوعای دیتنی نا تەواو و بەلادارو ، جگە لەوانەش ، کە زۆرێکم لە قەلاو شورەی موسڵماندا باس کردوون بەپێی جێگاو

---

(١) انظر، الحاكم وصححه ووافقه الذهبي ٥٦٢/١ وصحيح الترغيب والترهيب للألباني ٢٧٣/١ برقم ٦٥٨ .

(٢) البخاري ٩٥/٤ ، ومسلم ٢٠٧١/٤.

حالّەت و کات و بۆنەکان ، ئیتر هیچ گومانی تێدا نیە کە پارێزگاری کردن لەم زیکرانەو بەردەوام خوێندنیان لەکات و ساتی خۆیدا دەبنە هۆکار بۆ ڕێگە گرتن لە تووش بوون بە سیحرو چاو زارو دەست لێدانی جن و کارلێکردنیان بە پشتیوانی خوای گەورە ، چونکە ئەو زیکرانە باشترین قەلآڕ شورەو چارەسەرن پێش تووش بوون و پاش تووش بوون بەم دەردو بەلآڕ نەخۆشیانەو جگە لەمانەش [1] .

٤- خواردنی (٧) دەنکە خورما بەیانیان لەخورینی ئەگەر گونجا ، لەبەر فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرموێ: ((مَنِ اصْطَبَحَ بِسَبْعِ تَمَرَاتٍ عَجْوَةً لَمْ يضُرُّهُ ذلِكَ الْيَوْمَ سُمٌّ وَلاَ سِحْرٌ))[2]، هەرکەسێ بەیانی بکاتەوە بە (٧) دەنکە خورمای عەجوە ، ئەو ڕۆژە نەژەهر نەسیحر زەرەرو زیانی پێ ناگەێنێ ، تەواوتر ئەوەیە دەبێ لە خورمای شاری مەدینە بێت کە لە نێوان دوو گەرمایاندایە ، هەروەک لە ڕیوایەتی ئیمامی موسلیم دا هاتووە ، وە زانای پایە بەرز (شێخ عبدالعزیز عبدالله بن باز) دەڵێ : هەموو خورمایەکی شاری مەدینە ئەو سیفەت و تایبەتمەندیەی تیایە ، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر

---

(١) انظر، : زاد المعاد ١٢٦/٤ ومجموع فتاوى العلامة ابن باز ٢٧٧/٣ ، وانظر، الاسباب العشرة التي يندفع بها شر الحاسد والساحر في القسم الثالث من علاج العين ص ١٠٨ من هذا الكتاب .

(٢) البخاري مع الفتح ٢٤٧/١٠ ومسلم ١٦١٨/٣ .

ﷺ دەفەرمووێ: ((مَنْ أَكَلَ سَبْعَ تَمَرَاتٍ مِمَّا بَيْنَ لاَبَتَيْهَا حِينَ يُصْبِحُ . . .)) الْحَدِيثَ [1] .

واتە : هەر کەسێك کاتێك بەیانی دەکاتەوە حەوت قلە خورما بخوا لەوەی کە لەنێو دوو لاتەو زەویەکی بەر دەڕەش دایە .

هەروەك ناوبراو وای بۆ دەچێ ئەو فەرموودەیە تکا لەو کەسەدەکا کە حەوت دەنکە خورما لەغەیری خورمای مەدینە بخوا بەشێوەیەکی ڕەها .

بەشی دووەم :

چارەسەری سیحر دوای ڕوودانی چەند جۆرێکە :-

جۆری یەکەم / دەر هێنان و هەلوەشاندنەوەی سیحرەکە بە ڕێگەیەکی شەرعی ئەگەر جێگەکەی پێ زاندرا ، ئەوە باشترین چارەسەرەکە سیحر لێکراوی پێ چارە سەربکرێت [2] .

جۆری دووەم / دوعای شەرعی وەك :

أ- حەوت گەلاێ (سدر)دار کونارو تووترکی سەوز لە نێو ئامێرێکدا دەهارِی ، پاشان بەقەد ئاوی خۆشوشتنێك ئاوی بەسەردا دەڕێژی و، ئەم ئایەتانەی لەسەر دەخوێنێت دوای (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم).

---

(١) مسلم ١٦١٨/٣ .

(٢) انظر، : زاد المعاد ١٢٤/٤ والبخاري مع الفتح ١٣٢/١٠ ، ومسلم ١٩١٧/٤ ومجموع فتاوى ابن باز ٢٢٨/٣ .

(اية الكرسي) ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَىُّ ٱلْقَيُّومُ ۚ لَا تَأْخُذُهُۥ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ ۚ لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ۚ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَىْءٍ مِّنْ عِلْمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَ ۚ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفْظُهُمَا ۚ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾﴾ (البقرة).

واتە : بەخوای کردگار کە (اللە)یە خۆم لـە شـەیتانی بـەدو نـەگریس و نەفرەت لێکراو دەپارێزم ، ئەو خوایەی کـە (اللە)یـە جگـە لـەو هـیچ خـواو پەرستراوێکی بەهەق و ڕاست نییە ، ئەو خوایەی هەمیـشە زینـدووەو ڕاگـرو بەڕێوەبەرو بەرپاکەری بوونەوەرە ، قـەت خـەوو وەنـەوزەو بـۆرژین نـایگرێ و بەسەری دانایێ ، هەرچی لەنێو ئەرزو ئاسمانەکانـە هـی خوایـە ، ئایـا ئـەو کەسە کێیە لەڕۆژی بەرێ کە ڕۆژێکی زۆر ترسناك و سەختە لەلای خوا گەورە تکاو پاڕانەوە بۆ ئۆمەتەکەی دەکات ، جگە لە پێغەمبـەر ﷺ ئەویش تەنها بە ڕوخسەت و مۆڵەت و ڕێگە پێدانی خوای گەورەیە ، ئەو خوایە هەمـوو شتێك دەزانێ کە لەدونیادا لەنێوان دەستی ئینسانەکانە ، وە ئەوەی کە لەدوایان جێ دەمێنێ و لە دوا ڕۆژدا بۆیان ئامادەکراوە ، هـیچ کەسـێك هـیچ شـتێك لـە زانست و زانیاری خوای گەورە نازانێ ، مەگەر ئەوەی کە خۆی بیەوێ بزانـێ و فێری بکا ، فراوانی کورسی تواناو دەسـەلاتی خـوای گـەورە هـەمـوو ئـەرزو

ئاسمانەکانی گرتۆتەوەو ، پاراستنی ئەم ئەرزو ئاسمانە ش لەلایەن خوای گەورە شتێکی زۆر سادەو ئاسانەو هیچ گرانو زەحمەتی نییە ، چونکە ئەم خوایە زۆر بەرزو بڵندو گەورەو پایەدارو بەتوانایە .

دواتر ئەم ئایەتانە دەخوێنی کە پەیوەندیان بە سیحرەوە هەیە :

﴿ وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنْ أَلْقِ عَصَاكَ ۖ فَإِذَا هِيَ تَلْقَفُ مَا يَأْفِكُونَ ﴿١١٧﴾ فَوَقَعَ ٱلْحَقُّ وَبَطَلَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١١٨﴾ فَغُلِبُوا۟ هُنَالِكَ وَٱنقَلَبُوا۟ صَٰغِرِينَ ﴿١١٩﴾ وَأُلْقِيَ ٱلسَّحَرَةُ سَٰجِدِينَ ﴿١٢٠﴾ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٢١﴾ رَبِّ مُوسَىٰ وَهَٰرُونَ ﴿١٢٢﴾ ﴾ (الاعراف).

واتە : فرمان و سروشمان بە حەزرەتی موسا کرد کە لەبەرانبەر جادو کەرانی دارو دەستەی فیرعەوندا گۆچانەکەت فڕێدە ، جا کاتێ کە گۆچانەکەی فڕێدا یەکسەر بویە مارو هەرچی جادوی کردبوو هەمووی هەڵووشین ، بەم شێوەیە هەق و ڕاستی بەرپاو بوو و سەرکەوت ، هەرچی ئەو سیحرو باتیلەی کە ئەوانیش کردبوویان پووچەل بوویەوە ، هەر لەوێدا فیرعەون و شوێن کەوتووانی سەرەنگۆبوون و دۆڕان و بە ریسوایی و سەر شۆڕی گەڕانەوە ، جادووگەرەکان لەبەرانبەر ئەوەدا یەکسەر سوژدەیان برد بۆ پەروەردگاریان ، گوتیان : ئێمە بڕوامان بە پەروەردگاری جیهانیان هێنا ، پەروەردگاری حەزرەتی موساو هارون .

ئینجا ئەم ئایەتە دەخوێندرێت ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ ٱئْتُونِى بِكُلِّ سَٰحِرٍ عَلِيمٍ ﴿٧٩﴾ فَلَمَّا جَآءَ ٱلسَّحَرَةُ قَالَ لَهُم مُّوسَىٰٓ أَلْقُوا۟ مَآ أَنتُم مُّلْقُونَ ﴿٨٠﴾ فَلَمَّآ أَلْقَوْا۟ قَالَ مُوسَىٰ مَا جِئْتُم بِهِ ٱلسِّحْرُ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ سَيُبْطِلُهُۥٓ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُصْلِحُ عَمَلَ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٨١﴾ وَيُحِقُّ ٱللَّهُ ٱلْحَقَّ بِكَلِمَٰتِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُجْرِمُونَ ﴿٨٢﴾﴾(يونس).

واتە : فیرعەون بەگەورە پیاوانی خۆی گوت بۆ بەرانبەر بەڵگەو موعجیزەکانی حەزرەتی موسا هەموو جادوگەرە زاناکانم بۆ بێنن ، جاکاتێ کە جادو کەرەکان هاتنە مەیدانی ڕوو بەڕوو بوونەوە ، موسا پێی گووتن : دە ئەوەی کە پێتانەو لەلاتانە بیهاوێژن ، جاکاتێ کە جادو کەرەکان شتەکانی خۆیان هاویشت ، حەزرەتی موسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) پێی وتن : ئەوەی کە ئێوە پێتانە هەمووی سیحرە بێگومان هەرچی زووە خوای گەورە پووچەڵی دەکاتەوە ، چونکە بێگومان خوای گەورە کارو کردەوەی خراپەکاران چاك و باش ناکات ، خوای گەورە بە بەڵگەو ووتەکانی هەق و ڕاستی دە چەسپێنێ و بەڕیا دەکا، با تاوانباران پێشیان ناخۆش بێ .

وە ئەم ئایەتانەش ﴿قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ إِمَّآ أَن تُلْقِىَ وَإِمَّآ أَن نَّكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَلْقَىٰ ﴿٦٥﴾ قَالَ بَلْ أَلْقُوا۟ ۖ فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِن سِحْرِهِمْ

أَنَّهَا تَسْعَىٰ ﴿٦٦﴾ فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِۦ خِيفَةً مُّوسَىٰ ﴿٦٧﴾ قُلْنَا لَا تَخَفْ
إِنَّكَ أَنتَ ٱلْأَعْلَىٰ ﴿٦٨﴾ وَأَلْقِ مَا فِي يَمِينِكَ تَلْقَفْ مَا صَنَعُوٓاْ ۖ إِنَّمَا
صَنَعُواْ كَيْدُ سَٰحِرٍ ۖ وَلَا يُفْلِحُ ٱلسَّاحِرُ حَيْثُ أَتَىٰ ﴿٦٩﴾ فَأُلْقِيَ ٱلسَّحَرَةُ
سُجَّدًا قَالُوٓاْ ءَامَنَّا بِرَبِّ هَٰرُونَ وَمُوسَىٰ ﴿٧٠﴾ ﴾

واتـه : کـاتێ حـەزرەتی موسـاو سـاحیرەکانی فیرعـەون لـە مەیـدانی پیشاندانی بەڵگەو نیشانەدا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە ، ساحیرەکان گووتیان : ئەی موسا یا تۆ پێشتر شتی خۆت بهاوێژە مەیدان ، یا ئێمە پێشتر دەهاوێژین ، حەزرەتی موسا پێی ووتن ئێوە شتەکانی خۆتـان بـاوێن ، کـاتێ کـە جـادو کەرەکان گوریس و گۆچاڵەکانیان هاویـشتە مەیـدان ، بەزانـست و هونـەری سیحر لەبەر چاوی موسا، وایزانی دەجولێن و دەڕۆن ، لە دڵ و دەروونی خۆیدا هەستی بەترسێك کرد ، پێمان گووت : ئەی موسا مەترسە چونکە تـۆ سـەر دەکەوی ، ئەوسا سروش و فرمانمان پـێ کـرد ئـەوەی کـە لەدەسـتی ڕاسـتت (گۆچانەکەت) فرێدە مەیدانێ ، کاتێك کە فرێیدا ، هەرچی ئـەوان کردیـان گۆچانەکە هەمووی هەلووشی ، چـونکە ئـەو فـڕو فێڵـەی سـیحر کردبـووی هەقیقی نەبوو خوای گەورەش جادو گەران سەرناخا لەهەر کوێیەکەوە هاتبێ و ئەوە بکەن ، ئەوسا لەبەر ئەوە یەکسەر ساحیرەکان بە ناچاری و بە دۆڕاوی بـۆ خوا کەوتنە سوژدەو گووتیان ، ئەی پـەروەردگارا بڕوامـان بـەخوای هـارون و موسا هێنا .

وه پێویستە ئەم سورەتانەش بخوێندرێت :

بسم الله الرحمن الرحيم ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ ۝١ لَآ أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ۝٢ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٣ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ ۝٤ وَلَآ أَنتُمْ عَٰبِدُونَ مَآ أَعْبُدُ ۝٥ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ ۝٦﴾(الكافرون).

واتە : ئەی موحەمەد بە کافرەکان بڵێ : ئەی کافرینە من ئەو شت و بتانە ناپەرستم کە ئێوە دەیپەرستن ، وە ئێوەش ئەو خواو پەرستراوە ناپەرستن کە من دەیپەرستم ، وە من ئەو بەندایەتی و خواپەرستیە ناکەم کە ئێوە دەیکەن ، وە ئێوەش ئەو بەندایەتی و خواپەرستیە ناکەن کە من دەیکەم ، دەکەواتە ئێوە ئایینی خۆتان بۆ خۆتان و ، منیش ئایینی خۆم بۆ خۆم ، هەر کەسەو لەسەر ئایینی خۆمان دەبین .

بسم الله الرحمن الرحيم ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ۝٤﴾(الاخلاص)

واتە : بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان ، ئەی محمد ﷺ بەخەڵک بڵێ خوای کردگار کە (اللە)یە خوایەکی تاک و تەنیایە و ، خوایەکی بێ نیازو مەبەستە لە خەڵک و پێویستی بەهیچ کەس و کائینێک نیە و ، هەموو کەس و گیانلەبەرێکیش پێویستی بەو خوایەیە بۆ پێداویستیەکانی ژیانی ، ئەو

خوایە لەکەس نەبووەو کەسیش لەو نەبووە ، وە هیچ کەس و شتێکیش وەکو ئەو نیەو هاوتاو هاوشێوەی ئەو نیە ، هیچ شەیرك و هاوبەشێکی نیە .

﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ۝١ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ۝٢ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ۝٣ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلۡعُقَدِ ۝٤ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ۝٥﴾ (الفلق).

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان ، ئەی محمد ﷺ : خۆم دەپارێزم بە پەروەردگاری دروستکاری بوونەوەر لە زەرەرو زیان و ئەوەی کە دروستی کردووەو ، لە خراپەی تاریکی ئەو کاتێ دادێ ، لە زەرەرو زیان و خراپەی جادو کەران کاتێ فو لەگرێ کوێرەکان دەکەن و ، لەخراپەی ئەو ئێرەبەرو ڕژدانەی کە حەسودی و بەخیلی بەخەڵك دەبەن .

بسم الله الرحمن الرحيم ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ۝١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ۝٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ۝٣ مِن شَرِّ ٱلۡوَسۡوَاسِ ٱلۡخَنَّاسِ ۝٤ ٱلَّذِي يُوَسۡوِسُ فِي صُدُورِ ٱلنَّاسِ ۝٥ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ۝٦﴾(الناس).

واتە : بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان ، ئەی محمد ﷺ بڵێ : خۆم دەپارێزم بە خوای بوونەوەر ، ئەو خوایەی کە پاشاو دەسەلاتداری خەڵکیەو ، پەرستراوی خەڵکیە ، لەزەرەرو زیانی خراپەی وەسوەسە پەیداکەری پەنهان و

نادیار ، ئەوەی کە خوتخوتــەو وەسوەســەی خــراپ دەخاتــە نــار دڵ و دەروون و سینەی خەڵکی لە جنۆکەو ئینسانەکان .

ئیتر دوای ئەوەی کە ئەم سورەت و ئایەتانەی لێ خوێندران ، سێ جار لێی دەخواتەوە ، بە باقیەکەشی خۆی پێ دەشــوات ، جــا بــەوە دەردو نەخۆشــی و ژانەکە لادەچێ ئەگەر خوا حەز بکا ، ئەگــەر پێویــست بــەدووبارە کردنــەوەو چەند بارە کردنەوە بــوو ، ئــەوا گرفــت نیــە ، بــەڵکو پێویــستە چــەند بــارە بکرێتەوە تا نەخۆشیەکە دەڕوا ، دیارە زۆر جار ئەوە تاقی کراوەتــەوەو ســوودی زۆری هەبووە ، ئەوە بۆ ئەو کەسەش زۆر باشە کە لەهاوسەری بەســتراوەتەوەو ناتوانێ کاری جیماع و مێردایەتی لەگەڵدا بکات [1] .

ب- سورەتی فاتیحەو ئایەتەلکورســی دەخــوێنێ ، وێــڕای خوێنــدنی دوو ئایەتەکەی سورەتی بەقەرەو سورەتی ئیخلاص و هــەردوو ســورەتی (النــاس و الفلق) سێ جاران یا زیاتر ، لەگەڵ فوبەخۆ داکردن و ، دەســتهێنانی دەســتی ڕاستە بەسەر شوێنی ئێش و برین و دەردەو نەخۆشیەکە [2] .

---

(١) انظر، ابن باز ٢٧٩/٣ وفتح المجيد ص ٣٤٦ ، والصارم البتار في التصدي للسحرة والأشرار لوحيد عبد السلام ص ١٠٩ – ١١٧ فهناك رقية مفيدة ومطولة نافعة إن شاء الله تعالى ، ومصنف عبدالرزق ١٣/١١ وفتح الباري ٢٣٣/١٠.

(٢) انظر، : فتاوى ابن باز ٢٧٩/٣ ، وفتح المجيد ص ٣٤٦ والصارم البتار في التصدي للسحرة والأشرار لوحيد عبد السلام ص ١٠٩ -١١٧ فهناك رقية مفيدة ومطولة نافعة إن شاء الله تعالى ، ومصنف عبدالرزاق ١٣/١١ وفتح الباري ٢٣٣/١٠ .

ج- خۆ پاراستن و پـەناگرتن بـەخوای گـەورەو دوعـاکردن و لەبـەر خـوا پارانەوە بەم دوعا گشتگیرو کۆکەرە وانە :

١- أَسْأَلُ اللهَ العَظِيمَ رَبَّ الْعَرْشِ العَظِيمِ أَنْ يَشفِيكَ (سبع مراتٍ) [١] . .

واتە : داوا لەخوای گەورەی پەروەردگاری تەخت و بارەگای گەورەو دەکـەم کە شیفات بۆ بێنێ و چاکت بکاتەوە ، حەوت جار دەگوترێ .

٢- يَضَعُ الْمَرِيضُ يَدَهُ عَلَى الَّذِي يُؤْلِمُهُ مِنْ جَسَدِهِ وَيَقُولُ : (بسم الله) ثَـلاَثَ مَرَّاتٍ ، وَيَقُولُ : (أَعُوذُ بِالله وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ وَأُحَاذِرُ (سبعُ مَرَّاتٍ) [٢] .

واتە : نەخۆش دەستی خۆی لەسەر ئەو شوێنەی دادەنێ کـە لـە لاشـەی دێشێ و سێ جار دەڵێ : بسم الله ، وە حەوت جار دەڵێ : خۆم بە خوای گەورەو بە هێزو دەسەلاّت و توانای دەپارێزم لەو ئازارەی کەهەمەو لێی دەترسم [٣] .

٣- ﴿اللهمَّ رَبَّ النَّاسِ أَذْهِبِ الْبَـأْسَ واشـف انـت الـشافي لاشـفاء الا شِـفَاؤُكَ شِفَاءً لا يُغَادِرُ سَقَماً﴾ [٤] .

واتە : ئەی خوای خەڵک و بوونەوەر ، دەردو بەلای لێ لابەو ، چاکی بکـەوە ، چونکە هەرتۆ چاککەرەوەی، هیچ شیفایەك نیە تـەنها شـیفای تـۆ نـەبێ ، بەشیفایەك کە هیچ ئێش و ئازارو دەردو نەخۆشیەك ناهلێ .

---

(١) الترمذي وأبو داود ١٨٧/٣ ، والترمذي ٤١٠/٢ وانظر، صحيح الجامع ١٨٠/٥ و ٣٢٢ .

(٢) مسلم ١٧٢٨/٤ .

(٣) مسلم ١٧٢٨/٤ .

(٤) البخاري مع الفتح ٢٠٦/١٠ ، ومسلم ١٧٢١/٤ .

٤- أعُوذُ بِكَلِمَاتِ الله التَّامَّةِ مِنْ كُلِّ شَيْطَانٍ وَهَامَّةٍ وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لا مَّةٍ[١].

واتە : خۆم بەوتە تەواو و پیرۆزەکانی خوای کردگار لە هەموو شەیتان و شتێکی بەزەرو زیانبەخش و چاو پیسێك دەپارێزم .

٥- ﴿أعُوذُ بِكَلِمَاتِ الله التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ﴾[٢] .

واتە : خۆم بەوتە تەواو و بەڕێزەکانی خوا دەپارێزم لە زەرەرو زیان و خراپەی ئەوەی کە دروستی کردووە .

٦- ﴿أعُوذُ بِكَلِمَاتِ الله التَّامَّاتِ مِنْ غَضَبِهِ وَعِقَابِهِ وَشَرِّ عِبَادِهِ وَمِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ وَأَنْ يَحْضُرُونِ﴾[٣] .

واتە : خۆم دەپارێزم بە وتە تەواوەکانی کردگار لە سزاو تووڕەبوونی خۆی ، لەزەرەرو زیانی بەندەکان و ، لە خوتخوتە خەتەرەی شەیتانەکان ، لەوەی زەفەرم پێ ببەن و لەلام ئامادە بن لە کاتی مردن و لە هەموو ساتەکانی ژیاندا .

٧-﴿ أعُوذُ بِكَلِمَاتِ الله التَّامَّاتِ الَّتِي لاَ يُجَاوِزُهُنَّ بَرٌّ وَلاَ فَاجِرٌ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ ، وَبَرَأَ وَذَرَأَ ، وَمِنْ شَرِّ مَا يَنْزِلُ مِنَ السَّمَاءِ ، وَمِنْ شَرِّ مَا يَعْرُجُ فِيهَا ، وَمِنْ

---

(١) البخاري مع الفتح ٤٠٨/٦ .

(٢) مسلم ١٧٢٨/٤ .

(٣) أبو داود والترمذي ، وانظر، صحيح الترمذي ١٧١/٣ .

شَرِّ مَا ذَرَأَ فِي الأَرْضِ ، وَمِنْ شَرِّ مَا يَخْرُجُ مِنْهَا ، وَمِنْ شَرِّ فِتَنِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ ، وَمِنْ شَرِّ كُلِّ طَارِقٍ إِلاَّ طَارِقاً يَطْرُقُ بِخَيْرٍ يَارَحْمنُ﴾ [1] .

واتە : خۆم بەو وتە تێرو تەواو و پیرۆزانەی خوا دەپارێزم لەو زەرەرو زیان و خراپەیەی کە دروستی کردووەو ، لەسەر کەس باز نادا ، ئینسانی چاك و خراپ قوتار ناکا ، ئەو خوایەی کە خەڵك دروست دەکاو ، قوتار دەکا ، وە خۆم لە زەرەرو زیانەکانی ئەوە دەپارێزم کە لەئاسمانەوە دێتە خوارەوە ، یا تیایدا سەردەکەوێ و دەخولێتەوە ، وە لەوەی کە لەزەویدا دروست و بەرهەڤی کردووەو ، لەوەی کەتیایەتی و لێی دەردەچێ و دێتە دەرەوە ، وە لەزەرەرو زیانی ئاشوب و ئاژاوەو خراپەکانی شەوو ڕۆژو ، لەو خراپەیەی کە لە شەودا دێ و دەردەکەوێ ، تەنها لەو تاریکیەشەوە نەبێ ، کە بەخێرو چاکەی خوا دێ و دەردەکەوێت .

٨- اللهمَّ رَبَّ السَّمَواتِ وَرَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ ، رَبَّنَا وَرَبَّ كُلِّ شَيْءٍ ، فَالِقَ الْحَبِّ وَالنَّوَى ، وَمُنْزِلَ التَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلِ وَالْقُرآنِ ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ كُلِّ شَيْءٍ أَنْتَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهِ ، أَنْتَ الأَوَّلُ فَلَيْسَ قَبْلَكَ شَيْءٌ ، وَأَنْتَ الآخِرُ فَلَيْسَ بَعْدَكَ شَيْءٌ ، وَأَنْتَ الظَّاهِرُ فَلَيْسَ فَوْقَكَ شَيْءٌ ، وَأَنْتَ الْبَاطِنُ فَلَيْسَ دُونَكَ شَيْءٌ . . . ﴾ [2] .

---

(١) مسند أحمد ١١٩/٣ بإسناد صحيح ، وابن السني برقم ٦٣٧ ، وانظر، مجمع الزوائد ١٢٧/١٠ .

(٢) مسلم ٢٠٨٤/٤.

واتە : ئەی خوای پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکان و زەوی ، پەروەردگاری تەخت و بارەگای گەورەو گوشاد ، پەروەردگارمان پەروەردگاری هەموو شتێکی بوونەوەر ، دروستکەری دەنك و ناوك و ئەوەی کە تیایەتی ، دابەزێنەری تەوارت و ئینجل و فورقان (لێك جیاکەرەوەی هەق و باطل) ، خوایە خۆم دەپارێزم بەتۆ لەهەموو خراپەیەکی ژیان ، خوایە چارەنوس و نێو چەوانی من بەدەست تۆیەو لەلای تۆیە ، خوایە هەر تۆ یەکەمی و هیچ شتێك پێش تۆ لە بوون نەبووەو نیە ، خوایە تۆ کۆتا ودوماهی و ، هیچ شتێك لەپاشە تۆ نیە و ناژی و نامێنێ ، تۆ دیارو ئاشکرایی و لەسەروی لەو دیوی تۆ هیچ شتێکی تر نیە ، خوایە تۆ خوایەکی پەنهانی و نادیاری وەکو خودی خۆت ، جگە لەتۆ لە خوارە تۆ هیچ خوایەکی تری بەهەق و رەوا نیە ، خوایە قەرزمان لەجیاتی جێ بەجێ بکەوەو ، لە هەژارمان دەولەمەند بکە .

٩- ﴿بِسْمِ اللهِ أَرْقِيكَ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ يُؤذِيكَ وَمِنْ شَرِّ كُلِّ نَفْسٍ أَوْ عَيْنِ حَاسِدٍ اللهُ يَشْفِيكَ بِسْمِ اللهِ أَرْقِيكَ﴾ (١) .

واتە : بەناوی خوا دوعات بۆ دەکەم و داوای چاك بوونەوەت بۆ دەکەم لەهەموو شتێك کەتۆ ئازار دەدا ، وە لە زەرەرو زیانی هەموو نەفس و چاوێك کە ئێرەبیت پێدەبا ، خوا شیفات بدا ، بەناوی خوا دوعای چاك بوونەوەت بۆ دەکەم .

---

(١) مسلم عن أبي سعيد ١٧١٨/٤ .

١٠- ﴿بِسْمِ اللهِ يُبْرِيكَ مِنْ كُلِّ دَاءٍ يَشْفِيكَ وَمِنْ شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ وَمِنْ شَرِّ كُلِّ ذِي عَيْنٍ﴾ (١) .

واتە : بەناوی خوا ، داوای شیفاو چاك بوونەوەت بۆ دەکەم لەهەموو دەردو نەخۆشیەك ، خوا چاکت بکاتەوە لە زەرەرو زیانی هەموو چاو پیسێك کەچاوی لێداویت .

١١- ﴿بِسْمِ اللهِ أَرْقِيكَ مِنْ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ مِنْ حَسَدِ حاسد وَمِنْ كُلِّ ذِي عَيْنِ اللهِ يَشْفِيكَ﴾ (٢) .

واتە : بەناوی خوا ، دوعات بۆ دەکەم، داوای چاك بوونەوەت بۆ دەکەم لەهەر شتێك کە ئازارت دەدا ، لە حەسودی و حەسود بەر ، لەهەموو چاو پیسێك ، خوا شیفات بدات .

ئەم خۆپاراستن و پەنا گرتن و دوعاو نوشتانە چارەسەریان پێ دەکرێ لە سیحرو چاو لێدان ، تورش بوون بە جن و ، هەموو نەخۆشیەکان ، چونکە ئەمانە دوعایەکی کۆکەرەوەو گشتگیرو زۆر بەسوودن.

جۆری سێیەم / بەتالکردن و خوێن دەرهێنان بە کەلە شاخ لەو شوێن و ئەندامەی کە شوێنەواری سیحرکردنی لەسەر دیارە ، ئەگەر گونجا ، دەنا

---

(١) مسلم عن عائشة ١٧١٨/٤ .

(٢) سنن ابن ماجه عن عبادة با الصامت ، وانظر،صحيح ابن ماجه ٢٦٨/٢ .

سوپاس بۆ خوا خوێندنی ئەو زیکرو دوعایانەی کە باسمانکردن بەسە بۆ لابردن و پوچەلکردنەوەی سیحر ئەگەر بە باشی جێ بەجێ بکرێن[1] .

جۆری چوارەم / دەرمانە سروشتی و خوارسکەکان ، ئەوانەی کەخوای گەورە دروستی کردوون زۆر بەکەلکن ، ئەوانەی کە لە قورئانی پیرۆزو سوننەتی پاك و بە پێزی پێغەمبەردا ﷺ بەڵگەیان لەسەرە ، ئەگەر ئینسان بەڕاست و یەقین و بیرو باوەڕەوە وەریان بگرێ ، وێڕای ئەوەی کە دەبێ بیرو باوەڕ ، وابێ کە سوودو شیفایان لەلای خوای گەورەیە ، ئینجا سودیان دەبێ ئەگەر خوا حەز بکات ، هەروەك داو دەرمانی تری گیراوەو تێکەڵاڵ هەیە لە گژوگیاو ئەو شتانەی کە دەقیان لەسەر هەیە ، دیارە ئەوانە تەجروبەی زۆریان لەسەر کراوەو سوودی زۆریان لێ وەرگیراوە ، بۆیە دەکرێ بەکار بهێنرێن و سودیان لێ وەریگیرێ ، ماتوو لەڕوی شەرعیەوە حەرام نەبن ، ئەو دەرمان و چارەسەرە سروشتیانەش کە دەقی قورئان و سوننەتیان لەسەر بێ ، زیاتر بریتین لە هەنگوین و[2] ڕەشکە (الحبة السوداء) و[1] ئاوی زەمزەم[2] ، ئاوی باران خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَنَزَّلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً مُّبَـٰرَكًا ۝٩﴾(ق).

---

(١) انظر، : زاد المعاد ١٢٥/٤ وهناك أنواع من علاج السحر بعد وقوعه لا بأس بها إذا جربت فنفعت ، انظر، مصنف ابن أبي شيبة ٣٨٦/٧-٣٨٧ وفتح الباري ٢٣٣/١٠-٢٣٤ ، ومصنف عبدالرزاق ١٣/١١ ، والصارم البتار ص ١٩٤ — ٢٠٠ ، والسحر حقيقته وحكمه للدكتور مسفر الدميني ص٦٤-٦٦ .

(٢) انظر، :ص ١٤٢ ، وفتح الحق المبين ص ١٤٠ .

واتە : ئێمە ئاوێکی پاك و پیرۆزو بە پێزمان لەئاسمانێ ناردۆتە خوارەوە ، وە هەروەها رۆنی زەیتون، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((كُلُوا الزَّيْتَ وادَّهِنُوا بِهِ فَإِنَّهُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبَارَكَةٍ [٣] .

واتە : زەیتون و رۆنەکەی بخۆنو خۆی پێ چەور بکەن ، چونکە لە دارو درەختێکی پیرۆزو بە پێزە ، هەروەك بە ئەزموون و هەڵکەوت و بەکارهێنان دەرەنجام دەرکەوتووە کە رۆنی زەیتوون باشترین رۆنە ، وە داو دەرمانی تری سروشتی بۆ ئینسان بریتیە کە خۆشوشتن و خۆ پاك ڕاگرتن و خۆبۆنخۆش کردن .

---

(١) انظر، : ص ١٤١، وفتح الحق مبين ص ١٤١ .

(٢) انظر، : ص ١٤٣ ، وفتح الحق المبين ص ١٤٤ .

(٣) احمد في المسند ٤٩٧/٣ ، والترمذي وابن ماجه ، وصححه الألباني في صحيح الترمذي ١٦٦/٢ .

٢- چارەسەرکردنی چاو لێدان

چارەسەری چاولێدان و بەر چاو کەوتن دوو بەشە :

بەشی یەکەم :

پێش چاو لێدان ئەوەش چەند جۆرێکە :

١- خۆپاراستن و خۆدالدەدان و دالدەدان و پاراستنی ئەو کەسەی کە لەچاو زار دەترسێ بەهۆی زیکرەکان و ، دوعاکان و ، خۆ پاراستنە ڕەواکان ، هەروەک لەبەشی یەکەمی چارەسەری سیحردا باسکرا [١] .

٢- ئەگەر کەسێك لە چاوەکانی خۆی ترسا کە چاو لەشتێکی خۆی یا لە شتێکی برا موسڵمانەکەی بدات ، وەك مااڵ و منداڵ و هەر شتێکی تر کە سەرسامی دەکا ، با دوعای خێرو بەرەکەت بکاو بڵێ : ماشاء الله لا قوة إلا بالله اللهم بارك عليه ، واتە: ئەوە خوا حەزی کردووە، ئەوەیش کە خوا حەز دەکات هیچ تواناو هێزێك نیە ڕەتی بکاتەوە، خوایە بەرەکەت لەو شتە بخەی و پیرۆزی بکەی ، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : ئەگەر یەکێ لە ئێوە

---

(١) انظر،: ص ٨٥ من هذا الكتاب .

شتێکی لەبرایەکەی دی کە پێی سەرسام بوو ، با دوعـای خێـرو بەرەکـەت و پیرۆزی بۆ بکات[1] .

٣- داپۆشین و شاردنەوەی ئەو شتە گرنگ و چاکانەی کـە لەچـاو لێـدان لێیان دەترسی .

بەشی دووەم :

دوای چاولێدان و بەر چاو کەوتن ئەوەش چەند جۆرێکە :

١- ئەگەر زانرا کێ چاوی لێداوە ، دەبێ چاولێدەر دەست نوێژ هەڵبگرێ و چاولێدەر خۆی غوسل بەم ئاوە بکات.

٢- زۆر خوێنـدنی ئـەم ئایـەت و سـورەتانە (الاخـلاص) و (الفلـق) و (الناس) و (ئایەتەلکورسی) و ئایەتەکانی کۆتایی سورەتی بەقـەرەو دوعـای روقیە ، لەگەڵ فو پێدا کردن و دەستی ڕاست داهێنان بەسەر ئەو شوێنەی کە ئازاری هەیە لەلاشەدا ، هـەروەك لـە برگـەی (ج)ی ژمـارە ١/١١ی جـۆری دووەمی چارەسەرکردنی سیحردا باسکرا .

٣- دەکرێ ئەو ئایەت و سورەتە باسکراوانە لەسەر ئاوێکی پاك و حـەلاڵ بخوێندرێن و فوی پێدا بکـرێ ، پاشـان نـەخۆش و دەردەدار لێـی بخواتـەوەو ،

---

(١) موطأ مالك ٩٣٨/٢ وابـن ماجـه ١١٦٠/٢ وأحمـد ٤٤٧/٤ ، وانظر، : صـحيح ابـن ماجـه ٢٦٥/٢ وانظر، : زاد المعاد ١٧٠/٤ والـصارم البتـار في التـصدي للـسحرو والأشـرار للـشيخ وحيد عبدالسلام ص ٢٢٩ – ٢٥٢ .

ئەوەی دەمێنێتەوە بەسەر خۆی دابکا یا خۆی پێ بشوا [1] ، ئەگەر گونجا دوعاو ئایەتەکان لەئاوی زەمزەم بخوێندرێن باشترو تەواو تره [2] ، یا لەسەر ئاوی ئاسمان (وەك ئاوی بەفرو باران و تەرزە) [3] .

٤- هیچ گرفت و ناشەرعی نیە ئەگەر چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بنوسرێن و پاشان بەئاو هەڵبگوشرێ و بشۆردرێ و ، پاشان نەخۆش و دەردەدار ئاوەکە بخواتەوە یا خۆی پێ بشوا [4] ، بۆ وێنە لەوانە سورەتی (الفاتحەو إخلاص و الفلق و الناس) و ئایەتەلکورسی و دوو ئایەتەکەی کۆتایی سورەتی بەقەرەو دوعاکانی تر لە قورئان و سوننە ، هەروەك لە برگەی (ب) و (ج)ی ژمارە ١١/١ دا هاتووە [5] .

---

(١) سنن أبي داود ١٠/٤ فعل ذلكَ لثابت بن قيس .

(٢) مسند احمد ٤٩٧/٣ وانظر، سلسلة الأحاديث الصحة ١٠٨/١ برقم ٣٧٩ .

٣انظر، : ص ٧٨و١٠٣، ١٤٣ .

(٤) انظر، : زاد المعاد لابن القيم ١٧٠/٤ وفتاوى ابن تيمية ٦٤/١٩ .

(٥) انظر،: ص ٩٦ من هذا الكتاب.

بەشی سێیەم

ئەو کارو کردەوانەی کە دەبنە مایەی وە لانان و دوورکەوتنەوە لەچاولێدان و ئێرەیی پێ بردن و زیان پێ گەیاندن ئەمانەن .

١- خۆ پاراستن بەخوا لە زەرەرو زیانی .

٢- لەخوا ترسان و خۆپاراستن بەپێی ئەمرو نەهیەکانی خوا ، هەروەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((احفظ الله يحفظْكَ)) [١] ، واتە فەرمان و داواکاریەکانی خوا ڕابگرەو بپارێزە ، خوا دەتپارێزێ .

٣- سەبر گرتن لەسەر حەسودو ، لێی ببوورە ، شەڕی لەگەڵ مەکە ، ، سکالاێ لێ مەکە ، باس مەکە کە ئازاری داوی .

٤- پشت بەخوا بەستن ، چونکە هەرکەسێ پشت بەخوا ببەستێ خوای بەسە .

٥- لەحەسود مەترسێ و دڵت بەوە دانەگرێ و نەترسێ و پڕ نەبێ لە بیرکردنەوە لەوە .

٦- ڕوو کردنە خوا ، دڵسۆز بوون بۆ خوا ، داوای ڕەزامەندی کردنی خوای پاك و بێگەرد .

٧- تەوبە کردن لە گوناە و تاوانەکان ، چونکە گوناە و تاوانەکان لەشی ئینسان گران دەکەن و دوژمنی بەسەردا زاڵ دەکات ، هەروەك خوای گەورە

---

(١) الترمذي ، وانظر، صحيح الترمذي ٣٠٩/٢ .

دەفـــەرمووێ: ﴿وَمَآ أَصَـٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُواْ عَن كَثِيرٍ ۝﴾(الشورى) .

واتە : هەر دەردو بەلاّو ناخۆشیەکتان تووش بوو بێ بەهۆی کارو کردەوەی دەستی خۆتانەوە بووە ، وە لە زۆریشتان بووراوە .

٨- تا بکرێ خێرو چاکە کـردن بکـرێ چـونکە ئـەوە کاریگەریـەکی زۆر سەیری هەیە لە ڕاگرتن و وەلانانی بەلاّو چاو زارو زەرەرو زیانی حەسودی .

٩- کوژاندنەوەی ئاگری ئینـسانی حەسـودو سـتەمکارو خـراپ بەچـاکە لەگـەڵ کردنـی ، ئامۆژگـاری لەگـەڵ بکـەی لـە دونیـاو دوڕۆژدا خێـری لێ دەبینی[1].

١٠- تەواو بڕوا بوون بە یەکتایی خوای گەورە ، بەجۆرێ کـە هـیچ شـتێ بەبێ ئەو هیچ زەرەرو زیان و سـودێکی نـابێ ، چـونکە یەکتاپەرسـتی تاکـە قەلاّی خوایی ئیماندارانە ، هەرکەسێ بچێتە نێوی ناشکێ و سەلامەت دەبێ و دالدەی دەدات .

ئا ئەوانەی کەباسکران دە هۆکار بوون کە ئینسان بە کردنیـان لـە زەرەرو زیان و شەڕو شۆڕی ئینسانی خراپ و حەسودو چاوزارو جادوکەر بەدوور دەبـێ و دەپارێزرێت .

---

(١) خوای گەورەش سەبارەت بەوە دەفەرموێ: (ادفع بالتی هی أحسن) واتە : بەوەی هەرە چاکە پاڵ بە خراپە وەبنێ ، واتە: ئەگەر کەسێك خراپەی لەگەڵدا کردی ، تۆ چاکەی لەگەڵدا بکە لەجیاتی خراپە چاکترە . (وەرگێڕ) .

٣- چارەسەرکردنی تووشبوونی ئینسان بەجن

چارەسەری ئەو کەسەی دەچێتە ناو لاشەیی و دەستی لێ دەدا دور بەشە :

بەشی یەکەم :

پێش تووشبوونی :

خۆپاراستن لەهەموو شتێك گرنگترە کە بریتیە لە پارێزگاری کردن و ئەنجامدانی هەموو فەرزو واجباتەکان و دوور کەوتنەوە لەشتە حەرام و قەدەغە کراوەکان ، تەوبەو پەشیمانی لەهەموو گوناە و تاوان و خراپەکان، خۆپاراستن و خۆ شورە کردن بە زیکر و دوعاکان و خۆ پاراستن بەدەقە رەواکان.

بەشی دووەم :

چارەسەر دوای جن چوونە ناو لاشەی ئینسان :

چارەسەری ئەوسا بە خوێندنی ئینسانێکی موسڵمان و ئیماندار دەبێ کە بەدڵ دوعاکان بخوێنێ ، بەجۆرێ کاتێ کەلەسەر تووش بوو دەخوێنێ دەبێ دڵ و زمانی یەك بێ، باشترین چارەسەری روقیە بریتیە لە خوێندنی سورەتی (الفاتحە) و (إلاخلاص) و (الفلق) و (الناس) و (ئایەتەلکورسی) و دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی بەقەرە ، وێڕای فووکردنە نەخۆشە تووش بووەکە ، سێ جار یان زیاتریش دووبارە کردنەوەی ئەم کرداڕە، جگە لەوانەش لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەکرێ بخوێندرێت ، چونکە قورئان هەمووی

شیفایە بۆ ئەوەی لە نێو دڵ و دەروون و سینەکان دایە ، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فيه شفاء لما في الصدور ، وشفاء وهدى ورحمة للمؤمنين﴾ [1] ، ئەم قورئانە شیفاو ڕەحمەت و هیدایەتە بۆ ئیمانداران ، وە دوعاکانی نوشتەو خوێندن هەروەك لە جۆری دووەم لەچارەسەری سیحردا هاتووە لە بڕگەی (باء وجیم) [2] .

چارەسەری لە دووشت دایە :

یەکەم / چارەسەر لەلای نەخۆشی تووش بووە بەهۆی هێزو وڕەو بیروباوەڕو ڕاست ڕووکردنە خواو پشت بەستن بەخواو ، خۆپاراستنەکی ڕاست و دروست لەخواو وتەکانی بەجۆرێ کە دڵ و زمانی لەگەڵ خوێندنەکەدا کۆك و یەکانگیر بێ .

دووەم / چارەسەر لەلای چارەسەرکەری نەخۆشە کە ئەویش دەبێ وەکو نەخۆشەکە زیاتر ئەو شتانە پیادەو پەیڕەو بکا ، چونکە بەکارهێنانی چەکەکە بەدەست ئەوەوەیە ، چۆن بەکاری بێنی ئاوا ڕەنگ دەداتەوە .

یا ئەگەر لە گوێی نەخۆشە تووش بوو بانگ درا کرا زۆر باشە ، چونکە شەیتان لەبەر بانگ ڕادەکاو جرتەی لێ بەر دەبێ و بەبانگ تێك دەچێت [3] .

---

(١) انظر، : الفتح الرباني ترتيب مسند الإمام أحمد ١٨٣/١٧ .

(٢) انظر،: ص ٩٦ - ١٠٠ من هذا الكتيب .

(٣) انظر، : فتح الحق المبين في علاج الصرع والسحر والعين ص ١١٢ ، والبخاري برقم ٥٧٤ .

٤-چارەسەرکردنی نەخۆشیە دەروونیەکان[1].

بەکورتی باشترین چارەسەرکردن بۆ نەخۆشیە دەروونیەکان و دڵ تەنگ بوون بەم ڕێگاو هۆکارانە دەبێت .

١-هەبوونی هیدایەت و یەکتاپەرستی لەلای ئینسان ، مایەی دڵخۆشی و دل فراوانین ، هەروەك شیرك و گومڕایی گەورەترین هۆکاری دڵتەنگین .

٢- بەڕوناکی ئیمانێکی ڕاست و تەواو کە خوای گەورە دەیخاتە ناو دڵی بەندە ، وێڕای ئەنجامدانی کارو کردەوەی چاك[2].

٣- هەبوونی زانست و زانیاری بە سوود ، چونکە هەرکاتێ زانستی بەندە فراوان بێ ، دڵ و دەروونیشی فراوان و گوشاد دەبێت .

٤- هەمیشە تەوبە کردن لە گوناە و تاوانەکان و ، گەڕانەوەو پەشیمان بوونەوە بۆ لای خوای گەورەو ، زۆر بەدڵ خۆشویستنی خواو ، زۆر بەدڵسۆزی و دڵپاکی ڕووکردنە خواو داننان بە نازو نیعمەت و چاکەکانی و لەززەت وەرگرتن لەبەندایەتی بۆ کردنی و پەرستنی و ، بەنیعمەت دانانی ئەم بەندایەتیە .

---

(١) انظر، في ذلك أسباب شرح الصدر في زاد المعاد ٢/٢٣ – ٢٨ ، وكتاب الوسائل المفيدة للحياة السعيدة للعلامة عبدالرحمن بن ناصر السعدي .

(٢) وەك خوای گەورە لەزۆر جێی قورئاندا وێڕای ئیمان باس لەکارو کردەوەی چاك دەکاو مەرجی ئیمان کاروکردەوەی چاك و داخوازی خوای گەورەیە ، وەك خوای کردگار دەفەرموێ: (وعملوا صالحاً) یا (وعملوا الصالحات) . (وەرگێڕ) .

٥- بەردەوام زیکر کردنی خوای گەورەو دوعا لێکردنی چاك لە هەموو کات و حالەت و شوێن و هەنگاوەکاندا ، چونکە زیکرو دوعا کاریگەریەکی زۆر سەیرو بێ وێنەیان هەیە لەسەر فراوان بوونی دڵ و دەروون و ، لا بردنی خەم و پەژارەکان .

٦- چاکەکردن لەگەڵ خەڵك و سوود پێ گەیاندنیان بە جۆرەها شێوەی سوودو چاکە ، چونکە ئینسانی سەخی و چاکەکار دڵی لە هەموو خەڵکی خۆشترو فراوانترە ، دڵ و دەروونی چاکترە ، دڵی پڕ لەنازو نیعمەت ترە .

٧- تازایەتی، چونکە ئینسانی جەسور دڵ و دەروونی هەمیشە فراوانە .

٨- بەدەرنانی ئەو سیفەتە خراپ و بەدانەی کە دڵ تەنگ و نەخۆش و دەغەل دەکەن و ، دڵ تازار دەدەن و دەکوشن ، وەك ئێرەیی پێبردن ، ڕق لێ بوونەوە ڕق و کینە ، دوژمنایەتی ، ڕەزیلی و ڕژدی ، زوڵم کردن هەر وەك لە حەدیسدا هاتووە کە دەربارەی باشترین کەس پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ کراوە، ئەویش فەرموویەتی : (کل مخموم القلب صدوق اللسان، واتە : هەموو دڵ ساغ و پاك و بێگەردو زمان ڕاستێك ، گوتیان : قوربان دەزانین کە زمانڕاست و ڕاستگۆ مانای چییە ، بەڵام ئەی مخموم القلب چییە ، فەرمووی ((هو التَّقِيُّ النَّقِيُّ ، لا إثْمَ فيهِ ، ولا بَغْيَ ، ولا غِلَّ ولا حَسَدَ))[1] :

---

(١) اخرجه ابن ماجه برقم ٤٢١٦ ، وانظر، صحيح ابن ماجه ٤١١/٢ .

واتە: لەخوا ترس و خۆپارێزەر، پاك و بێگەرد ، بێ گوناه و تاوان ، بەجۆرێ، گوناه وتاوان ، ستەم ، فڕو فێڵ ، ئێرەیی و ڕژدی لەنێو دڵ و دەروونی دانی یە.

٩- واز هێنان لە زۆر قسەکردن، نەزەر، گوێگرتن لە خراپە، زۆر خواردن وحەرامخواردنو تێکەڵ بوونی خراپ و ، زۆر نووستن وخراپ نووستن ، چونکە واز هێنان لەمانە هۆکارن بۆ فراوانکردنی دڵ و دەروون و سینەو ، لا چوونی خەم و پەژارە .

١٠- خەریك بوون بە کارێك لەکارە بەسوودەکان ، یا زانستێك لە زانستە بەسوودەکان ، چونکە ئەوە دڵ بەباشە پڕ دەکات کاتێ کەنیگەران و دڵتەنگ دەبێ .

١١- گرنگی دان بەکاری ڕۆژانە کەهەیەو ، واز هێنان لە گرنگی دان بەکاری دوارۆژو دادێ، زۆر بیرکردنەوەو خۆماندوو کردن و خەریك کردن بەکارو خەمەکانی دادێن ، خەم خواردن لەسەر کات و کێشەکانی ڕابردوو ، چونکە بەندە دەبێ لە پێناو کارە بەسوودەکانی دونیاو دوارۆژ کار بکاو هەوڵ بدا ، داوای سەرکەوتنی نیازو مەبەستی لەپەروەردگاری بکاو ، داوای کۆمەکی و هاوکاری لەسەر ئەوە پێبکا ، چونکە ئەوە لەخەم و پەژارە ، دڵ دەداتەوەو دووری دەخاتەوە .

١٢- لەمەسەلەی دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانی دونیا تەماشای خوارە خۆت بکە کە خەڵك چۆنەو چۆن دەژی نەك سەروی خۆت چەند دەوڵەمەندو

خۆشگوزارە ، چونکە چەند دەولّەمەند بی لەسەرووی تۆ دەولّەمەند تر هەر هەیە ، وە چەند هەژاریش بی ، لەخوار تۆ هەژار تر هەر هەیە .

بۆیە لەڕزق و ڕۆزی و بژێوی ژیان سەیری خوار خۆت بکە ، دلّی خۆت بدەوە ، پەند لەوان وەربگرە .

١٣- لەبیرکردنی ئەو کارو کردەوە خراپانەی کە تێپەڕبوون و ناکرێ بگەڕێنەوە ، قەت بیریان لێ مەکەوە ، بەلّکو داهاتوت چاك بکە و ، بیر لە داهاتوویەکی چاکتر بکەوە .

١٤- ئەگەر دەردو بەلاّ نەگبەتێك بەسەر بەندە هات ، پێویستە بەپێی توانا هەوڵی لابردن و سووك کردنی بدات تا ناخۆشیەکە کۆتایی پێدێ ، دەنا با سەبری لەسەر بگرێ و شوکری خوا بکات .

١٥- باوڕەو دلّ و دەروونی خۆی بەهێز بکا ، بەو فیکرو خەیالاّنە هەراسان و بێ تاقەت نەبێ و هەلّنەچێ کەفکرەی خراپ دەیانهێنێ ، با تورە نەبێ ، باوانەزانێ کەشتی خراپ و ناخۆش لەسەری ڕونادا ، بەلّکو باهەمیشە ڕوو لەخوا بکاو ، تەوەککولی بەسەر خوا بێ و پشت بەهۆکارە بەسوودو شەرعیەکان ببەستێ ، داوای لێبوردن و تەندروستی باش لەخوای گەورە بکات.

١٦- پشت بەستن بەخوای گەورەو گومانی چاك بردن بەخوا ، چونکە ئەو کەسانەی کە پشت بەخوا دەبەستن ، فیکرو خەیالی خراپ و کاریان تێ ناکاو دودلّ و دڕدۆنگیان ناکات .

١٧- ئینسانی ئاقل دەزانێ کەژیانی ڕاست و دروست بریتیە لە ژیانی ئۆقرەگرتن و بەختەوەری و کامەرانی و ، دەزانێ کە ژیان کاتێکی کورت و دیاریکراوەو نابێ بەفیکرو خەیاڵی خراپ و بەخەم و پەژارە بەسەری ببا ، چونکە ژیانی هەراسان دەکات .

١٨- ئەگەر تووشی ناخۆشیەك بوو ، با بەراوردێك بکا لەنێوان ناخۆشیەکەو ئەو هەموو نازو نیعمەتە دونیاو ئاینیانەی کە خوا پێی داوە ، ئەوسا بۆی ڕوون دەبێتەوە کە نازو نیعمەتەکان چەند زۆرترن ، وە با بەراوردێك بکا لەنێوان ترسان لەو شتە خراپ و ناخۆشانەی کە ڕەنگە ڕوو بدەن لەگەڵ ئەو شتە خێرو خۆشانەی کە ڕەنگە خوا بۆی بێنێتە پێش ، ئەوسا با قەت ئەگەرە خراپەکان ڕەسەل ئەگەرە باشەکان نەخات ، بەڵکو با گومانی بەرانبەر بەخواو دوا ڕۆژی چاك بێ و ، چاك بیر بکاتەوەو باش خۆزگە بخوازێ ئەوسا ، بەوە کێشەو گرفت و ترس و خەمەکانی دەڕۆن و لادەچن .

١٩- بابزانێ کە زەرەرو ئازارەکانی خەڵك زیانی پێ نا گێنن ، بەتایبەت بەقسەی خراپ، بەڵکو ئەو کەسانە زیان بەخۆیان دەگەیەنن با خۆی نەخاتە ناو کۆمەڵێك خەم و دەریایەك فیکرو خەیاڵ و بازۆر بیریان لێ نەکاتەوە تا زەرەری پێ نەگەیەنن .

٢٠- با فیکرەو خەیاڵی خۆی وا لێبکا ئەوەی کەبەسەری دادێ و دەگەڕێتەوە سەری بەقازانجی دونیاو دوا ڕۆژو دینی تەواو دەبێ .

٢١- بەندەی چاك و سوپاسگوزاری خوا ، با داوای سوپاس و پاداشت لـەو کەسە نەکا کەشتێکی پێ بەخشیووە یا چاکەیەکی لەگەڵدا کردووە ، بـەڵکو با داوا لەخوای گەورە بکا کەخێرو پاداشتی بداتەوە ، با وا بزانـێ ئـەو کـارو مامەلەیەی لەگەڵ خوای گەورەدا کردووە ، با چاوەڕوانی سوپاسی ئەو کەسـە نەکات ، هەروەك خوای گـەورە سـەبارەت بـەوە دەفـەرموویێت ﴿إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَآءً وَلَا شُكُورًا ﴿٩﴾﴾(الإنسان).

واتە : دەبـێ بڵـێین ئێمـە تـەنها لەبـەر خـاترو خێـری خـوا، خـواردن و خۆراکمان بە ئێوە داوەو ئەم چاکەیەمان لەگەڵ ئێوەدا کردووە ، بۆیە هـەرگیز داواو چاوەڕوانی هیچ خێرو پاداشت و سوپاسـێك لـە ئێـوە ناکـەین ، بـەڵکو تـەنها داوا لـەخوای گـەورە دەکـەین ، هـەتا لـەنێوان خانـەوادەو مـاڵ و منالەکانیش دەبێ هەر وابێت .

٢٢- لەبەر چاو گرتنی کاری چاك و کار کردن لە پێناو بەدەست هێنان و سەرنج نەدانە کاری خراپ و بەزەڕو گوناە و تاوان و بـیرو هـۆش و ئەندێـشە پێوە خەریك نەکردن .

٢٣- یەکلاکردنـەوەی کارەکـانی لـەکاتی خـۆی و ، خۆئامـادەکردن بـۆ کارەکانی دادێ ، تا بەهێزێکی باش ئەنجامیان بدەی .

٢٤- خۆ سەر پشك کردن لەکارو کردەوەو زانست و زانیاریە بە سوودەکان بەجۆرێ کە کامە گرنگترو بەسوودترە ئەو بکرێ چاکترە ، نەخاسمە ئەوەی کـە

زیاتر خیبرەو ئارەزووت لێی هەیە ، بۆ ئەوەش پێویستە کۆمەکخوازی بەخواو پرس و ڕوانێژ بەخەڵکی پسپۆڕو ئاقڵ و شارەزا بکرێ ، دوای ئەوەی کە دەرکەوت کامە باشەو ، بەرژەوەندی لەچی دایە ، پشت بەخواو ورە بەخۆت بیکە .

٢٥- شانازی کردن بەنازو نیعمەتە دیارو نادیارەکانی خوا ، چونکە ئەوە بەندە لەسەر سوپاسکردنی خوای کردگار هان دەداو ، خەم و پەژارەکانیش لادەبات .

٢٦-مامەڵەو هەڵسوکەوت کردن ، بە باشترین شێوە لەگەڵ خێزان و ناسیاوو هەرکەسێك کە پەیوەندیت لەگەڵی دا هەیە ، ئەگەر نەنگێکت لە هەرکەسێك لەوانەدیت ، باشەکانیشی بێنە پێش خۆت ، ئەوسا چاکەو هاوڕێیەتیت پێ دەکرێ و دڵت پێ فراوان دەبێ ، هەروەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((لاَ يَفْرَكُ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً إِن كَرِهَ مِنْهَا خُلُقاً رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ)) [1] ،

واتە : با هیچ ئیماندارێك لەبەر ئیماندارێك ڕانەکا و لێی نەسڵەمێتەوە ، ئەگەر کردارێکی خراپ و ناخۆشی لێ دی و پێی ڕازی نەبوو ، ئەگەر چی بەدڵی یەکێکی تر بوو و بەوەلێی ڕازی بوو .

٢٧- دوعای چاکە کردن دەربارەی هەموو بوارەکانی ژیان ، باشترین دوعاش بۆ ئەوە بریتیە لە گوتنی: ﴿اللهمَّ أَصْلِحْ لِي دِينِي الَّذِي هُوَ عِصْمَةُ

---

(١) مسلم ١٠٩١/٢ .

أَمْرِي ، وَدُنْيَايَ الَّتِي فِيهَا مَعَاشِي ، وَآخِرَتِي الَّتِي إِلَيْهَا مَعَادِي ، وَاجْعَلِ الْحَيَاةَ زِيَادَةً لِي فِي كُلِّ خَيْرٍ ، وَالْمَوْتَ رَاحَةً لِي مِنْ كُلِّ شرٍّ﴾ [1] .

واتە : خوایە کاروبارەکانی پەیوەست بە ئایینەکەم بۆ چاک و پاک و باش بکە ، بەجۆرێ کەبێ گوناە و تاوان و پاک بن چونکە دینداریەکەم کاری بێ گوناە و تاوانمە ، وە کارو بارەکانی دونیام چاک بکە کەژیان و بژێوی منیان تیایە ، وە دوا ڕۆژم چاک بکە کە گەڕانەوەو دوا ڕۆژی منی تیایە ، خوایە ژیانم زیاتر بۆ بەخێر و چاکە بگێڕی و خێرو چاکەم بۆ زیاد بکە ، خوایە مردنم بۆ خۆش و ئاسوودەو پاڕێزراو بکە لە هەموو زەرەرو زیان و خراپەیەک ، یا بە گوتەی ﴿اللهمَّ رَحْمَتَكَ أَرْجُو فَلاَ تَكِلْنِي إِلَى نَفْسي طَرْفَةَ عِيْنٍ وَأَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلَّهُ لا إِلهَ إِلا أَنْتَ﴾ [2] ، واتە : خوایە تکا لە ڕەحمەت و لوتفی تۆ دەکەم کە بۆ چرکە سات و چاو تروکانێکیش نەم دەیتە دەست نەفسی خۆم چونکە کاری خراپم پێ دەکا ، وە هەموو کارو بارەکانی ژیانم بۆ سازو چاک بکە ، هیچ خوایەکی بەهەق و شایستە نیە تەنها تۆ نەبی .

٢٨- جیهادکردن لە پێناو خوا بەهەموو شێوازو هۆکارو جۆرەکانی جیهاد ، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:: ((جَاهِدُوا في سبيل الله، فَإِنَّ الجِهَادَ في سَبيلِ الله بَابٌ مِنْ أَبْوابِ الجَنَّةِ يُنْجِّي الله بِهِ مِنَ الْهَمِّ وَالْغَمِّ)) [3] ،

---

(١) مسلم ٤/٢٠٧٨.

(٢) ابو داود ٤/٣٢٤ ، وأحمد ٥/٤٢

(٣) احمد ٥/٣١٤ ، ٣١٦ ، ٣١٩ ، ٣٢٦ ، ٣٢٠ والحاكم وصححة ووافقه الذهبي ٢/٧٥ .

واتە : جیهاد لە پێناوی خوای گەورەدا بکەن ، چونکە جیهاد کردن لە پێناو خوادا دەرگایەکە لە دەرگاکانی پەیّ چوونە بەهەشت و خوای گەورە بەهۆی ئەوەوە ئینسان لەخەم و پەژارە رزگار دەکات .

ئیتر ئەم هۆکارو شێوازانەی کە باسکران چارەسەرێکی بە سوودن بۆ نەخۆشیە دەروونیەکان، باشترین چارەسەرن بۆ دوو دڵی و بۆ ئەو کەسەی کە بە دڵسۆزی و ڕاستی بیریان لێ دەکاتەوەو کاریان پێ دەکا ، هەروەک زانایانی ئیسلام زۆرێك لەم حالەت و نەخۆشیە دەروونیانەیان بەوە چارەسەر کردووەو کەلکی زۆریان لێ وەرگرتووە .

٥- چارەسەرکردنی برین و زام

ئەگەر یەکێك لەلای پێغەمبەری خوا ﷺ سکالای ژان و ئازاری لەشی خۆی بکردبا ، یا برین و زامێکی دەلاشەی دابا ، پێغەمبەر ﷺ بۆ چارەسەرکردنی سەرەپەنجەی شادەی خۆی بەخویزی پیرۆزی خۆی تەڕکردوو لەسەر زەوی خۆڵ دادەناو ، بەرزی دەکردەوەو دەیفەرموو ((بسم الله تربة ارضنا بريقة بعضنا يشفى سقيمنا بإذن ربنا)) [1] ، واتە : بەناوی خوا، خۆڵی زەویمان و تفی خۆمان ، بەڕوخسەتی پەروەردگارمان شیفا بۆ نەخۆشمان بێ .

مانای ئەو فەرموودەیە ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ سەرە پەنجەی شەهادەی بە هەندێ تفی پیرۆزی خۆی تەڕکردووەو، پاشان لەسەر خۆڵی دانا ، ئەوەی

---

(١) احمد ٣١٤/٥ ، ٣١٦ ، ٣١٩ ، ٣٢٦ ، ٣٢٠ والحاكم وصححة ووافقه الذهبي ٧٥/٢ .

كه بەپەنجەی وەنوساوە ئەو جێگایەی بریندار بووە یا دەردەدار بووە یا هێشاوە پێی مەسح کردووە [1].

٦- چارەسەری دەردو بەڵاو پەتەر

١- خوای گەورە دەفەرموێ:: ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَآ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴿٢٢﴾ لِّكَيْلَا تَأْسَوْا۟ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُوا۟ بِمَآ ءَاتَىٰكُمْ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿٢٣﴾﴾(الحديد).

واتە : هیچ دەردو بەڵاو ناخۆشی و کارەساتێك نە لەزەویدا نە لەخودی خۆتاندا نەبووەو ڕوی نەداوە ، ئێللا پێشتر لە تەختەی پارێزراو (اللوح المحفوظ) دانوسراوە ، پێش ئەوەی بەدی بهێنین و ڕوبدات ، ئەوەش بۆ خوا شتێکی زۆر سادەو ئاسانە ، بۆ ئەوەی خەم و خەفەت و سۆت و سوێ لەسەر ئەوە نەخۆن کە لەدەستتان داوە ، وە بەوەش دڵخۆش نەبن بەوەی کە بۆتان دێ و خوای گەورە پێتانی دەدا ، ئاگادار بن خوای گەورە قەت ئینسانی خۆ بەگەورە زانی شانازی بەخۆوە کەری خۆش ناوێت .

---

(١) انظر، : شرح النووي على صحيح مسلم ١٨٤/١٤ وفتح الباري ٢٠٨/١٠ وانظر، شرحاً وافياً للحديث في زاد المعاد ١٨٦/٤ – ١٨٧ .

٢- وە دەفـــەرموویّ:: ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١١﴾﴾(التغابن).

واتە : دەبیّ موسڵمان بڕوای وابـیّ کـە هـیچ دەردو بـەڵاّو زەرەرو زیـان و پەتەرێك لەبوونەوەردا ڕوونادا بەبیّ ڕوخسەت و ئاگـاداری خـوای گـەورە ، وە هەرکەسیّ بڕوای تەواو و نەگۆڕی بەخوای دانا بیّ ، دڵـی ڕاسـتەڕیّ و فـراوان دەکا ، خوای گەورە بە هەمـوو شتێك ئاگادارو زانایە .

٣- هەر موسڵمان و بەندەیەك ئەگەر دەردو بەڵاّو زەرەرو زیـانێکی تـووش بیّ و ، بڵیّ : ﴿إِنَّا لله وَإِنَّا إليهِ رَاجِعُونَ اللهمَّ أجُرْني في مُصيبَتِي وَأَخْلِفْ لِي خيراً مِنْهَا إلاَّ أَجَرَهُ الله في مُصِيبَتِهِ وَأَخْلَفَ لَهُ خَيْراً مِنْهَا ﴾[1] ،

واتە : ئێمە هی خواین ، و هەر بۆلای ئەویش دەگەڕێینەوە ، خوایـە لـەم دەردو بەڵاّیەی کە تووشت کردوین خێربارمـان بکەو پاداشتی خێرمـان بـدەوە ، لەوەم باشتر بۆ لەدوای جێ بێڵەو جێی پێ بگرەوە ، ئیللا خـوای گـەورە خێـرو پاداشتی دەردو بەڵاکەی دەداتەوەو لەوەش چاکتری بۆ لەجیّ جێدێڵی کـە لێـی ستاندۆتەوەو لێی بردۆتەوە .

٤- پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرموویّ: إِذَا مـاتَ وَلَدُالْعَبْـدِ قَـالَ الله لِمَلاَئِكَتِـهِ : قَبَضْتُمْ وَلَدَ عَبْدِي ؟ فَيَقولُونَ نَعَمْ ، فَيَقولُ : مَاذَا قَالَ عَبْـدي ؟ فَيَقولُـونَ : حَمِـدَكَ وَاسْتَرْجَعَ ، فَيَقُولُ الله : أَبْنُو لِعَبدِي بَيْتاً فِي الْجَنَّةِ وَسَمُّوهُ بَيْتَ الْحَمْد[1] .

---

(١) مسلم ٦٣٣/٢ .

واتە : ئەگەر هەرکاتێ منداڵی بەندەیەک مرد ، خوای گەورە بە فریشتەکانی دەفەرموێ: : ئایا گیانی پۆڵەی بەندەکەی منتان کێشا ؟ ، ئەوانیش دەڵێن : بەڵێ ، خوای گەورە **دیسان دەفەرموێ**: : ئایا بەربووم و ئەوینی دڵی بەندەکەی منتان دەرهێنا ؟ **ئەوانیش** دەڵێن : بەڵێ ، خوای گەورە دەفەرموێ: : ئەوسا بەندەکەی من چی **گوت ؟ ئەوانیش** دەڵێن : سوپاس و ستایشی تۆی کردو گوتی (انا لله وانا اليه **راجعون**) ، خوای گەورە لەوکاتە دەفەرموێ: : دە کەواتە مانێکی بۆ لەبەهەشت **دروست** بکەن ، ناوی لێبنێن مانی سوپاس (بیت الحمد) .

٥- خوای گەورە لە فەرموودەیەکی **قودسیدا دەفەرموێ**: مَا لِعَبْدِي الْمُؤمِنِ عِنْدي جَزَاءٌ إذَا قَبَضْتُ صَفِيَّةُ مِنْ أَهْلِ الدُّنْيَا ثمَّ احْتَسَبُهُ إلاَّ الْجَنَّةِ [٢] .

واتە : هەر بەندەیەکم ئەگەر خۆشەویست و کەسێکی چاك و پاك و بەکەڵك و بەئەمەکم لێ سەندو لێ بردەوە، ئەویش بەسەر خۆی دا زاڵ بوو و خۆی گرتەوەو هیچی خراپی نەگوتوو نا شوکری نەکرد ، هیچ خێرو پاداشتێکی لای من نیە ، تەنها ئەوە نەبێ کە بەبەهەشت خێرو پاداشتی دەدەمەوە .

٦- پێغەمبەر ﷺ بە پیاوێکی گوت کە منداڵەکەی مردبوو : ((أَلاَ تُحِبُّ أَنْ لا تأتِيَ بَاباً مِنْ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ إلاَّ وَجَدتَهُ يَنْتَظِرُكَ)) ، واتە : ئایا ناتەوێ هەر

---

(١) الترمذي وانظر، : صحيح اترمذي ٢٩٨/١ .

(٢) البخاري مع الفتح ١١:٢٤٢ .

دەرگایەك لە دەرگاکانی بەهەشت کە بتەوێ بەهۆی ئەوە چاوەڕوانت بکاو لێی بچیە ژوورەوە ؟.

٧- خوای گەورە لە حەدیسێکی قودسیدا دەفەرموێ: ﴿إِذَا ابْتَلَيْتُ عَبْدِي بِحَبِيبَتَيْهِ فَصَبَرَ (وَاحْتَسَبَ) عَوَّضْتُهُ مِنْهُمَا الْجَنَّةَ﴾ يَرِيدُ عَيْنَيْهِ [١] ،

واتە : ئەگەر بەندەکەی خۆم بەدوو خۆشەویستەکانی تاقیم کردەوە ، کە مەبەستی پێ کوێر بوون و لەدەست دانی هەردوو چاوەکانیەتی ، لەوکاتە سەبری گرت و خۆی گرتەوەو هیچی خراپی نەگوت ، ئیللا لەبری ئەوە (چاوەکانی) بە بەهەشتی بۆ قەرەبوو دەکەمەوە .

٨- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿ا مِنْ مُسْلِمٍ يُصِيبُهُ أذىً مِنْ مَرَضٍ فَمَا سِوَاهُ إلا حَطَّ اللهُ بِهِ سَيِّئَاتِهِ كَمَا تَحُطُّ الشَّجَرَةُ وَرَقَهَا﴾ [٢] .

واتە : هەر موسڵمانێك هەر ئێش و ئازارێکی لە دەردو نەخۆشی و جگە لەوەش تووش بێ ، ئیللا خوای گەورە بەهۆی ئەوە گوناەو و تاوانەکانی ڕەش دەکاتەوە ، هەروەك دارودرەخت گەلاکانی دەوەرێنێ .

٩- دەفەرموێ: ﴿مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُشَاكُ شَوْكَةً فَمَا فَوْقَهَا إلاَّ كُتِبَتْ لَهُ بِهَا دَرَجَةٌ وَمُحِيتْ عَنْهُ بِهَا خَطِيئَةٌ﴾[٣] .

---

(١) البخاري مع الفتح ١١٦/١٠ وما بين المعكوفين من سنن الترمذي ٢٨٦/٢ .

(٢) البخاري مع الفتح ١٢٠/١٠ ومسلم ١٩٩١/٤ .

(٣) مسلم ١٩٩١/٤ .

واتە : هەر موسڵمانێك هەر درێكێك یا لەوەزیاترو گەورەتری بێتە پێش و ئازاری بداو زەرەرو زیان و ئێشو ئازاری پێ بگەیەنێ ، ئیلا بەهۆی ئەوە خوای گەورە پلەیەکی بۆ دەنوسێ و گوناهێکی لێ ڕەش دەکرێتەوە .

١٠- دەفەرمووێ:﴿مَا يُصِيبُ الْمُؤمِنَ مِنْ وَصَبٍ [١] وَلاَ نَصَبٍ [٢] وَلاَ سَقَمٍ وَلاَ حَزَنٍ حَتَّى الْهَمِّ يَهُمُّهُ [٣] إلاَّ كُفِّرَ بِهِ مِنْ سَيِّئَاتِهِ﴾ [٤] .

واتە : ئیماندار هەر شتێکی تووش بێ لە ئێش و ئازارو ماندو بوون و لەدەردو بەلاو نەخۆشی و لەخەم و پەژارەیەك کەخەمی پێ دەخوا ، ئیللا بەهۆی ئەوە گوناە و تاوانەکانی لێ ڕەش دەبنەوە .

١١- دەفەرمووێ: ﴿إِنَّ عِظَمَ الْجَزَاءِ مَعَ عِظَمِ الْبَلاءِ ، وإِنَّ اللهَ إِذَا أَحَبَّ قَوْماً ابْتَلاَهُمْ ، فَمَنْ رَضِيَ فَلَهُ الرِّضَا ، وَمَنْ سَخِطَ فَلَهُ السُّخْطُ﴾[٥] .

واتە : بێگومان گەورەیی و زۆری خێرو پاداشت بەگوێرەی گەورەیی دەردو بەلایەکەوەیە ، وە ئەگەر خوای گەورە گەلێکی خۆش ویست ئەوا تاقیان دەکاتەوە بە کۆمەڵێ دەردو بەلاّ، ئاخۆ فیعلەن ئیمانداری ڕاستەقینەن، سەبرو

---

(١)الوصب : الوجع اللازم ومنه قوله تعالى (وَلَهُمْ عَذَابٌ وَاصِبٌ) أي لازم ثابت : انظر، شرح النووي ١٣٠/١٦ .

(٢) النصب : التعب .

(٣) قيل بفتح الياء وضم الهاء (يَهُمُّهُ) وقيل (يُهَمُّهُ) بضم الياء وفتح الهاء أي : يغمه وكلاهما صحيح ، انظر، شرح النووي ١٣٠/١٦ .

(٤) مسلم ١٩٩٣/٤ .

(٥) الترمذي وابن ماجه وانظر، صحيح الترمذي ٢٨٦/٢ .

شوکرانەی خوای گەورە لەسەر ئەوە دەکەن ، جا ئەوەی کە بەوە ڕازی بێ ، ئەوە ڕەزامەندی خوای گەورەی بەدەست هێناوە ، وە هەر کەسێکیش بەوە ناڕازی و تورە بێ ، ئەوا نا ڕەزامەندی و تووڕە بوونی خوای گەورەی لەدەست داوە .

١٢- دەفەرموێ: : ﴿. . . فَمَا يَبْرَحُ الْبلاءُ بِالْعَبْدِ حَتَّى يَتْرُكَهُ يَمْشي عَلَى الأَرْضِ وَمَا عَلَيْهِ خَطِيئَةٌ﴾ [١].

واتە : دەردو بەلا لەسەر بەندە ناڕواو وازی لێ نایەنێ تا لەسەر زەوی دەڕواو گوناە و تاوانی لەسەر نامێنێت، بۆ ئەوەی گوناە و تاوانەکانی لێ ڕەش بکرێنەوەو بەپاکی و بێ گوناهی بگەڕێتەوە لای پەروەردگار .

٧- چارەسەری خەم و پەژارە.

١٣- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:: ﴿مَا أَصَابَ عَبْداً هَمٌ ولاحُزْنٌ فَقَالَ ﴿اللهمَّ إِنِّي عَبْدُكَ ابْنُ عَبْدِكَ ابْنُ أَمَتِكَ نَاصِيَتي بِيَدِكَ ، مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ ، عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُكَ أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسمٍ هُو لَكَ سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ ، أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَداً مِنْ خَلْقِكَ أَوِ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ أَنْ تَجْعَلَ الْقُرآنَ رَبِيعَ قَلْبِي ، وَنُورَ صَدْرِي وَجَلاَءَ حُزْنِي وَذَهَابَ هَمِّي ، إلاَّ أَذْهَبَ اللهُ حُزْنَهُ وَهَمَّهُ وَأَبْدَلَهُ مَكَانَهُ فَرَحاً ﴾[٢] .

---

(١) الترمذي وابن ماجه وانظر، صحيح الترمذي ٢٨٦/٢ .

(٢) احمد ٣٩١/١ وصححه الألباني .

واتە : هەر بەندەیەك ئەگەر دووچاری هەرخەم و پەژارەیەك بێ‌و بڵێ : خوایە من بەندەی تۆی کوڕی بەندەی تۆو کوڕی دایکە بەندەی تۆم ، خوایە چارەنووس و نێوچەوانم بەدەستی تۆیە ، حوکم و بڕیاری تۆ لەمندا زۆر دادگەرو بەجێیە ، خوایە داوات لێ دەکەم بەهەر ناوێك کەناوی خۆت پێ بردووەو ناوت پێ لەخۆ ناوە یا لە پەرتووکی خۆتدا دات بەزاندووە ، یا فێری یەکێك لە دروستکراوەکانی خۆت کردوە ، یا لەزانست و زانیاری پەنهان و شاراوەی خۆتدا لەلای خۆت هەڵت گرتووە ، خوایە قورئان بکە بەهاری دڵ و دەروونم و ، ڕوناکی سینەم و ، دروخستنەوەو لابردنی خەم و پەژارەکانم ، ئیللا خوای گەورە خەم و پەژارەی لادەبا و ، بە جێگەیەکی باشتری بۆ بەدل دەکات .

٢- وە دەفەرموێ: ﴿اللهمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْهَمِّ وَالْحَزَنِ ، وَالْعَجْزِ وَالْكَسَلِ وَالْبُخْلِ وَالْجُبْنِ ، وَضَلَعِ الدَّيْنِ وَغَلَبَةِ الرِّجَالِ﴾ [1] .

واتە : خوایە خۆم بەتۆ دەپارێزم لە خەم و پەژارەو لەدەستە وسان و بێ تاقەتی ولەتەمبەلی و لە ڕژدی و لەترسنۆکی و لەداهاتن بەهۆی قەرزاری و ، لە زاڵ بوونی پیاوانی خوا نەناس بەسەرماندا .

---

(١) البخاري ١٥٨/٧ كان الرسول (ﷺ) يكثر من هذا الدعاء ، انظر، البخاري مع الفتح ١٧٣/١١ .

٨- چارەسەری خەمو پەژارە

٧- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ﴿لاَ إِلَـه إِلاَّ الله العَظـيمُ الحَلـيمُ ، لا إِلـهَ إلا الله رَبُّ العَرْشِ الْعَظـيمِ ، لا إِلَـهَ إِلاَّ الله ربُّ الـسَّمواتِ وَرَبُّ الأرضِ وَرَبُّ العَـرْشِ الكَريمِ ﴾ (١) .

واتە : هیچ خوایەکی بەهەق و شایستە نیە جگە لەخوای گـەورەو هێـدك نەبێ ، هیچ خوایەك نیە جگە لەخوای پەروەردگاری تەخت و بارەگای گـەورەو گوشاد نەبێ ، هیچ خوایەك نیە جگە لە پـەروەردگاری زەوی و ئاسمانـەکان و تەخت و بارەگای بەرزو پیرۆز نەبێت .

٢- وە دەفەرموێ: ﴿اللهمَّ رَحْمَتَكَ أَرْجُو فَلاَ تَكِلْـني إلى نَفْـسِي طَرْفَـةَ عَـيْنٍ وَأَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلَّهُ﴾ (لاَ إِلَهَ إلا أَنْتَ) (٢).

واتە : خوایە بەڕەحمەتی تۆ تکات لێ دەکەم کە بـۆ چـرکە سـات و چـاو تروکانێکیش نەمدەیتە دەست نەفسی خۆم چونکە کاری خراپ و نا شایـستەم پێ دەکا ، هەموو کارو بارەکانی ژیانم بۆ چاك بکە ، هیچ خوایەك نیـە جگـە لەتۆ.

٣- دەفەرموێ: ﴿لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ (٣) .

---

(١) البخاري ١٥٤/٧ ومسلم ٢٠٩٢/٤ .

(٢) أبو داود ٣٢٤/٤ وأحمد ٤٢/٥ وحسنة الألباني وعبدالقادر الأرناؤوط .

(٣) الترمـذي ٥٢٩/٥ والحـاكم وصـححه ووافقـه الذهبـي ٥٠٥/١ وانظـر، صـحيح الترمـذي ١٦٨/٣ .

واتە: هیچ خوایەکی بەهەق و شایستە نییە تەنها تۆ نـەبی، خوایـە پاکی‌و بێ گەردی‌و بێ خەوشی بۆ تۆ، بەڕاستی من لەستەمکارانم

٤- وە دەفەرمووێ:: ﴿ اللهَ اللهَ رَبِّي لا أُشْرِكُ بِهِ شَيْئاً ﴾ [١] .

واتە : خوایە خوایە ئەی پەروەردگارم قەت هیچ شتێك ناکەمە شەریك و هاوبەشی تۆ .

٩- خۆ چارەسەر کردنی نەخۆش

پێغەمبەری ﷺ خوا دەفەرمووێ: ﴿ضَعْ يَدَكَ الَّذِي تَـأَلَّمَ مِـنْ جَسَدِكَ وَقُـلْ : بِسْمِ اللهِ ثَلاَثًا ، وَقُلْ سَبْعَ مَرَّاتٍ : أَعُوذُباللهِ وقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ وأَحَاذِرُ﴾ [٢].

واتە : دەست لەسەر ئەو شوێنە دابنێ کە لەلاشەت دێشێ و ژان دەکـا ، سێ جار بڵێ (بسم الله) بەناوی خوا، حەوت جار بڵێ : خۆم بـەخواو بـەتواناو دەسەلاتی خوای گەورە دەپارێزم لـەو زەرەرو زیـان و وژانـەی کەهەمـەو لێـی دەترسم.

---

(١) اخرجه أبو داود ٨٧/٢ وانظر، صحيح ابن ماجه ٣٣٥/٢ وانظر، صحيح الترمذي ١٦٩/٤

(٢) مسلم ١٧٢٨/٤ .

١٠- چارەسەرکردنی نەخۆش لەکاتی سەردانیکردنیدا

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:: ﴿مَا مِنْ عَبْدٍ مُسْلِمٍ يَعُودُ مَرِيضاً لَمْ يَحْضُرْ أجلُهُ فيقولُ سبعَ مراتٍ : أسألُ اللهَ العظيمَ رَبَّ العرشِ العظيمِ أن يشفيكَ إلا عُوفِيَ﴾ [١] .

واتە : هەر بەندەیەکی موسڵمان ئەگەر سەردانی نەخۆشێك بکاو هێشتا ئەجەلی نەهاتبێ ، حەوت جار بڵێ : داوا لەخوای گەورەی خاوەن تەخت و بارەگای گەورەو مەزن دەکەم کە شیفات بۆ بێنێ و چارەسەرت بکات ، ئیللا خوا چاکی دەکاتەوەو شیفای بۆ دێنێ .

١١- چارەسەری دڵە ڕاوکێ و ترسان لەخەودا.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: ﴿أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّمَّاتِ مِنْ غَضَبِهِ وَعِقَابِهِ وَشَرِّ عِبَادِهِ ، وَمِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ وَأَنْ يَحْضُرُونِ﴾ [٢] .

واتە : خۆم دەپارێزم بە وتە تێرو تەواو و بە ڕێزەکانی خوا لەسزاو تووڕەیی خۆی و ، لە زەرەرو زیانی بەندەکانی و ، لەخەتەرەو خوتخوتەی شەیتانەکان لەهەموو کاتەکانی ژیان لەلام ئامادە بن و زەفەرم پێ ببەن .

---

(١) اخرجه الترمذي وأبو داود وانظر، صحيح الترمذي ٢/٢١٠ وصحيح الجامع ٥/١٨٠ .

(٢) ابو داود ٤/١٢ وانظر، صحيح الترمذي ٣/١٧١ .

١٢- چارەسەری تاو لەرز

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((اَلْحُمَّى مِنْ فَيْح جهنَّمَ فَأَبْرِدُوهَا بالماءِ)) ﴿١﴾.

واتە : لە گەرماو هەلماوی دۆزەخە ، **بەئاوی** ساردو فێنکی بکەنەوە.

١٣- چارەسەری پێوەدان و گەستن

١- تُقْرَأُ فَاتِحَةُ الكِتَابِ مَعَ جَمْعِ الْبُزَاقِ وَتَفْلُهُ عَلَى اللَّسْعَةِ [٢] .

واتە : سورەتی فاتحە لەسەر ئەو شوێنە **دەخوێندرێ کە** پێوەی دراوەو ، هەندێ خوێزی خۆکۆدەکرێتەوەو دەشوێنی **پێوەدان و گەستنەکە هەلدەسوێ** .

٢- ئەو شوێنەی کە پێوەدراوە دەبێ بەخوێناوێك مەسح و تەڕبکرێ و ، سورەتی (الفلق و الناس و الكافرون)ی لەسەر بخوێندرێت [٣] .

١٤- چارەسەری تورەبوون

چارەسەرکردنی تورە بوون بە دوو ڕێگا دەبێ :

ڕێگای یەکەم / بریتیە لە خۆ پاراستن .

خۆپاراستن لە تورەبوون بەهۆی دورکەوتنەوە لە هۆکارو شێوازەکانی تورەبوون و ڕق هەستان بەدی دێت ، وەك ئەم هۆکارانە : خۆ بەگەورە زانی ،

---

(١) البخاري مع الفتح ١٠/١٧٤ ومسلم ٤/١٧٣٣ .

(٢) البخاري مع الفتح ١٠/٢٠٨ .

٣الطبراني في المعجم الصغير ٢/٨٣٠ ، وانظر، مجمع الزوائد ٥/١١١ وحسن إسناده .

سەرسام بوون بەخۆت ، شانازی بەخۆوە کردن، سوور بوونی، زەمکراو ، گاڵتە کردن بەبێ هۆو بۆنە ، گاڵتە جاری پێکردن، شتی تریش وەکو ئەمانە .

ڕێگای دووەم / چارەسەری کاتی تورە بوون .

چارەسەری ئەم حاڵەتە بەچوار شێوە دەبێت :

١- خۆپاراستن بەخوای گەورە لەشەیتانی دوورخراو و نەفرەت لێکراو ، بە گوتەی : (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم) کردن .

٢- دەستنوێژ هەڵگرتن .

٣- گۆڕینی ئەو حاڵەتەی کە بابای تورەبوری لەسەرە

دانیشتن ، پاڵدانەوە ، هەستانەپێوە ، دەرچوون لەو شوێنە ، خۆگرتنەوە لە قسەکردن و بێ دەنگ بوون ، بیرکردنەوەی چاک ، گوێگرتن لە خەڵک و پێشنیازی چاک ، لێکدانەوەی داهاتوو مەترسیەکان ، خۆناهەقکردن ، هەروەها لەو شتانەی تر کەدەبنە مایەی خۆدامرکاندنەوەو خۆ دوورگرتن لە هەڵسوکەوت لەو کاتەدا.

٤- بیر کردنەوەو هێنانە پێش چاو و ئەقلی خۆت سەبارەت بەو کەسەی کە تورەبوونی خۆی دەخواتەوە چ خێرو پاداشتێکی لای خوا هەیەو ، چارەنووسی چەند ڕەش و سەرشۆڕە ئەگەر واز لەوە نەیەنێت .

١٥- چارەسەركردن بە ڕەشكە.

پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بەوە دەفەرموێ: ((ان في الحبة السوداء شفاءً من كل داءٍ الا السَّامُ (المَوْتُ) ، والحبةُ السوداءُ : ((الشونيزُ)) [١] .

واتە : ڕەشكە شیفار چارەسەری هەموو دەردو نەخۆشیەكی تیایە تەنها مردن نەبێ ، چونكە مردن بەهیچ چارەسەر بەخوا . ابن شهاب دەڵێ (السام) واتە (الموت – مردن) الحبة السوداْ واتە (شونيز) .

ڕەشكە سوودی زۆری هەیە ، جا كە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: : ڕەشكە چارەسەرە بۆ هەموو دەردو نەخۆشیەك ، وەكو ئەو گوتەیە كە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿تُدَمِّرُ كُلَّ شَيْءٍ بِأَمْرِ رَبِّهَا ۝٢٥﴾(الاحقاف).

واتە : هەموو شتێك بەفەرمان و خواستی پەروەردگاری خۆی لەناو دەچێ و خرنۆش و خاپوور دەبێ ، واتە : ڕەشكە هەموو دەردو نەخۆشیەك لەناو دەبا كە شیاوی لەناو چوون و جێی خواست خوا گەورەبێ .

١البخاري مع الفتح ١٠/١٤٣ ومسلم ١٧٣٥ .

١٦- چارەسەر بەهەنگوین

١-خوای گەورەو بەڕێز دەربارەی هەنگوین دەفەرموێ:: ﴿ يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِّلنَّاسِ ۗ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾(نحل)

واتە : لەسکی هەنگ شلەو خواردنەوەیەك دێتە دەر ڕەنگەکانیان لەیەکتری جیان ، کە شیفاو چارەسەر لەو شیلاو و خواردنەوانەدایە بۆ دەردو نەخۆشیەکانی خەڵکی ، بەڕاستی ئەوە نیشانەو حیکمەت و بەڵگەیەکی زۆر گەورەی تیایە بۆ ئەو کەسانەی بیروهۆشیان هەبێ و بیر بکەنەوە .

٢- وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: الشِّفَاءُ في ثلاثٍ : في شرطَةِ مِحجَمٍ ، أو شَرْبَةِ عسَل ، أو كيةِ بنارٍ ، وأنا أمتي عن الكيِّ)) [1] .

واتە : شیفاو چارەسەر لە سێ شت دایە : لە خوێن بەردان بە کەلە شاخ، لەشیلاوی هەنگوین خواردنەوە، لەکەویکردن و داخکردنی بە ئاگر، من نەهی لە ئوممەتەکەم دەکەم لەداخکردن.

---

(١) البخاري مع الفتح ١٠/١٣٧ ، وانظر، فوائد العسل في زاد المعاد ٤/٥٠-٦٢ والطب من الكتاب والسنة للعلامة موفق الدين عبد اللطيف البغدادي ص ١٢٩-١٣٦.

١٧- چارەسەر كردن بەئاوی زەمزەم

١- پێغەمبەر ﷺ دەربارەی ئاوی زەمزەم دەفەرموێ: ﴿إِنَّهَا مُبَارَكَةٌ إِنَّهَا طَعَامُ طُعْمٍ (وشفاءُ سُقْمٍ)﴾ [١] .

واتە : بێگومان ئاوی زەمزەم پاك و **پیرۆز** بەبەرەكەتەو ، خواردن و خۆراكی برسیانەو شیفاو چارەسەری نەخۆش و دەردەدارانە .

٢- دەفەرموێ ((مَاءُ زَمْزَمَ لِمَا شُرِبَ لَهُ)) [٢] ، ئاوی زەمزەم شیفاو چارەسەرە بۆ ئەو مەبەستەی كە بۆی دەخورێتەوە.

٣- وە پێغەمبەر ﷺ هەموو جار ئاوی زەمزەمی وەكو داو دەرمان لە دەرمانگەو كوندەو مەشكدا هەڵدەگرت و ، بەسەر سەری نەخۆشانی دادەكردو پێی دەخواردنەوە [٣] .

ابن القيم (رەحمەتی وای لێبێت) دەڵێ : من و جگە لە منیش ئاوی زەمزەمان تاقی كردەوە لە شیفاو چارەسەر پێكردنیدا ، كارو حاڵەتی سەیرمان پێوە بینیوە ، بۆ نمونە : بە پشتیوانی و خواستی خوا لەچەندا نەخۆشیدا كەمن بەكارم هێناوە شیفایان بۆ هاتووەو لە نەخۆشیەكەیان چاك بوونەتەوە .

---

(١) مسلم ١٩٢٢/٤ وما بين المعكوفين عند البزار والبيهقي والطبراني وإسناده صحيح انظر، : مجمع الزوائد ٢٨٦/٣ .

(٢) اخرجه ابن ماجه وغيره ، وانظر، : صحيح ابن ماجه ١٨٣/٢ ، وإرواء اغليل ٣٢٠/٤ .

(٣) الترمذي والبيهقي ٢٠٢/٥ ، وانظر، صحيح الترمذي ٢٨٤/١ ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة للألباني ٥٧٢/٢ برقم ٨٨٣ وزاد المعاد ٣٩٢/٤ .

١٨- چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی دڵ و دەروون.

دڵەکان سێ جۆرن :

١- دڵی سەلیم و پاك و بێگەرد : ئەو دڵەیە کە ڕۆژی بەرێ کەس ڕزگاری نابێ بەبێ ئەم دڵە ، هەروەك خوای گەورە سەبارەت بەو دڵە لە قورئانی پیرۆزیدا دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ لَا يَنفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ﴿٨٨﴾ إِلَّا مَنْ أَتَى ٱللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴿٨٩﴾ ﴾(الشعراء).

واتە : ڕۆژی دوایی ڕۆژێکە سەروەت و سامان و مااڵ و منداڵ دادی ئینسان ناداو بەکەڵکی نایێ و لەو ڕۆژە قوتاری ناکا ، تەنها ئەو کەسە نەبێ کە خوای گەورە بەدڵێکی پاك و بێگەردو ساغ و سەلیم هێنابێتە ناو ئیسلام و ڕۆژی لێپرسینەوە .

دڵی ساغ و سەلیم ئەو دڵەیە کە لەهەموو هەواو ئارەزوێك سەلامەتە کە پێچەوانەی فەرمان و نەهی خوای گەورەو ، هەموو ئەو گومانانەیە کەلەگەڵ دەقەکانی قورئان و سوننەتێك دەگیرێن و ، ئەو دڵەیە کە سەلامەتە لەبەندایەتی کردنی بۆ غەیری خواو ، سەلامەتە لە حوکمکردن بە غەیری پێغەمبەری خوا ﷺ ، بەکورتی : دڵی ڕاست دروست و ساغ دڵێکە سەلامەتە لەوەی کە بەهیچ شێوەیەك شیرکی تێدا بێ و شیرکی بۆ خوا پەیدا کردبێ ، بەڵکو لەهەموو ڕوێکەوە بە پاکی و بێگەردی و دڵسۆزی بەندایەتی بۆ خوا

کردبێ و ،خوای خۆی پەرستبێ لە ڕووی : خواست و خۆشویستن و پشت پێ بەستن و ، گەڕانەوە لای و ، لێترسان و ، هیوا پێ بوون و ، تکا لێکردن و دڵسۆزی و پاکی کردەوەکانی بۆ خوا ، واتە : ئەگەر کەسێکی خۆش ویستبێ تەنها لەبەر خوای خۆش ویستبێ ، وە ئەگەر ڕقیشی لەکەسێك ببێتەوە تەنها لەبەر خوا ڕقی لێببێتەوە ، وە ئەگەر شتێکی دابێتە کەسێك تەنها لەبەر خوا پێی دابێ ، وە ئەگەر یەکێکی لە شتێك یاساغ و قەدەغەکردبێ تەنها لەبەر خاتری خوا قەدەغەی کردبێ ، کەواتە هەموو هەم و خەم و خۆشویستن و خواست و مەبەستێکی تەنها بۆ خوابێ و ، هەموو کارو کردەوەو لاشەو نوستن و لەخەو هەستان و هەڵسوکەوت و قسە کردن لەبارەی خوای پێ لەهەموو شتێك خۆشتر بێ ، وە پێویستە هەموو بیرو بۆچوون و خۆشویستنەکانی بە پێی خواست و ڕەزامەندی خوای گەورە بێ [1] ، تا ئەوە دلێکی باش و ساغ و سەلامەت و پاك و بێگەردە. داوای ئەم جۆرە دڵە لەخوای گەورە دەکەین .

٢- دڵی مردوو : ئەو دڵە پێچەوانەی دڵی یەکەمە ، ئەم دڵە دڵێکە کە زۆر نەخۆشە خوای خۆی ناناسێ و ، بەندایەتی بۆ ناکاو ، بەفرمانی ئەو هەڵسو کەوت ناکاو بەڕێوە ناچێ ، ئەوەی خۆش ناوێ کە خوا خۆشی دەوێ و پێی ڕازییە ، بەڵکو ئەم دڵە لەگەڵ هەواو ئارەزوو لەزەتی خۆیدایە ، ئەگەر تووڕەبوونی خواشی تیا بێ ، لەهەموو ڕووێکەوە بەندایەتی غەیری خوا دەکات ، لە ڕووی : خۆشویستن و ، لێ ترسان و ، تکا لێکردن و ، پێ ڕازی

---

(١) انظر، : إغاثة اللهفان من مصائد الشيطان لابن القيم رحمه الله ١/٧ و٧٣ .

بوون ، لێ تووڕه بوون و ، سەر بۆ شۆڕ کردن و ، بەگەورە زانین و ، ئەگەر ڕقی لە شتێك ببێتەوە لەبەر هەواو ئارەزووی خۆی ڕقی لێ دەبێتەوە ، ئەگەر یەکێکی خۆش بوێ لەبەر خۆی خۆشی دەوێ نەك لەبەر خوا ، وە ئەگەر شتێك بداتە کەسێك لەبەر خۆی دەیداتێ ، وە ئەگەر لێی قەدەغە بکا هەر لەبەر خۆی لێی قەدەغە دەکا نەك لەبەر خوا ، چونکە هەواو ئارەزوو تاکە پێشەواو سەرکردەیەتی و ، نەزانی لێخوورِو ڕاننەدەیەتی و ، بێ ئاگایی سوارگەیەتی (١) .

کەواتە ئەوە دلێکی زۆر زۆر خراپ و شووم و بەدو دوور لەئایین و خوایە ، بۆیە هەمیشە خۆمان بەخوای گەورە لەم دڵە دەپارێزین .

٣- دڵی نەخۆش : ئەو دڵە ژیانی هەیە ، بەڵام نەخۆش و دەردەدارەو ، دوو ماددەی هەیە ، جارێك درێژ دەبێ و جارێك کورت ، ئەم دڵە لەگەڵ ئەم ماددە دایە کەبەسەری زاڵ دەبێ ، بۆ وێنە هەندێ جار ، خۆشەویستی خوا بڕوا پێ بوونی و ، پشت بەستن بەخوا دڵسۆز بوون بۆی لەدڵدا دەچەسپێ و بەسەریدا زاڵ دەبێ و ، هەندێ جاریش : هەواو ئارەزوو ، سوورِبوون لەسەر هەواو ئارەزو و خرپەو ، حەسودی و ڕژدی و ، خۆ بەگەورە زانین و ، بەخۆ سەرسام بوون و ، دونیا ویستی و پایە ویستی و ، دوور ڕوویی و ، ڕوپامایی و ، خراپەکاری

---

(١) انظر، : المرجع السابق ٩/١ .

کردن له زەویدا ، بەسەریدا زاڵ دەبێ و که ماددەیەکە لەناوی دەبـاو تێکـی دەشکێنێ [1] .

که ئەوەش هەر دلێکی خراپ و نەخۆشـەو لـەو حاڵەتـەدا کـاری خـراپ ئەنجام دەدات ، بۆیە خۆمان بەخوا دەپارێزین لەم دڵە .

قورئانی پیرۆز چارەسەری دڵی لەهەموو نەخۆشیەکان گرتۆتە خۆ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَآءٌ لِّمَا فِى ٱلصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٥٧﴾﴾(یونس) .

واتە : ئەی خەڵکینە ئاگادار بن ئێوە دەرمان و ئامۆژگاریەکتان لەلایـەن پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە کە قورئانە شـیفاو چارەسـەری بـۆ دڵ و دەروون و سینەکان تیایە ، وە رێنمایی کەرو ڕەحمەتە بۆ ئیمانداران .

وە دەفەرموێ: ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ۙ وَلَا يَزِيدُ ٱلظَّٰلِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴿٨٢﴾﴾(الإسراء).

واتە : ئەی خەڵکینە ئێمە شتێکمان لەم قورئانە دابەزاندووە کـە شـیفاو ڕەحمتـە بـۆ ئیمانـداران ، بـەڵام بـۆ سـتەمکاران هـیچ زیـاد ناکـا تـەنها خەسارەتمەندی نەبێت ، چونکە ئەوان بڕوایان پێ نیەو کاری پێ ناکەن تا لێی بەهرەمەند بن و تام و چێژی بچەژن .

---

(١)انظر، : إغاثة اللهفان ٩/١ .

نەخۆشیەکانی دڵ و دەروون دوو جۆرن :

جۆرێکیان خاوەنەکەی لەحال و باری خۆیدا هەست بە ئێش و ئازار و ژانی دڵ و دەروونی ناکا ، ئەوە نەخۆشی نەزانی و نەفامی و ، شەك و گومان و دوو دڵی و دردۆنگیە ، ئەوە خراپترین جۆرە لە ڕووی ئێش و ژانەوە ، بەڵام لەبەر خراپی و بەدی وێرانی دڵ و دەروونیەوە هەست بە نەخۆشی و ژانەکەی ناکات .

وە جۆرێك یان نەخۆشیەکی ئازاردەرە لەحاڵ و باری خۆیدا ، وەك خەمو پەژارە هەڵگرتن ، توڕەبوون و ، چەندان گیرو گرفتی تر ، جا زۆر جار ئەم نەخۆشیە بە داودەرمانی سروشتی لادەچێ بە لابردنی هۆکارەکانی خۆی و هی تر [1] .

چارەسەری دڵ و دەروون بەچوار ڕێگا دەبێ :

ڕێگای یەکەم / بە قورئانی پیرۆز ، چونکە ئەم قورئانە شیفای دەردو دلانە ، شیفایە بۆ ئەو شەك و گومانانەی کە لەناو دڵ و سینەی ئینسان دان ، وە ئەو شەك و شیرك و چلك و پیسی و کوفرو گومان و هەواو ئارەزووە بەدانەی کە لەنێو دڵ و دەروندایە لای دەبا ، وە ڕێنمایی کەرە بۆ ئەو کەسەی کە بەهەقی دەزانێ و ، کاری پێ دەکا ، وە ڕەحمەتە بۆ ئیمانداران بۆ بەدەست هێنانی خێرو پاداشتیان ، لە دونیاو دواڕۆژوو ژیاندا .

---

(١) انظر، ، إغاثة اللهفان ٤٤/١ .

هـەروەك خـوای گـەورە سـەبارەت بـەوە دەفـەرموویّ: ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَٰهُ وَجَعَلْنَا لَهُۥ نُورًا يَمْشِى بِهِۦ فِى ٱلنَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُۥ فِى ٱلظُّلُمَٰتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا ﴿١٢٢﴾﴾(الانعام)

واتە : ئایا ئەو کەسەی کە مردوو و بێ باوەڕ بووە ، بەڵام ئێمە بە قورئان و ئیمان زیندوومان کردۆتەوەو بەهۆی ئەوە لەنێو خەڵکیدا دێ و دەچێ قسەت وەکو ئەوە وایە کە لەنێو تاریکستانیدا دەخولێتەوەو سەرگەردانە ، کە هەرگیز لێی دەرناچێ و تیایدا دەمێنێتەوە ، ئا بەم شێوەیە ئەو کارو کردەوانەی کە کافرەکان دەیانکرد بۆیان ڕازاندرایتەوەو لەبەر چاویان جوان و شیرین و خۆشەویست کراوە بۆیە دەیکەن .

ڕێگەی دووەم / دڵ پێویستی بەسێ شت هەیە :

أ- ئەوەی کە پارێزگاری لە هێزو توانای دڵ دەکا ، دیارە ئەوەش بە ئیمان و کاری چاك و گوێڕایەڵی و فەرمانبەری کردنی خوای گەورە دەبێت .

ب- خۆپاراستن لەشتە زیان بەخشەکان ، دیارە ئەوەش بە دوور کەوتنەوە دەبێ لەهەموو گوناە و تاوان و سەرپێچی و یاخی بوونێك لەخوا .

ج- خۆ خاڵی کردن لە هەموو کارو ماددە زیان بەخش و ئازار دەرەکان ، دیارە ئەوەیش بە تەوبە کردن و داوای لێخۆشبوون کردن لەخوای گەورە دەبێت.

ڕێگەی سێیەم / چارەسەکردنی نەخۆشی دل لەدەست بەسەرداگرتنی هەواو ئارەزوو و نەفس ، بە دوو ڕێگە چارە دەبێ :-

یەکەم : لێپرسینەوە سەر کۆنەکردنی .

دووەم : بە گوێ نەکردن و سەرپێچی کردنی .

موحاسەبە کردنی دڵ (لێچێبینەوە) دوو جۆرە :

أ- جۆرێك پێش کارو کردەوەیە ، **کە چوار پلەو پایەی هەیە :**

١- ئایا ئەم کارەی لەتوانادا هەیەو ، دەتوانێ بیکا ؟

٢- ئایا ئەم کارە کردنی چاکترە یان نەکردن و واز هێنانی ؟

٣- ئایا ئەم کارە مەبەستی پێ خوای گەورەیە یان شتێکی ترە .

٤- ئایا ئەم کارە هیچ هاوکارێکی هەیە ئەگەر پێویست بوو هاوکاری بکاو ، دەستی بگری و سەری بخات ، جا ئەگەر وەلاّمەکە هەیە ئەوا با بیکا ، دەنا با قەت نەیکا.

ب- جۆرێك لەدوای کردنی کارەکەیە ، کە ئەوەیش سێ جۆرە :

١- موحاسەبەکردنی خۆلە سەر کارێکی خوایی کە وەکو پێویست نەیکردووەو کەمتەرخەمی تێداکردووە ، بەپێی ئەم مافە خواییانە ، دلّسۆزی و نیاز پاکی ، ئامۆژگاری ، بەدواچوونی کار ، چاکەکاری کردن ، هەست کردن بەنازو منەتی خوا ، هەست کردن بەکەمتەرخەمی کردن دوای ئەو هەموو شتانەش .

٢- موحاسەبەکردنی خۆ لەسەر هەموو کارێک ، ئاخۆ واز لێهێنانی باشترە لەکردنی ؟.

٣- موحاسەبەکردنی خۆ لەسەر نەکردنی کارێکی ناڕەوا ، یا کارێکی چاك که خوی پێوە گرتووە بەلاّم نەیکردووە ، ئایا لەنەکردنی مەبەستی پێ خواڕۆژی دوایی و قازانج بووە ، یا مەبەست پێ دونیاو خۆ بووە کەزەرەری پێ دەگات .

جا کۆکردنەوەی ئەم موحاسەبانە ، پێویستە سەرەتا موحاسەبەی خۆی بکا لەسەر فەرزەکان ، جا ئەگەر ناتەواو بوون با تەواویان بکا ، دواتر با خۆی موحاسەبە بکا لەسەر قەدەغە کراوەکان ، لەسەر ئەو شتانەی کە خوای گەورە نەهی لێ کردوون، جا ئەگەر زانی لەوانە شتێکی کردووە ، با بەتەوبەو پەشیمانی و گەڕانەوە لای خوا پڕیان بکاتەوە ، پاشان با خۆی لەسەر ئەوە موحاسەبە بکا ئاخۆ بە ئەندامەکانی لاشەی چی کردووەو چی ئەنجام داوە ، پاشان لەسەر بێ ئاگایی [1].

هەروەها لەسەر هەموو شتێکی خراپ و ناشەرعی خۆی موحاسەبە بکات.

---

(١) انظر، : إغاثة اللهفان ١٣٦/١ .

ڕێگەی چوارەم / چارەسەرکردنی دڵ لە دەست بەسەر داگرتنی شەیتان بەسەریدا ، بێگومان شەیتان دوژمنی ئینسانە [1] ، جا خۆ رزگارکردن لە شەڕو خراپەی شەیتان کۆی کردۆتەوە ، هەروەك پێغەمبەر ﷺ بە ئیمامی ئەبوبەکری فەرموو: ئەی ئەبوبکر (قُل اللهمَّ فَاطِرَ السَّموَاتِ والأرضِ عَالِمَ الْغَيبِ وَالشَّهَادَة ، رَبَّ كل شَيْءٍ وَمَلِيكَهُ ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسِي ، وَمِن شَرِّ الشَّيْطَانِ وَشِرْكِهِ ، وَأَنْ أَقْتَرِفَ عَلَى نَفْسي سُوءاً أَوْ أَجُرَّهُ إلى مُسْلِمٍ ، قُلْهُ إِذَا اصْبحْت وَإِذَا أَمْسَيْتَ وإذا أَخَذْتَ مَضْجَعَكَ) [2] .

واتە : بڵێ : ئەی پەروەردگارو دروستکەری ئەرزو ئاسمانەکان ، زانای پەنهان و دیارەکان ، ئەی پەروەردگار و پادشای هەموو شتێکی بوونەوەر ، گەواهی دەدەم کە هیچ خوایەك نیە بەتەنها تۆ نەبی ، خوایە خۆم بەتۆ دەپارێزم لە زەرەرو زیان و خراپەی خۆم و شەیتان و شیرکی، خوایە خۆم بەتۆ

---

(١) وەرگێر : وەك خوای گەورە دەفەرموێ:﴿إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لِلْإِنسَٰنِ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٥﴾﴾(یوسف) یا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّا ۚ ﴿٦﴾﴾(فاطر) ، یا دەفەرموێ: ﴿۞ أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَٰبَنِىٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا۟ ٱلشَّيْطَٰنَ ۖ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٦٠﴾﴾(یس) ﴿وَلَا يَصُدَّنَّكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ ۖ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٦٢﴾﴾ ﴿وَدَخَلَ ٱلْمَدِينَةَ عَلَىٰ حِينِ غَفْلَةٍ مِّنْ أَهْلِهَا فَوَجَدَ فِيهَا رَجُلَيْنِ يَقْتَتِلَانِ هَٰذَا مِن شِيعَتِهِۦ وَهَٰذَا مِنْ عَدُوِّهِۦ ۖ فَٱسْتَغَٰثَهُ ٱلَّذِى مِن شِيعَتِهِۦ عَلَى ٱلَّذِى مِنْ عَدُوِّهِۦ فَوَكَزَهُۥ مُوسَىٰ فَقَضَىٰ عَلَيْهِ ۖ قَالَ هَٰذَا مِنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۖ إِنَّهُۥ عَدُوٌّ مُّضِلٌّ مُّبِينٌ ﴿١٥﴾﴾(قصص) .

(٢) الترمذي وأبو داود ، وانظر، صحيح الترمذي ١٤٢/٣ .

دەپارێزم لەوەی کە لەگەڵ خۆمدا کارێکی بەدو خراپ بکەم ، یا ڕای کێشمە لای موسڵمانێك ، ئەوە لەو کاتەدا بڵێ کە بەیانیت کردەوە یا ئێوارەت کردەوە ، یا لەسەر شوێنی پاڵدانەوەت [1].

خۆ پاراستن بەخواو ، پشت بەستن بەخواو ، دڵسۆز بوون بۆ خوا ، تواناو دەسەلاتی شەیتان لەسەر ئینسان یاساغ و قەدەغە دەکات و ، لەسەری لادەبات [2].

خوایە دروود سەلام بڕژێنە بەسەر بەندەو پێغەمبەری خۆتدا کە مرحەمەدە ﷺ ، وەبەسەر خانەوادەو شوێن کەوتووە چاکەکانیشی دابڕێژە بەتێکڕا تا ڕۆژی دوایی .

---

(١) الترمذي وأبو داود ، وانظر، صحيح الترمذي ١٤٢/٣ .

(٢) انظر، إغاثة اللهفان ١٤٥/١-١٦٢.

پێرست

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی	٥
بەشی یەکەم: پێرستی خێرو پێنج پایەی زیکرو یاد کردنی خوای گەورە	٧
١-زیکرەکانی لە خەو و هەستان	١٥
٢- دوعاکردنی جل و بەرگ لەبەر کردن	٢٠
٣- دوعای جل و بەرگی نوێ لەبەرکردن	٢١
٤- دوعا کردن بۆ نەو کەسەی کە جل و بەرگی نوێ لەبەر دەکات	٢٢
٥- ئەوەی کە لەکاتی دانانی جلەکان دەوترێت	٢٢
٦- دوعای چوونە ناوەدەست	٢٢
٧- دوعای دەرچوون لە ناوەدەست	٢٢
٨- زیکر کردنی پێش دەست نوێژ هەلگرتن	٢٢
٩- زیکری دوای دەست نوێژ هەلگرتن	٢٣
١٠- زیکری لەمالەوە دەرچوون	٢٤
١١- زیکری چوونە ژوورەوەی مالەوە	٢٤
١٢- دوعای چوونە مزگەوت	٢٥
١٣- دوعای چوونە نێو مزگەوت	٢٦
١٤- دوعای دەرچوون لەمزگەوت	٢٧
١٥- زیکرەکانی کاتی بانگدان	٢٧
١٦- دوعای دەست بەنوێژ کردن	٣٠
١٧- دوعای رکوع	٣٥
١٨- دوعای هەستانەوە لە رکوع	٣٦
١٩-دوعای کاتی کرنوش بردن	٣٧
٢٠- دوعای دانیشتن لەنێوان دوو کرنوشدا	٣٩
٢١- دوعای کرنوشی قورئان خوێندن (تلاوە)	٤٠
٢٢- دەقی تەحیات خوێندن لە نوێژدا	٤١
٢٣- سەلاوەت لێدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ لەدوای تەحیات خوێندن	٤١

٢٤- دوعا كردن له پاش تەحیاتی كۆتا پێش سەلام دانەوە	٤٢
٢٥- زیكرەكانی دوای سەلامدانەوە لە نوێژ	٤٧
٢٦- دوعای نوێژی پرسكردن بە خوای گەورە (دعاو صلاه الاستخاره)	٥٤
٢٧- زیكرەكانی نێواران و بەیانیان	٥٦
٢٨- زیكرەكانی كاتی خەوتن	٧١
٢٩-دوعاكردنی كاتی شەو بەناگابێتەودو خوت بسوڕێنی	٨٠
٣٠- دوعای لەخەودا ترسان و نەوەی هەست بەدڵەراوكێ دەكات	٨١
٣١- نەوەی لەكاتی بینینی خەوی ناخۆش دەكرێ	٨١
٣٢- دوعای پارانەوە لە نوێژی وتردا	٨٢
٣٣- زیكری دوای سەلام دانەوە لە نوێژی وتر	٨٥
٣٤- دوعای خەم و پەژارە	٨٦
٣٥-دوعای خەم و پەرێشان	٨٧
٣٦- دوعای گەیشتنە دوژمن و خەڵكی ستەمكارو زۆردار	٨٨
٣٧- دوعای ئەو كەسەی كە لەستەمی زۆردارو دەسەلاتدار بترسێت	٨٩
٣٨- دوعاكردن لەدوژمن	٩١
٣٩- ئەگەر كەسێك لەگەل و خەڵكێك بترسێ	٩١
٤٠- دوعای كەسێك كە لە بیروبڕوادا دوچاری گومان و دوو دڵی دەبێت	٩١
٤١- دوعای قەرز دانەوە	٩٢
٤٢- دوعای وەسوەسە كردن لە نوێژو لەكاتی قورئان خوێندن دا	٩٤
٤٣- دوعای كەسێك كەكارێكی لەسەر سەخت و زەحمەت و گران و ناڵۆز دەبێت	٩٤
٤٤- ئەگەر ئینسان گوناه و تاوانێكی كرد چی بكات	٩٥
٤٥- دوعای دەركردن و وە لانانی شەیتان و خوتخوتە خراپەكانی	٩٥
٤٦- دوعای شتێك كە بەسەر ئینساندا زاڵەو پێی رازی نیە	٩٦
٤٧- پیرۆزبایی كردن لە منداڵ بوون و وەلامدانەوەی	٩٧
٤٨- ئەوەی كە منداڵەكانی پێ دەپارێزرێ و لێ دەپارێزرێت	٩٧
٤٩- دوعا كردن بۆ نەخۆش لەكاتی سەردانی كردنیدا	٩٨
٥٠- خێرو پاداشت و پلەو پایەی سەردانی كردنی نەخۆش	٩٨

٥١- دوعای نەخۆشیك كە لەژیانی خۆی بیزارو بێ هیوایە	٩٩
٥٢- تەلقین دانی نەوكەسەی لەسەرەمەرگدایە	١٠١
٥٣- دوعای كەسێك كە تووشی دەردو بەلایەك دەبێت	١٠١
٥٤- دوعای كاتی داخستنی چاوی مردوو	١٠٢
٥٥- دوعا كردن بۆ مردوو لەكاتی نوێژ لە سەركردندا	١٠٢
٥٦- دوعا كردن بۆ كۆرپەلەو منداڵ لەكاتی نوێژی مردوو لەسەر كردنی	١٠٤
٥٧- دوعای سەرە خۆشی لێكردن	١٠٦
٥٨- دوعای كاتی مردوو خستنە ناو گۆڕ	١٠٦
٥٩- دوعای دوای شاردنەوەی مردوو	١٠٧
٦٠- دوعای سەردانی كردنی گۆڕەكان	١٠٧
٦١- دوعای كاتی باهاتن و با هەلكردن	١٠٨
٦٢- دوعای كاتی بروسك گرمەو هەورە تریشقە	١٠٨
٦٣- هەندی لە دوعاكانی كاتی باران نەبارین و داوای باران بارین كردن	١٠٩
٦٤- دوعا كردنی كاتی باران بارین	١١٠
٦٥- زیكری دوای باران بارین	١١٠
٦٦- دوعای خۆشكردنەوەی باران	١١٠
٦٧- دوعای مانگ دیتن (هیلال)	١١١
٦٨- دوعای كاتی بەربانگ و رۆژو شكاندن	١١١
٦٩- دوعای پێش نان خواردن	١١٢
٧٠- دوعای دوای خواردن	١١٣
٧١- دوعای میوان بۆ خاوەن ماڵ	١١٣
٧٢- دوعا كردن بۆ كەسێك كە ناوت دەداتێ	١١٤
٧٣- دوعای بەربانگ شكاندن لەماڵێك	١١٤
٧٤- دوعای رۆژوەوان كاتێ كە خواردندادەنرێ و هێشتا رۆژووی نەشكاندووە	١١٥
٧٥- رۆژووگر چی دەڵێ نەگەر جنێویان پێدا	١١٥

٧٦- دوعای کاتی بینینی نوێبەرەی میوەجات	١١٥
٧٧- دوعای پژمین	١١٦
٧٨- چی بەکافر دەگوترێ نەگەر پژمی و سوپاسی خوای کرد	١١٦
٧٩- دوعا کردن بۆ کەسێك کەژنی مارە کردووە	١١٦
٨٠- ئەو کەسەی کە ژنی مارە کردووە یا ولاخە بەرزەیەکی کڕیوە چ دوعایەك بۆ خۆی دەکات	١١٧
٨١- دوعای پێش چوونە لای خێزان و جیماع کردن	١١٧
٨٢- دوعای کاتی تووڕە بوون	١١٨
٨٣- دوعای ئەو کەسەی کە کەسێکی بە بەلاو تاقی کراوە دەبینێت	١١٨
٨٤- ئەوەی گە لە گۆڕو دانیشتن دا دەگوترێت	١١٨
٨٥- کەفارەتدانی گۆڕو دانیشگەکان.	١١٩
٨٦- دوعا کردن بۆ ئەو کەسەی کە پێت دەڵێ خوا لێت خۆش بێت	١١٩
٨٧- دوعا کردن بۆ گەسێك چاکەت لەگەڵدا دەکات	١٢٠
٨٨- ئەوەی کە خوا مرۆڤی پێ لە دەججال دەپارێزێ	١٢٠
٨٩- دوعاکردن بۆ ئەو کەسەی کە پێت دەڵێ من لەبەر خوا تۆم خۆش دەوێ	١٢٢
٩٠- دوعا کردن بۆ ئەو کەسەی کە سامانی خۆت پێشان دەدات	١٢٢
٩١- دوعا کردن بۆ خاوەن قەرز لەکاتی قەرز دانەوەی	١٢٢
٩٢- دوعای لەشێرك ترسان	١٢٢
٩٣- دوعا کردن بۆ ئەو کەسەی کەپێت دەڵێت خوا ئەو شتەت لێ پیرۆز بکات	١٢٤
٩٤- دوعای وەلانان و بێزاندنی شومی و رەشبینی	١٢٤
٩٥- دوعای سواربوون	١٢٥
٩٦- دوعای سەفەرو گەشت کردن	١٢٥
٩٧- دوعای چوونە ناو گوندو شارو ناوابیەك	١٢٧
٩٨- دوعای چوونە نێو بازار	١٢٨
٩٩- دوعای کاتێ کە هۆکاری سواربوون جەنە دەیگرێ	١٢٨
١٠٠- دوعای گەشتیار بۆ ئەو کەسەی کە لەماڵ و ولاتە	١٢٨

١٠١- دوعای نەو کەسەی لە مالەوەیە بۆ نەوەی سەفەر دەکات	١٢٩
١٠٢- تەکبیرو تەسبیح کردن لە رەوتی ڕێگاو سەفەردا	١٢٩
١٠٣- دوعای گەشتیار نەگەر پارشیوی بەسەردا هات	١٣٠
١٠٤- دوعای گەشتیار کاتێ لە گەشتەکەی یا لەوەختی تر دادەبەزێتە جێگایەك بۆ پاڵکەوتن و حەسانەوە	١٣٠
١٠٥- زیکری گەڕانەوە لەسەفەر	١٣١
١٠٦- ئینسان چی دەڵێ لەکاتی هاتنی شتێکی خۆش یا ناخۆش	١٣١
١٠٧- خێرو پلەو پایەی سەلاوەت لێدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ	١٣٢
١٠٨- سەلام بلاوکردنەوەو سەلام لەیەکتر کردن	١٣٣
١٠٩- چۆن وەلامی سەلامی بێ باوەڕ دەدەیتەوە نەگەر سەلامی لێکردی	١٣٥
١١٠- دوعای کاتی کەلەشێر خواردن زەربینی گوندرێژ	١٣٥
١١١- دوعای کاتی وەربینی سەگ بەشەو	١٣٥
١١٢- دوعا کردن بۆ نەو کەسەی کە جنێوت پێداوە	١٣٦
١١٣- ئینسانی موسلمان چی دەڵێ نەگەر مەدحی موسلمانێك کرا	١٣٦
١١٤- ئینسانی موسلمان چی دەڵێ نەگەر مەدح و تەزکیەی کرا	١٣٧
١١٥- نەوەی لەناو جلی ئیحرامە چۆن لەکاتی حەج و عومرە تەلبیە دەکات	١٣٧
١١٦- تەکبیر کردن کاتی گەیشتنە کۆشەی بەردە ڕەشەکە لە کەعبەدا	١٣٨
١١٧- دوعا کردن لە نێوان کۆشەی بەردە ڕەشەکەو کۆشەی لای یەمەن	١٣٨
١١٨- دوعای کاتی وەستان لەسەر تە پۆلکەی سەفاو مەروادا.	١٣٩
١١٩- دوعای ڕۆژی عەرەفە لەکاتی حەجدا	١٤٠
١٢٠- زیکرو دوعای شوێنی (مشعر الحرام) لەموزدەلیفە	١٤٠
١٢١- تەکبیر کردن کاتی ڕەجم کردنی شەیتانەکان لەگەڵ هەموو دەنکە بەردێکدا	١٤١
١٢٢- دوعای سەرسام بوون و دیتنی شتی سەیرو دلگیرو سەنج ڕاکێشەر	١٤٢
١٢٣- ئینسان چی دەکات کاتێ هەواڵ و شتێکی خۆشی بۆ هات	١٤٢

١٢٤- کاتێ ئینسان لەلاشەی خۆی هەست بە ئێش و ئازار دەکا چی دەکاو چی دەڵێ:	١٤٢
١٢٥- دوعای کەسێك کە لەچاو پیسی دەترسێ	١٤٣
١٢٦- لەکاتی ترساندا دەڵێی	١٤٣
١٢٧- لەکاتی سەربڕین و قوربانیدا دەڵێی	١٤٤
١٢٨- ئەوەی کە بۆ ڕەددانەودی فڕو فێڵە بێ سوودەکانی شەیتانەکان دەگووترێ	١٤٤
١٢٩- داوای لێخۆشبوون لەخواو تۆبە بەکردن	١٤٥
١٣٠- خێرو پلەو پایەی (تەسبیح و تەحمیدو تەهلیل و تەکبیر) کردن	١٤٧
١٣١- پێغەمبەر ﷺ چۆن تەسبیحاتی دەکرد	١٥٣
[illegible]	[illegible]
ناوە جوانەکانی و پاوەکانی خوای گەورە	١٥٧
پێشەکی	١٦٥
خێرو پلەو پایەی دوعاو پاڕانەوە لەخوای گەورەو میهرەبان	١٦٧
هەندێ لە ئادابەکانی دوعاکردن و هۆکارەکانی گیرا بوون	١٦٩
ئەوکات و شوێن و حالەتانەی کە دوعایان تیادا گیرا دەبێت	١٧٢
چەند دوعایەك کە لە قورئان و سوننەدا	١٧٦
[illegible]	٢٢٥
گرنگی چارەسەرکردنی بە قورئان و سوننە	٢٣١
١- چارەسەری سیحر کردن	٢٣٩
بەشی یەکەم: ئەوەی کە لەسیحری دەپارێزی پێش ڕوودانی	٢٣٩
بەشی دووەم: چارەسەری سیحر دوای ڕوودانی چەند جۆرێکە :-	٢٤٢
٢- چارەسەرکردنی چاو لێدان	٢٥٧
بەشی یەکەم: پێش چاو لێدان ئەودش چەند جۆرێکە	٢٥٧
بەشی دووەم: دوای چاولێدان و بەر چاو کە[illegible] ئەوش چەند جۆرێکە	٢٥٨
بەشی سێیەم: ئەو کارو کردەوانەی کە دە[illegible]ئان و دوورکەوتنەوە لەچاولێدان و نێردیی پێ بە[illegible]ن ئەمانەن:	٢٦٠

٣- چارەسەرکردنی تووشبوونی نینسان بەجن	٢٦٢
بەشی یەکەم : پێش تووشبوونی :	٢٦٢
بەشی دووەم : چارەسەر دوای جن چوونە ناو لاشەی نینسان	٢٦٢
٤-چارەسەرکردنی نەخۆشیە دەروونیەکان	٢٦٤
٥- چارەسەرکردنی برین و زام	٢٧٢
٦- چارەسەری دەردو بەلاو پەتەر	٢٧٣
٧- چارەسەری خەم و پەژارە	٢٧٨
٨- چارەسەری خەمو پەژارە	٢٨٠
٩- خۆ چارەسەر کردنی نەخۆش	٢٨١
١٠- چارەسەرکردنی نەخۆش لەگاتی سەردانی کردنیدا	٢٨٢
١١- چارەسەری دڵە راوکێ و ترسان لەخەودا	٢٨٢
١٢- چارەسەری تاو لەرز	٢٨٣
١٣- چارەسەری پیوەدان و گەستن	٢٨٣
١٤- چارەسەری تورەبوون	٢٨٥
١٥- چارەسەرکردن بە رەشکە	٢٨٦
١٦- چارەسەر بەهەنگوین	٢٨٧
١٧- چارەسەر کردن بەناوی زەمزەم	٢٨٨
١٨- چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی دڵ و دەروون	٢٨٩
فهرست	٢٩٨

دیسر

کاتێ هەوڵ و